له بلاوکراوه‌کانی یه‌کێتیی نووسه‌رانی کورد

سه‌رجه‌می به‌رهه‌می گۆران

به‌رگی یه‌که‌م

دیوانی گۆران

محه‌مه‌دی مه‌لا کریم

کۆی کردوه‌ته‌وه‌و ناماده‌ی کردوه‌و
پێشه‌کی‌و پەراوێزی بۆ نووسیوه

چاپخانه‌ی کۆری زانیاری عێراق
به‌غدا ـ ۱۹۸۰

من منشورات اتحاد الادباء الاكراد في العراق

الآثار الكاملة لشاعر كردستان الخالد

عبد الله گوران

الجزء الأول

ديوان گوران

جمعه واعده وعلق عليه وكتب مقدمته

محمد الملا عبد الكريم

مطبعة المجمع العلمي العراقي

بغداد ـ ١٩٨٠

پێشەکی

کە لە ساڵانی ١٩٥٣و ١٩٥٤دا لە (زین) لەگەڵ مامۆستا گۆران دانەنیشتم ، گەڵێجار ئەمدی هەندێ دەفتەرە شڕ لە چەکمەجەی مێزەکەی بەردەمی دەردێنێو شیعری لەبەر ئەنووسێتەوەو ئەیدا بە پێت ڕێکخەرەکەی چاپخانەو دەفتەرە شڕەکان ئەخاتەوە شوێنی خۆیان [1] .

کە لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٥٤یشدا مامۆستا زینی بە ناچاری بەجێهێشتو ڕۆڕیشی پێنەچوو گیراو ، دوابەدوای خۆی هۆگرو ئەڤیی کوڕیشی کەوتنە بەر پەلامارو منداڵەکانیڕیشی ورد بوون ، بیرم لەوە کردەوە چۆن ئەو دەفتەرانەی مامۆستا وەرگرمە لای خۆم نەهێڵم لەبەر نەبوونی کەسێ ئاگاداریان بکا ، بڕەوتین . چووم بۆ ماڵی مامۆستاو چووبشم بۆ ئیدارەی زین . پاش گەڕانو پشکنین هەرچی دەفتەرو قاقەزە شڕەی مامۆستام بەگیرکەوت هەڵمگرتنو هێنامن . بەڵام من خۆبشم لە خۆم

---

(١) لە ژمارەکانی ١٢٢٨ ـ ١٢٣١ی ڕۆژانی ١٠ـ١٤/٢/١٩٧٦ی ڕۆژنامەی (التآخی)دا زنجیرە وتارێکم لەسەر کتێبە بەنرخەکەی دوکتۆر حوسەین عەلی شانۆف (کورد ئۆغلی) : شعر الشاعر الکردی المعاصر عبدالله گوران ، بڵاو کردەوە کە مامۆستا شوکور مستەفا کردوویە بە عەرەبی . لە یەکێ لەو وتارانەدا بەشێوەیەک گومانم لەوە دەربڕیبوو کە عەلی شانۆف بە زمانی مامۆستا گۆرانەوە گێڕاویەتەوە کە مامۆستا باسی (دەفتەرەکانی بەندیخانە)ی خۆی بۆ کردوە . ئێستا کە ئەم سەرەتایە لەنووسم وام بە دڵدا دێ کە من بە هەڵە چووم ، مەبەستی مامۆستا لەو دەفتەرانە ئەم دەفتەرە شرانەیە کە خۆم لێرەدا باسیان لێ ئەکەم .

ئەمین نەبووم • لەبەرئەوە هەر زوو بیرم لەوە کردەوە کەسێکی‌وایان بۆ بدۆزمەوە دەس‌پاکو دڵپاك بێ‌و لە هیچیشدا نەبێ • دۆزینەوەی کەسانی‌وا زەحمەت نەبووە بەوچەشنە ئەو دەفتەرانەم بە ئەمانەت لای خێزانێك دانا •

کە پاش شۆڕشی پیرۆزی تەموزی ١٩٥٨ بە نیازی سەردانی دۆستو برادەران چوومەوە سلێمانی ، سەرم لەو خێزانەیش دا • چەندم پێخۆش‌بوو کەیانووی مان پاش بەخێرهاتنو هەواڵپرسینو ئاوو چا بۆ هێنان ، هەڵسا چوو سندووقی جلەکانی خۆی کردەوە ، دەفتەرەکانی بۆ هێنامو خستنیە بەردەستم •

* * *

پێش‌ئەوەی لە دوادوایی ساڵی ١٩٥٢دا گۆڕان بناسم ، ئاشنای شیعریشی نەبووم • بەڵام کە پاشان بووین بە دۆستو هاوڕێی کارو بیرو وامان لێ هات لەوانەیە بڵێم ڕۆژ نەبوو نەچمە لای بۆ ژینو بەلکو لە بەردەستیشیدا بووم بە «ڕۆژنامەنووس» ، دیوانە چاپکراوەکانی خۆی پێشکەش کردمو بە دەستی خۆیو بە وشە ڕەنگینەکانی ڕستەی دیاریی لەسەریان بۆ نووسیم • چەشی ئەدەبی تیا پەروەردە کردمو بوو بە مامۆستام• منیش دیوانەکانیم پتر لە جارێ خوێندەوەو ، هەموو هەفتەیەك شیعرە تازە بڵاوکراوەکانیم لە لاپەڕەکانی ژینەوە ئەقڵستەوە •

کە لە ناوەڕاستی ١٩٥٧یشدا ئازادیم دەسگیر بووەو لە کەرکوك نیشتەجێ بووم ، ماوەیەك سوودم لە ماوەی بێکاریو پاشان لە کارکردنی ناو کتێبخانەی گشتیی کەرکوك وەرگرتو دەستم کرد بە گەڕان بەدوای شیعری کۆنی گۆراندا • بۆیە کە پاش شۆڕشی تەموز ، وەك وتم ، ئەو دەفتەرانەم کەوتەوە دەست ، ئەوەم بە دەسکەوتێکی ئێجگار مەزن دانا • ڕاستەکەشی وابوو • ئەی ئەگەر لە ڕۆژێکی ڕەشا بفەوتانایە ، یا ئەو خێزانە بە دڵسۆزی‌یەوە هەڵیان‌نەگرتنایە ، من چیم پێ ئەکرا لەوە زیاتر کە هەندێ

خەمی تاڵ بخۆم ، میللەتی کوردیش گەنجینەیەکی تری ئەدەبی ، وەك سەدان گەنجینەی تری لەکیس چوو ، لە کیس ئەچوو ..

* * *

دەفتەرەکانم لەگەڵ خۆم بردەوە بۆ کەرکوك . دانیشتمە سەر ڕاستکردنەوەی ئەو شیعرانەی لام بوون لەبەر دەفتەرەکان و ، نووسینەوەی ئەو پارچانەیان کە نەمبوون . جا کە لێبوومەوە دڵم ئاوای خواردەوە ، دەفتەرەکانم وەك دیاریەکی بەرخ هەڵگرتو هەڵسام چووم بۆ سلێمانی بۆ لای مامۆستا گۆرانو پێشکەشیم کردن . هەر مەپرسە ئەویش چەندی پێ خۆش بوو ، باوەڕ بکەن لە خۆشیانا وەخت بوو شاگەشکە ببێ .. ئەو ئێوارەیە تا درەنگێکیش هەر پەڕەکانیانی ئەدیوو ئەودیو ئەکرد .

* * *

پاش ماوەیەك گۆران ئاگاداری کردم کە نیازی لەچاپدانی کۆمەڵە شیعرێکی‌تری بە ناوی (سروشتو دەروون)ەوە هەیە کە لەمێژ بوو گفتی لەچاپدانی دابوو . منیش نوسخەیەکی تەواوی شیعرە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی لای خۆمیم بۆ نووسیبەوەو بۆم نارد . (سروشتو دەروون)ەکەی خستە ژێر چاپو فۆرمەیەکیشی لە چاپخانەی ــ وا بزانم ــ کامەرانی لە سلێمانی لێ چاپکرا . ئیتر نازانم لەبەرچی بوو پرۆژەکەی تەواو نەکردو تا سەری نەبرد ؟ ڕەنگ بێ لەبەر نەدارایی خۆی‌و ناچیزی ئەو یارمەتیەی بە ٦٠ دینارێیە بووبێ کە وەزارەتی مەعارف گفتی دابووین بۆ لەچاپدانی ٦ فۆرمە بیداتێ !

لەوەپاشیش من هەر ڕێگاکەی خۆمم بەرنەدا . گۆران هەر شیعرێکی لوتی دانەنا ، لای خۆم ئەمنووسیبەوە . لە پەیجۆری گۆڤارو ڕۆژنامە کۆنەکانیشا هەر بەردەوام بووم بەلکو شیعرێکی پێ‌نەزانراوی‌تری بدۆزمەوە . بەمجۆرە ، ئەتوانم بڵێم ، من بووم بە سەرچاوەی یەکەمی شیعری

ۆران • دەستووسەکانی لای من ، بوون بە نوسخەی یەکەمو چەند دانەیان بەر نووسرایەوە • گۆران خۆیشی هەر بەمچاوە سەیری ئەکردم • تەلانەت • دواجار لە هاوینی ١٩٦٢دا لە مۆسکۆ گەڕایەوە ، ئەو دەفتەرەی شەش رچە شیعرە دوایی‌یەکەیی تیابوو کە لەوێ دانابوون ، بەڵەوەی لە هیچ ۆفارێکا بڵاو بکرێتەوە ، بە منی دا •

گۆران لەو ماوەی دوایی‌یەی ژیانیداو بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی یاجاری لە مۆسکۆ ، زۆر بەپەرۆشەوە بوو نەمرێ تا کۆمەڵەی شیعرەکانی دیوانێکدا ئەبینێ • دیار بوو لەوێ دیبووی چۆن کۆمەڵە شیعری شاعیرە زنە کۆنو تازەکانی ئەو وڵاتە لە بەرگی قەشەنگێو لەسەر قاقەزی گرانبەهاو نەخش‌و قەڵەمکێشیی جوانەوە ، بە دەیان هەزار دانە بڵاو ئەکرێنەوەو ، ەڵك چەند مانگ پێش کەوتنە بازاڕیان — ناوی خۆیانیان بۆ ئەلووسن‌و ەرەیان بۆ ئەگرن • بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەی لەگەڵ خۆی بردە گڵو دی‌هێنانی بەجێ‌هێشت بۆ دۆستانی شیعری• ئیتر لەوڕۆژەوە تا ئەمڕۆ ئەم واتە پیرۆزە لە دڵی منداو وەك لە دڵی سەدان کەسی‌تریشدا ، گینگڵ خواتەوەو ، گەڵێ جار گەڵێ کەس پێریان لەوە کردوەتەوە هەوڵێ بۆ چاپدانی ئەم دیوانە بدەن ، بەڵام مەسەلەکە هەرگیز لە سنووری ڵێکردنەوەیەکی ڕووت دەرنەچوە • تا دوا جار لە ١٩٧٨دا لێژنەیەك لە ندێ لە ئەدەبدۆستانو کەسانو دۆستانی گۆران پێکهات کە بڕیتی‌بوون هێرۆو هۆگرو ئەوی گۆرانو دە عیززەدین مصطەفاو کاکەی فەڵاحو ەمەکەریم فەتحوڵڵاو جەلال دەباغو بنووسی ئەم چەند دێرە بۆ ێکردنەومو ڕێکخستنی دیوانەکەو ئامادەکردنی سەرەتایەك بۆی، بەهیوای ەمی‌پاشانیش پەخشانە ئەدەبی‌و ڕۆژنامەنووسی‌یەکانو نووسینەکانی‌کەیشی دوو بەرگی‌تردا بڵاوبکەینەوە • دەسگای چاپەمەنی (پێشەنگان)یش تی دا ئەو بەرهەمانە لەسەر ئەرکی خۆی لەچاپبدا • سەرەتای کاری

ئەم لێژنەیە ئەو شیعرانەی گۆران بوو کە پێشتر من کۆم‌کردبوونەوە • بۆیە بانگەوازێکمان بۆ هەموو ئەدەب دۆستان بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەکاندا (٢) بۆئەوەی چی شیعری بڵاونەکراوەی گۆرانیان لا بێ بۆمانی بێنرن • لەگەڵ ئەوەش کە زۆر کەس بەدەنگمانەوە هات ، لە پارچە شیعری منالانی (بەفر) بەولاوە شیعرێکمان دەستگیر نەبوو نەمانبێ •

کاری لێژنەکە هەر ئەوەندە بوو ، بەڵام لەناو ئەندامەکانیا کاك جەلال سەرلەنوێ لەبەر دەستنووسەکانی من ، سەرجەمی شیعرەکانی نووسیەوەو بابەت بەندیی کردنو ڕەزامەندیی ڕەقابەی بۆ لەچاپدانیان وەرگرت • دوکتۆر عیززەددینیش بڕیار بوو سەرەتایەکی تێرو تەسەل بۆ دیوانەکە بنووسێ ، بەڵام پاشان وا بە باش زانرا سەرەتاکە بکرێ بە (دیراسە)و پاش بڵاوبوونەوەی سەرانسەری بابەتە ئەدەبییەکانی گۆران بنووسرێ ، تا هەموویان بگرێتەوە •

زۆری پێنەچوو دەسگاکەی گەتی لەچاپدانی بەرهەمەکانی دابوو ، تێکچوو • بۆیە من مەسەلەکەم خستە بەردەستی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردو ئەویش بڕیاریدا چیی پێ بکرێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆیی بگرێو هەوڵی بۆ بدا • جا ئێستا کە بە دەستپێشخەریی یەکێتیی نووسەرانی کوردو ، بە یارمەتیی مەردانەی کاك عەلی بۆسکانی کە پارەیەکی باشی بۆ لەچاپدانی ئەم دیوانە بە قەرز دا بە یەکێتیی‌یەکەماندو ، بە هاوکاریی پێرۆزی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاریی عێراق کە ڕازی بوو تێکڕای بەرهەمەکانی گۆرانمان لە چاپخانەکەی خۆیدا بۆ لەچاپبداو ، بە تەقەلای چالاکانەی بەڕێوەبەرو کرێکارانی چاپخانەی کۆڕ ، ئەم خواستە بەجێیەی هەموو ئەوانە دێتەدی کە بەتەنگ کولتووری کوردەوەن ، ئەبێ ئەم کارە بە گەورەترین کاری ئەدەبیی ئێم

---

(٢) بڕوانە ڕۆژنامەی بیری نوێ ، ژمارە (٢٧٧) ؛ پاشکۆی عێراق ، ژمارە (١٢ ــ ١٣) •

لاپەی دوایی گەلەکەمانو بە باشترین زیندووکردنەوەی یادی ٧٥ ساڵەی ایلیچبوونی گۆران دابنێین کە لە ساڵی ڕابوردوودا بەسەرماندا تێپەڕیو ، هەمانکاتا سوپاسی گەرمی هەموو ئەم لایەنە بەشدارانەیش بکەین .

* * *

لە سەردەمی ژیانی گۆران خۆیدا دوو کۆمەڵە شیعرو قەسیدەیەکی بڵاو لەچاپدراوە ، جگە لەوە کە زۆربەی شیعرەکانی بە درێژایی ٣٠ ساڵ نێ ئەدەبیی خۆی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکانی عێراقو دەرەوەی عێراقدا لەچاپدراون .

کۆمەڵەی یەکەمی (بەهەشتو یادگار)ە کە لە ساڵی ١٩٥٠دا لەسەر ئەرکی ڕۆستا عەلائەددین سەججادی لە چاپخانەی مەعارفی بەغدا لە ٧٥ لاپەڕەدا چاپدراوەو ، بڕیار وابوە بیخ بە ئەلقەی یەکەمی (زنجیرەی دیوانی تازە) لە سەردەمی گۆران خۆیدا تەنها ئەلقەی دووهەمی بەدوادا هاتو ، بەبو (فرمێسکو هونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت)یش هەر لەو ساڵەدا بەر ئەرکی کاك ڕەشید عارف و بە پێشەکیی مامۆستا عەلائەددین سججادی یەوەو لە هەمان چاپخانە لەچاپدرا .

(بەهەشتو یادگار)و (فرمێسکو هونەر لەگەڵ دوو هاوینە گەشت) یەکەی تریش لە ١٩٧١دا لە سلێمانی لەسەر ئەرکی کاك عومەر عەبدوڕەحمان بەنی (کتێبخانەی سلێمانی) پێکەوە لە بەرگێکدا لە چاپخانەی کامەرانی سلێمانی لەچاپدرانەوە .

قەسیدە درێژەکەشی کە هەر لە سەردەمی خۆیدا بڵاو کراوەتەوە ، یانی کورد بۆ سیەرجانی چوارەمی گەنجانو قوتابیان لە بوخارست)ە لە ١٩٥٤دا لە چاپخانەی ژین لە سلێمانی لەچاپدراوە .

پاش مەرگی گۆران ، لەلایەن هۆگری کوڕیو براکانیەوە لە ١٩٦٨دا

کۆمەڵە شیعرێکی‌تری بە ناوی (سروشتو دەروون لەگەڵ ئۆپەرێتی ئەنجام یاران) لەچاپدراوە • جا نازانم ئەو (سروشتو دەروون)ەی کە مامۆستا خۆی نیازی لەچاپدانی هەبوو لە ۱۹۵۸داو خستیشیە ژێر چاپو تەواو نەکرد ، هەر ئەو پارچە شیعرانەی تیا ئەبوو کە لەم کۆمەڵەدا هەن یە جیاوازیان هەیە ؟

ئێمە لەم بەرگی یەکەمی (سەرجەمی بەرهەمی گۆران)ەدا کە تایبەتی بۆ شیعرەکانی ، هاتووین (بەهەشتو یادگار)و (فرێشتەو هونەر)ەکەیمان وەك چاپەکەی سەردەمی خۆی بڵاوکردوەتەوە ، ئەوە نەبێ کە سەرەتاکە مامۆستا عەلائەددینمان لابردوە کە بۆ (فرێشتەو هونەر)ی نووسیوەو دیارە هەڵەکانیشمان ڕاستکردوەتەوە • ئەم کێشەیە ئێمە لە ۱۳ کۆمەڵە پێکدێت کە (بەهەشتو یادگار)و (فرێشتەو هونەر)ەکەی کۆمەڵەیەکەمو دووهەمینی • مامۆستا گۆران ، وەك خۆی لە داوێنی (بەهەشتو یادگار)ەکەیەوە نووسیویە ، وێستوویە لە (زنجیرەی دیوانی تازە)دا دو هاوبەشە گەشت)و (فرێشتەو هونەر)و (سروشتو دەروون)و (شیعر بە منالآن) بڵاوبکاتەوە • ئەوەبوو خۆی پاشان (دوو هاوبەشە گەشت) (فرێشتەو هونەر)ەکەی خستە پاڵ یەکو پاش و پێشی پێ کردن • وێستیشی (سروشتو دەروون)ەکەی چاپ بکا ، بەڵام تەواوی نەکرد • ئێمەیش هەر بە نیازی شوێنی پێ هەڵگرتنی مامۆستا خۆی لەم دیوانەدا ، وەك وتمان (بەهەشتو یادگار)ەکەیمان کرد بە کۆمەڵەیەکو ، (فرێشتەو هونەر) (دوو هاوبەشە گەشت)ەکەیشیمان پێکەوە کرد بە کۆمەڵەیەکی‌تر • ئەو شیعرانەیشی کە بە بۆچوونی خۆمان لەگەڵ بابەتی (سروشت دەروون) یەکێڵەکەوتن ، بەم ناوەوە کردمانن بە کۆمەڵەی سێیەم کۆمەڵەیەکیشمان بۆ (شیعر بۆ منالآن) دانا کە کۆمەڵەی دەهەمە • (لاوك سوور بۆ کۆڕبای ئازا)و (پەیامی کورد بۆ میرەمجانی چوارمی گەنجان

ی‌ربان له بوخارست)یشمان لەبەر درێژی‌و هاوبابەتی کرد بە
ەلەیەکی‌تر • کۆمەڵەکانی‌تریش ئەمانەن : (لە کۆڕی خەباتا) ،
ەرێت) ، (پیەس لە یەك پەردەی کورتا) ، (شیعری گەپ) ، (سروود) ،
گێڕاو) ، (بۆ زاخاوی میشك) کە ئەو مەتەڵە شیعری‌یانەی تیایە
ستا وەختی خۆی بۆ خوێندەوارانی ژینی دانا‌وەتەوە و لەوێدا
ی‌کردووەتەوە • دوا کۆمەڵەیش شیعری (هەمە جۆر)ە • دیارە ئێمە
وێ‌کردنەوەی ئەم کۆمەڵانەدا [لە (بەهەشتو یادگار)و (فرمێسك‌و
ر)دا نەبێ] ئەوەمان ڕەچاو کردوە هەر پارچە شیعرێك لە شوێنێکا
ن کە بۆی بگونجێ [٣] •

بەمشێوەیە کارێکمان کردوە ئەوەی ئارەزووی لە هەر جۆرە شیعرێکی
ان بێ لەجیاتیی ئەوەی بە پێرستی سەرانسەری دیوانەکەدا بگەڕێ ،
ێ بەپێی بابەت پێرستی کۆمەڵەکەی تەماشا بکاو شیعرەکە بدۆزێتەوە •

* * *

مامۆستا گۆران خۆی هەندێ وردە پەراوێزی لە (بەهەشتو یادگار)و
بسك‌و هونەر)مکەیداو هەروا لەسەر چەند پارچەیەکی کۆمەڵەی
شتو دەروون)یش نووسیوە• ئێمە ئەو پەراوێزانەی ئەومان وەك خۆیان
ڕدوەتەوە، خۆیشمان لە هەندێ شوێندا هەندێ پەراوێزمان نووسیوە•
بەستی تێکەڵی یەك نەبوونی ئەو پەراوێزانەی ئێمەو مامۆستا ، لە داوێنی
ێزەکانی خۆمانەوە نیشانەی (م•م•ك•)مان داناوە • بەمجۆرە هەر
ێزێك لەم دیوانەدا ئەو نیشانەی پێوە بێ هیی خۆمانەو هەرکامیش
وە نەبێ هیی مامۆستا گۆران خۆیەتی •

* * *

لەم بابەت بەندی‌یەماندا کەلکمان لە بابەت بەندی‌یەکەی کاك جەلال
دەبیافیش وەرگرتوە کە پێشتر لێی دواین .

ئێمە پێزانین گۆران شیعری بلاوەکراوەی زۆر کەمە • هەرچیی و
لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیی‌یەکانی دەرەوەو ناوەوەی عێراقدا بلاوکراوەتەو
بەپێی ئاگادارییو ئێمە گۆران لە گۆڤاری (هاوار)ی سووریـاو ڕۆژنـامـ
(ژیانەوە)و (ژین)و (تازادی)و گۆڤاری (گەلاوێژ)و (دەنگی گێتیی تازە
(هیوا)و (شەفەق)و (بەیان)و (بلێسە)و (ڕووناهی)و نامیلکەی (دیار
لاوان)و (یادگاری لاوان)ی عێراقدا شیعری بلاوکردوەتەوە • لەم دیوانە
هەرچی شیعرێکی کە پێمان زانیبێ ، بلاوکراوەتەوە ، سێ پارچـە نەبێ
یەکەمیان لە سەرەتای نیسانی سالی ١٩٥٤دا لە ڕۆژنامەی (ئـازادی
بلاوکراوەتەوەو ، دووهەمیشیان هەر لەو ساڵەدا لە ڕۆژنـامەی (دەنـ
داس)دا بە ناوونیشانی (دەرەبەگ) بلاوکراوەتەوە [٤] • تا ئـەم دیوانـە
پێشکەشی ڕەقابە کرا ئەو دوو پارچەیەمان دەستگیر نەبوو [٥] • سێیەمیشـ
هەرچەند بەدەستـەوە بوو ، بـەڵام بۆ بلاوکردنەوە دەسـتی نەئـەدا
بێستوویشمانە پارچە شیعرێکی بچووکی بە ناوونیشانی (ڕەشەبا) هەیە
ئەوەیشمان دەستگیر نەبوو • مامۆستا ڕەفیق حیلمیش باسی غەزەلێـ
حەوت بەیتی ئەکا کە گوایە یەکەم پارچـە شیعرە گۆران داینـاوە ، بەڵ
یەکەمـی لـە بـەرگی دووهـەمی (شیعرو ئەدەبیـاتی کوردی)یەکەیـ
بلاوکردوەتەوەو ئێستر ئەوی دیار نیە • ئێمەیش ئەم تاقە بەیتەمان لە کۆمەڵ
(هەمەجۆر)دا بلاوکردوەتەوە [٧] • سەرەڕای ئەمانـە کۆمەڵێ سروودیش
لە بەندیخانە داناوە دوانیانمان بە ناتەواوی لابوو هەروا بلاومان کردنەوە

---

(٤) بۆ ئاگادارییی پتر لەبارەی ئەم دوو پارچە شیعرەوە سەیری وتاری (لەگ
مامۆستا گۆرانداً لە یافا)ی ئەحمەد دڵزار بکە لە ژمارە (٢٥)ی ڕۆژنامـ
(بیری نوێ)دا .

(٥) ئێستاش هێشتا دەستگیرمان نەبووە .

(٦) سەیری ژمارە (٣١٦)ی ڕۆژنامەی (بیری نوێ) بکە .

(٧) سەیری لاپەرە (٥٤١)ی ئەم دیوانە بکە .

وانیتری فەوتاون ، مەگەر رۆژێ لـە رۆژان لـە ئەرشـیفی تایبـەتیی ندیخانەکاندا بدۆزرێنەوە .

لەبیرمە ، رۆژی ۲ یا ۳ی تەموزی ۱۹۵۵ بوو ، مامۆستا گۆران لـە وری ڕیازەی بەندیخانەی کۆنی بەعقووبەدا هەردوو قـۆڵی بە بەرزەوە سرابوونەوە . بنووسی ئەم چەند دێڕەش لەگەڵ مامۆستا سەعید ناکام لـە ڕابەری ژووورەکەی ئەوەوە لە ژووورێـکی تاکەکەسـیی زینـدانی نوێـدا رگامان لەسەر داخرابوو ، لـە پەنجەرەی ژووورەکەوە بۆمـان ئەڕوانیو سەمان لەگەڵ ئەکرد . ئەوڕۆژە لەپاش دەمەقاڵەیەکی توندو تیژ لەنێوان مۆستـاو بەڕێوەبەری بەندیخـانەدا ، بەڕێوەبـەر فەرمـانی دا شـارە ردەوالەیەك لە ژووورەکەدا بوو بیوروژێننە گیانی . دیـارە ئەویش بـە ستی هەڵواسراوەوە هیـچ داکۆکیەکی لە خـۆی نەئـەکرا ، ئـەو ڕیدەیی بە کۆمێدیایی بە پارچە شیعرێکی بۆ هێنا ، لەوێوە بانگی لێ کردینو وبەرەوە بۆی خوێندینەوە . بەداخەوە نە شیعرەکەمان پێ لەبەرکراو نـە سەڵاتی نووسینەوەیشیمان هەبوو . پاشان کە یەکمان گرتەوە زانیـمان ۆیشی لە بیری نەماوە.. بێگومان ئەو شیعرە ئەگەر بمایە یەکێك ئەبـوو شاکارەکانی ئەدەبی زیندانەکان ..

لەم دواییەشدا دۆستی بەڕێزو ئەدەب پەروەرمان عەلی بەگی حـەین گی جاف پارچە شیعرێکی بۆ ناردین لەو بابەتە سەرپێیی بانـە بوو کـە مۆستایانی قوتابخانە لە موناسەباتدا بە ناچاری بۆ قوتابیی بانیان ڕێکئەخەن بیی بانێتنەوە . لەبەرئەوەی زمانی شـیعرەکە زۆر کۆن بـوو لەبـەریش وسرابوەوەو ئەگەر ڕاست بێ هیی گۆرانیش بێ هیچی لە شیعری ئـەو باد نەئەکرد ، تۆمار کردنیمان بە پێویست نەزانی .

کاك ئاکۆ غەرب مەعروف ناوێکیش لە ڕێگای کاك کەمال میراودەلیەوە رچە شیعرێکی بۆ ناردین گوایە لە مەلا ئەحمەد ناوێکی پـیری بیستووە

لەبەر بۆی خوێندەوەتەوە . کاك ئاکۆ لەگەڵ ئەم پارچە شیعرەدا حیکایەتێکی درێژیشی نووسیوە کە گوایە ئەو مەلا ئەحمەدە بۆی گێڕاوەتەوە چۆن گۆرانی دیوەو گۆران چۆنو لە چ مونا سەبەتێکدا ئەو پارچە شیعرەی وتوە. هەرچەند پارچە شیعرەکە شەقڵی گۆرانی پێوەیە ، بەڵام شەقڵەکە شەقڵی گۆرانی نوێیە . سەرگوزەشتەکەش وەك ئەو مەلا ئەحمەدە بۆ کاك ئاکۆی گێڕاوەتەوە ئەبێ بەر لە سالی ١٩٤٠ ڕووی‌دابێ چونکە مەیدانی سەرگوزەشتەکە هەڵەبجەیە و مامۆستاش لای کەمی لەوکاتەوە هەڵەبجەی نەدیوەتەوە ، سەرەڕای ئەوە کە سەرگوزەشتەکە خۆیشی لە دەست هەڵبەست ئەچێ . لەبەر ئەم هۆیانەو هۆی‌ترێش کە لێرەدا مەودای باس‌کردنیماز نییە، ئێمە لەم پارچە شیعرە بەدگومانین، بۆیە نەمانخستە بڕبڕەی دیوانەکەوە. بەڵام ئەم دوو بڕ گەیەی کە لەتك نەبوون ، لێرەدا ئەخەینە بەرچاو :

ئەی دیدە پڕ لەشك ، ئەی دڵ پڕ لە خەم ،
گوڵاڵە سووڕەی گوێ پووبارو چەم !
لێڕ لێڕ نەتمۆی لە مەمکی ژیان ،
تا دەرکەی چڕۆ
خنووکمو خەنەمت لێ بوو بە گریان ،
کاتی گفتوگۆ ..

* * *

لە دوادوایی ئەم چەند دێرەدا ئەمەوێ خۆشحاڵیی زۆری خۆم دەربڕم کەوا ئەم کارە گەورەمان بۆ مەیسەر بوو و بەشێکی گەورەی شکۆی بەجێهێنانیشی بە من بڕاو ، ئاواتەخوازم بتوانم هەروا لە بڵاوکردنەوەی بەرگی دووهەمیشیدا کە سەرانسەری وتارە ئەدەبی‌و پارچە پەخشانەکانو موحازەرەکانی بەشی کوردیی کوللێژەی ئاداب‌و کارە ڕۆژنامەنووسی‌یەکۆربەجۆرەکانی ئەگرێتەوە ــ بەمجۆرە بەشدار بم .

محمدی مەلا کریم

کۆمەڵەی یەکەم

بەهەشت و یادگار

سەرەتا

بۆ بەهەشتو یادگار

(بەهەشتو یادگار) کۆمەلە شیعرێکە لە دیوانەکەم سەرانسەر لەگەل بابەتەکانی جوانی‌و دڵداری خەریکە . هەڵبەستی‌وای تیایە بیستو پێنج سال ، بەڵکو زیاتر ، لەسەرێتش دانراوە ، هەروەکو هیی چەند مانگێک لەمەوبەرێشی تیایە . بەشی زۆری کۆنەکان بە وەزنی عەرووض وە کوردی‌یەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی یێگانە نووسراون . ئوسلوبیشیان کۆنە : یان وەک هیی «سالم»و «نالی» لەسەر پێو شوێنی غەزەل هەڵبەستراون ، یان ئەو جۆرە ئوسلوبەیان تیا کراوە بە سەرمەشق کە مامۆستا (م. نووری)و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانی‌یان وەرگرتو ، لە سەردەمێکی سنوورداردا (١٩٢٠ ــ ١٩٣٠) شیعری کوردیی ناوچەی سلێمانی‌یان پێ تازە کردەوە .

ئەم کۆنانە زۆربەیان ، بە ناوی یادگاری کۆنەوە ، کراون بە بەشێکی جیاواز ، خراونەتە لای دواوەی ئەم نامیلکەیەوە . بەڵام گەلێکیان لە بارێ سەرنجی نرخی ئەدەبی‌یانەوە ــ دیارە بەپێی بۆچوونی خۆم ــ لەگەل تازەکان تێکەل کراون .

شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون کە هەرچەند شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون ، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتیی نەتەوەیمانە وە لەگەل خەسائیصی زمانەکەمان چاتر ڕێکئێکەوێ ، بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبیی خۆما ، ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم ، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووضم بەتەواوی ، وە لامواید بۆ ئێجگاری بەرەڵلا کرد ، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی ڕووبدا .

هەروەکو وتم تا چەند ساڵێك لەمەوبەر بە وەزنی عەرووضی شیعرم وتوە، بە وەزنی پەنجەش لە زۆر کۆنەوە ، بەڵکو لەگەل وەزنی عەرووضی شان‌بەشانی یەك ، دەستم کردوە بە هەڵبەست دانان . ئەمانەش لە دابەش‌کردنی ناو

دیوانیانا ، زۆرتر بابەتیان ، نەك نوسلووب و وەزن و زمان ، خراوەتە بەر سەرنجی بایەخ . لەبەرئەوە پێکای هەرە چاك بۆ جوێکردنەوەی تازەو کۆنیان، وردبوونەوە لە زمان و لوغەتی پێنووسینیان پاسپێری لەکەم ، هیچ هەڵبەستێك وشەو تەرکیبی عەرەبی و فارسیی زۆر تیایێ ، بەئەندازەی ئەو زۆرییە ، کۆنە ، پێچەوانەی ئەوەش دیارە پێچەوانەیە !

دوایی ، لە کاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەدا بۆ چاپ ، لە شیعرە کۆنەکاندا هەندێ وشەو تەعبیری چەوت و ووشەهاتم ئەمتوانی بیانگۆڕم بە وشەی کوردیی پەتی ، یان بە چەشنێکی پەسەندتر و دلگیرتر دەستکاریان بکەم .

بەڵام ئەمە ، لە باری سەرنجی ئەوکەسانەوە کە بە شوێن لێکۆڵینەوەی تەئریخی ئەدەبی کورد ، وە چۆنیەتیی گەشەکردن و گۆڕانی زمانی کوردیدا ئەگەڕێن ، زیانی زۆرتری لە سوود ، با بێزاریی خۆیشم لەوڵاوە بوەستێ لە تەقەڵای شارەزەی خەوش و ناڕەواییم بەچەشنێکی لە ئەندازە بەدەر ، بەڵکو لە سنووری ئەندازەی تێکۆشینی خەڵقی تریشا .

لەبەرئەوە بڕیارمدا دەستکاریان کەم و زۆر بۆ دڕێژ نەکەم ، وە هەروەکو هەن و بوون بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست !

گۆران

هەولێر : ١٩٥٠/٦/٢٥

پێشکەشی بەهەشتو یادگار

پێشـــکەش بـــۆ :

ئەو شۆخو نـــازدارانە کە جوانیربان وەک تیغ نابرێ ، وەک چرا پێش چاو ڕووناک نەکاتەوە ! .

بەهەشتی دڵ

ئـافرەتـو جوانی !

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە ،
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە ،

شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە ،
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە ،[1]

پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر ، [2]
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر ،

هەتاوی نەورۆز ، مانگی جۆ درەو [3]
زۆر هاتووەو چوون بە ڕۆژو بە شەو ..

خوێەی قەڵەزی کەف زیوینی چەم ، [4]
لە هەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم ،

میوەی گەیشتووی زەردو سووری باخ ،
جریوەو جووکەی دارستانی شاخ ، [5]

---

(١) زەردە : هەتاوی ئێواران .
(٢) پەلکە زێڕینە : قەوس‌و قەزەح .
(٣) مەبەست لە مانگی ئایار(و (مایس)ە .
(٤) قەڵەز : شەڵاڵ .
(٥) مەبەست لە دەنگی باڵداری ناو دارستانە .

لە گەرووی شمشاڵ ، لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان .

ئەمانە هەموو جوانن ، شیرینن ،
ڕۆشن‌کەرەوەی شەقامی ژینن !

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ‌ڕووناکی‌یە بێ بزەی ئازیز ؛

بێ ئاوازەیە ، دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم ، تیر نەڵێم ئۆخەی !

کام ئەستێرەی گەش ، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی ؟ گۆی مەمکی ؟ لێوی ؟

کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشیی چاوی ؟
برژانگی ؟ برۆی ؟ ئەگریجەی خاوی ؟

کام بەرزی جوانە وەک بەرزیی باڵای ؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نیونیگای ؟

کام تاسە ، کام مەیل ، کام چاوەنواڕی
تەلیسماوی‌یە وەک هیی دڵداری ؟ ...

ڕەوتێـــکی جوان !

لەژێر زەردەی خۆرەتاوا ،
بەناو چیمەنی گوێ ئاوا ،

چەن بە ئاهەنگ ، چەن سیحراوی ؟
ئەگەڕێ قاز ، یان مراوی ؛

یا کەو ، لەسەر بەفری ئزار ،
بۆ لووتکەی هەزار بە هەزار ،

چەن ئێسك سووك ، چەن گورج و گۆڵ
ئەکێشێ : پشت لە تۆی تەختی دۆڵ ؛ (١)

یا کەروێشکی تیرو قەڵەو ،
لەبەر تریفەی مانگەشەو

چەن جوان ئەڕوا بە قونەقون :
سرکۆ ، گورج و ، سپی و ، خڕین ؛

یا پۆڕ لە گوێ ڕێگای دەشتا ،
لەگەڵ سایەقەی پاش وەشتا ، (٢)

---

(١) مەبەست : تۆ لە بنی دۆڵەکەدا بە گوێ چەما دەڕۆی ، کەوەکانیش بەرەو لووتکە بە یاڵ هەڵنەگەڕێن پشت لە تۆ ، لێت دوورنەکەونەوە .

(٢) وەشت : بـاران .

چەن وردو جوان ، بە لەنجەو لار ،
ئەشیلێ سەوزە گیای بەهار ؛

یا کۆتری حەوشی مزگەوت ،
چەن خنجیلانەی لێ دێ ڕەوت ،

ئەوەندە جوان ، لەوە جوانتر ،
لە شنەی بای شەو ڕەواتر ،

لە لەڕەی پڕشنگ ، ئاوازە ،
لە خوڕەی ئاو ، شیعری تازە ،

بە ئاهەنگتر ، بە خورۆشتر ،
بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر ،

پێی ناز ئەڵێ بەسەر ئەرزا :
جوانێ لە بەژنیکی بەرزا ! ...

ئـاواتی دووری

ئەی چاو ! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت ،
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت ؟
کوانێ دوو چاوی مەست ؟ کوانێ !
کوانێ برۆی پەیوەست ؟ کوانێ ؟
کوانێ زوڵفی ڕەش ؟
کوڵمی ئاڵو گەش ؟
کوا هەیکەڵی جەمال ؟
کوا حوسنی بێمیثال ؟

ئەی گوێ ! زەلیلی چاوەڕو بەر تۆ پەنا ئەبەم !
دەنگێ لە یاری دوورەوە ، چیبکەم لە زیلو بەم ؟ (١)
با بێ ، خەندەی پڕئاهەنگ بێ !
نەغمەی نازی شوخو شەنگ بێ !
زڕەی بازێ بێ !
بەرەو لای من بێ !
هاڕەی هەیاسەکەی ،
ورشەی کراسەکەی ! ...

---

(١) زیلو بەم : دوو پارچەن لە ئاڵاتی مۆسیقا .

ئەی حیسسی شامە ! لە چاوو لە گوێچکە مەئیووسم ،
بۆنێ لە یارەوە دێنێ خیتامی ئەفسووسم ؛
با بێ : بۆنی هەناسەی بێ ،
پڕ بە سینەم وەك تاسەی بێ !
با بێ بۆی مەمەی ،
لە درزی سوخمەی :
بۆنی وەنەوشە ، گوڵ ،
مێخەك ، عەتر ، سمڵ ...

ئەی لامیسە ! ئەگەرچی نەبوو : دەنگەو ، ڕەنگەو ، بۆ ،
وەك شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ !
کوا تەماسی لەشی نەرمی ؟ (۲)
کوا لەذەتی کۆشی گەرمی !
کوا مەمکی پڕ چنگ ؟
لیمۆی باخی سنگ ؟
کوا ماچی لێوی ئاڵ
جورعەی ئەبەد ــ خەیاڵ ؟ ...(۳)

ئەی خاطیراتی عومری گوزەشتەم ، دەخیلی تۆم !
خنکاوی بەحری دووری ، نەکەی عەشقی ڕەنجەڕۆم ؛
جیلومت لە چاوم ون نەبێ
هەرگیز لای تۆ نووستن نەبێ !

---

۱) کوا تەماسی : لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە « کەواتەماسی » . ئاشکرایە هەڵەی چاپە . م.م.ك.

۱) جورعە : پێتك ، پیاڵەی مەی .

چەشنی ئاوێنە ،
دائیم بنوێنە :
عەشقی قەدیمی یار ،
تا وەختی ئیحتیضار ! ...[٤]

(٤) ئیحتیضار : سەرەمەرگ .

گولی خوێنساوی !

(۱)

کـور :

بڕوانە : شایی‌یە ، چڕپی‌یە ، لەو ماڵە ،
گوێ بگرە ! زوڕنایە ، دەهۆڵە ، شمشاڵە !
زەردو سوور تێکەڵ بوون ، ژنو پیاو ، هەرایە ،
لەوناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تو نایە !
سا تو خوا ، خێرا کە ، با بڕۆین ، دەست بگرین ،
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین ! ...

کـچ :

گوڵ نەبێ بۆ سەرم : ئاڵ چەپکێ ، زەرد چەپکێ ،
نایەم بۆ زەماوەن ، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ !

کـور :

کچ لە ڕێی جوانیتا ،کچ لە ڕێی جوانیتا ،
کچ لە ڕێی نیونیگای هاتوچۆی کانیتا ،
پایزە ، گەڵای دار ڕواوە ، باغ ڕووتە ،
گوڵ کوانێ گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە ! ...

کچ :

گول نەبێ بۆ سەرم : زەرد چەپکێ ، ئاڵ چەپکێ ،
نایەم بۆ زەماوەن ، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ !
بتدایە دڵ بە من ، بە هەموو مەعناوە ،
دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە ! ...

گوڵ [ئەڕواڵ لەبەرخۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ] :

باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە ،
خێڵی دوشمن دەورەی داوە ،
ئەڕۆم : ڕێگام لێ گیراوە ،
ناڕۆم : چاوکاڵ لێم تۆراوە !

[بەرە بەرە لە دێ دوورکەوتەوە] :

(٢)

کوڕ :

بە باغچەی پاشادا ورد گەڕام ، خوارو ژوور ،
زەرد هەبوو ، بۆم چنیت ؛ چنگ نەکەوت گوڵی سوور ،
نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی‌و هەڵپەڕکێ ؟

کچ :

نایەم ، گوڵ ماوەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ !

گوڵ [بەخەی مراخانیی ترازان] :

ئاتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی ؟

کچ :

هەی هاوار ! تەنگی دوشمنیش پێکاتی ؟
ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم ؛
با بگرین بۆ دڵێ ، بۆ گوڵێ دۆرانم ! ...

حوزنی پەچـە

ژنێکی شۆخ لە چاوی بەڵەك بە مەئیووسی
خڵی ئەکردەوە هۆن هۆن دڵۆپی مرواری ؛
بە ئاو ئەبوو دڵی بەردین لە ئاهو ئەفسووسی ، (١)
بە ئاوی ساردی پەتی نا ، بە مایمی ناری !

وتم : فیدایی جەمالت بم ئەی پەری شێوە !
ئەوا توایەوە هەستیم بە سۆزشی گریەت ؛
چیرە ؛ کە هەیکەلی مەرمەرِ غوباری وا پێوە ،
ئەمەر شکات‌و سکاڵا ئەکا لە هەوری خەفەت ؟

سەری بە عیشوە لەقاندو ، بە لەهجەیێکی حەزین
وتی : بچۆوە بپرسە لە جینسی پیاوی برات ،
کە کەوتە گۆشەیی گیرفان گوڵێکی ئاوریشمین
چیرە تەفاوتی بوونو نەبوونی ، قیمەتی لات ؟

ومیا هەتا لە دەروونی ڕەشی گڵاّ ئەنوێ ،
بە چی لە زیخی دراوسێ فەرق ئەکا گەوهەر ؟
ئەوە حسێبە بە گەوهەر ، ئەگەر دروستە ئەوێ ،
کە بۆتە جاذیبی ئەظاری عام بۆ ئەفسەر ! ... (٢)

---

(١) ئەفـووس : ئەسـەف ، حەسـرەت .
(٢) ئەفسـەر (أفسر) : تاج .

منیش ئەگەرچی بە جیلوە ، بە جاذیبەی جوانی
گەلێ لە فەوقی گولاّمو گرانترم لە گوهەر ،
وەلێ لەبەرئەوە ، هەیهات ، ئەسیرو زیندانیم
مەداری فەخرو سروورم بووە بە قوطبی کەدەر !

بەلێ ! هەتاکو جەمالی پتر بێ دیلی پەری
دیارە مەیلی خوهووری زیاترە ، ئەگری :
ئەگا لە ئیقلەتی بەندی ژیانی خۆی نەفرمت !
ئەگا لە پیاوو لە جەهلو تەعەصصوبی لەعنەت ! ...

خۆزگەم بە پار

بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەوار !
خۆزگەم بە پـــار !

خۆزگەم بە سالی ڕابوردوو ،
عومری کورتی دڵدارێم بوو ،
لەپڕ هاتو ، لەناکاو چوو ..
یەك : پڕ بە دنیا ئارەزوو ،
دەریایەك تاسە .. ئەمە دوو ،
جێماببووم لە پاری مردوو ! ...

بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەوار ،
خۆزگەم بە پـــار !

ڕۆژ نەبوو چاوم بە دیدار
شاد نەبێ ، نەسرەوێ ئازار ،
ڕۆژ نەبوو یار بە لەنجەو لار ،
چەشنی ئاسکی هەردەی بەهار ،

به بەردەمما نەکا گوزار ،
نەمێکن نیونیگای خومار !

بلێن بە یار ، بلێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەژار ،
خۆزگەم بە پسار !

هەر ڕۆژە عیشوەیەك ، نازێ ،
هەر خەلوەتە چەشنە ڕازێ ،
لەو توانج ، لە من نیازێ !
بۆ ماچێ ، نوقورچێ ، گازێ ،
هەر بەزمە دەنگێ ، ئاوازێ ،
بە چاو بینینی دڵخوازێ ...

بلێن بە یار ، بلێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەژار ،
خۆزگەم بە پسار !

بلێن بە یار بێ ناوچاوێ
دیمان لەتاو دووری ، تاوێ
ئەپڕشت لە فرمێسك لافاوێ
ئاخی هەڵئەکێشا تاوێ
بە یادی بالآ لاولاوێ ،
چاوڕەشێ ، ئەگریجە خاوێ !

بڵێن بە یار ، بڵێن بە یار ، یاری نازدار ،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار ، منی هەژار ،
خۆزگەم بە پـــار !

پرسی کێ ؟ بڵێن داماوێ ،
هێلانەی دڵ لێ شێواوێ ،
دوانزە مانگ لە یار بڕاوێ ،
دوانزە مانگ ! بۆ یار گریاوێ ،
بەڵاستەم نووزە تیا ماوێ ،
ئەیوت : ئاونیشانی ئاوێ ،
ئەزانێ یار خۆی ، کام هەژار ، ڕۆژی سەد جار ،
ئەکا هاوار : خۆزگەم بە پار ، خۆزگەم بە پار !

ســـکالا ...

× له ســهمای بەرزی ناوبانگی حوسنا
تاقه ستاره ،
نەبووی له وزەی دەستکورتیی منا
ئاشکراو دیاره !

هەر لەبەرئەوە ڕووم لێ وەرگێڕای
یەکەم تەصـــادوف
دڵەی حەسـاس نا ، بەردم پیشاندای
بەڵام تەئەســـوف :

وات‌زانی کە من موستەغنیو غەڕام
حەریص‌تر بووی لێم
تێهەڵچووی : بە دەم ، ئیشارەت ، پەیغام
پەیمانت دا پێم ! ...

هەیهات ! مەلی دڵ ، خوێن‌گەرمی شەباب
تەفرەی ئاسان بوو ،
کەوتە شوێن قسەت ، فڕی بە شیتاب ،
وێڵی ئاسمان بوو ..

کەچی نەیشتیشت بێ ، لەسەر سینەت
بنیشتەوە ؛
لاتبرد لە ڕێگای : هەوای مەحەبەت
دوورت خستەوە ! ...

* * *

مەلی ناو فەزای ناموتەناهیم !
دڵی لاوم ڕۆ !
مانووی گیتیظار ڕێی وەعدی واهیم : [1]
نووری چاوم ڕۆ ! ...

(1) واهی : مەبەث ، بێهوودە .

بۆ جـوانی سەرهەڕێ

بۆ یەك شەو لای‌دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم ،
بەیانی ، ڕۆژ هەڵهات ، سوار ئەبم جێی‌دێڵم ..

وەك ساوای یەكشەوە ، كە دێ پاش نەمانی
چۆڵ ئەبێ بە یەكجار لە ناوو نیشانی ،

ئەم دێیە جێ‌دێڵم : بێ نیشان ، بێ شوێن بێ ،
ئەی پەری ! سڵ مەكە ، لا مەدە بو لاڕێ !

ئەو نیگا نیو كەچەی ئەو چاوە مەستانە !
شۆڕ مەكە بۆ بەرێ ، بەرزو گەش بڕوانە !

پەنجەی ناز بەربدە لە چسكی مشكیی شەرم ،
دەركەوێ لێوی ئاڵ ، زوڵفی خاو ، كوڵمی نەرم ؛

سڵمەكە لە مەیلی بەگەرمی ڕوانینم ،
پیاوێكم جوانیە قیبلەگای ئاینم ؛

سەرنجێك من ئەیدەم لەو بەژنو باڵایە ،
لە سینەی پاكەوە بۆ جوانیی تەنیایە ،

ئەمەوێ كە دەرچووم لەم دێیە بەیانی ،
خاتیرەم هەڵگرێ جوانترین نیشانی !

چونکی ئاخ ! ئەگەرچی ئێوە من ئەمرێنن ،
بەڵام تۆ ، خۆت‌و (دڵ)ت لای من هەر ئەمێنن ؛

تۆیش لەگەڵ هەر جوانێك ئەیەنم تا ئەمرم ،
ئەیتە مرواری بۆ ملوێنكەی شیعرم ! ...

بەستەی دڵدار

لەژێر ئاسمانی شینا ،
لەپاڵ لوتکەی بەفرینا ،
کوردستان گەرام ،
دڵاو دڵ پێوام ؛

* * *

نە لە شارو نە لە دێ :
نەمدی کەس
وەك تۆ جوان بێ !
تۆیتو بەس
کچە کوردێك دڵ پێی شاد بێ ،
وەك فریشتەو پەریزاد بێ !

* * *

نە باریکی ، نە گۆشتن ،
نە کچۆڵەی ، نە شاژن ،
نە زۆر چاوڕەشی
نە ئێجگار گەشی
بەڵام بە نیگای شیرین :
نەمدی کەس

وەك تۆ بە تین ..
تۆبتو بـەس !
لێت بێ بزەی مانگەشەوی [1] ،
بەژنی ڕێك و ڕەوتی کەوی !

* * *

لەوڕۆژەوە تۆم دیوە
عەشقێك لە دل چەسپیوە !
ساتێ دوور بی لێم ،
گڕ بەرئەبێ تێم !
کە دەست لە یەخەت گیر نابێ !
لە لای کەس
دل ڕێز نـابێ ؛
تۆبتو بـەس
پەنای هیواو خەوبینم ،
ئاوانی گیانی شیرینم !

* * *

ئەوسا کە تۆم نەدیبوو ،
ژینم تاڵی و ترشی بوو ؛
بێ شادی و ئارام ،
بێ هیواو نـاکام ،
ئەوام : ژینی سەرسەری ؛
نەبوو کەس

---

(1) لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا لەجیاتیی «بزەی» نووسراوە « بزە » ، بەڵام ئاشکرایە هەڵەی چاپـە . م.م.ك.

بۆ ڕابـەری ؛
تۆبێتو بـەس
ڕێگای هیوا نیشاندەرم ،
سەختیی ژیان ئاسان‌کەرم !

* * *

ئەی گەورە کچی (زەووس) ! (٢)
خوشکە جوانەکەی (ڤینووس) ! (٣)
تو ئەپەرستم ،
بۆیە وا مەستم !
بۆ ئایینم ئەگەڕێ
هەنـدێ کەس ؛
بـا جـارِ بدرێ :
تۆبێتو بـەس

* * *

قیبلەی ئایینو باوەڕم ،
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم !
وەك سەرەڕۆی شوێن ئامانج ،
نە زازا مـا نە کرمـانج ،
گەڕام کوردستـان ،
گەرمیـانو کوێستان :
نە لە شـارو نە لە دێ ،
نەمدی کەس

---

(٢) زەووس : باوە گەورەی خوایەکان (بتەکان)ی یۆنانی کون .
(٣) ڤینووس : ئافرۆدیت (خوانی جوانی) ، ئەستێرەی زوهرە .

وەك تۆ جوان بێ ؛
تۆیتو بـــەس
کچە کوردێك وەك گوڵ وا بێ ،
کوردستانی پێ ئـــاوا بێ !

جوانی لـه لادێ

ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە ،
ڕێی کانی ــ قوبان ! ــ موتەظیری جیلوەیی نازە ؛ (١)
بەردەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە ،
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە !

سەر جادە موعەططەر کە بە بۆی خونچەوو مێخەك ،
بەو لەنجەیەوە بەستە بڵێت ورشەیی خامەك ،
هاڕەی کەمەرەو ، پلپلەوو گوارەوو کرمەك ..
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە !

چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت ،
پرشنگی خشڵ ئەبڵەق ئەکا دەوروبەری ڕێت ،
ڕۆژی دەمی کەڵ حازرە بۆ پێشکەشی بەرێت ،
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە !

ئێوارەیە وا ، دەرکەوە سا جوانە کچی دێ ،
ئەی وێردی قسەو بەستەیی گشت کوڕگەلی سەر ڕێ !
سووتاوی جوانیتن هەموو کێڵی کوڕی کێ !
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە !

---

(١) قوبان : سووکەڵاوی (قوربان) .

وەك سوێسكە برۆ ، ئاسكە نیگای چاوی ڕەش‌و مەست
بڕ عیشوە بچەرخێنە ، ئیتر هیچ مەبە دەربەست :
چەن مال ئەڕمێ ! چەن شل ئەبێ هێزی دڵ‌و دەست ! (٢)
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە !

وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو مال ،
ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵم‌و خەت‌و خاڵ ،
شەڕیانە : شەماڵ پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش‌و ئاڵ !
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە !

ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
ڕێی کانی ــ قوبان ! ــ موتەظیری جیلوەیی نازە ،
بەردەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە !
ئێوارەیە وا ، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە !

---

(٢) چەن مال ئەڕمێ : چەن مال ئەڕووخێ .

لە درزی پەچەوە

جادە چۆڵو ستیەر بوو ، کات بەیانی ،
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی :

بۆ سەوزایی دەورو پشتم ، بۆ ئاسمان ،
بۆ شاخی بەرز ، خانووی تازە ، دنیای جوان ...

ئەڕۆیشتم : بە ئەسپایی ، کشو مات ،
لاشە ستو ، دڵ کەیلی تاسەو ئاوات !

لەپڕ ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی ،
بەرامبەرم بەڕێك دەرکەوت : وەك پەری !

لەگەڵ ئەوەی لە عاباوە ئاڵابوو ،
لە دیمەنی شیرینی ئاشکرا بوو ،

باڵا بەرزو ، بچکۆلە پێو ئیسکارپین ؛ (1)
گۆرەویو پووز : سفتو سپیو ئاوریشمین !

ئەڕۆیم و دزەی نیگام جارجارێك ،
لەژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێك :

---

(1) ئیسکارپین : قۆندەرەی پاڵنە عانەپێیە .

بە ڕەوتی کەو ، لەنجەی تاوس‌و قومری
گورج گورج ، جوان جوان ئەهاتو جادەی ئەبڕی ...

مابووی بگاتە عاستم چەن هەنگاوێ ،
درزێ کەوتە پەچەو دیم نیگای چاوێ ،

دەستو پەنجەو ، مەچەکێکو ، نیگایەک ...
(چی بنووسم ؟ خوایە هێزی ئینشایەک !)

قۆڵو مەچەک سافو سپی وەک شووشە ،
سەرپەنجەکان یاقووتێک بوون بە ورشە ،

بێنە سەر چاو : چاوێک .. بڵێم چ‌چاوێک ؟ .
کانیی سیحر ، دەریای عیشوە ، گێژداوێک ،

کەوا کەوتە بەر شەپزلی هەستی من ،
لەوڕۆژەوە هەر نوقم ئەبێ بەرمو بن ! ...

بـۆ خـانمێك

قاسید وتی پێم : بگرە سەبر ، خانم ئەوا دێت ؛
سا فەرموو ، سەبر بێ بە فیدای خاکی بەری پێت !

حەسرەتکەشی ئەو شانو مڵو گەردنە ڕووتەم ،
وەختە بمرم بۆ لەفەسی بۆنی توالێت !

ئاهم بوەتە هەوری بەری تینی هەتاو بۆت ،
فرمێسکم ئەدا نم لە هەموو ساحەیی سەر ڕێت !

هەر دیاری کە دا حاشیەیی حوسنی ملووکیت :
بۆ ڕەسمی سەلام نەبزی دڵە زەربی ترامپێت !

گەر پێتو بفەرمووی ، مەلیکەم ! ، مەیلی نشیمەن ، (1)
بەو خوایە لەسەر دیدە ئەکەم تەسویەیی جێت !

ئەمجا بە پەڕو بالی تەڕو فێنکی بۆسە ،
تیر تیر ئەسڕم ، خانمەکەم ، گەردی سەفەر لێت

نازانم ئەبێ چۆن بگەمە باسی وبصالت
تۆ خوا ژنی جوانیتو ئەکەم فەرطی حەیا لێت ؟

---

(1) نشیمەن : جێگای دانیشتن .

هەڵبەستی ڕەنجاو

کەی تۆم دیوە ؟ کەی ئەتناسم ؟ کەی ؟ کەی ؟ کەی ؟
دڵداری چی ؟ پەیمانی چی ؟ حەی ! حەی ! حەی !

وەك سیحرباز هاتووی بەندی دەڵەسە
ئەخەیتە پێم ، دیلم ئەکەی ، نا بەسە !

بەس تەفرەم بە ، بەس بە ئەفسوون گێلم کە ، (١)
بەس کوێرم کە ئەمجا دوشمن شێلم کە !

گوتم بڕ بۆ لە ئەفسانەی دڵداری ، (٢)
بە لەعنەت بێ زوهرەی جوانیو عەیاری !

عومری جوانیم لە هێلانەی بێڕەنجا ،
چەن بێتاسە ، چەن ئاسوودە ئەگونجا ؟

تا ناسیمت ، تا خۆت هاویشتە سەر ڕێم ،
تا دێوجامەت ڕاگرت نیشانتدا پێم ؟ (٣)

---

(١) ئەفسوون : سیحر .
(٢) ئەفسانە : ئوسطوورە ، خەرافات .
(٣) دێوجامە : پەردەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە ڕاودا بەکاردەهێنرێت .

هاوار ! تومەز لەودیو پەردەی گولگولین ،
لە کارا بوو ! بیری بەد ، دەستی خوێنین !
بە لەعنەت بێ زوهرەی جوانی سروشتی ، (٤)
دائەفلیقێ هەر دڵێ کەوتە مشتی ! ..

(٤) زوهرە : ڤینووس، ئەستێرەیەکی گەش (گەلاوێژ ا). سروشت: طەبیعەت یان خیلقەت .

هەلبەستی پەشیمان

کەرە لای من لە یار پەنجان
پێی لێ گەتیم ئەی زوهرەی جوان !

هەرزەگۆیم کرد هەرچیم وت ، (1)
وا ئەو چلکەم بە فرمێسك شت ،

بە فرمێسکی پەشیمانی ،
ئەی زوهرەی ناز ، زوهرەی جوانی !

من ژیانم ، گیانم ، هەستیم ،
هیوام ، تاسەم ، شادیم ، مەستیم ،

بیرم ، هۆشم .. هەرچیم هەیە
بەهرەی جیلوەی ئەو زوهرەیە

کەرووی لێ نیشت گەردی شیعرم ،
هەی جوانەمەرگ خۆم ! هەی بەرم ! ..

ئەی ڕووناکیی ڕێی باوەڕم !
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم !

---

(1) هەرزەگۆیی : ناماقوول وتن ، ناماقوولی کردن .

قیبلەی عەشقم ! هۆی ئاوازەم !
هێلانەی هەڵبەستی تـازەم !

چۆن ئەتوانم بڕەنجم لێت ،
هەی خاك بەسەر ئینسانی شێت ؟ ..

تۆ بی زەردەخەنەی چاوت
لێوی بەعاستەم تۆزاوت ،

تۆ بی سپیەتیی شانۆ مل
لەعاستی ڕووتی‌و یەخەی جل ،

تۆ بی بەستەی ڕۆیشتنت ،
لەوحەی ڕەسمی دانیشتنت ،

تۆ بی بەبینترین نەغمە :
شڵپەی ماچی ئەو ناو دەمە !

تۆ بی هەموو جیلوەی جوانیت : (١)
لێم خۆش بە دڵم ڕەنجانیت !

ئەی زوهرەی ناز ! زوهرەی جوانی !
گەردنکەچی چـاوەڕوانی

وەستاوم ، سا دڵم خۆش کە ،
شیعری پێشووم فەرامۆش کە ! (٢)

---

١) جیلوە : لە (جلی)وە ، دەرکەوتن ، درەوشانەوە .
٢) فەرامۆشکردن : لەبیربردنەوە .

بۆ گەورە کچێك

ئەی گەورە کچی دلبەرو شۆخ ! وەختی منالیت
دابووم دڵێکی پوختە بە ئەو ڕۆحە عەفیفەت ،
تۆزێ وزئەبووی کریەی ئەبەست عامیلی ئولفەت
گەردی لە دڵم ئەسڕی پەڵو پەنجەیی بازیت !

گا ئەموشی ئەو ڕوومەتە نەرمە بە بەری دەست ،
گا شانەوو گولباخم ئەدا لەو قژە زەردەت ،
گا ماچمئەکرد لێوی فوتوو و چاوو برۆی مەست ،
چەن ساتێ وەها ئولفەتی تۆم بووبو بە عادەت ،

تاکوو لەپڕا کەوتمە ناو دۆزەخی غوربەت ، (١)
کەم کەم سپی بوو یادت لەسەر لەوحی خەیاڵم (٢)
ئێستاکە لەپاش بووردنی شەش ساڵە بە عەودەت ،
دڵشادمو تۆ دەمدەم ئەکەی پرسشی حاڵم !

بۆ ڕاستی نەڵێم گەورە کچی عیشوە سەراپا ،
ئەوسا نیە تا ناخی نیگای دیدە بەری بێ ، (٣)
ئەوسا نیە تا ناوی قسەش دیوی دەری بێ ،
ئەوسا نیە ، ئەوسا نیە ، ئەوسا نیە بەخوا ! ..

---

(١) دۆزەخ : جەهەنم .
(٢) ئەم [ت]یەی کەلیمەی [یادت] لەسەر شێوەی سولەیمانی تەلەفوظی پێ ناکرێ .
(٣) ناخ : قەعر ، بن .

نیـاز [1] ...

سەردەمێك بوو دنیای گیانم تاریك‌و چۆڵ بوو ؛
کام (بەڕۆچکە)ی گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو ؛ [2]

قەریحەم وشك ، تەبیعەتم زەردو ژاکاو بوو
زەردەخەنەم ئاخی سەرلێو ، فرمێسکی چاو بوو !

بە ئاسمانی هیوامەوە ئەستێرەکانم
بە هەزاران شا ئەستێرەی گەش گەشی جوانم ،

هەموو لوتمی دەریای تەمی ڕەش‌و تاریك بوون ،
وەك وەنەوشەی چنراو لەگەڵ سیس بوون خەریك بوون ،

سەردەمێك بوو بێ‌نەغمە بوو باغچەی ژیانم ،
بێ ورتە بوو ناو هێلانەی بولبولەکانم ،

لەرەی دەنگی شادمانی‌و نەشئەم خنکابوو ؛
شەپۆلی بای بەهرەو جۆشم مەڵك ڕاوەستابوو .

تەلی عوودو کەمانم پس ، کونی شمشالم [3]
بەسرابوو وەك گرێی دڵو زمانی لاڵم !

---

(۱) نیاز : ڕجا .
(۲) بەڕۆچکە : بەر ڕۆژ .
(۳) پس : لە پسانەوە ، [بەمەعنا] بچڕان‌و خاوبوونەوە هاتووە .

سەردەمێك بوو : نە تریفەی مانگی هاوینم ،
نە گزنگی هەتاوی سەرلووتکەی بەفرینم ،

نە لەرزینی چینی سەر ڕووی گۆماوی شینم ،
نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم ،

نە ورشەی گیای میرگی سەوزی دەمەو بەهارم ،
نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم ...

چەشنی جاران دای‌ئەخوڕیان ناخی دەروونم ،
ئەیهێنایە سەر هەڵقوڵین سەرچاوەی ڕووتم !

سەردەمێك بوو ، سەردەمێکی دوورو درێژ بوو ،
نوێنی ئارام بۆ من لەسەر چەرپایەی لێژ بوو ،

نە خەوم خەو ، نە خەیاڵم وەك خەیاڵ وابوو ،
هەستیم وێنەی ئوقیانووسی ژێر ڕەشەبا بوو ،

لەشم بێهێز ، گیانم بێزار ، دڵم غەمگین بوو ،
هیوام تاریك ، مەیتی عەشقم تابووتی ژین بوو !

ناهومێد بووم ، وام‌ئەزانی دەردێکە کاری ،
بەرەو پیری چوون هێناویە دیاریی ئێجگاری !

ئێستر ئەبێ کونجێ بگرم ، دڵۆش دابمێنم ،
لەسەر مەرگی عومری جوانیم یاسین بخوێنم !

چاوەنوار بم سا کەی گەردوون ، گەردوونی بێباك ،
جانەوەری گۆڕ هانئەدا بمکاتە خۆراك ؟!

بەڵام ئەی یار ، یاری نازدار ، شۆڕەژنی شۆخ ،
بە لێوی ئاڵ ! بە چاوی ڕەش ، چاوی ڕەشی تۆخ

به بالای بەرز ، بە ئەندامی نەرم و شل و جوان ،
رەوتی شیرین ، عیشوەو نازی گفتوگۆو جوولان ،
بەم جوانیەیانە کە زینەتی بەهەشتی دنیان ،
بەم جوانیەیانە کە لە تۆدا هەموویان پەیدان ،
لەوپۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ ،
دنیای دەروون مەلەکانی هاتوونەوە گۆ (٤) ..
سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قوڵ ،
باغچەی ژینم پڕ بۆتەوە لە نەمامی گوڵ ! ..
ئێستا ئەگەر بێت هیچ نەبێ لوطفی تۆ جار جار ،
بملاوێنێ ئەی ژنی شۆخ ، ئافرەتی نازدار !
قەسەم بە تۆ ! قەسەم بە ناز ! قەسەم بە جوانی !
هەموو هەستیم ئەچێتەوە دۆقی جارانی ! ..
قوڵپی گەشی خوێنی جوانی دێتەوە لەشم ،
دیسان شەبەق ئەدا ئاسۆی ئاسمانی ڕەشم ..
ئێتر ڕابوورد من پیر بیم ، یان دڵم بمرێ ،
یا بلووری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ !
ئەمجا ئەی یار ، ئەی خوا ــ ژنی عەشقم ، ئەی ڤینووس ،
ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج ، توالێت ئابنووس ،
هیچ نەبێ بۆ .. بۆ خاطری جاهی ئەپۆلۆ ، (٥)
مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەوێ لە گۆ !

---

٤) هاتوونەوە : لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە « هاتوونەوە » . ئێمە لەمانەوابوو لەوە هەلەی چاپەو ڕاستەکەی « هاتوونەوە »یە . م.م.ك.

٥) ئەپۆلۆ : خوای شیعرو حیکمەتی یۆنانی کۆن .

جـوانی بێنـاو

تۆ کالی ، لێو ئالی ، پرشنگی نیگا کال ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئال !

ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو ،
گەندەسووی دەموچاو ، مەچەك هەڵنەگرتوو ..

ئەی ئەندام وردیلەی ، نەرمۆڵەی ، ئێسك سووك ،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هیی بووك !

ڕاستە من ڕێبوارم ، سەرپێیی ئەڕوانم ،
بەڵام وا جوانیی تۆ کاری کرد لە گیانم ،

ئەڵێی ، تەك هەر ئێستا ، عومرێکی درێژە
بەو دەستو پەنجانەت بڕینم ساڕێژە ! ..

ئەی کچە کالەکە ! جوانیتر با زۆر بن ،
لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەرخۆر بن ،

با ڕەنگیان پەرداخت بێو جێگەیان سەرچڵ بێ ،
بە واتەی خەڵکیتر با ناویان شاگوڵ بێ ،

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە ،
کە لەوێر سێبەری تووتڕکا خامۆشە !

لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان !
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی‌و جوان !

لە تەختێك هەڵدەستێ هەزارو یەك نەغمە :
ئەومیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە !

کانیی‌یەکی ڕوونی بەر ترپەی مانگەشەو :
لە بنیا بلەرزێ مروارێی زیخ‌و چەو ،

جوانترە لە لای من لە دەریای بێ‌ستوور
شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شلێپو هوورِ !

ئۆ کاڵی ، لێو ئاڵی ، پرشنگی نیگا کاڵ ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ !

دەربەست نیم ڕێبوارم ، دەربەست نیم ڕەوتەنیم ،
ئەزانی شیرزەو دەربەستی ئێجگار چیم ؟

هیی ئەوەی نیگارێك لە یادم کێشراوە ، [1]
شۆخێکی نایابە ، بەڵام ئاخ ، بێ‌ناوە ! ..

---

(1) نیگار : ڕەسم ، صوورەت .

بۆ کچێکی بێگانــه

زۆر قڕی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم ،
زۆر چاوی شین داویه پرشنگ له چاوم .

شانو مڵو گەردنی ڕووتی بێ گەرد ،
سنگی نەرمو ، مەمکی قوتی توند وەك بەرد ،

بەژنو بالای کەلەگەتو شۆخو شەنگ ،
لەشو لاری کەمێك گۆشتن ، کەمەر تەنگ ،

پێستی سپیی بە خوێنی گەش مەیلەو ئاڵ ،
کوڵمی قەلەو ، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ ،

دەمو لێوی وەك گوڵی بەربەیانی ،
ئەمانە گشت .. گەلێکی‌ترش جوانی ،

وەك لەنجەو لار ، زەردەخەنە ، نەغمەی دەنگ ،
شەرمی تاو تاو ، نازکردنی ڕەنگاوڕەنگ ...

هەمووم دیون ، کاریان کردۆتە هەستیم ،
سەردەمێکی عومرم بوونە هۆی مەستیم .

هەموو : یەك یەك ، یاخۆ دەستە بە دەستە
ناخی گیانیان بۆ پڕ کردووم لە بەستە ! ..

ئەمانەم گشت لا جوان بوەو لا جوانە ،
بەلآم هەرگیز تەنیا جوانیی ئەمانە

بۆی نەشکانووم تورینەیی و ئارەزووی دل ،
هەر گەڕاوە مەلی برسیم چلاو چل !

لە هەچ باخێك گوڵێکی سوورم دیبێ ،
بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقیبێ !

هەر ئەوەندەش گیرۆدەی گوڵی سوور بووم :
ناشارەزاو ، پەپوولەی دوور بە دوور بووم !

ئەمجا ئیتر کەوتوومەتە بەیانی
بۆ جوانێکی تری پێش ئاشنایی ..

جوانەیی تریش هەروەکو ئەم جوانانە ،
نەیتوانیوە دامرکێنێ ئەم گیانــە ،

هەر سەرگەردان ، هەر ئاوارە ، هەر برسی ..
(بۆچی ؟) باشە ، پێت بڵێم با ، ئەپرسی :

چونکە کاتێ دینێتەدی خۆزگەی دل ،
جوانیی گیانیش هاوکاری بێ ، جوانیی گڵ ؛

لەش با هەردەی بەهار بێ ئارایشتی ،
ئاسمانێکی ئەوێ فەڕ با بە گشتی ! ..

بۆ کڵۆلیم ، ڕەنجەڕۆییم ، بەدبەختیم ،
تا ئێستاکە هەر نازداریێ من ناسیم ،

بە ڕواڵەت چەن پرشنگدارو شیك بوو ،
پێچەوانەیی ئەوە دڵی تاریك بوو ؟

کۆشی گەرم‌و دەروونی ساردو سڕ بوو ،
زمانی نەرم ، نیهادی ئێجگار دڕ بوو !

لەبەرئەوە ، ئەی قژزەردی بێگانە ،
جیلوەی جوانیت لە بیرم چێ ئاسانە ،

بەڵام ئەوەی لێی وروژاندم هەستم ،
ئەو کێبی شیعرەیە داتە دەستم !

گران هەتا دوا هەناسەی ژیانم ،
لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم :

دیوانەکەی (برۆنس) کە نەغمەی شیعری ،
ئەڵێی کچە پێ‌ئەکەنێ ، یان ئەگری ! ..

ناهەنگێك لە ناوڕان

ڕێبوار [بە لای ڕانا تێپەڕێ نزیك بە مێرگی بەهار] :

هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور ،
تا نەگەڕێ مێرگی بەهار
دەم نایێــە نــاو دەمی یار !

شــوان :

بەڵام منی شای گشت هەنگی هەردەی بەهاران ،
بۆ بینینم خۆیان ئەگرن ڕێی دەشت نازداران !
سۆزی شمشاڵ ئەخەمە کار دەمی ئێواران :
پۆل پۆل ئافرەت ، شیردۆشی جوان ، ئەکشێ بۆ ناوڕان !

ڕێبــوار :

هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور ؛
چۆن بەڕێی خۆی دێ گوڵی گەش
بۆ لای شوانی کەپەنك ڕەش ؟!
نەك گوڵێكو ، نەك سیانو چوار ،
چەن لە دێدا هەیێ نازدار ؟! ..

شـــوان :

که مۆڵم دا مێگەڵی تێر لەسەر سەوزە گیا :
زەردەی هەتاو ئەگرێتە زێڕ ڕووی دەشتو چیا ؛
هەر نازداره ، بۆ هەڵپەڕکێ جۆشێ لەسەرپا ،
لە شمشاڵم ئەنێ بە ناز ڕووی لیازی جیا !

ڕێبـــوار :

هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور ؛
لەناو دێوە پۆڵ پۆڵ نازدار
ئەشێلن سەوزە گیای بەهار
بۆ لای شوانی شمشاڵ پڕ جۆش ..
هەی بەختی باش ! ژیانی خۆش !

شـــوان :

حەڵقەی چڕپی لەسەر فەرشی گیای قەراغی ئاو ،
لە بەردەمما هەڵئەپەڕێ گا گورج‌و ، گا خاو ؛
منیش چەشنی پەپوولەیەك گوڵ داییتە ناو
کێ زۆر شۆخ بێ لە بەڕێیا ئەومستم تاو تاو !

ڕێبـــوار :

هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور ؛
هەر لە دێوە هەتا ناوڕان
بە لەنجە دێن شیردۆشی جوان ،

هەڵەپەڕن بۆ شمشاڵۆەن ..
هەی بەختی باش ! ژیانی شەن ! ..

کۆمەڵی ئافرەت [نەختێك لە دوورەوە] :

ـ هۆ شوانی بەهرەدار ! تێخورپە ، چاوەڕێین ،
ئارایشت تەواوە ، ئامادەی هەڵپەڕکێین !
پەرۆشی ئاوازەی بەسۆزی شمشاڵین ،
بێسیحری فووی دەمت بەزمو نۆش بەتاڵین ،
تێخورپە ، ئامادەین پاداشتی ئاوازە
تیرتکەین لە قووتی دڵ کە جوانیو نازە !
هۆ ، شوانی بەختیار ! تێخورپە ، درەنگە ،
بێ شمشاڵ لە دەشتیش وەکوو ماڵ دڵ تەنگە !

تێخورپە ، تێخورپە ،
من تێرو گوان پڕە [1] ،
کاتی ڕان مۆڵدانە ،
تا بڵێی دەشت جوانە !
لێو بـەرە بـۆ شمشاڵ ،
بـە سـۆزو نـاڵەنال :
بـەرزێ لـەشی کێو !
بجۆشێ دڵی دێـو !
نـەوەستێ هەڵپـەڕکێ :
تا بارەی بـەرگەڵ دێ ! ...

---

(1) من : لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە «من» بەڵام دیارە هەڵەی چاپە - م.م.ك.

شەوێك لە «عەبدوللا» [1]

(هۆل) زۆر گەورە، ئێجگار ڕووناك [2]
هەموو شت جوان، هەموو شت پاك ..

(جەو) لێی ئەنگێن: شادمانی،
بۆنخۆشی، مۆسیقا، جوانی ...

هەر مێزەو کورسی دەورەی داو،
تێکڕاوان ئافرەتو پیاو ...

ئافرەت: چرای کۆڕی ئاهەنگ،
لەنجەی جوولان، مۆسیقای دەنگ،

لەسەر هەر مێزە، یەك دوانێ
بۆ چەشنی جوانی نیشانێ!

یەکێ قژ زەرد، یەکێ چاو ڕەش،
یەکێك لێو وەك گوڵ ــ غونچەی گەش.

یەکێك جوانیی وەك هەتاوە،
تێزو تیشکی لە پێش چاوە؛

---

(1) عەبدوللا: جێگایەکی دانسو مۆسیقایە لە بەغدا.
(2) هۆل: قاعە.

یەکێك مانگی شۆخو شەنگە ،
سیحری جوانیەکەی پێدەنگە ؛

یەکێك شێوەی دوان خۆشە ،
جوان نیە ، بەڵام جوانپۆشە ! ..

هەر ئافرەتە هێندە زیرە ،
پەرداختر کات کوڕێ دڵگیرە :

پێست پەمەیی لەش نەرمو شل :
نیوە ڕووتی تەنکیی جل ،

کەم گۆشتی نەختێك کەلەگەت :
نەخشێکە بۆی شانو چاکەت ،

قژ ئاوریشمین بە توانێت
عەترو سیحری لێ گەتکێت ،

چاو ڕەش بە کل ئەوەندەی تر
بۆ تەماشاکەر گورچك بڕ ؛

شۆخی مەڕمەڕ گەردنو سنگ ،
لەسەر سنگی ڕووت بۆ پرشنگ

ڕستێك مرواریی دانـاوە ،
مایەی ڕێشکەو پێشکەی چاوە ! ..

* * *

تاك تاك مێزی وەکو هیی من
دەوری‌داوە کۆڕی بێژن

ئەمانەش یـا بادەتۆشن ،
یان بە تەماشـا سەرخۆشن !

تاوێـك چاو ئەبڕنە جوانێ
دانسێکی نایـاب ئەزانێ ،

پڕو پڵو چەرخەی هاتوچۆ
جوان جووتەکا لەگەڵ تانگۆ .. (٣)

تاوێك نەغمەی (فالس)و خەیـال ،
لەگەڵ نەشئەی ستاونی تـال ،

دەستیان پێ ئەداتـە بەر سـەر ،
پیریـان ئەڕوا بـۆ دنیـای دەر !

تا کەی ؟ بەڵکو تا دوایی دانس ، (٤)
(چەپ .. چەپ ..) چەپڵەی پاش نەغمەی فالس ! ...

* * *

سەعات فڕی ، شەو درەنگ بوو .
هێشتا نیوەڕۆی ئاهەنـگ بوو !

تازە باندی پشت سێپای نۆت : (٥)
گەرمی هەوای فۆکسترۆت !

---

(٣) تانگۆ : مقامێکی مۆسیقای ڕۆژاوایی‌یە. فالس‌وفۆکسترۆتیش هەروەها.

(٤) دوایی : لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیـدا بەمجـۆرە نووسراوە « دوایی » ، بەڵام بە بیری من ئەوە هەڵەی چاپەو ڕاسـتەکەی «دوای»ە چونکە بەوجۆرە مەعنای بەیتەکە تووڵتر ئەبێ . م.م.ك.

(٥) باند : فیرقەی مۆسیقا ، نۆت : دەفتەری نۆتەی مۆسیقا کە لە بەردەمی مۆسیقادا لەسەر سێپایەك دائەنرێ .

تـازه شـۆخی هەڵبژاردەم
کەوتۆتە سـەرنجی دەم ــ دەم ،

بە دوو چاوی وەک دەریای شین ،
پڕ لە زەردەخەنەی شیرین ...

بەڵام ، منی یتگانەی کۆڕ ،
شـەونشینیم لێ نـایە زۆر ،

ناچار لەگەڵ هاوڕێم هەڵسـاین ،
خەو ئەم بەهەشتەی لەکیس‌داین !

بووکێکی نـــاکام

هەی سوار سوار بێ ! هەی تفەنگچی دەست باتە تفەنگ !
هەی ژنی جوان ئارایشتی خۆی کا بۆ ئاهەنگ ! ..

لەژێر تارای سورمەچنا هەرە جوانی دێ ،
(کچی جووتیار !) بەرمو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ ...

کۆشکی ئـــاغا گەچکاریـە ، ئاوێنەبەندە ،
کەس نازانێ بە ژمارە ، پەنجەرەی چەندە !

حەوزو فوارەی حەوشی مەڕمەڕ ، باغچەو چیمەنی
بەسەرناچێ هەرگیز سەوزیو گوڵی دەگمەنی ! ...

جوانی لادێی ڕووتی وەکوو تەڵی وەنەوشە
بە ئاوڕیشمو بە ئالتوونی ئەم کۆشکو حەوشە :

لە تەوقی سەر تا بەری پێ پەرداختو پۆشتە ،
سوارکراوە ، شۆخو نازدار وەکوو فریشتە ..

خراوەتە ڕێ بۆ پەردەی ئەتڵەسو گوورووز ،
بۆ باخەڵی ئاغای پێش چاو بە چڵچرا ڕووز ! .

ئـــاغای خاوەن هێزو شکۆ ، خاوەن سامداری ،
لەکاتێکا درێژەکا دەستی دڵداری

بۆ گەردنی گوڵی کێوبی لە جێ هەڵکەنراو ،
نەی فرمێسك بەدیئەکا لەسەر کلی چاو !

موو‌چڕکەیەك بە سەرتاپای لەشیا ئەگەڕێ :
ئاگادارە فرمێسکی سۆز ، دێتە خوار بۆ کێ ! ...

کچی جوونیار بۆ بەهەشتی ژین‌و دڵداری ،
لەگەڵ کوڕی شوان بەستبووی پەیمانی یاری !

کوڕی شوانی بڕواوی ئێش ، لە بەر هەتاو قاڵ ،
مەچەك ئەستوور ، لەش کەڵەگەت ، دەفەی ناوشان چاڵ .

تیری خوای عەشق هەتا شاپەڕ دڵی سمیبوو .
کچی جوونیار لە بەرچاوی بت بوو ، پەری بوو !

ئەم نازدارەش بە شەوو ڕۆژ نەخشی خەیاڵی
کوڕی شوان بوو : باڵای بەرزی ، ناوشانی چاڵی !

ئێستر ڕێگای دارستانو ، ناوڕانو ، دێبەر
بوو بە شانۆی سەرگوزشتەی دڵدارو دڵبەر :

هەر بن‌دارە ، بن‌دەوەنە ، هەر بستە خاکە
ئاگاداری چەن بەندێك بوو لەم عەشقە پاکە !..

هەتا ڕۆژێ بۆ کۆڵی ئاغای شکۆدار ،
لەسەر ڕێی ڕاو ، کاسەیەك دۆی وەرگرت لە نازدار ،

گڕی لەشی دامردەوە بە دۆی سەرتەزێن ،
بەڵام کوورەی دڵی کەوتە بەر بای باوەشێن !

دەستو کاسەو پەنجەی دۆگیر ، لێگای چاوی ڕەش ،
هەستیی ئاغای فرێدایە ناو ئاگری گەش !

پیاو ماقوولی ڕاسپێری کرد تارەك ساز بکرێ ،
زوو ئەم شۆخە نەرمو نۆلەی بە بووك بۆ ببرێ ...

کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو ، دایە کێو ،
زەویی داگرت بە تەکردن ، ئاسمان بە جێو !

چەن جارێ شەو مالی ئاغای دایە بەر تەنگ ،
دەغڵی سووتان ، باغی بڕی ، بۆ ئەتکو بۆ پەنگ :

کڵکو یالی چەن چارەوێی قەڵکرد بە خەنجەر ،
بەسەر ڕانی ئاغایا داو مەڕی دایە بەر ...

تاکو دوایی ڕۆژێ بەختی نۆکەری ئاغا
خەوی لێ خست لە سێبەری درەختی باغا ؛

پەنجەی کینە لەسەر پیلکەی تەنگ کەوتە کار ،
کۆستی دڵی بۆ ئێجگاری کەوت کچی جووتیار !

ئێستا ئەوا هەرچی بڵێی نیعمەتو نازە
هەمووی ئەدا بە یەك دڵۆپ فرمێسکی تازە ،

لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێو بڵێ :
دەستی زۆردار سەد سەر ئەگا ، ئاگاتە دڵێ ! ..

لـه لادێ

کراس کەتانی ، کەوا سەوزی ، بەژنو بالا بەرز ،
بە شانو گۆزەوە چەن جوانی ئەی پەریی سەر ئەرز !

لە دوورەوە ج نمایانە پێچو سەرپۆشت ،
ج زوو ئەگاتە دەماخم شەپۆلی بۆی خۆشت !

شەمالی رێنگەیی کانی ئەخاتە بالاکەت ،
لەرانەوەی لەشی زیوینی شۆڕەیی کەلەگەت !

ئەڕۆی بە عیشوە ، بە لەنجە ، بە وەزنی گۆرانی
ئەڕۆی .. زۆری کەمەرەت دێ هەتاکو بەر کانی !

ئەگەیتە کۆمەلی پیاوانی بەردەمی مزگەوت ،
سڵێك ئەکەی وەکو ئاسك لە سێبەری ئەشکەوت !

لە رێنگەتا هەیە پۆل پۆل لە لاوی دێ کۆمەڵ ،
کە هەریەکە گوڵی هێناوە چەشنی ، پڕ باخەڵ !

هەموو بەعەزرەتەوەن گوڵ فڕێدەنە بەر پێت
خوایە ئاخۆ گوڵی کێ بە دڵتەوە ئەلکێت ؟ .

یادگاری کون

غەزەلیـات :

ئەڕۆی ئۆغـر

کلاو لار ، گورجی کەو ڕەفتار نەظەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟
لە تیری ئاهی ناکامیم هەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

بەدووتا ئەشکی هەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا ،
تەماشای لالەزاری ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

لە لای خەلقی گەدایە گەردی ژێر پێی مولکی دلداری
بە سایەت وەك (هوما) تاجم لەسەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

بە لەرزەو زەلزەلەی ئەو پلپلانەی دەوری پووشینت ،
بینای هەستیم هەموو زێرو زەبەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

ئەوا واعیظ ئەڵێ لادە لە قیبلەی عەشقو جوانی ڕوو ،
سەماعی وەعظی سەرتاپا زەرەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

فریشتەی ، یا پەری ، یا حۆری ئەی شۆخی مەلەك شێوە
بە عیشوەو خوو ، لە هاوجینسی بەشەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

بە تای دووری غەزەل ئەچنم لە حەسرەت ڕوشتەیی گێسووت ،
مەتای عومری درێژ کردووم لەبەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

ئەڕۆی ئۆغر ؟ ئەڕۆی ئۆغر ؟ نەظەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟
حەیام ، عەقڵم ، دڵو دینم هەدەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟

هەرچـەن ...

هەرچەن بە بەر مەلالی فرەم تەنگە قافیە ،
یەك عومری خەم هەناسەیەکی ساردی کافیە !

خۆزگەی خەم بە قەڵەزی سەرچاوەکەی (زەڵم) ،
چاو وشکی‌کردو ئەو وەکو خۆی تافە تافیە !

لای من ج جامی نەشئە ، ج میحرابی دینی عەشق :
ئەم چاوو ، ئەو برۆی کچە کوردێکی جافیە !

زنجیری زوڵفو چاهی زەنەخ وا لە ڕێگەیا ،
کێ لەو حیجازی حوسنە ئومێدی طەوافیە ؟

تا دێ سروورو صیحەتو صەبرم ضەعیف ئەبێ ،
هەر طەبعی تا سەما لە فیراقا موتافیە !

تف لەو زیانە کە بێ دەردی عەشقە ئاسوە ،
بەخ لەو ملەی کە زوڵفی نیگارێ تەنافیە !

(گۆران) طەماعی ماچو وبصالی بڕیوە لێت ،
یەك ئیلتیفاتو نیوە نیگایەك کەفافیە ! ..

ئەی شەوقی گەلاوێژ !

ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نووری نیگاهت !
ئەی عەطری صەبا بۆی نەفەسی زولفی سیاهت !

ئەی حوسنی طولووع وێنەیەکی فەیضی حوضوورت ،
ئەی حوزنی غوروووب ڕۆژی ڕەشی دووریی تەباهت !

ئەی کۆشکو سەرای باغی بەهەشت مەیلی ئەوابت !
ئەی ئاگری دۆزەخ شەرەری خەشمی گوناهت !

ئەی عیففەتەکەت داغی حەسەد بۆ دڵی جیبریل ،
هەر بۆ هەوەسو عیشوەیە خۆ لارە کولاهت !

چۆن مەحکەمەیی عەشق نەدا حەق بە جەمالت ؟
خەڵدەی لەبی مەعصوومە ئیفاداتی گەواهت !

وەك بلبلەکەی فەجری ئەزەل وێردمە ئەی یار :
بۆ ئەو گوڵە وا خەڵقی ئەکا حەمدی ئیلاهت !

بێ عەشقی هەوای پایزە بۆ قەلبی فسردەم ،
ئەی ڕۆژی بەهار مەرحەمەتی تینی پەناهت (١)

---

(١) مەرحەمەتی : لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا هەر ئەوەندە نووسرابوو : « مرحمة » . ئێمە وامان بۆ ڕاستکرایەوە . م.م.ك.

بێداریی‌یەکەم ظوڵمەتی شەو بردی قەراری ،
تووزولفی پەشێو دەربخە سا چیهرەیی ماهت !
ئەستێرە هەموو داغی سەمای سینەتە (گۆران) ،
ئەی عەرشی عەظیم نارەحەتی دووکەڵی ئاهت ! .

تـــاوێ نەگەرا ..

ناوێ نەگەرا چەرخی موخالیف بە حیـــابم ،
بێنالە نەربە ئانیەیەك تاری ڕوبابم !
هەر لەحظەیەکی مەهدی هەزار گریە بۆ ئەفـــووس ،
سالانی منالیمو هەموو عومری شەبابم !
گەر ڕاستە مەلەك نامەیی ئەعمالم ئەنووسێ
با سوور بێ وەکوو خوێنی جگەر خەططی کێتابم !
شەمعێکە لەسەر لێوە لەرەی مەینەتی من ڕۆژ ،
ئەستێرەیی شەو شاهیدمن سەختە عەذابم !
ئێستە خەلەلی عافیەتیش باری بەدەلە ،
هەر دەردە ئەدا پاچی لە بونیانی خەرابم !
توخوا دلەکەم کوانێ خوطووراتی جوانیت ؟
بۆ ڕەش بو هەموو ئوفقی خەیالآتو سەرابم ؟
هەیهات ، چ بێمیهرو وەفا دەرچو نیگارم ،
حالی بە گەرم پرسش ئەکەم ، سارده جەوابم !
زیاتر سەبەبی عەقڵو شوعوورە خەفەتی من ،
بۆ غەفلەتو نیسیانە هەموو تۆشی شەرابم !
ساقی بە فیدای دیدەیی مەخمووڕت ئەکەم دین :
لێو ڕێژم ئەوێ پیالەیی مەی ئەجری ئەوابم !

له بەختی تـار ..

له بەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت ،
شەیهە چونکە بەو زولفی سیایەت !

نیربە قابیل بڕینی ڕاهی دووری
وەکوو پرچت کشاوە بێنیایەت !

بە هیچ خاکستەرێ ناگەم نەکا بژم
لە ئەنجامی لەهیبی حوب حیکایەت !

کە تیری نیو نیگات چەرخانە ئینسان ،
تەفەس خالی ئەکا مورغی دیرایەت !

لە چاوی بەد خوا عومری جوانی
قوبوول کا لێم بە پاداشتی وبقایەت !

خەوی منداڵو سەهری عاشقی زار ،
ئەبەخشێ حوزنی نەغمەی لایەلایەت !

هووەیدایە لە ڕەنگی ئاڵی دەستت (١)
کە دائیم پیشەتە قەتڵو جینایەت !

---

(١) دەستت : لە چاپەکەی سـەردەمی مامۆسـتا گۆران خۆیدا نووسراوە « دەشت » . دیارە هەڵەیە . م.م.ك.

هەتا کەی بادەنۆشی عەشقی تۆ بم ،
هەتا کەی ، بێ مەزەی ماچێ کیفایەت ؟

دەخیلت بم هومای زولفەینی دلبەر ،
بەسەر سەرما بکێشە فەیضی سایەت !

بە (گۆران) ئاکرێ قەت تەرکی سەودا ،
کلا نابم لەسەر جادەی هیدایەت ! .

کەنیشکە جوانەکە !

کەنیشکە جوانەکە بۆچی فریبی حوسن‌و جەمال
هەڵتەداتە سەمایی تەکەبیورو عەظەمەت !
(الی الابد) نریە بۆ کەس مەلاحەت‌و شەوکەت
هەموو بەهارێ مرووری سەریە بەرق میثال !

کەنیشکە جوانەکە : گولباغی شۆخ‌و ڕەونەقدار ،
کە ئیستە مەوقیعی بالآیی سەرتە مەستی غروور ،
ئەبینی ئاخری ڕۆژێ سوقووط ئەکا مەقهوور ،
لەژێری پێیی عەجووزا ئەبێتە تۆزو غوبار !

کەنیشکە جوانەکە : ئیستا ئەگەر بە سیحرو فسوون ،
هەزاری وەك من ئەکێشیتە داوی شۆرو جنوون ،
بە ئیبتیسامی نەوازش لەبت بکەی تەعزیز ،
دڵی هەزاری وەکوو من لە عەشق ئەکەی لەپریز

بەڵام سبەینێ کە پیری وەکوو حوڵوولی خەزان ،
بە ڕەنگی زەردەوە دەستی لە گەردنت ئاڵان ؛
ئەکێشی ئاهی تەحەسسور لەبەر خەساری دڵان :
دڵانی پڕ لە شەباب‌و غەرامی جانبازان ! ..

مەدەنییــەت

مەدەنییەت : گوڵی بەهاری حەیات ،
مەدەنییەت : هەوایی نەشئو نوما ،
مەدەنییەت : وەسیلەیی ئیحیا ،
بۆ هەموو میللەتو عوموومی ولأت !

مەدەنییەت ، ئەلکتریك ، قەمەر
ئەی ضیابەخشی حالی نەوعی بەشەر !

قەومی کوردی هەژاری بێچارە
وێڵی تەیهی جەهالەتە ، هاوار !
ماندوو ، مردوو غەرقی تۆزو غوبار
طەی ئەکا ئەم موحیطی ئەسرارە !

سەرسەری ، بێنەصیبی ڕوئیەتو گوێ ،
زێڕی پێی دوومەڵو بەدەن توێ توێ !

مەوقیعیپڕ درندەیە ، خەطەرە ،
ناوپەڵی فیلە ، کۆشی عیفرێتە ،
چاوی مەرگی هەمیشە لێ زێتە ..
ئاخ کە ئەم قەومە چەندە قوڕبەسەرە !

مەدەنیەت : ئەلکتریك ، قەمەر ،
ئەی ضیابەخشی حالی نەوعی بەشەر !

ئەی شوعاعی هەتاوی حەقق‌و نەجات ،
مەدەنیەت ! دەخیلە سا پەلەپەل ؛
پر ضیا کە سەماعی تاری ئەمەل ؛
با ببینن بەهەشتی ڕاستی حەیات ! ..

سێبەری هیوا

تەسادوفەن کە جوانیت ، جەمالی بێوێنەت
بەرامبەری نەظەرم ناگەهان تەجەسسومی کرد ،
لەبەرئەوەی بەشەرێکم زەبوونی دل ، هەلبەت ،
حەقم بو پەردەیی شەرم‌و حەیام دڕی ، لامبرد !

بڕیمە لەخشی جەمالت ، بە بێ حەذەر لە قسەت ،
لە هەردو چاوەوە نووکی بلێسەیی سەودا ؛
لە وردترینی دەمارم وەکوو پزیسك پژا
تەحەسوساتی دلێکی پەرۆش بۆ ئافرەت !

بەجۆش‌و کوڵ هەیەجان وا موازەنەی تێکدام ،
هەموو مەراکیزی حیسسم مەظەنە کەوتە غەلەت :
کە دیم لە چاوی بەڵەکتا تەلەمسوعاتی غەرام
وەکوو بریسکە بریسکی نجوومی شەو دەرکەوت ؛

کە نیوە زەردە خەنەی نازو عیشوەیی گەرمت
بە درزی لەعلەوە گرتی خەطێکی مرواری ،
کە هاتە گوێمەوە دەنگت بە نەغمەیی نەرمت ،
وتت : چ مفتە تەماشا بە نرخی بێعاری !

ژن

ژنه که جیلوەیی حوسنی به عیشق ئەکا پەرواز ،
ژنه که قووەت ئەخاته خەیالی ڕەقص ئەنگیز ،
ژنه موو‌ەللیدی عیشق‌و ژنیشه عیشق نەواز ،
ژنه که تاری ڕوبابی حەیات ئەکا تەهزیز !

سەمایی واسیعی دڵ گەر له ژن بکەی خالی
تەجەللیاتی بەدایع غرووب ئەکا ، دەیجوور
بەسەر سەمایی تەهی‌دا گوشاد ئەکا بالی ،
له کەوکەبی ئەمەلت ژن ئەبێ تەبەسسومی نوور !

ژنه که گەوهەری سەر تاجی ئیختیرامه ، ژنه :
به نووکی نەشتەری ئەلماسی تیژی عیشق‌و غەرام ،
خوطووطی قودسیەتی حەکەکراوی قەلبی منه !
به سیحری خاریقی ژن پڕ قەریحەمه ئیلهام :

له کونجی خاطیرەما تا ژیتکی شۆخ نەکا
پەری صیفەت به پەڵوپۆی جەمالەوه جیلوه ،
لەکوێ له سەطحی زەمینا ، له سینەیی فەلەکا ،
ئەبێته مەنبەعی شیعرم بەدایعی ئەشیا ؟ ..

کۆمەڵەی دووهــەم

فرمێسک و هونەر

لەگەڵ دوو هاوینە گەشت

پێشکەشە بۆ

ئەو گیانە پیرۆزانەی لەپێناوی هونەری جوان فرمێسکو ئارەقم
ژۆرباران پشتووە !

گۆران

سەرنجێک

لەبارەی خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرەوە هەرچی پێویست بێ پێشەکیەکی بۆترێ هەر ئەوانەن کە لە سەرەتای بەرگی (بەهەشتنو یادگار)دا نووسراون . لەبەرئەوە لەم بەرگەدا چاومان پۆشی لە پێشکەشکردنی سەرەتا .

شیوەن و فرمێسک

هـاوڕێم بێ‌کەس !

ئەی فریشتەی شیعری جوان !
کۆستی کەوتووی هەردووکمان ،

بۆ ئەم‌جارە بێ‌کەسە ؛
کە وتمان بێ‌کەس ، بەسە !

شاعیرێك بوو فەنانن بوو ،
ئەدای خوڕ ، خرۆشان بوو ،

بۆ باغچەی کزی کوردی
بلبل بوو نەغمەی وردی :

سەرەڕای بەهرەی فەننی
دڵسۆز بوو بۆ وەتەنی ،

نرکەی شیعری ڕزگاری
بێ‌کەس ، شتێکە دیاری :

لە هەموو کوردستانا ،
لەناو یەر ئازادانا ! ..

* * *

پەڕی شیعری شۆخ‌و شەنگ !
تۆ دڵتەنگ‌و من دڵتەنگ .

با سکالاً بـۆ یەکتر
لەگەڵ ئاخی ساردو سڕ ،

دوورو درێژ هەڵپێژین :
مەیتی بێکەس ئەتێژین !

ئاشنای تۆ بوو ، هاوڕێی من ،
لێی داگیر کردین (مردن !)

ئەی پەری نارەوایە
فرمێسك لە چاومان نایە :

چونکە بێکەس بچووك بوو ،
پایەی کۆمەڵێی سووك بوو !

کام پیاوماقوول ، کام گەورە
کە بەرزیی جێی ژوور هەورە ،

وێنەی ئەو جوامێر بوو !
بەرامبەر دوژمن شێر بوو ؟

لەکاتێکا ئەوانـە
تۆکەر بوون بۆ بێگانە ،

دەست لەسەر سنگ ئەوەستان ،
یان بۆ پایە ، یان بۆ نان ..

بێکەس بوو وەك پاڵەوان
پەنجەی لە چاوی چەقان ،

پەنجەی تیژی سەرزەنشت ،
داخی دڵی خۆی پێ ڕشت ! ..

بەڵێ بێکەس نابووت بوو ،
جار جار برسی بوو ، ڕووت بوو ،

بەڵام کام تێر ، کام پۆشتە
وێنەی ئەو ، ئەی فریشتە ،

بێباك وەستا بەرامبەر
نووکی سونگیی ستەمگەر ؟

کێ وا : لەژێر زنجیرا
ئازادیی هـات بە بیرا ؟

بە شیعری جوان ئەڕانی :
بە یادی کوردستانی ! ...

ئەی شۆخ و شەنگ ، ئەی پەری ،
زۆرتر بۆ ئەوەی بگڕی :

کە بێبەرگی و بێنانیی
خۆی لە ڕووی تۆ ئەزانی ،

لەگەڵ ئەومش تـا مردن
نەکەوت لە تۆ پەرستن !

ملکەچی قیبلەی ڕووت بوو ،
دێوانەی عیشوەو خووت بوو ..

وەك هەندێ شاعیری‌تر
ــ تا ڕادەیەك گورچك‌بڕ ــ

تەمــاع هەڵی‌نەفڕیوان
شـیعر بفرۆشێ بۆ نــان ؛

ئابڕووت بەرێ وەك بردیــان ،
بەو کردەوانەی کردیــان ! ..

* * *

لەپاشانــا ئەی پــەری !
نابێ لە بێکەس بگری ،

کە گیرۆدەی مەستی بوو ،
مەستیی ئەو مەبەستی بوو !

ناوچەو سەردەمی ژینی
پڕ بوو لە ناشیرینی ،

وڵاتی پەرێشــان بوو ،
بو هاووڵات زیندان بوو ؛

تەتەوەی هەمور هەژار ،
مایەی ڕەنجیان بۆ زۆردار ،

هەمور برسی ، دەغەزار ،
نەزانو نەخوێندەوار ...

دیل بوون : هەم بۆ بێگانە ،
هەم بۆ ئەو زۆردارانە ،

که خۆیشیان ئەیانەوێن ،
بۆ خەڵکیشیان سەرئەبڕین !

ئەمجا کە ئەیدی ئا وا :
کەشتی بۆ گەرداو ئەڕوا ،

هەزاران هاوار بکرێ
کەس نەیە ڕێی ڕاست بکرێ ،

ناچار خۆی سەرخۆش ئەکرد ،
هەستیی فەرامۆش ئەکرد !

جار جار ، کە زۆر پەست ئەبوو ،
کەمێکیش بەدەست ئەبوو :

داخی دڵی خۆی ئەڕشت ،
بە جوێن ، توانج ، سەرزەنشت !

* * *

ئەی فریشتەی چاو خومار !
بەڵام بێگەسی هوشیار ،

بێگەسی دنیای نووسین ،
دانەری بەستەی شیرین ،

مەبەستی من و تۆیە ،
بۆ ئەوە ئەم (ڕۆ — ڕۆ)یە !

تۆ : پەریی شیعرو جوانی ،
من : هاوڕێی گیانی گیانی ،

دانیشین به جووت ، دڵتەنگ ،
بڕێزبن فرمێسکی مەڵگ ،

بۆ شاعیرێك بێکەس بوو ،
بەڵام (کەس) ئێمەی بەس بوو !

سا باڵای بۆ ڕەشپۆش کە ،
گڕی شیوەڵی خۆش کە ،

بە پەردەی نزمی ماتـەم ،
بەستەی کوردیی پڕ لە خەم

لەسەر مەیتی بخوێنـە ،
وەفای جوانی بنوێنە ،

بۆ شاعیرێك کە گیانی ،
لێی هەڵنەقوڵا جوانی ،

ئەگەرچی هۆی بەختی خۆی
جوانیی نەسـاڵ نەبوو بۆی !

ناقۆڵاو تێکـسڕاو بوو ،
ڕووەمەت کونج ، کزی چاو بوو

هونەر بۆ (ڕووخۆشی)ی بوو
کە خەوشی داپۆشیبوو ! (1)

بەڵام پەری ! تۆ ژیری ،
خاوەندی هۆش‌و بیری ؛

---

(1) خەوش : مەیب ، ناتەواوی .

جوانیی بالاو دەمو چـاو ،
بەهرەی تا سـەر نین بۆ پیاو ؛

هەزار چاو جوان ، قەدباریك
کەوتوونە چـالی تـاریك ،

چی بەجێما لەدوایان
بۆ دۆستو ئاشنایان ؟

یا جوانێك تـا (پیری) ما
کام گیرۆدەی پیری ما :

خوێنی کوڵمی چەن گەش بوو ؟
چاوو برۆی چەن ڕەش بوو ؟

یەك جوانیی‌یە : بای پـایز
گەڵای زەرد ئاکا هەرگیز ،

کە ، لە گیان ، سـەرچاوەی دڵ
سـەر هەڵئەدا قوڵەقوڵ :

وەك ڕۆح‌سـووکی ، ڕووخۆشی ،
خوێن‌گەرمی ، خزمەت‌کۆشی ، (۲)

دڵی باش ، دەروونی پـاك ،
پیری ڕوون ، کردەوەی چاك ،

---

(۲) ڕووخۆشی ؛ خزمەت‌کۆشی : لە چاپەکەی سـەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسـراوە « ڕووخۆش ؛ خزمەت‌کۆش » . ئێمە وامـان ڕاسـت کردەوە . م.م.ك.

پێشتری گشت ئەمانە :
بەهرەی هونەری جوانە !

بەڕاستی ئەو فەنان بوو ،
سەلیقەی شیعری جوان بوو !

* * *

ئەی شێوە شۆخ ، ئەی پەری !
دانیشــە لای ژوور سەری ،

وەك یاری وەفادار بە ،
بەڕاستی خەفەتبار بە !

قژی زەرد با پەشێو بێ ،
بەستەی خەم لەسەر لێو بێ :

تۆ بڵێو منی هــاوڕێ ،
تا دەستم قەڵەم بگرێ

ئەنووسم : دێڕ دێڕ ، بەن بەن ،
بۆ بێکەس شیعری شیوەن !

لاوانەوەی سەرەڕێ

لە بەغدا دەرچوە ، سەیوانە ئامانجی ،
ڕێ چۆڵ کەن ئەی برای زازایی‌و کرمانجی ،

ڕێ چۆڵ کەن بۆ مەبتی ڕێبواری ماتو زیز ،
توخوا ! با ، کەم تەڕ بێ بە فرمێسکی پایز !

با کەم با ، ڕەشەبا لە لەشی ساردو سڕ ،
نەك بەردی سەرەڕێ بێتە گۆ ، بێ بە گڕ !

ئەی برای کرمانجی ! ئەی برای زازایی !
مەبەنە سەر مەبتی لێشاوی خۆڕایی !

ئەو مەحمود جەودەتەی کە قیبلەی هیوا بوو ،
ئەو مەحمود جەودەتەی قەڵا بوو ، پەنا بوو ،

ئەو مەحمود جەودەتەی کە ڕۆژی تەنگانە
تۆڵەی بۆ ئەسەندین لە ئۆردووی بێگانە ،

ئەو مەحمود جەودەتەی سروشتی خاکی بوو
سەرتاپای کردەوەی پاکی بوو ، چاکی بوو ،

ئەو کوردە ، ئەو مەردە ، ئەو ڕۆڵەی هەڵکەوتە ،
ئەو زاناو ئەدیبە ، ئەو مەحمود جەودەتە !

وەك تاجی سولطانی ، دەك لال بم ، لەكیس‌چوو ،
ئەی برا بۆچ ئەدەن پەلاماری بێ‌سوو ؟

ڕێ بەردەن ، با بڕوا بۆ سەیوان تابووتی ،
چاو شۆڕ كەن لەعاستی توانجو تانووتی !

لە سەرەمەرگی هیوادا

ڕۆژەی تاقانەم ، هیوای ژیانم ،
ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم ،

ڕۆژی نەورۆزی پرشنگ زێڕینم ،
تریفەی سپیی مانگی هاوینم ،

شنەی شەمالی کەلی بەهارم ،
لەرەی ئاونگی میرگی ئاودارم ،

جریوەو جووکەی شادیی هێلانەم ،
شەوبۆی پەخشانی ئەم گشت هەردانەم ،

خونچەی پشکووتووی باغی جوانیم ،
ڕۆژەی شیرینم ، ئەی گیانی گیانیم !

توخوا بەو جووتە چاوە شینانە ،
ئاخر نیگاتە تیر بۆم بڕوانە !

با بـە کڵۆڵی ، بە ڕۆژەڕۆیی ،
کە دانیشتم کز ، ومختی بن‌تۆیی :

بە یادی دوو گۆم ، دوو گۆمی بن بن ،
کە هۆگریان بوو ماسیی ڕۆحی من ،

هۆن هۆن فرمێسکم بڕژێته داوێن
فرمێسکی تا سەر جەرگ‌و دڵ تاوێن ..

* * *

هیوا ! ئەو لێوەی بە زەردەخەنە ،
گزنگی ڕۆژی گوڵانی منە ،

بۆ زەردەخەنەی ئێستا تێنازێ ؟
بۆ لەژێر هەوری مەرگا ئەلەرزێ ؟

هەی هاوار ، هەی داد هیوای شیرینم
گیان ئەدەی ، ئەمری ، ئێستر ناتبینم !

ئێستر .. ئاخ ئێستر .. ناتبینم هەرگیز ،
لە خەوا نەبێ ، شەو شەوی پایز

جار جار وەك بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو
دێتەو ناشکێنی تاسەو ئارەزوو ! ..

* * *

سا بۆم بڕوانە تیر بەو چاوانە !
ڕۆڵە مردەو فرمێسك بارانە !

هیوا ڕۆڵە ڕۆ ، کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ !
ئەو کوڵمە ئاڵە ئەرم‌و نۆڵە ڕۆ !

ئەو قژە زەردە ، ئەو چاوانە ڕۆ !
ئەو نەغمەی « دایە »و « بابە » جوانە ڕۆ !

تا دەمان لە گۆ ئەکەوێ وەك تۆ :
هیوای دایە ڕۆ ! هیوای بابە ڕۆ !.

گولی کەم‌خایەن [1]

ـ بۆ جوانێکی سیل گوشتوو ـ

لە بەربەیانی شەباب‌و جوانی‌یا ئەی گول ،
گولی گەشی پەمەیی وەك ستارە پرشنگدار !
لە خەندەتا ئەگەرا جیلوەیی طولووعی بەهار ،
لە نەغمەتا مەلی خویندن ئەهاتە سۆزش‌و کول !

لە چاوتا دو گەلاوێژی ڕۆشنی پڕ تاو ،
لەناو شەپۆلی فسوونا نیگای ئەخستە مەلە ،
لە پێشی پێیی حوستا سەرانی دانووشتاو ،
سەری سجوودی عیشق بوون بەرامبەری قیبلە !

وەهام‌ئەزانی کە ئەی گول ، نیگاهی شەوقی زەمان
لە سەیری شێوەیی شۆخت هەمیشە تێر نابێ ،
وەهام‌ئەزانی کە هەرگیز کزەی گەلاڕێزان ،
بە ناسکیی پەل‌وپۆی تۆ ـ مەحالە ـ نێر نابێ !

کەچی چ زوو ، چ کتووپڕ لە پەنجەیی ڕەڕەما
لەشی شل‌و پەمەیت ، ئەی گولی جوان ، ژاکا !

---

(1) خایەندن : خایاندن ، دەوام‌کردن .

چ زوو توایەوە حوسنت لە قرچە قرچی غەما ،
دو پێشە ما .. ئەویش ئەڕزێ لە سینەیی خاکا ! ...

لە لالەزاری جوانیت نیشانەیەك مابێ :
هەر ئەو فوغانەیە ئەڕۆێ لە ماتەمی یاران ،
هەر ئەو دڵۆپەیە ئەتکێ لە دیدەیی گریان !..
بەڵام ئەمن بە شەوو ڕۆژ هەتا بەرو دوا بێ ،

فوغانو گریە بەشوێنتا بڕانەوەی نایە ،
فوغانو گریەیی پاش تۆ هەتیوی سەودایە !..

شیوەنی گولالــە

کچم ، مایەی ژیانم ، یادگاری
شەبابم ، تۆبەرەی شیرینی داری

غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم ،
دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم ؟

جگەر گۆشەی عەزیزم ، نووری چاوم ،
سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم ؟

چ زوو مردی ؟ کچم هەیهات کچی خۆم ،
چ زوو مردی ؟ چ زوو کەوتیتە بن گڵم ؟

چ زوو کەوتیتە بن گڵمی عەدەم ؟ خۆ
بە (ئۆخەی) تەرِ نەبوو لێوم وتم (ڕۆ) !...

دەمێ پشکووتی تیر بۆنم نەکردی ،
گوڵاڵەی خۆشەویست دەر لەحظە مردی !

ئەجەل داد ! ئاسمان داد ، عەرشی خوا داد !
حەکیم ، عیلمی بەشەر ، دەرمان ، دەوا داد !

کچێکم بوو ، کچێ .. تەیا کچێ .. بەس !
ئەوبشت ئاخری کوشت چەرخی ناکەس ! ...

قەبر ! ئەی خاکی ڕەش ، ئەی چاڵی تاریك ،
درندەی لاشەخۆری باوكو دایك ،

لە دەورت هەڵچنیم خوشكو برا پاك ،
كچێكم بوو ئەویشت كردە خۆراك ؟

چ داوێكە ؟ چ ئینسافێكە ، زاڵم ؟
جەهەننەم تاوانەدەی ئەیكەی بە حاڵم ؟

لەبەر یەك لوقمە ، یەك پل گۆشتی مەعسووم ،
منت بۆچ كرد لە نووری دیدە مەحرووم ؟

ئەگەر ، ئەی خاکی زاڵم ، ئیختیارت
نیە ، ناچاریە تۆزێش كاروبارت ،

لە كردارت ئەگەر مەسئوول سەمایە ،
تەبیعەت ، هەرچی .. حەتتا ذاتی خوایە ...

بەڵێ : هەرچیو هەچ كەس بێ سەبەبكار ،
پرۆتستۆی ئەوم مەطلوبە ئیجگار : (١)

ئەڕێزم ئەشك ، ئەكێشم ئاهی بێ بن ،
سیلاحی عاجزی زنجیر لە گەردن ! ...

. . . . . .

كچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی ،
كە باوكت چەن بە ناسۆرە بڕینی !

---

(١) پرۆتستۆ : ئیحتیجاج .

له کۆی پێ دێتەوە ، له عەقڵی ئەبڕێ ،
لەسەر تۆ کام یەخە ، کام ئەستۆ بگرێ ؟

کچم تەنیا گوڵم ، نەشئەی ژیانم ،
دڵی شادم ، تروسکەی چاوەکانم ،

کچم ، ڕۆحم ، کچم .. هەیهات ! هەیهات !
چ کۆچێ بوو ! چ کۆچێ ؟ وا کشو مات !!..

هونەرە جوانەکان

بـۆ بلبـل [1]

ئەی بالداری ئینـك سووك ،
بلبلی دەنووك بچووك ،

باغچە بە باغچە ئەفری ؛
وچانێکی لێ ئەگری :

کام سەرچڵ دڵت گرتی ..
دەنگی لێ هەڵئەبڕی :

کام ئاوازە شیرینە ،
ڕووناکی‌و نەشتەی ژینە ،

بە چوار دەوریا ئەڕژێنی ،
دنیا پڕئەکەیتنی ...

لەو گەروە پچکۆلانە
ئەم نەغمە بەرزو جوانە ،

چۆن دێتەدەر ؟ چۆن ئەڕژێ ؟
وا گیان ئەسێ ، هۆش ئەمژێ ؟

---

(۱) هەڵبەستی To A Skylark ، هیی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز پرسی بیش شیللی ، سەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرانەیە .

یا ئەو تۆزقالە دلە
چۆن ئەوەندە بەکولە ؟

یا چۆن ئەو نەختە میشکە
بۆ فەن بوە بە پیشکە ؟

چۆن ؟ توخوا چۆن ؟ ئەی بلبل ،
ئەی بالداری بەهرە زل ،

نە پەرت ، نە ئینسانی ،
نە قوتابیی فەلسانی ،

کام بەستە ، کام گۆرانی
سیحری ڕووتە ئەیزانی ؟ ...

* * *

منیش لای خۆم هەمیشە
شیعرم کردوە بە پیشە ،

وەك تۆ ، بەڵام ئەمو ئەو :
یەکەم ڕۆژە ، دوەم شەو !

شیعری من کامیان چا بێ
ئەمجا بێفرمێسك نابێ ؛

هەر خەمەو ، هەر هەناسە ،
یادەو ، ئەندێشەو ، تاسە ...

شیعری تۆ ، گشت نموونە ،
ئاوی سەرچاوەی ڕوونە ،

سەربەست ئەڕواو خوڕەی دێ ؛
ئەمیان لەکوێ ، ئەو لەکوێ ؟

ئەم شیرینی ئەو تالی ،
ئەم فەصاحەت ئەو لالی ،

ئەمیان ئاوازەی شادی ٠
ئەویان نووزەی بەربادی ٠٠٠

بەڵام بلبل ، ئازایی
ئەوەیە نەبی بایی ،

بەم بەهرەو ، بەم هونەرە !
ئەگەر یەزدانی گەورە

لەو نیعمەتەی پێی داوی ،
تۆزێکی نەك تەواوی

بەم شاعیرە هەواڕە
ڕەوا بدیایە ، دیارە ،

منیش لە تۆ زیاتر ،
پەسەندکەرو گوێ لێ گر ،

سەری بۆ کەچ ئەکردم ،
سوجدەی ئەبرد ، وەك بردم !

* * *

منیش دەروونم شاد بێ ،
علم لە بەند ئازاد بێ ،

دەوروپشتم گولزار بێ ،
عومرم یەکسەر بەهار بێ ،

بەرەڵاّ بم ، باڵدار بم ،
دوور لە مەینەتی شار بم ،

پەرداغی ئاوم گوڵ بێ ،
جێی حەسانەوەم چڵ بێ ،

خواردنم ، جلو بەرگم
بە ئاپرووم ، خوێنی جەرگم

نەبێتە مات لەسەرم ،
بێمنەت بێو بێشەرم ،

دڵم ئەوەندە مەست بێ ،
کونجێ نەبێ کە پەست بێ ،

عەشقم وەك عەشقت پاك بێ ،
پڕ لە هیواو ڕووناك بێ ،

ئەبەدی بێو پڕ جۆش بێ ،
ئەوەندەی هیچ تۆ خۆش بێ ...

منیش ئەی مەلی پیرۆز ،
بە یەك چرپەی پڕ سۆز ،

بەستەی‌وات بۆ ئەخوێنم ،
کە جوان جوان بلەرزێنم ،

ڕووی کام گۆم شێو مەنگە ،
کام درەخت شۆخو شەنگە !

کام شاخ کە سەختو بەرزە ،
بێخەمـە بوومەلـەرزە !

کام ئاسمان بێبنە ،
ناخی پڕ کەم لە شنە !

یا کام دەریا زۆر قوولە ،
بنی ، بێخەمە جوولە ! ..

بەڵام ، داخی داخانم ،
من مەل نیم و ئینسانم !

لە دل ، لە میشك بەزدان
بەخشیویە بە ئینسان

چەشنێکی زۆر لای ڕەش بین :
بۆ دنیای گیان ، دنیای ژین !

ئێمە عومرمان تا سەر
ئەندێشەیەو دەردی سەر ؛

ترسەو تاسەیەو پرسیار
یەك لە شوێن یەك : سەد ، هەزار :

بۆچی زاین ؟ کەی ، چۆن ئەمرین ؟
چیسان لێ دێ کە مردین ؟

چی ڕاسته ؟ چی درۆیه ؟
کام شت ئەنجام ؟ کام هۆیه ؟

یان تەنانەت بۆچ ئەگرین ؟
فرمێسک له چاوەکانم ئەسرین ؟

ئیتر لەم چەشنه پرسیار ،
یەك له شوێن یەك به قەتار :

ئەمیان یەخەمان ئەگرێ ،
جوابی ئەمان پێ نادرێ ،

ئەوی‌تر دێتـه پێشێ
ورد ورد گیانمان ئەکێشێ ...

* * *

ئەی بلبل ! هەزار خۆمان ،
بێدەستەڵات ، پڕ گومان ،

به دەشتی ژینا وێڵین ،
لەو جێگایەی جێی دێڵین ،

هەڕ کوێ ئەچین بیابانتر ،
جێگای ترس‌و گومانتر ...

ئەی وەستای بەستەی شیرین !
ئێمه هەتاکو ئەمرین ،

یا ئەپرسین ، یا ئەگرین ،
ئیتر چۆن بخوێنین ،

وەك تۆ ، وەك گشت سەرخۆشێ
پیالەی دڵخۆشی نۆشێ !! ... (٢)

(٢) لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا لەجیاتیی « سەرخۆشی »و « نۆشی » نووسراوە « سەرخۆش »و « نۆش » . ئێمە ئەوەمان بەلاوە هەڵەی چاپ بوو . م.م.ك.

جیلوەی شـــانۆ

ـ بۆ پەریی سەما ـ

لە جەرگی پەردەوە تك ، تك دڵۆپی عوود ئەڕژا ،(١)
بە نووکی تەئیری
تەرمب ئەهاتە خوڕۆش ، تالعی سروور ئەپژا !
بە ئاهی دڵگیری :

کەمان ـ شەهیق‌و زەفیری فریشتەیی ئەلحان ـ
ئەکەوتە ناو دڵی مردوویش هەناسەیی هەیەجان ! (٢)

نەوایی مۆسیقی ،
کە مەخرەجی سیحری
تەلیکە پێئەکەنێ ، یا کوتیکە حوزن ئەگری ، (٣)
بە سۆزی تەشویقی ،

مەتاعیی گوزەران ،
هێواش ، هێواش ئەتکیتە دەروونی نیسیانێك

---

(١) جەرگ : دیوی ناوەوە (بە مەجاز) .
(٢) هەناسە : تەنەفوس ، نەك ئاخ .
(٣) وەك تەلی (تاری) کەمانو کونی شمشال .

که ڕەمزی لەززەتە ، مفتاحە بۆ تەلیسمی ژیان ،
ژیانی ئینسانێك ! ...

* * *

لەپڕ کە بالی ڕەشی هەڵبڕی قەڵەی پەردە :
پەریی جوانی ، فریشتەی سەمایی نادیدە [٤] ،
لە هەرشی شانۆدا
بە عیشوە پەیدا بوو :

نیگاهی مەست وەکو شوعلەیی هیدایەتی سەودا ..
تەبەسومی موتەوالی شیفای هیوای مردوو ..
ئیشارەتی هەمو نوتقی فەسیحو ، ئەلحانی
وەکوو کیتابی موقەددەس بڵندو ڕۆحانی ! ...

بە سنعەتێك ئەلەقێ پووزی وەك ستوونی سپی ،
وە پێی بچووکی مەهارەت لە ئەردی زەربە ئەدا ،
بە دڵ بوایە زەعیف بوو مەتانەتی دنیا
لە ژێریا ئەتەپی !

ج جوان دو بالی بلوورین وەکوو لقی مەڕمەڕ
نەرم ، نەرم ئەلەڕی ،
شەپۆلی لێ ئەوەڕی ،
شەپۆلی سنعەتو ئیلهام ، شەپۆلی جیلوەوو فەڕ !
کە چاوی ئاسمانی

---

(٤) فریشتەی : لەچاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە « فریشتە » ، بەڵام دیارە هەڵەی چاپە . م.م.ك.

له بەحری بێبڕو دووری خەیاڵی بەرز ئەبڕی ، [٥]
ئەکەوتە لەرزی لەتافەت ، لەرانەوەی جوانی
لەشی لە کوڵمەوە تا سنگی نەرم‌و مەمکی خڕی :

کوڵم کە میوەیەکە ئاڵو مزری سەرلقی لەش :
وە نەرمی سپی[illegible] لانەی خەوێکە یەزدانی ،
خەوی عیشق .. گڕی عیشقی هەمیشە گڕبەوو گەش !
وە گۆی مەمك کە تەماس‌و گوشینی وەك دوگمەی
ئەلەکتریك ، ئـانی
ئەخاتە سەر ڕەگی لەش کارەبایەکی ئۆخەی ! ...

دەمێك ئەبوو بە شنەی با بە ڕەوتی نەرم‌و نیان ،
دەمێك ئەبوو بە پەڕێکی خەفیفی ئاوریشمین :
بە گەردەلوولی حەزین [٦]
ئەکەوتە بەر جەرەیان بێقەرارو سەرگەردان !

سەما ، سەمای سنعەت :
حەیاتی جوانی ، جەمالی بزووتن‌و ، گیانی
وجودی عیشوەوو ناز ،
لە خواوە بەهرەیەکە پڕ بە پێستە بۆ ئافرەت ؛

---

(٥) دووری : لە چاپەکەی سـەردەمی مامۆستـا گۆران خۆیـدا نووسراوە « دوورری » بەڵام دیارە هەڵەی چاپە . م.م.ك.

(٦) گەردەلوولی : لەچاپەکەی سـەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا نووسراوە « گەردولوولی » ، بەڵام دیارە هەڵەی چـاپە . م.م.ك.

ئەویش بە سەد ئیجاز
ضیای سروور ئەڕژێتە ژینی ئینسانی ! ..

* * *

فیدات ئەبم ژنی جوان ، ئەی جەمالی سنعەتکار ،
بەڵێ ! دەلیلی سەعادەت ئەخەیتە پێش ئەظار ،
بەڵام هەموو تاوێ
دەوام ئەکا .. لەپڕێکا وەکوو مەلی ئاوات ،
کە تۆ فڕیت هەبهات !
ئەویش لە پەردە ئەپێچڕێ ، نیشانەیەك ، ناوێ

لە تۆ بمێنێ : پەنایە بە خاترەی مەئیووس ،
وەڵێ لە ئەو ، لە سەعادەت : صفر .. صفر .. ئەفسووس

بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست

شیعری جوانت ئەوێ ، قوربان ، شیعری جوان ،
شیعرێك گەشەو زەردەخەنە با بە ڕوان !

شیعرێ چەشنی ئەستێرە بجریوێنێ ،
ڕووبن ، ناخی دەریای دەروون بنوێنێ ،

وەك بلبلی ناو هێلانەی گەرمۆگوڕ ،
ئاسوودە بێو بەستە بڵێ سەرومڕ !

شیعرێ کە وەك ساوا نازدارو جوان بێ ،
خۆراکی گۆشتی دڵ ، شیلەی ژیان بێ !

شیعرێ کە هەر دەنگێکی زرنگەی زەنگ بێ
هەر کەرێکی نەخشێکی ڕەنگاوڕەنگ بێ !

شیعرێ گیانی تیا بێو بژیو بیژوێ ،
زوبانی دڵ بزانێو باش پێی بدوێ ...

قوربان ، ڕاستت ئەوێ منو شیعریوا
چەشنی عەجەم ئەڵێ ، کوجا مەرحەبا !

لەپێش هەموو شتێکا چونکی کوردم ،
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم ،

بالّی فڕین ، دەنووکی هاوار کردن ،
زیاتر چەقۆم نزیك ئەخا لە گەردن !

بلبلیش بم مادام قەفەسم تەنگە ،
زمانم لاڵ ، نەغمەی شیرم بێدەنگە !

جگە لەوەش لە هەموو شت خراپتر :
دڵ خاڵیە ، کوورەم تیا نیە ئاگر ،

پەڕەی دڵێ زامدار نەبێ بە تیری
خوای دڵداری ، زوهرەی جوانی زنجیری

لەگەڵ ڕیشەو ڕەگی نەئاڵوزابێ ،
دڵێ پیری خۆی لێ دابڕو ڕزابێ ..

ئەو دڵە ، کەی جێگای پەریی ئیلهامە ؟
گۆشتی بێگیان خۆی کامە ، شیعری کامە ؟

لەپاشانا ، قوربان ڕەنگە بزانی ،
مەئموورێکی بچووك ، وەك من ، ژیانی

گەردنکەچی نانە ، حوکوومەت ، نانیش
بۆی ژەم بە ژەم حیساب ئەکا بەپێی ئیش !

تا شانو مل وەك قەیدی کۆن تۆز نەگرێ
ئیش بۆ میری ، سەما بۆ ژوور دەست نەکرێ

تا ماندووبوون ــ نا کترم کرد ــ تا مردن ،
کەی بۆ مەئموور ئەلوێ ، قوربان ، نان خواردن ؟!

مێشکێ ئاوا دەردی سك ئەندیشەی بێ ،
لەناو دەریای ئیشا گیرەو کێشەی بێ ،

کەی چاو بە دنیای جوانیا بگێڕێ ، (1)
هەرچیی بینی بیخاتە پێنج شەش دڕێ ؟!

ئەمجا ، قوربان ، هیوام هەیە لە (گۆران)
ئیتر داوا نەکەن هەڵبەستی جوان جوان !

بەسەر نیمرا کەسێ زاڵە سەربەست بێ ،
بەرەڵاێ بێ ، بە عارەقی عەشق مەست بێ ،

بۆ من وەها ئەلوێ ئیتر خامۆش بم ،
یا لە مەیدان ون بم و فەرامۆش بم ! ..

(1) لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا لەجیاتیی «کەی» نووسراوە «کێی» . ئێمە ئەومان بەلاوە هەڵەی چاپ بوو . م.م.ك.

بـۆ ســـالم

به یادی تۆ ئەگریێ دەستی عاجزم خامە ،
دەهایی ڕۆشنو بەرزت ئەگاتە ئیمدادم ،
هونەر نیە کە ئەنالێ ڕوبابی ئینشادم ،
تەذەککورت سەبەبی سانیحاتو ئیلهامە !

لە دائیرەی سەلەفا ئەی قەریحە ڕووزو ڕەوان ،
کەسم نەدی کە وەکوو تۆ خوڕەی بێ ئاهەنگی ،
بە حوزنی پڕ لە بەدیعە وەکوو کەلیم گریان ،
ئەگەرچی وێنەیی حافظ بە غەلمەلەو شەنگی ..

لە ئاسمانی فەخردا شیعر بو باڵێکت ،
ئەوێترت بە تەبیعەت شعووری میللی بوو ،
لە شەوقی حوسنی بتێ بوو ئەگەر خەیاڵێکت ،
ئەوێترت خەمو عەشقی وەتەن مەئالی بوو ..

نەبوو فەڕی لە نیگاهی غەریبتا تاران ،
سەربرو ئەفسەری شاهیت ئەکرد فیدایی وڵات ، (۱)
کە کەوتە پەنجەیی غەدرو جەور زەوبی بابان ،
بەقەد غەدر غەزەلت وت ، بەقەد جەور ئەبیات !

---

(۱) بەم مەعنایە سالم بەیتی زۆری هەیە .

وتت به حەضرەتی نالیی ڕەفیقی دەربەدەرت : [٢]
« خەیالی عەودەتی مولکی ئەسیر نەخەیتە سەرت ،

ذەلیلی نەجمو هیلاله ، شەوە سلێمانی [٣]
غروبی کردوە ڕۆژی شکۆهی بابانی ! ... »

بنوو لە نەبرەکەتا موستەریح بە ئەی سالم ،
لە تۆ کوردترە ئیستا نەزان هەتا عالم ! ..

---

(٢) ئیشارەتە بۆ قەسیدە درێژەکەی کە وەڵامی قەسیدەی نالیی پێ داوەتەوە .

(٣) نەجمو هیلال : نیشانەیە بۆ بەیاخی تورکەکان .

دەرویش عەبدوللا (۱)

ـ بۆ فریشتەی موسیقا ـ

بە ڕەنگی زەردو شێوەی دەستو شمشالی کزا ، دەرویش
حەزم‌کرد بەستەیەك بییەم سەراسەر حوزنو ماتەم بێ ،
لە سیماتا بەدیم‌کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش ،
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بلبلی خەم بێ !..

١ بەڵێ ، دیارە ، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا ،
بەڵام تەختی ڕوفاهو تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەك تۆ لەناو شمشالی کونکوندا

سەحەر بێتێتە گریانو قسە ، سیحری پەریی نەغمە !..
برای دەرویش ! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵو ئاوارەی ،
بە زەهری ناهیلاجیتە لە تاکەس وبستنی لوقمە ،
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی !

بەڵام چیبکەین لەناو چاوی ڕەشی بەعزێ ئەکای گەورە ،
وەکوو تۆوی گوڵی دەم ــ با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن ،

---

(۱) دەرویش عەبدوللا شمشال ژەنێکی بەهرەدار بوو ، چارەکە چەرخێك لەسەوبەر دیومە . زۆرتر لە هەورامان ئەژیا .

ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە
لەکردایە ، خوا عالم ، لە کام عەرشت ئەسوو داوێن ؟!

نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند ، نە ئوستادێ پەلی گرتی ،
صیرف بەرزیی ذەکا ئەم صنعەتەی فێرکرد بە شمشالت ،
هەموو وەزنێکی گۆرانی ، لە تووڵانی هەتا کورتی ،
بە سەربەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زالت !..

* * *

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچوە ، دەروێش عەبدوللا ،
دەخیلت بم دەسا بەو لاوکۆ ئایئایو حەیرانە

شەپۆلی ذەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆڵم کە !
لە بێتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای ، وەللا
دە ، ئەی دەروێش ، سکالایەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە !..

هەڵبەستی دەروون

هەرچەن ئەکەم ، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم ،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم !
لێکدانەوەی دەروون ، قسەی زمانم :
بۆچی وەها دوورن لە یەک ؟ نازانم !
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار ،
دەرکەوتایە : ئاوات ، هیوا ، خەوبینین ..
پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین !
دەرکەوتایە : مانای مەنگی دەریایی ،
کە نەرمە با لە ڕووی ئەدا ئەسپایی
دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شیعری
بێ فرمێسکەو ، زۆرتر لە فرمێسک ئەگری
زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەمو چاو
تێژگێک ئەدا ڕووناکتر لە هەتاو ! ..
بەڵام ئەفسووس ! کە ئەو شیعرە جوانانە
بالدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە ،
لەناوەوە ئەجرپوێنن ، ئەخوێنن
هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن !..

جواب بۆ جەنـاب [1]

ئەی (ژیان) پاش شکایەتی دووری ؛
ماج کە چاوی جەنابی شێخ نووری !

ماج کە چاوی بە تاسەوە ، کە جەناب
دەرسی ئەوەڵ گەیشتە خەتسی کیتاب !..

ڕاستە شیعری ڕەواج‌و قیمەتدار ،
باوکی تۆ بوو بنێری بۆ بازار ،

ڕاستە ئێستەش بە دۆسیەو [2] دەفتەر
داخراوە لە میشکی شەش ــ دەر ..

لاکین ئاخۆ چ شاعیرێکی‌تر ،
شیعرە پیشەی : بە دائیمی ، سەرومڕ ؟

باوکە ، تۆیی ، منم ، ئەمە یا ئەو
هەوڵی نانە بە ڕۆژو ، شیعرە بە شەو

---

(1) وەڵامە بۆ هەڵبەستێك کە م. نووری بە ناوی جەنابی کوڕیەوە لە ڕۆژنامەی ژینا بەرامبەر بە دانەری شیعر بڵاوی‌کردبوەوە .

(2) لە چاپەکەی سەردەمی مامۆستا گۆران خۆیدا لەجیاتیی « دۆسیەو » نووسراوە « دۆسیە » . ئێمە ئەوەمان بەلاوە هەڵەی چاپ بوو.م.ع.

چارەنووسی بەشی ئەزملان ، داد ،
بیشەیەکە شیر وتن : بەرباد !

(مع ما فیه) تەبیعەتی شاعیر ،
نە وەزیفەو زەروورەتی قاهیر ،

نە بڕینی زمانو ، پەل بەستن
بلبلی مەنعئەکا لە مەیلی وتن ! ..

دوو هاوینه گەشت

- ١ -

گەشت لە هەورامان

سەرەتا

ئەم گەشتنامەیە کە سەردەمی هەڵبەستنی ئەگەڕێتەوە بۆ بیست ساڵێك لەمەوپێش ، لە هەڵەبجەوە دەستپێنەکا . مایەی ئینطیباماتی تاقە گەشتێك نیە ، بەڵکو هەستو بینینی چەن گەشتێکی کاتو وەرزی (١) جیاجیای پێشوو لە بیرەوەریما پەنکیان خواردەوە ، هەتا بۆ جاری دوایی لەگەڵ چەن هاوڕێیەکی گیانی ، بۆ چەن ڕۆژێك ، بە پێکەنێنو گۆرانیوتن بە ناو باخە زۆرەکانو یاڵە بەرزەکانی هەورامانا سووڕانەوە . ئیتر ئەم هەڵبەستە لە خۆڵاصەی هەموو ئینطیباماتی گەشتەکانی کۆنو تازەم هاتەدی .

گۆران

دیمەنی ڕێگاو بان (٢)

کۆمەڵە شاخێك سەختو گەردنکەش ،
ئاسمانی شنی گرتۆتە باوەش ؛

سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی ،
بە دارستان ڕەش نـاو دۆڵی کپی ...

جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس مـاو :
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو .

---

(١) وەرز : مەوسیم .
(٢) دیمەن : مەنظەرە .

هاوارو هاوەی کەفچەڕێنی چەم
بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم !

تووڵەڕێی باریك ، تووناوتوون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بن بن ...

ناو ڕێگا تەق تەق ، لاڕێ بەردی زل [٣]
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل !

گا سەرەو ژوورە ، گا سەرەو خوارە [٤]
تاڵیو شیرینیی دنیـای ڕێبوارە ! ...

ڕێگای ناوبـاخ

پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ
ئەکشێتە ناو باخ تووڵەماری ڕێ .

شـەی سێبەری داری گوێزو تـوو
ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری ماندوو .

تەسکینیی ڕێگای باخەوباخی وێڵ
« ماندوو نەبی »یە : لەم کێڵ ، بۆ ئەو کێڵ ! [٥]

سـەلامون عەلەیك ، مامەی بن دار گوێز ،
سـەلامی ماندوو لە پیری بێهێز ! ...

---

(٣) تەقتەق : ڕێگای بەردەڵانی پڵە پڵە .
(٤) سـەرەو ژوورە : هەوراز . سـەرەو خوارە : نشێو .
(٥) کێڵ : خانووی هاوینەی ناو باغ .

ـ مەرحەبا سەر چاو ، بەچکەی کاکۆل قیت [٦]
سۆرەی سەر دار ، پۆڵەی زرنگو زیت ! ...

... ...

ئەڕۆی ، هەر ئەڕۆی ... تەلانو تەلان ، [٧]
ئەمجا ئەگەیتە پێچی بەرمـالان ...

دێ

کام بەر بەڕۆچکەی زۆر باسەفایە
چەشنی دڵی شاد دێیە ، ئاوایە !

خانووی بەگزادە لە سای درەختا
ئارامیی بووکە لە کۆشی بەختـا

خانووی ئەهالیش زۆربان دوو نهۆم :
هەندێ قنجو قیت ، هەندێ لارو کۆم ...

یەك لەسەر یەکتر ، بەرەو لووتکەی کێو
بۆ ئاسمان ئەچن وەك پێپیلکەی دێو ! [٨]

لە دێدا کام جێیت گەورە بەرچاو کەوت :
مالی ئاغایەو خانەقاو مزگەوت ! ...

ژینی دیوەخـان

کە گەیشتیتە بەر دەرگای گەورە
هەر خزمەتکارەو لێت ئەدا دەورە ؛

---

(٦) کاکۆل : جۆرە سەرو گوودلەیەکە لە هەورامان باوە .
(٧) تەلان : لە ناوەندی دوو پیز درەختا کۆلانێکی درێژە .
(٨) پێپیلکە : قالدرمە .

ڕێت پیشانئەدەن تاکو دیوەخان ،
ئیتر دیوانەو مەرحەبای میوان ...

دەستەی خزمەتکار : فیشەکدان لە مل ،
بە چەفتەو مشکی سەرو تەپلە زل (۹)

دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان :
چ بۆ سەر بڕین ، چ بۆ سەر داتان !

هەچ کەسێك تازە بێتە دیوەخان ،
کڕنووشێ ئەکا بە سەر دانەوان ، (۱۰)

گەرمە دیرانی شەوی بەگزادە ،
تێکەڵو پێکەڵ بابەتو مادە ! ...

مەلای دیوەخان

لەوێر مێزەرا مەلای نووشتاوە ،
ڕیشی بۆ سەر سنگ پرشو بلاوە ،

قیافەت پەڕپووت وەك کتێبی کۆن ،
زمانی شیرین ، سیمای نەختێ مۆن ،

بازی ڕۆحی چەش بە شیمرو ئەدەب ،
بەڵام شێوەی زووی عەجەمو عەرەب ..

بۆ میوان بێ مایەی تەسەلا
لە کۆڕی شەوا : مەلایەو مەلا !

---

(۹) تەپلە : کڵاوێکی پەقە لە خوری ، هەورامی لە سەری ئەکا .
(۱۰) کڕنووش : سەلام بە خۆ نووشتاندنەوە بۆ پێشەوە .

تۆو مەلاو شیعرو فەلسەفەی ئیسلام ،
گوێ ڕاگرتنی تاوتاوی عەوام ،

بە بێ زیادو کەم دێنێتە پێش چاو :
سەرنجی کوێران لە نامەی نووسراو ! ..

... ...

کە دیوان چۆڵ بوو ، چوویتە ناو جێگا ،
دەستەکەیتە مل خەوی پاش ڕێگا !

بەیـــان

(اللە اکبر !) مەلا بانگانە ،
تاریکو لێڵی بـــەری بەیانە ..

مانگی بەجێماو لە ســەفەری شــەو
زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو !

ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل
کز کز ئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل !

لە ڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ ،
لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ !

وا بەتەواوی دنیا ڕووناکە ،
هەر سیحری ڕووتـــە سروشت ئیستاکە !

لە درەخت ئەدا شــنەی بای سەحەر :
جمەوجوولێتی چەشنی سەودای سەر !

لەسەر جۆگەی ئاش قازو مراوی
چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی ،
بەڵام تا خولقێ نەکا چێشتەنگاو [11]
نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو ! ..

مزگەوت

بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناو چەم ،
ڕوو بەڕەو قیبلە ، پشت لە جەهەنەم !

مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ :
وەک مردوو کفنی بێدەنگی بە کۆڵ !

سوورە چناری لق و پۆپ درێژ
سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردە نوێژ !

جار جار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز :
سەرسنگ ماچ ئەکا ڕیشی بە وەنەوز !

کەسێک بانگ ئەدا ، ئەشلەقێنێ گۆم ،
ئیمام هەڵدەستێ : دار بە دەست ، پشت کۆم !

تا تەواو ئەبێ (الله اکبر ..)
پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر ...

نوێژ بەتاڵ ئەبێ ، جەماعەت بلاو ،
چەن پیرێک ئەبن بە خلتەی لافاو :

---

(11) مەبەست : لەبەر بەرزیی شاخەکانی ئەتراف تا کاتی چێشتەنگاو تیشکی ڕۆژ لە ناودێ نادا .

سووچێك گەرم ئەكەن بە رازی جوانی ،
ئاخ بە با ئەدەن بۆ دنیای فانی ! ...

گانیی ژنان

سەرچاوەی ئاوێك : كەلەكێك لەسەر : (١٢)
وێنەك تێی‌ئەچن ، وێنەك دێتەدەر ..

ئەمەش لە دێـدا گانیی ژنـانە ،
قیبلەی دڵداریی هەرزەكارانە !

ئێواران پۆل پۆل لاوی كاكۆل لوول ،
سەرمێ ئەگرن ، سەرگەرم‌و عەجوول ،

هەرچەن هارەی دێ هەیاسەی جوانێك ،
لە هێلانەی دەم ئەفرێ : ئاماتێك ! ..

ژن

ژنی هەورامان : سەرتاپای خشڵ ،
سەرچـاوەی بۆنی مێخەكۆ سمڵ ،

تا بڵێی تەرپۆش ، ئاڵو والاّ جل ،
بەژنو باڵاّ جوان ، بەدەن نەرم‌و شل !

نیو نیگای خەندەی ئەستێرەی ئەمەل ،
نەغمەی گفتوگۆی وەك جریوەی مەل !

ژینی بەهاری عەشق‌و جوانی !
جیلوەگای حوسنی : ڕێی باخ‌و كانی ! ...

---

(١٢) كەلەك : دیواری وشكە بەرد .

گۆرانی

عەشقی ئیوارەی سەرەڕێی کانی ،
بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی !

ڕۆژ ئاوا ئەبێ ، چەم تاریك دایە ،
دەنگی (کنا لەیل) هەر دوایی نایە .. (١٣)

مانگ بە ترپەی ناودێ ئەکا کەیل ،
هێشتا هەر گەرمە نالەی (کنا لەیل .. !)

« سیاچەمانە .. سیاچەمانە .. » (١٤)
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە !

ئەوەندەی دارو بەردی هەورامان ،
ڕەحمەت لە ژنی بەژنو بالآ جوان !

« سیاچەمانە .. سیاچەمانە .. »
هەورامان جێگای سیا چەمانە ! ..

---

(١٣) کنا لەیل : کچێ ، یار .
(١٤) سیاچەمانە : چاوڕەشە ، چاوڕەش !

ـ ٢ ـ

گەشت لە قەرەداغ

سەرەتا

بەپێچەوانەی (گەشت لە هەورامان) ، ئەم هەڵبەستە وەسفی هەستو بینینی ئافە گەشتێکە کە لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێ پێكهاتوە . وەکوو یادگارنامە (مذکرة) ، هەستکراوو بینراوەکانی هەنگاو بە هەنگاوی گەشتی بە وردی ـ ئەوەندەی هەڵبەست ماوە بدات ـ لێا تۆمار کراوە .

گەشتی ڕاستەقینە لە سولەیمانیەوە دەستی پێ کرد ، بەڵام وەکو لە گەشتنامەکەدا پێشاندراوە لە دێی (سەیوسێنان) لەواو نەبوو . سەردانو بینینی ناو قۆپیی قەرەداغ ـ دارستانێکی چڕی بەناوبانگە ـ هیی کۆێستانی بەرۆی داری زەرد ، هیی بەیکەری تەڕیخیی دەربەند گەوربشی لەسەر بوو ، داخەکەم بۆم ڕێكنەکەوت لەو دیمەنە جوانانەش بە چەن بەندێك بکەم بە مایەی ڕازاندنەوەی گەشتنامە ، بەپێچەوانەی ئەوەی کە چەن جارێك داوام لێ کراو خۆیشم بەڕاستی ئارەزووم کرد .

(١)

ئاسمانی شینو ئەستێرەکانی
پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی ؛
گڵۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان ؛
زەرد هەڵگەڕابوون ، کز کز ئەسووتان .

دەڕوا لەسەردا کزەبای بەیان ،
گەڵەرانەوە کولەو پەردەکان .

شاری پەنجەرەو دەرگا داخستوو :
وەك یەك گیاندارو بێ‌گیان تیا نووستوو ...

ئا لەم کاتەدا کە خەو زۆر خۆشە ،
هەستەو بەرگی پێ خێرا بپۆشە ؛

کۆلانەو کۆلان بڕۆ بەرەوخوار
بگەرە شوێنی کۆمەڵی پڕبوار ! .. (١)

(٢)

لە بەردەرگای (بەگ) چارەوێ وەستاو ، (٢)
هەندێك زین پۆشتە ، هەندێك ناتەواو !

سەرو تووڕەکە بەرەو زەوی شۆڕ ،
بە کرمەکرمی ئالیك گەرمە کۆڕ ...

کورکەو نیو حیلەی ئالیك دواکەوتوو
خەو ئەتارێنێ لە هاوسێی نووستوو ...

دوو سێ لادێیی‌و یەك دوو خزمەتکار ،
فیشەکدان لە پشت ، تفەنگ جانبێزار ، (٣)

هاتوچۆریانە بە گورج‌و گۆڵی
بەڵام پێتانایە ئیش بۆ کۆڵی :

دوان لە هاوڕێکان هێشتا لەهاتوون ،
مالی (بەگ) تازە خەریکی توێشوون !

---

(١) شوێنی کۆمەڵ بەپێی بەڵێن‌و بڕیاری پێشوو .
(٢) چارەوێ : ئەسپ‌و ماین (بەرامبەر بە خەیلی عەرەبی) .
(٣) جانبێزار : تفەنگی پێنج تیری هوسمانی .

ئاخ ، هاوڕێی تەمەڵ ، حەڵوای ئاردی جۆ !
چۆتان خستینە گەرمای نیوەڕۆ ؟

(٣)

سوار بووین ، کەوتینە بناری سەیوان ، [٤]
ڕووی دنیا ڕووناك ، بەیانی زۆر جوان !

شینایی دەشتی (تەکیە)و بەرەوخوار [٥]
پاراو بوو چەشنی ئەگریجەی نازدار !

گوڵەبەڕۆژەی قژ زەردی چاو کاڵ ،
ملکەچ وەستابوو : سەرگەرمی خەیاڵ !

لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان ،
وەك بووکی تارا سەوزی ئاوداماڵ ،

ڕوو لە عەرشی پاك ئەڵەرایەوە ،
بۆ گیانی مردوو ئەپاڕایەوە !

سەیوان کەوتە پشت ، بەرەو تانجەرۆ
بە ئەرمە غارو ڕەوتی خۆش بڕۆ !

لای (قەرەتۆغان) سەرم هەڵبڕی ، [٦]
ئالتوونی زەردەی لووتکەکانم دی ! ..

---

(٤) سەیوان : گۆڕستانی بەناوبانگی سوڵەیمانی .
(٥) تەکیە : جێگایەکی دەشتاو شینایی‌یە لە ناوەندی گردی سەیوانو شاردا .
(٦) قەرەتۆغان : گوندێکە نزیکی سوڵەیمانی .

(٤)

ڕێـــگای دێهاتی دەمی بەیانی ،
قەڵەبالغە بۆ سوڵەیمانی ...

پۆل پۆل وڵاو پیاو لە دووی کەرو بار ،
سڵاوێك ئەکەن ملئەنێن بۆ شار !

ئەم کۆمەڵانە تیایەتی ، جار جار ،
جوانێکی لاوی کۆڵەوانە لار ،

سەر تا پا خشڵی زیوی وا پێوە ،
ئەڕواو هاڕەی دێو ئەبڕیقێتەوە !

لەعاستت سڵێك ئەکا بۆ لاڕێ ،
بە نیو نیگای مەست تێیشت ئەنواڕێ ...

ئەی جوانی لادێ بە سەرنجو سڵ ،
لێت ڕووڕاندم خەیاڵاتی دڵ ،

ئێستر .. جلەوە شلەو ، سەرە شۆڕ ،
ئاوات خواستنەو خەوبینینی زۆر !

(٥)

ڕۆژ ڕمێك بەرز بوو ، داپەڕینە چەم ، (٧)
ئاو شین ، مەڕەزە سەوزو گوڵ بە دەم ..

عەکسی سەوزایی ڕووی پڕ لەڕەی ئاو ،
تیا ئەشکایەوە پرشنگی هەتاو !

---

(٧) مەبەست لە چەم چەمی تانجەرۆیە .

ڕەنگ ڕەنگ پەپوولە ئەفڕێ زەلاو زەل ؛
گا کناچەی پڵڕ ، گا جریوەی مەل .

هەوای پڕ شنەی چەمی ئەلەرزان ،
پێی ئەهاتە جۆش کوورەی شادیی گیان !

لە ژوورماتەوە پردێکی ڕووخاو .
سێبەری کرکی ئەکرد بۆ پەنگاو ! (٨)

شارە مێروولەی ئاو پەنگاوی قوول :
پڵڵ پڵڵ ماسی بوو ئەیکرد جمەوجوول !

نامانە مل چەم سوار لە شوێن سوار ،
شڵپەو هووڕ کەوتە ناو تەنکاوی بوار ؛

ولاخ ڕووی ئاوی ئەکرد سمکاری ،
ئەبڕا بارانی دوڕو مرواری ! ..

(٦)

لە چاخانەکەی (کانی سپیکە) (٩)
ژانە سەری چاو ، ئارەزووی تیکە ،

ڕاگیری کردین سێ چارەك سەعات ؛
تۆزشوو نیوە بوو ، وردە دوایی هات . (١٠)

چای عادەتیمان بوو بە پێنج و شەش ،
کەمخۆر لە زۆرخۆر زیاتر ئەیوبست بەش !

---

(٨) پەنگاو : پێچەوانەی تەنکاو (تەنك ئاو) هاستی قوڵو مەنگ لە ئاو .
(٩) گوندێکە بەرامبەر بە سولەیمانی لە بناری شاخی دارمازەلە .
(١٠) وردە : وردەی پـارە .

فڕان فڕانی حەڵواو پەنیر بوو !
زرمەو بناگوێی خورماو هەنبیر بوو ٠

بێزۆر داڤەنیشت کز بە نابوونی ،
(تەق !) گوێزێك ئەیدا لە لووتکەی لووتی ؛

بۆ قوازتنەوەی تا ئەکەوتە کار ،
(زۆردار) لێی ئەفڕان یەکەم پەلامار !

بە هەچ دەردێك بوو ناڵو چا خورا
دیسان بۆ ڕێگا ئاوی خوا برا ٠٠٠

(٧)

وا هەتاو گەرمە ڕووی زەوی داخە ،
ڕێگای ئێستامان بناری شاخە ؛ (١١)

دیمانەت بە خێر : یەکەم دار بەڕوو ،
گابەردی لاڕێی لاڵو پاڵ کەوتوو !

تاکو ڕزگار بووین لە بناری شاخ ،
کردینی بە ئاو ڕۆژی پرشنگ داخ ؛

بەڵام سەرەوژوور ڕۆیشتین کەم کەم ،
بای فێنك کەوتە شنەی دەماودەم ٠٠

بۆنی درەختو دەوەنی ئاو کێو
تازەی کردەوە نیو گیانی سەر لێو ٠

---

(١١) شـاخی دارمازەلە .

قەچیمان وەشان سەرەوژوور دیسان ،
شەق نالّ بوو ئەیدا لە ڕێی بەردەلآن !

ولآخ بە پڕەو هەناسەبڕکێ ،
بەسەر پلەدا فڕێیئەدا پێ •

بـڕۆ ! بەهڕەنگە ، پێچاو پێچ ، دەی دەی ،
ئەمجا لەسەر شاخ تێر ئەڵێی ئۆخەی !

(٨)

تاوێك لامان دا ، بۆ پشووی ولآخ ،
دانیشتین : پشتەو دۆڵی قەرەداخ ••

بەردەمان دەشتی سەوزی شارەزوور ،
شاخ گرتوویە لێی دەوراندەوری دوور !

دەشتی تەختو پان ، دەریای سەوزایی ،
خاڵ خاڵ تیا دیارە شوێنی ئاوایی •

تاڵو تووك دێی دوور دووکەڵی چین چین
بەرزئەکاتەوە بۆ ئاسمانی شین !

بووکی تانجەرۆی ناو دۆشەکی سەوز •
ئەتروکێ چاوی شینی بە وەنەوز •

جۆگە وردەکان ئەکشێن سەرەو خوار ،
ئەبڕێتینەوە ، وەك تووڵەی ڕەشمار !

وەرگەڕاینەوە بۆ دۆڵی ئەودیو ،
شاخ بوو لەسەر شاخ ، شیو بوو لەسەر شیو ••

تەپۆلکەی ، یالی ، دۆلی ، نزاری :
گا شاش بوو ، گا چڕ دەمەنو داری !

(۹)

لە (دارمازەلە) بە پێ چووینە خوار ، (۱۲)
کەوتینە سەر ڕێی ناو دەمەنو دار .
ئەمجا تێخوڕە ، بڕۆ خوارو ژوور ،
لێو وشکی گەرما ژاکاوی ڕێی دوور !

یەکەم دێی ڕێگات ، کە (قارەمان)ە ،
هەشت تۆ مالێکی ناو دارستانە

هەر دوانمان وەستاین لە بەر چەپەڕێ ، (۱۳)
پیاوێك دەرنەکەوت جلەومان بگرێ ،

یەك دوو بچکۆلەو دوو سێ پیرێژن ،
بە کاسەی دۆوە ، بەرەوپیر هاتن

لە داپیرێکی سەر سپیی پێدان
تێگەیشتین هۆی چۆڵیی (قارەمان) :

تەز خەڵقی دێ لەسەر فرمانن ،
خەریکی کێشەو شەڕو خەرمانن !

(۱۰)

مانۆاوایمان کرد لە پیرێژن ،
ڕۆیشتین تا دێ لە چاومان بوو ون ؛

---

(۱۲) دارمازەلە : یەکەم شاخی ڕێگایە لە سولەیمانیەوە بۆ قەرەداغ .
(۱۳) چەپەر : دەرگایەکە لە شوولك دروستنەکرێ وەك تەیمان .

نەختێك بە بێ ڕێ ئامان بۆ چەپ مل ،
لامانداید ڕێز درەختێکی زل ..

بەردەمان : چەمو تووترکۆ بی بوو ،
دەورەمان : وەردو جاڕو زەوی بوو .

لێی ڕاکشابووین گشت لەبەر سێبەر ،
چاو بەستراوێکی فەرەنجی لەبەر ،

کوتەکوت دەرکەوت بە گۆڕانەوە ،
لای دایە لامان بۆ حەسانەوە .

ـ علیك السلام ! کاکەی کوتو کوێر ،
بەم قرچە قرچە گۆڕتان بە خێر !

بەری دەستی برد بۆ سەر ئاوچاوان ،
بە دەم ئێشەوە سەری ڕاوەشـــان ،

وتی : دوو مانگە گل لە چاومایە .
ڕێی دوور پێوانم بۆ نووشتەی بایە !

یا پیر ، بە یەك گەز ڕیش کەی ڕەوایە :
بۆ چاو بێت ، لە ڕێ کوێرایی دایە ؟! ...

(١١)

ئێستا بڕیاری کۆمەڵ وەهایە :
بچینە (ولیـــان) تا فێنك دایە (١٤) .

---

(١٤) ولیان : دێیەکە بە تەپەتووی باش ناوی دەرکردوە .

سوار بووین ، بریمان دۆلاو دۆلی گەرم ،
ڕەش داگیرسا ڕەنگ ، کارژی دەردا چەرم !

تووڵەڕێ ئاڵا لە ڕێژە گردێ ،
لە بەردەمیا بوو دار تووی زۆرو (دێ) !

ئێتر زەلامو سەگ بوو ، ڕاکردن :
پەلامارداڵو جڵەو لێ گرتن ! ..

بردینیانە بن کۆمەڵێك دار توو ،
لێنەو بەڕەیان بۆ داخستین زوو !

وەك بەچکەی قولی گوێ ئاگری خۆش ،
دەمکرا چوار پێنج مەسینەی حەوجۆش ؛

دوو سێ قۆریەی ڕەش پشتێن تەنەکە ،
ئەکوڵاو هەڵئەچوو ئەتوت کەشکەکە .

چای خەست تێك‌درا بە کەوچکی چێو ، (١٥)
دەرمان نۆش‌کرا پیاڵەی لێوان لێو !

ئەپارایتەوە « مامە ، تو خوا بەس ! »
نەرم نەئەبوو خانەخوێی تاکەس ؛

هەر تێیئەکرد بۆت ، یەك لەسەر یەکتر ،
بە پیاڵەی چڵکن چای خەستی وەك قوڕ !

(١٢)

کە کۆمەڵ ڕێکەوت بەرەو قەرەداخ ،
سێبەر کشابوو بۆ پێدەشتی شاخ .

---

(١٥) چێو : دار .

ڕۆژی بەرەو کەل بە پرشنگی زەرد ،
وارنیشی ئەدا لەبەر ڕۆژی هەرد ..

نەشئەی سێبەری لاپالی زۆر خۆش ،
دەنگ خۆشەکانی هێنانە سەر جۆش !

سۆزی شەپۆلی (ڕۆ .. ڕۆ)ی پڕ بە دەنگ ،
ئەیلەرزان دۆلی قوولی سێبەر مەنگ ! ...

بە بەستەو ئاهەنگ ڕێمان بردە سەر ،
تۆزەمان زۆر کرد بە زەردەو سێبەر ،

تا گەیشتینە بەر (باسکە دڕێ) [١٦]
کشایە (زەردیئاوا) ڕێگای لێژ ..

سێ چوار گەڕەکی خانوو کەلاوە
شینایی‌و باغچە چوار دەوری داوە .

سەرای گەچکاریی لە چالی وەستاو
وەک سەرپۆش بەسەر جوان دێتە بەرچاو .

(١٣)

چوونە بەر دەرگای مەکتەب دابەزین ،
ئەمجا (ئەفەندی)ی سەر کورسی‌و مێزین ..

کۆڕی بەر باغچەی مەکتەب گەرم بوو ،
بەخێرهاتن‌کەر ئەهات‌و ئەچوو ...

---

(١٦) باسکە دڕێژ : ناوی یالێکە شۆڕبێتەوە بەسەر (زەردیاوا)ی مەڕەزی ناحیەی قەرەداغدا .

دەستی (سەرچاوان) بۆ سەرسنگ بردن
(مۆرە) هەلدان بوو (گێلە) هاوردن !

کۆڕی دانیشتن تا ئەهات ئەکشـا ،
کورسی جێی چوار بوو دەی تێئەترشا !

سەر بوو بناگوێو دەنگوباس پرسین
« کێ مرد لە بەرلین ؟ کێ کوژرا لە چین ؟ »

سوێن ئەخوێن بە بار کە هیچ نازانین ،
زیـاتر سەر دێنێ بۆ زۆرتر پرسـین !

ئیتر هەڵڕێژە درۆی ناچـاری
تا وێران ئەبێ مالی لاساری ! ..

(١٤)

شەو دانیشتبووین گشتمان لە سەربان ،
پیاوێك پەیدا بوو خەڵقی دێی دووکان ؛

بۆ سەر زەماوەن خولقی ئەکردین ،
کەوتینە ڕاوێژ : « بچین یا نەچین » .

من لەبەرئەوەی بێولاغ مابووم ،
لەعاستی « بچین ! » ترشم ئەکرد ڕووم .

پاش لێکدانەوەی زۆرو یەکو دوو
کە دیم ولاغم بۆ جێبەجێ بوو ،

ئەمجا دەستم کرد بە کۆمەڵ هاندان ،
بۆ ڕۆیشتنی سەر شایی دووکان ،

لەوێوە بووك تا (سەیوستیان) بردن ،
بینینی هەردوو پەردەی ژن بە ژن !

(١٥)

بەیانی سەعات دەوری هەشت کۆمەڵ
ڕێکەوت چەن سوارێك ئەهالیش لەگەڵ ..

هەموو جل گۆڕیو ، سەرو ڕیش تاشیو ،
لە ئەسپ درابوو ڕەختو ڕەشوەی زیو .

فەیانەی سپیو شانو سەڵتەی شین ،
خۆ لەخشاندنی ناو قەڵتاخی زین

ئێستاو تاوێتر حیلەی ئەسپی شێ ،
غارو ڕمبازیی تەختایی لاڕێ ...

وای خەریك کردم بە خەیاڵەوە
کاتێکم زانی بە قەدپاڵەوە

(دووکان) دیاریی دا لە بناری شاخ ،
ژووری ئاشو بی ، خواری شیوو باخ ...

لە خواری دێوە هەندێ کەپری شاش ،
شایی‌و هەڵپەڕکێی تیا دەرئەکەوت باش !

کە لەناو کەپران جڵەویان گرتین ،
زەردەی لووتکەکان پاشو پێش ئەفڕین !

دور تەختی گەورەی کۆنی دۆشەك‌پۆش
هەشت تۆ دەیەکی لێ گرتینە کۆش .

له بەردەمانا هاوڕێکانیتر ،
بە چۆکا هاتن وەك یەخی حوشتر ! ...

(١٦)

لەبـەر کەپرێکا ڕۆشنایی ئـاگر ،
دای بە تاریکیی شەوی ناودێ دڕ

شمشاڵ بە ناڵەی لەرمو لەرزەدار
دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار ...

لە دەوری ئاگر حەلقەی چڕیی کوڕ
تڕپەی پێی ئەهات وەك لێزمەی خوڕ !

سەر چڕیی کێشی قۆزی چڕپێزان ،
پاش هەڵسانەوەو نووکی پێ بادان ،

لە ژوور سەریەوە دەستو خەنجەری
چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری ...

شمشاڵژەن ئەینا بۆ هەچ لایەك ڕوو
ئەو لایە کەللەی زۆرتر گەرم ئەبوو .

هەر چۆکدادان بوو هەڵسانەوەو (هەی !)
سۆزی هاواری ناکا « وەی ، وەی ، وەی » [١٧]

مەستی بێشەراب هەرزەکاران (عیو !)
خەفەت بابردوو دەردەداران (عیو !)

---

(١٧) ناکا : موختەسەری ناکاو ، کتوپڕ .

زاوای بەردەرگای ئاوانی دڵ (عیو ا)
بووکی ڕازاوەی جوانتر لە گوڵ (عیو ا)

حەڵقەی چڕپی (عیو ا) ، شەمشاڵێدەر (عیو ا)
عاسمان ، ئەستێرە ، دێ ، دەشتو دەر (عیو ا)

* * *

کوڕگەل ! هەمیشە گیانو دڵ شاد بن ،
دەست لە ملانی بووکی مراد بن ؛

نۆرەی خۆتان کرد ، شیرین هەڵپەڕین ،
ئاساتتان لەرزان بە تەوژمو تین !

نۆرەی ئافرەتە ئەمجا هەڵپەڕێ ،
سا هێز دەست بەردا ، جوانی دەست بگرێ ! ...

(١٧)

کە هەڵسانەهێنا چاو لە خەوی خۆش ،
گزنگی هەتاو دابووی لە (کۆڵۆش) ؛ (١٨)

لەشکر ڕووی نابوو بۆ دەشتی لاڕێ ،
هەر ڕێچکەی سوار بوو ئەملاو ئەولای دێ .

تا دەرچوو لە دێ تارای سووری بووک ،
ڕمبازی سارد بوو ، تەقە تاڵو تووک !

بەڵام دیمانەی تارای با شەکێن ،
بۆ کوورەی دەروون بوو بە باوەشێن .

---

(١٨) کۆڵۆش : شاخێکە لە ناوەندی دووکانو سەیوسێناندا . [ڕاستی ناوەکان (کەڵوەش)و (سێوسێنان)ە . م.م.ك.]

لەشکر ورووژا ، سوار فڕێن ــ فڕێن ،
کەوتە شوێنی سوار : ئاوزەنگی تەقێن !

قرچەی دەستڕێژی دەمانچەو تەقەنگ ،
ئەشرخایەوە پڕ بە دۆڵی تەنــگ !

لــە ڕێگوزەری بووکا بەرامبەر
دوو ڕێز : دوو ــ دوو سوار لێی ئەهاتە دەر !

ڕەش‌سواری ئەبرد شێ‌سوار بە گاڵە
گا بە نەرمەغار ، گا بە چوار ناڵە !

لێی ڕائەپەڕی لەوبەر کوتووپڕ ،
ئەسپ سوارێکی کلکو مل جوان گر •

شێ‌سوار ! بۆی دەرچۆ سا چنگ لەسەر شان ،
چیت کرد بالدارت لە خۆت خرۆشان ؟

(١٨)

نەختێک ڕۆیشتن نەما جێگای غــار ،
چەشنی مێروولە کشا ڕێچکەی سوار •••

شنەی بای ناودۆڵ فێنکو عاستەم ،
ڕێ لاپاڵی شاخ ، لای خواروومان چەم •

سەرانسەری چەم داری ژاڵەیە ،
ئەو داوێن سەوزی سەرلق ئاڵەیە !

ڕۆژ : ڕۆژی شایی ، کات : بەیانیە ،
تەبیعەت مەستی بزەی جوانیە !

بووکی ژێر تارای ڕەنگ ئەرخەوانی
شۆخو شەنگە وەك گوڵی بەیانی !

ئێمەیش (لەشکری)ین بۆ خوای دڵداری :
خاتو زین بۆ مەم ئەبەین بە دیاری ! ...

سا تۆخوا دەنگخۆش دەی قەتارەکەت ،
(کوڵەنجە ڕێ ڕێ)و (هەوری لار)مەکەت !

ئاخۆ (کیووبید) دیاریی جوانیی [19]
بۆ ژیان ئەوێ ، یان بۆ قوربانی ؟ ..

(19)

لە کلکەی (کۆڵۆش) لەوبەر (دێوانە) ، [20]
بە چەپڵەڕێزان ، ئامان لەرزانــە ،

لەشکرو بووکی ئەولا پەیدا بوو ،
دیــان دوو لەشکر پێکا هاتو چوو ...

وەك دوو ئەستێرە دوو بووك لێکیاندا :
دەم زایە دەم ، دەست لە مل کرا !

ئیتر کۆمەڵ بوو بە دوو دەستە ، گشت
ــ ئێمەو دوو بووك تا ــ وەرگەڕا بۆ پشت ! [21]

---

(19) کیووبید : خوای دڵداری بەپێی ئەفسانەی یۆنانی کۆن .

(20) کلکە : پێچی نیمایەتی شاخ . دێوانە : چەمی دێوانەی ناو دۆڵی قەرەداغ، لەڕۆژئەتە سیروان .

(21) دەستەی دووکان گەڕایەوە بۆ دووکان ، [دەستەی سەیوسێنان گەڕایەوە بۆ ــ م . م . ك .] سەیوسێنان . ئێمەو دوو بووکەکە نەبێ ، ڕاست ڕۆیشتێنو نەگەڕاینەوە بۆ پشتەوە .

ئێمە کەوتینە دەستەی (سەیوستیان) ،
تا گەیشتینە سەر ئاوێکی جوان ،

لەوێ بەو گەرماو قرچەی نیوەڕۆ ،
دانیشە : حەڵواو پشیی بووك بخۆ ! (٢٢)

ئەمجا سوار بووین‌و بۆ ڕاست وەرگەڕاین ،
لە پێدەشتێکا دێ خۆی پیشان‌داین ،

لەوبەر وشکە شیو گەڕەکی گەورە
مزگەوتێکەو ماڵ لێی‌داوە دەورە ؛

لە دەشتی ئەمبەر گەڕەکی بچووك
تیایەتی ماڵی کوێخاو زاواو بووك !

شاخی کۆڵۆشی پشتی (سەیوستیان)
کەوتۆتە مەعبێن ئەم دێیەو دووکان ...

(٢٠)

خەوە ، خەیاڵە ؟ عەردە ، بەهەشتە ؟
هەڵپەڕکێی ژنە یا هیی فریشتە ؟

پەڵکە ڕەنگینەی ئێوارەی بەهار (٢٣)
لە عەزمەت تارای سوور کەوتۆتە خوار ،

ئێستا سەرگەرمی ئیلتیفاتی بووك
جرم‌و جوولەیەتی‌و هەڵپەڕێ سووك !

---

(٢٢) پشی : کولیچەی بووك .
(٢٣) پەڵکە ڕەنگینە : قەوس‌و قەزەح .

« ئامان لەرزانە ! هاوڕەی لەرزانە ! »
بەستەی هەڵپەڕکێی باڵا بەرزانە •

گۆرانیبێژ بێ و بچۆو خۆت پا دە
کێ ئەوەندەی تۆ دەروونی شادە !

وەك هەنگ بگەڕێ و گۆرانی بڵێ ،
لادە جارجارێ بۆ بەڕێتی گوڵێ •

گوڵ بە ئاهەنگی « ئامان لەرزۆکە »
ڕێبە دابنێو ڕێبە بەرزۆ کە !

بە ناز لار بگرە سەری بێ پووشین ،
با بریقەی بێ کلاوزەڕ چین چین ! (٢٤)

پێچکەی پشتەسەر لەسەر زوڵفی ڕەش (٢٥)
با بجریوێنێ وەك ئەستێرەی گەش !

شانی بۆ شل کەو خۆت هەڵستێنەوە ،
سوخمەی سەر مەمك بلەرێنەوە :

با پێچکەی نقێم گورج گورج بە تاسە (٢٦)
لێو بنێتە سەر کوڵمی هەیاسە !

* * *

ئەی گوڵ وا هەڵسا گۆرانیبێژت ،
هەڵبڕە چاوی شەرمی کڵپڕژت !

---

(٢٤) کلاوزەر : کلاو ئالتوون ، هیی لادێیی لە زیوە .
(٢٥) پشتەسەر ، پشتەسەرە : جۆرە خشڵێکە لە دەوری سەر ئەدرێ .
(٢٦) نقێم : مەبەست لە نقێمی پڵپڵەداری نیهایەتی موورووی مەلە (ملوێنکە) .

چاوەڕێم چەرخەی نیگای تیژ تێپەڕ
لە چاوما بکات هەستی ئەشکی تەڕ ! (٢٧)

بەشکو لەعاستم زەبری دڵ نەرمی
ئیتر نەبڕێ لێت سەرنج بە گەرمی ٠

منیش بەردەرگای حەلقەی هەڵپەڕکێ
بگرم ، بگەڕێم : بەرامبەر بە کێ ؟

بەرامبەر بە تۆو دوو چاوی ڕەش ڕەشی
کە ناز ئەفرۆشن بە کەچ نیگای گەش ! ٠٠

(٢١)

ڕێبواری ماتووی چۆڕیو ڕمبازی
تا کەی ئاهەنگ‌و گۆرانی‌بازی ؟

جوانی دێ نووستن ، زاواو بووك نووستن ،
خەو لۆکەی خستە ناو گوێچکەی بیستن ٠

دەشتو دەر بێدەنگ ، ناودێ بێدەنگە ،
بێدار هەر دوانی وەك تۆی دڵتەنگە (٢٨) !

لێو لێك نێ ئیتر شایی تەواو بوو ،
هاوڕێت سەفەرین لەگەڵ شەبەق زوو !

ڕێی گەڕانەوەی شارت لەبەرە ، (٢٩)
چ وادەی جۆشی کەلکەڵەی سەرە ؟

---

(٢٧) تەشك : فرمێسك .
(٢٨) بێدار : نەنووستوو ، بەخەبەر .
(٢٩) مەبەست لە شار سولەیمانی‌یە .

سبەینێ کە ڕۆژ هەڵهات لە ئاسۆ ؛
ئەدا لە پرچی (خاوەن چاو) بێ تۆ ؛
ئێر تا ماوی ڕابوورد (سەیوسێنان)
پیشانی تۆ بات هەڵپەڕکێی چاو جوان !

کۆمەڵەی سێیەم

سروشت و دەروون

سروشتو دەروون ، پێشکەشە

بۆ : خاوەندی ئەو دەروونە ڕووناکە کە دەرسی پێشکەوتن لە سروشتی جوان وەرئـەگرن .

بۆ : گیانی ڕابەرەکانو سەربازە نەبەزەکانی ڕابەریـن ! چ مـردوو ، چ زیندوو ، چ هێشتا نەزاو .

کـوران

سروشتی جوان

پـــایز !

پایز ! پایز !
بووکی پرچ زەرد ،
من مات ، تۆ زیز : [1]
هەردوو هـــاوەمرد !

من فرمێسکم ، تۆ بارانت ؛
من هەناسەم ، تۆ بای ساردت ؛
من خەم ، تۆ هەوری گریانت ..
دوایی نایە : دادم ، دادت ، [2]
هەرگیز ، هەرگیز ،
پایز ! پایز !

پایز ! پایز !
شانۆ مل ڕووت ،
من مات ، تۆ زیز ،
هەردوکمان جووت

---

(۱) زیز : عاجز ، مـــات .

(۲) داد : عەدل نا ، هاوار .

هەرچەند گوڵ سیس ئەبن بگرین ،
ئالتوونی دار ئەڕژێ بگرین ، (٣)
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین ،
بگرین .. بگرین .. چاومان نەسڕین ،
هەرگیز ، هەرگیز ،
پایز ! پایز !

(٣) نیاز لە وەرینی گەڵای زەردی درەختانە .

هەوری پـایز

لە دەریاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ ،
بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە ، کش‌و بێدەنگ ...

بەسەر پاییزی زەردا با بە خۆر بگری ، بە کوڵ بگری ،
لەسەر ئاخر گەڵا ، ئاخر چلی تەنیایی گوڵ بگری !

بە خۆر بگری ، بە کوڵ بگری : بەسەر دەشت‌و دەری وشکا ،
بەسەر داری گەڵا زەردا ، بەسەر پووشا ، بەسەر درکا ،

بەسەر سەرچاوەیی کزرا ، بەسەر زیخی چەمی دێما ،
بەسەر هەر وشکێتکا وا لە هاوینی گەرم جێما ..

بەڵێ بگری ، بە کوڵ بگری ، هەتا ئاخر دڵۆپ بگری ،
بە گریەی هەوری پایز با نوقوم بێ سینەیی کزری !

بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوار چێوەی بلووریني ، (١)
لە چەم هەڵسێ خوێرەو هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی ! (٢)

دڵۆپی ساردو فێنك با لەسەر دارو دەوەن بڕژێ ،
پەپوولەی زەردی ئالتوونی لەسەر لق هەڵومرێ ، بێژێ ... (٣)

---

(١) ئاسۆ : ئوفوق ، مەبەست بەرزیی شاخەکانە لە ئاقاری ئاسۆ .
(٢) مەبەست لە ئاوی خوێنین ئاوی لێلە .
(٣) پەپوولە .. تاد : مەبەست لە گەڵاڕێزانی پایزە .

بەڵێ ! بگری هەور ، بارانی پایز ، بێ‌وچان بگری ،
لەسەر باغچەی گوڵێ وا سیس ئەبێ ئاخر چڵی عومری !

بگرمێنێ ، تەپوونم دابکا ، یەکلاتە شەست ، هەرگیز ،
نەوەستێ قوڵپی گریانی ، نەوەستێ هەورەکەی پایز ؛ (٤)

طەبیعەت زەردو ژاکاوە ، لە حاڵی گیانکەنشتایە ،
لێشانەی ماتەمی پایز لە فرمێسکی درشتایە !..

١٩٣٣

---

(٤) قوڵپی گریان : واتا کوڵی گریان ، وەك قوڵپە قوڵپی مەنجەڵ .

سەوزە گیـــای پایز

ـ بۆ گیانی بەرزی مەولەوی ـ

گیا وردەی پایز ، سەوزی نەرمو نۆل ،
قەیفەپۆشی ڕووی تەختی خاکو خۆل !

دڵگیری ، جوانی ، بێ دڕکو داڵی ،
دوا یادگاری بەدیمی ساڵی !..

هەج ئێوارەیەك دیدەنیت ئەکەم ،
سەمای پایزم تیا فامێنێ تەم !

مەستی بادەی حەز ، پڕ نەشئەو خەیاڵ ،
ئەسووڕێمەوە لەم یاڵ بۆ ئەمو یاڵ ؛ (١)

ئەنجا دێم ، لەسەر سینەی نەرمو شل
ڕائەکشێم تاوێك ، نوقمی تەئەممول ..

تاوێك نەغمەی مەل ، تاوێك شنەی با
تا ئەودیو شاخی ئەندێشەم ئەیبا : (٢)

خۆم بە خۆم ئەڵێم : یاران من چیم کرد ؟
بۆچ عومری جوانیم وەك پیر بەسەربرد ؟

---

(١) یاڵ : باسك ، بەرزاییی تەسكو درێژی شاخ .
(٢) نیاز لە دیوی ڕووناك ، باری چاكبینی تەفکیرە (تەفـاڵول) .

منیش له دایکی طەبیعەت زاوم ،
بۆچ کردەوەی ئەو نابینێ چاوم ؟

ها ، وا بەسەرچوو خەزانی پیریش ،
کەچی ئەو زیاتر ئەکا ئارایش !

تازە سەوزەگیا سەرلەنوێ ئەڕوێ ،
مەل لە ماجەرای عەیشو نۆش ئەدوێ !

تازە سروەی بای قودسی (عیسا ــ فوو)
گیان ئەکاتەوە بەر دنیای مردوو !

* * *

ئەی گیا سەوزەکەی دڵ فەرمحاوی ،
وەك تۆ سەرگەرمی سەودای هەتاوی ،

منیش لەمەوپاش وایە بڕیارم
تیژگی خۆر بێ لام لاز خەندەی یارم ؛

تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم ،
ئیتر وازیێنم لە ئاشنایی خەم !...

دیمەنێکی بەهـار

ئەمڵا یەك یەڵە ، ئەولا یەك یەڵە : هەوری ڕەنگاو ڕەنگ ؛
لە ئاوەڕاستا : بە دەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخو شەنگ !

سەوزە گیا پاراو ، گوڵو گوڵاڵە مەستی ڕەنگو بۆ ،
درەخت تازە شین ، سەر لق ڕازاوەی گوڵ ، گەڵا ، چرۆ ...

سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مروارین ئاونگ ، (١)
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە ، لێی ئەتکێن پرشنگ

ئەسیمی بۆن خۆش ، کزە بای فێنك ، وەك ئەوای ئیلهام
سەمای جوانیی پەریی طەبیعەت دێنێتە ئەنجام ! (٢)

قاسپە قاسپی کەو ، ئەغمەی چۆلەکەو بلبلی دەنگ خۆش
پیالەی ئەشئە حەتا بە ڕۆحی بەردیش ئەکا نۆش !

وەك بگری بە کوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین ،
لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانیی گەرمی هەڵقوڵین !

* * *

مەلی سەر بنچك ، پەڵو پۆ ڕەنگین ! خۆ من هەڵۆ نیم ،
لێم مەفڕن جووت جووت ، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم :

---

(١) ئاونگ : شەونم .
(٢) سەما : دانس .

منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووك ، [٣]
حەتتا ناشتوانم بفڕم ، بخوێنم ، بە باڵ بە دەنووك !

بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگڕێت مەیلی سەربەستی ؛
ئەمەش ئاینم وەك ئایینتانە : هەردە پەرستی !.. [٤]

---

(٣) لێرەدا گەردم لەباتیی (ڤەڕە) بەکارهێناوە .
(٤) ئایین : من لە هەموو کاتێکا ئایین لەباتیی دین بەکارئەهێنم .

شەوێکی بەهـــار

تاریکە شەوێ : نوقمی ڕەشی چیرەیی دنیا ،
دیلی تەمی ئەسرار بوو دەرو دەشتی حەقایق ،
چووبوونە پەنا پەردەیی خەو کەوزو خەلایق ...
موستەغرەقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا !

تاریکی ، تەمی دەشتی دڵو ، تانەیی سەرچاو ،
شابالی پەخش کردبوو تاکو ئەبەدییەت ..
پێدەنگی لە چوار لاوە موهاجیم وە خورۆشاو ،
وەك ظولمەتی شەو نەیبوو ئەویش نوولتو نیهایەت !

جار جار لە ئوفوق ڕائەوەشا شیری بروسکە ،
گرمەی غەزەبی گوێی کەڕ ئەکرد هەورە تریشقە ؛
باران سەرەتای ڕیقەتی بوو : نم نم ئەگریا ،
وەستابوو زەوی تینوو زەلیلانە لەبەریا !
ئەمجا بە خوڕەم باری ، لەپاش یەك دوو دەقیقە ،
ئاڤاقی ئەمەل ڕەش بوو ، نەما پێوە تروسکە !...

تاو تاو لێی ئەدا تەپڵی هوسووم تەرزە بە ئاهەنگ ؛
وەختێ کە ئەهات حەملەیی با تونگتو خورۆشان ،

ئەپرشتە دلی پیاوی صەبوور کەلکەلەیی جەنگ ،
هەروەك دلی خەووافی ئەترسانو ئەلەرزان !...

لەمحالەتەدا رۆحم وەکوو چاوی گلاوی ،
ئاتیکی بە قەد سالێ پری زەهری ئەلەم بوو ؛
ناگا : هەمیسان نیشتەوە لافاوی طەبیعەت ،
ئاهیستە .. نەما زەلزەلەوو نەعرەیی حیددەت ! [1]
کەوتە تەنکی هەوری رەش و چلکنی پیشوو ،
ئەلوانی قەزەح تیکەلی بوو ، کون بووە ناوی ؛

ئەستیرەیەکی جوانی گەشی پر لە تەبەسسوم
دەرکەوتو ، گەیشت لێوە بە دل زەوقی تەماشا ...
بەحری هەومس و شەوقم وەها هاتە تەلاطوم : [2]
بۆ سەیری جەمال کردنی دنیایی بەیانی ،
هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە صەحرا ،
وەك شێت .. بەلام شێتی شیر ، شێتی جوانی !...

---

(1) ئاهیستە : بەئەسپایی ، لەسەرخۆ .
(2) تەلاطوم : شلەقانو شەپۆلدان .

ئەی گەلاوێژ !

بە شەو گەشتو گوزاری خاطیرات هەرومك شنەی شەوبا ، [1]
لە ڕۆحی پڕ تەڤەتورما ئەکا سەهرەی خەفەت بەرپا ؛

ئەڵێی بەحرێکی قوڵو مەنگە دنیای پڕ لە بێدەنگی ،
بەسەربا هاژە ــ هاژ ئەڕۆێ ئەنینم سۆزی ئاهەنگی ! [2]

هەتا سەر ڕووی زەوی چین چین نەوبوە پەردەیی تاری ، [3]
لە خۆشم دیار نیە وێنەی دڵۆپی ئەشکی بێداری !... [4]

دڵم وا گێژ ئەدا گەرداوی بەئس و نائومێدیی ڕەش ،
مەگەر تۆ بێتە ئیمدادم ، گەلاوێژ ، ئەی ستارەی گەش !

مەگەر تۆ ، ئەی گەلاوێژ ، ئەی بزەی لێوی سەحەرگاهان ،
مەگەر تۆ بسرەوێنی قوڵپی ئێشی قەلبی بێسامان !

لە چاوی تۆوە پرشنگێ ئەگاتە ڕۆحی بەدبەختم ،
ئەکا مەستی تەسەللی تا شەوی دوایی سەری سەختم !

دەسا ئەی شا ستارە ، ئەی گەلاوێژی گەش و تابان ، [5]
کە هەڵهاتی بە ئەگریجەت بشۆ چاوی شەوی گریان !...

---

(١) خاطیرات : ذیکرەیات ، یاد .
(٢) ئەنین : ئاخو نـاڵە .
(٣) تاری : تاریکی .
(٤) ئەشـك : فرمێسك .
(٥) تابان : شـەوق هاوێژ ، ڕووناك .

بەسەرهاتی ئەستێرەیەك

بانگی شێوان : لە ئاسمانی خۆرئاوا ،
ئەستێرەیەك ئەجریوێنێ : گەش ، شیرین !

دەورو پشتی دەریای شینەو بەتەنیا [1]
سرنج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیا !

لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ ،
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ !

وەك ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازداری ،
تیر نابێ لێی هەر چاوێ بڕی ئەنواڕێ !...

منیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم ،
دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم ؛

لەسەر گردێ بەرامبەری ئەوەستم ،
کەیلی بزەی ئەبێ سرنجی مەستم ! [2]

تاریك دایە .. ئەستێرەی تر بەرو دوا
فڕێ ئەدەن چارشێو لە عاستی دنیا .. [3]

---

(١) مەبەست لە دەریای شین دەریای ئاسمانە .
(٢) بزە : زەردەخەنە .
(٣) چارشێو : پەچە .

بەڵام ئێستا ئەو ئەسپایی ، بەرەو خوار
هەڵئەخلیسکێ ، کز کز ، ئەگاتە لێوار ؛

لێوی تینووی کەل وەك دڵۆپ ئەیمژێ ،
ئەی داخەکەم ، مەرگی نیشتن ئەیکوژی !

ئەم ئەستێرە ، بەسەرهاتی دڵگیری
لە کام ڕۆحا ئابزوێنێ سا زوبری ؟! ... (٤)

---

(٤) زوبر : وەکو زیز ، واتە عاجزو مات .

دارچوالەی پشکووتوو

« لەگەڵ ئانەودا بە چەمی فلیاسانا »

لەپاش بڕینی ماوەیەکی دوور ،
گیانی وەرسی ڕێگای سەرەوژوور

دی : پاس کشایە ناو پێچێکی لێژ ؛
لای چەپ : چناری باریکو درێژ

ڕەپ ڕاوەستابوون لە کەناری ڕێ ،
سەربازی پاس بوون بۆ پشت سەری کێ ؟ :

ڕیزێک نەمامی دار چوالەی نازدار
کە ڕێک وەستابوون لەسەر گیای بەهار

وەک بووک ئەندامیان لە سووراو نابوو ،
لەنجەی تاو تاویان بۆ چپەی با بوو ...

پەڕەی هەڵاڵەی چوالەی سووراو ڕەنگ
جار جار ئەوەری بە خشەی پێی هەنگ ،

هەروەک پەپوولەی باڵ فڕە — فڕ کەر
ئەنیشتە سەر یەک لەسەر گیای سێبەر !

لەگەل لێشاوی پەڕەی گول بارین :
با بوو شەپۆلی (بۆنخۆشی)ی چین چین ...

* * *

چەمی تانجەرۆی سەردەمی نیسان
پڕە لە وێنەی سروشتیی جوان جوان ؛

بەڵام من چاوم گێڕا خوارو ووور ،
لە ڕێزە داری چوارەی تارا سوور

جوانترم نەدی وەك بووك وەستابێ ،
سەیرانگای چەمی وا پێ ئاوا بێ !...

بەهاری پاش باران

وشکە چەم وەك جەوری سەردەم هەڵساوە ؛
بەرگی سەوزو نەرمی بەهار ژاکاوە .

هەر هێڵی گاسنی وەردی کێڵراوە
هەتا چاو بڕ ئەکا جۆگەڵەی ئاوە .

جووتیاری نەقیزەی درێژ سەر شان نەر
بەرەو ماڵ لەقە ــ لەق گای داوەتە بەر !

تا ئەژنۆ لە قوڕداو کەپەنەك بەسەر ،
بۆ ڕانی تەریوی هەڵپەو خەمڵەبەر ،

مامەی شوان ، وەکوو خۆی ، بەرخی باوەشی
تەڕ ــ تەڕەو هەڵدەستێ هەڵم لە لەشی !

کچانی کۆڵە گیای کۆڵاندن بە کۆڵ
ڕووەو دێ ڕەویون وەك مامزی چۆڵ .

لە ئاو هەڵکشاوە پەڵو پڕی باڵدار ،
ڕەنج ئەدا فڕە ــ فڕ ناگاتە سەر دار .

تەڵانی ئاو باخی پڕ فەرشی گیای سەوز
(لێڵاو)ی باراناو کردوویە بە حەوز ؛

له ئیواری حەوزا گولاڵەو بەیبوون
ساواڵو ئەلەرزن لەتاو نوقوم بوون !

درەختی هەلووژەی بەفر داپۆشیو ،
دار ستیوی پازاوە بە پژیلانەی زیو ،

هەڵاڵەی وەراندووی تەوژمی باران ،
وەك بووکی ڕووتکراو کەوتوونە گریان !

لە بەرپێی نەمامی چواڵەدا سەوزاو
لە ڕوومەت تکاوە ڕژاوەتە ئاو .

گوڵباخی گەشاوەی گەڵا تیك‌شکاو
بە کوڵیا دێتە خوار ئارەق لە گوڵاو ،

وەك یاری شەرمنی دەس لە مل ئاڵاو
بە گوپچڕ دەرباز بووی شانەو قژ شێواو ! ...

* * *

ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان :
پێشێلی ستەمە گشت شتێکی جوان ،

تا هەوری ڕووی ئاسمان درێدەداو هەتاو
ئارامیی شیرین‌تر ئەخاتەوە ناو ! ...

تـــازه ؟

که شەو هاتو پەردەی ڕەشی کەوتە سەر
جوانیی طەبیعەت کەژو دەشتو دەر ،
هەموو نووست .. هەموو مرد .. کشو بێ‌ئەثەر :
سەما تازە جیلوەی ستارەی نەظەر ؟

که گولباخ ، لێرگس ، زەمەق ، یاسەمەن ...
هەموو نوقمی بەحری تەمی ئەم شەوەن ؟
هیلاکی گروشمەن ، وەنەوزنك ئەدەن : (۱)
سەما تازە جیلوەی ستارەی نەظەر ؟

که کپ بوو قەراغی چەمی پڕ لە قاز ،
لەسەر ڕووی نەما زینەتی ئیهتیزاز ؛
لەسەر لێوی لاچوو بزەی نووری ناز :
سەما تازە جیلوەی ستارەی نەظەر ؟

که دڵ کەوتە ناو دۆزەخی دەردەوە ،
که عیشقو شەبابی خوا بردەوە ،
گڕی شاعیریی‌یەت که دامردەوە :
سەما تازە جیلوەی ستارەی نەظەر ؟

---

(۱) گروشمە : سرنجی نازاوی .

بێداری‌یەك ...

ژوورم تەنیاو ، دنیای بەر پەنجەرەی ژوور ،
بە چوار دەوری باخچەی کۆشکا ، هەتا دوور ،

دارستانی سەروەو سنەوبەری سەوز ..
شەو رووناکەو ، چاوم یاخی لە وەنەوز ..

ئەی بلبلی شەبەقی شەو ! بخوێنە ،
هەستی « جوانی پەرستی »م بوورووژێنە ..

با بە زەبری مەستیم بە ئاوازەی نوێت
وێلی دارستان بم کاتێـك : خەلك ئەلوێت !

ئەگەر عەشقی هونەر ، وەك تۆ ، ئەی بلبل ،
لەناو ڕەگما لەگەڵ خوێنا بدا پل ،

منیش وەك تۆ ، خەوم ئەخەمە ژێر پێم ،
دێم بە چڕی دارستانا ئەگەڕێم .

بە لای لەشی سپیی پەیکەرەکانا
تێئەپەڕم ، دەستی چەپ لە گیرفانا ،

ئەشێلم گیای بێداری نوقمی ئاونگ ،
بای دارستان لەرزێن ئەمژم پڕ بە سنگ

بە شەپۆلی گەلای سەوزا کە ڕوالیم ،
سۆزی لەڕەی نوێ ئەچێتە گۆرانیم ؛

وەك شووشەی عەتر وشەکانی هەلبەستم
ئەگرن بۆنی گوڵی لەیلاخی دەستم ...

ئەوسا ، مەگەر ، زاتێك بێتە بەرخۆ ،
دەم لە جوانیی تۆ بەم هەواری مۆسکۆ !...

هەواری بەرفیخە
١٩٦٢/٦/٦

ده‌نگی ده‌روون

ئاخ ، هەزار ئـاخ ...

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ ! تا قیامەت ئاخو داخ !
من کە سنگم بەردە ، طەبعم بەرزە چەشنی شاخو داخ ؛

من کە خوێنم ئاگرە ،
چوونە جۆشم حازرە ،

من کە مایەی فەخری تەئریخی بەرووم ،
تاقە پەنگی ئابرووم

مەردی ، بێباکی ، دلێری بوو هەموو ...
کوا ؟ مەگەر ئەصلی نەبوو ؟

بۆ سەرم نەرمە لەعاستی بەندی دیلی ، داخەکەم ؟!
بۆ لە نزمیو پەستیدا وەک گۆمی لووطە شاخەکەم ؟ (١)

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ !
نەگبەتیی کوردی هەژار ، ئاخ !...

بۆچی ئەو سنگەی سپەر بوو بۆ پەلاماری عەدوو (٢)
بوو بە پەردەی سەر قەفەز بۆ دەربڕینی ئارەزوو ؟

بۆ زوبانی بێ گرێم
نایەڵێ سەربەست بڵێم ؟ :

---

(١) گۆمی لووط : بەحری مەیێت لە فەلەسطین کە لە ڕووی دەریا زۆر نزمتر کەوتووە .
(٢) سپەر : قەڵغان .

ڕێبوارم ، سەربەخۆیی کەعبەمە ؛
دەشتی خوێن گەر ڕێگەمە ،

بێخوڵووڕەم ، بەردەبازم کەللەیە ،
تا ئەگەم بەو قیبلەیە ...

بۆ نەهاتە سەردەمم ئەم چەشنە گوفتارانە قەت ؟
بۆ نەبوومە پاڵەوانی کردەوەی ئازانە قەت ؟

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ !
غیرەتی کوردی هەژار ، ئاخ ...

ئەی ئەوەی قەومانی بەش بەش کرد بەپێی خاکو زمان ،
دای بە هەر قەومێ نگێنو تاجو تەختی حوڕ ژیان ! (٣)

کوا نگینی بەختی من ؟
کوانێ تاجو تەختی من ؟

بۆ لە خاکی پاکو زاری بێگرێم ،
غەدر ئەکەی ؟ نابەخشی پێم ؟

یا ئیلاهی حەققی خۆم داوا ئەکەم :
کوا نگێنو تەختەکەم ؛

بۆ لە عەرشی دادپەروەر ــ بۆ دڵی کوردی هەژار ! ــ
تاقە تیرێکی ستەم عەکسی بکاتو بێتە خوار ؟

ئۆف ، هەزار ئۆف ! ئاخ ، هەزار ئاخ !
خالیقی کوردی هەژار ، ئاخ ...

---

(٣) نگین : ئەموستیلە ، مۆر .

ئیلهامی « هاوار »

« بۆ هەڤکوورەی بەدرخانیەکان »

دەرویشێکم دی لەسەر دەخمەی شا
ــ شای صەلاحەددین ــ بە کوڵ ئەگریا ؛

هاواری ئەکرد ، ئەیلاوانەوە ،
دڵی ئینسانی ئەتاوانەوە !..

* * *

دەرویش میرێك بوو خێوی تەخت‌و تاج
چەرخ لێی وەرگەڕا کەوتە بەر تاراج ...

ئەی چەرخی غەددار ، ئەفسەر بازیچە ،
بە حەسیر گیری فەرش‌و قالیچە !

سەری ڕاهاتووی تاجی سەربەستی
کەی ئەنەوێ بۆ زیندان پەرستی ؟

سنگێ کە تەختە جێگای ئارامی
کەی قبات ئەکا بە بای ناکامی ؟..

وەك شێر نرکاڵی ، وەك ئاگر هەڵچوو
زنجیری پچڕان ، لە زیندان دەرچوو !

گەلێ هەڵمەتی برد بۆ پێچکەی تەخت
بەڵام نەخوسا بەردی دڵی بەخت ،

گەلێ کێشای دەست بۆ جقەی ئەفسەر
بەڵام ناوچاوی نەنووسی غەنەر !..

سەری خۆی هەڵگرت ، ڕووی کردە شاران
تۆشووی ڕێی تەنیا عەشقی کوردستان !

* * *

ئێستا لە دەشتی شام لەسەر قەبری
بابیری گەورەی ، بۆ ولات ئەگری ،

بۆ ولات ئەکا شیوەنو هاوار ...
کوردە غیرەتێك زینهار ! صەد زینهار !

بە کۆمەڵ بگرن گوێ لە هاواری :
کۆمەڵ جەلب ئەکا ڕیققەتی باری !..

گۆڤاری « هاوار »
ژمارە (١٠) ، لاپەڕە (٥)
١٩٣٢/١٠/٢٣

کوردستان

کوردستان : جێگامی ، جێی هەزار سالەم ؛
پەروەردەی ئەم دۆڵو سەرلووتکەو یالەم !

هەناسەم تێربۆنی بای کوێستانە ،
دوو لێوەم پاراوی بەفراوانە ،

سرنجم ڕاهاتووی زیوی زەرکەفتە ،
بە زەردەی سەر بەفری ئێوارە وەختە ؛

گوێم فێرە بیستنی خوڕەی قەڵەزە ،
لەو عاستەی زوور بەفرە ، داوێن گیای سەوزە ؛

زمانم پشکووتووی قسەی جوانە ،
قسەی ئاو گۆرانیی شاخەکانە ،

هیی ئاو چرۆکی گوێ ئاگردانە ،
هیی ئاو لایە ــ لایەی منالانە ! ...

قوڵیێ با خوێنی ئاو دەمارەکانم ،
بە زەبری عەشقی تۆ ئەیدا ئەزانم !

عەشقی تۆ ، ئەی دایکی خۆم‌و هاوخوێنم ،
هەر لە پشتی باوکا چرووە هەوێنم ،

ئەشچێتە هەوێنی کوڕو کوڕەزا ،
تا تاقی کورد مابێ لە چیای بەرزا ! ...

* * *

کوردستان : ئەگەرچی دووری دنیای تۆ ،
دڵو دارستانی چۆڵو تەنیای تۆ ؛

دووری لە شارستان ، لە ژینی تازە ،
لە شەوی ڕووناکو ڕۆ لە ئاوازە ،

ڕۆ لە پێکەنینو ، ڕۆ لە نەنوستن ،
ڕۆ لە سووڕانەوەو ، ڕۆ لە کۆڕ بەستن ...

ئەگەرچی تۆ دووری لە ڕۆژی شاران ،
ڕۆژی ڕۆ لە گەردش ، هاتوچۆو جوواڵان ،

ڕۆژی ڕۆ لە زانست ، ڕۆ لە فەننی جوان ،
کتێبو ڕۆژنامە ، هەیکەڵو مەیدان !

ڕۆژی ڕۆ لە خۆراك بۆ گیانو بۆ لەش ،
ڕۆژی ڕۆ لە ئافرەت ، ڕۆ لە باغچەی گەش ...

ئەگەرچی تۆ دووری لەم گشت جوانیەە ،
جوانیەکیتر هەیە کوردستانیەە :

جوانیەك کە دەستی هونەری یەزدان
نەخشی کێشاوە ، نەك سەلیقەی فەنان !

جوانیەك : کۆن نابێ هەرگیزاو هەرگیز ،
زستانو بەهارو هاوینو پایز :

جوانیی شاخی سەختو ، دۆڵی قوڵو مەنگ ،
ملەی بەرز ، پلەی خز ، دەربەندانی تەنگ ، (١)

میرگی سەوز ، چەمی خوڕ ، دارستانی چڕ ،
دنیی بناری دەشتی پەنا گردی خڕ ،

دەعبای ناو ئەشکەوتو ، ماسیی گۆمی شین ،
بالداری ڕەنگاو ڕەنگ ، پەپوولەی نەخشین ! ...

* * *

بەڵێ ! ئەگەر بێتوو ڕۆژێ لە ڕۆژان ،
لەکۆشتا لێك بدەن جوانیی هەردووکیان ،

ئەو حەلە سەرانسەر ئەبێتە بەهەشت ،
لە لووتکەی شاخەوە تاپانتاییی دەشت ! ... (٢)

کوردستان ، کوردستان ، کوردستانی جوان !
دەرەنگیش بێتەدی ئاواتی گۆران

دەربەست نیم ، سێبەری پیرە دار بەڕووم ،
ئەو ناوەی ئەشکێنێ تاسەو ئارەزووم :

کە ماوبە ڕۆژی زەرد بگانە دەم کەل ،
لای ژووروووی سەرتەوە ئەجرپوێنێ مەل ؛

پڵی ژن ، زەردو سوور ، ئەکشێ بۆ ناوڕان ،
شوان ئەڵێ بە شمشال : «هەوری لار ، ئامان ! »

---

(١) ملە : لووتکە ، جێگای بەرز لە شاخ .
(٢) پانتایی : تەختایی ، ناوەڕاستی پانایی .

بەڵام ئەگەر بتووە بە دوو چاوی خۆم
بتوانم ببینم بەری هیوای تۆم ،

ئەو حەلە : کوردستان ، کوردستانی جوان ،
هەڵپەڕین لە من و ، بەستە لە زستان ! ..

جەژنی نەورۆز

بە سووڕێکی‌تر ئەستێرەی ئینسانگر ، (١)
قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر ،

کام قەومی کۆن ، کام جەژنی بەرزو پیرۆز ؟
قەومی مادی ! جەژنی بڵندی نەورۆز !

ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە ،
لە دێی کوردا گڕی ئاگری دیارە ؛

باو باپیرمان ، هەتا ئەڕۆن پشتاو پشت ،
لەم ئاگرەیان دەورە داوە ، چین چین ، گشت !

لە چوار دەوری ئەم ئاگرە : ڕەنگاو ڕەنگ
کۆڕ گیراوە ، بە پێکەنین‌و ئاهەنگ ؛

بانگی شێوان هەتاکو بەربەیانی ،
چڕبی بووەو بەزم‌و ئۆش‌و گۆرانی !

لەوسایەوە ، تا ئێستاکە بەمچەشنە :
هەموو سەری ساڵی تازەمان جەژنە ؛

میوانی کۆن بەڕێ‌ئەکەین‌و تازە ،
بە پێکەنین ئەگاتە بەر دەروازە !

---

(١) مەبەست لە کەوکەبی ئەرضە کە ئینسانی پێ لەوێ .

خۆشیت هێناو ، فەرت هێناو ، شیرینی ..
تۆ بۆ ئێمە بەهەشتی خەو بینینی !

بە هاتنت بای بەستەڵەك ، بەفری دەشت ،
گیانی سپارد ؛ گوڵی ڕوا جێگای گەشت ..

لە تاریکی ، لە چوار دیواری زستان ،
سەرفەراز بیت ، سەرفەراز بوو مەڵی گیان !

ئێستا ــ ئۆخەی ! ــ ئاسمانێکەو هەتاوێ ،
گیایەو ، گوڵەو ، مەڵەو ، خوڕەی چەماوێ ...

چی خۆشترە لەوەی طەبیعەت جوان بێ ،
ماوەی سرنج پانایی گشت ئاسمان بێ ؟!

گیانی سەرمەست ، بالداری ڕێی هیوا بڕ ،
بەرزیتەوە بە پەڵەی هەور بدا دڕ ؛

بفڕێ ، بڕوا بۆ کوردستانی ئاوات ،
ماندوو نەبێ ، هەر بڕواتو ، هەر بڕوات ...

هەتا ئەگاتە لووتکەی شاخی سەربەست ،
بێزنجیری گەل ئەبینێو ، ئەبێ مەست ! .. (٢)

---

(٢) مامۆستا گۆران ، ئەم پارچە هەڵبەستەی لە ١٩٥٣دا بەمجۆرە لە (ژین)دا بڵاوکردووەتەوە ، بەڵام پێشان دواشبەری بەجۆرێکی‌ترو ، چەند شبەرێکی‌تریشی لەگەڵ بووە . وا لێرەدا جۆری پێشووی دواشیعرو ، شیعرەکانی پاشەوەی ــ بۆ خاتری میژووری بیرو ئەدەبی مامۆستا گۆران ــ ئەنووسینەوە :

هەتا ئەگاتە لووتکەی شاخی سەربەست ،
تاج ئەبینێو ، تێر ماچێکا پێچکەی تەخت ! ...

* * *

ئەی جێی هیوام ، ئەی جێی خەوی بێدارم ،
ئەی ڕۆشنیم ، ئەی جەژنی یادگـارم !
هەزار سوپاس ، هەزار دروودی بێدەنـگ ،
بەڵام بەکوڵ .. بگا بە گیانی هۆشەنگ ،
(هۆشەنگی بابیری ئێمەو ئێرانی ،
داهێنەری بنچینەی ئاوەدانی !)
کە ماری‌گوشتو بەردی دا لە بەکتر ؛
پڕسگی دێو .. نیتر .. تەلیسمی ئاگر ،
بە گەلکی خۆیەوە بە تاوە (نەورۆز)
بوو بە فەرو ڕۆایە ژینی پیرۆز ! ...

شایانی وتنە مامۆستا گوران ئەم پارچە شیعرەی بۆ (ڕەشـید نەجیب) نووسـیوە . م.م.ك.

دیاریی خوای شەڕ

دیاریی خوای شەڕ : خەشمەو قینە ،
دوشمنیەو ، ڕقەو کینە ،

بەدخواهیەو نیهادی پیس :
باری لێکدانەوەی ئیبلیس !

دیاریی خوای شەڕ : پڕ بە دڵ ترس
یەك زمانو صەد هەزار پرس ؛

گومان لە ڕاست ، بەڵام باوەڕ
بە درۆ .. (ئاخ دیاریی خوای شەڕ !)

دیاریی خوای شەڕ ڕەنجەو ئازار ،
مەرگی لەشکر ، وێرانیی شار ؛

بۆ دایك : تاقانە کوشتن ،
بۆ کۆرپەی نـاز : هەتیو خستن !

خوای شەڕ ئینسان لە هاوجینسی
ئەکا بە گورگێکی برسی ؛

ئاگر ، قورقوشم ، غازی خنکێن [1]
ئەداتە دەستیو ، پڕ لە جوێن

---

(1) غازی خنکێن : خنکێنەر ، غازی موخنیق .

ئەکا دەمی‌و ، پێی ئەڵێ : عەرش !
بۆ بن دەریای تاریک‌و ڕەش ،

بۆ ناو هەورو بروسکەی بەرز ،
بۆ جێی دوور دوور لەسەر ڕووی عەرز ...

عەرش ! وەک درندە ، وەک هار عەرش !
دنیا ڕەنگ کە بە خوێنی گەش !

پەلامار دە ، دەستوبرد کە ،
بگرە ، ببڕە ، بدڕە ، ورد کە :

قەڵا ، تەلبەن ، شووڕا ، سەنگەر ،
حەیوان ، ئینسان ، شاری ، عەسکەر ،

ژن ، پیاو ، پیر ، جوان ، دەست ، قاچ ، سنگ ، سەر ...
پێشێل کە هەرچیت دێتە بەر !

بێسووچ بکوژە ، سەربەست دیل کە ،
دەرگای میشک‌و دەم کلیل کە ،

کۆمەڵ برسی ، ولاّت لات کە ،
نەخۆشی زۆر ، دەرمان فات کە ،

قوتابخانە ، بیمارستان ،
کۆگای فەن کردی کۆنو جوان ،

شوێنی بەکەڵک گشت خاپوور کە ،
بنچینەو بان خوارو ژوور کە !

دەزگای شارستانی تێکدە :
ئەمڕۆ ڕۆژی مەحشەر لێکدە !...

ڕۆڵەی بێدایك

نە ئاخ لە سینەدا ئەخواتەوە پەنگ :
نە فرمێسك ئەتوانێ بڕژێ بە بێدەنگ

نە زمان ئەوەستێ لەمە زیاتر ،
نە قەڵەم وەك لاشەی مردووی ساردو سڕ ..

نە فام لە جێگای خۆی ئەمێنێ ، نە هۆش ؛
دیمەنێ من بینیم بەرد دێنێتە جۆش ..

کێ دایکێ ئەتوانێ بێنێتە بەرچاو ،
بە مەرگی تاقانەی جەرگی هەڵقرچاو ،

دامابێ لە دەشتێ ؛ هاواری بە کەس
نەگا هیچ .. هەر خۆی بێو مەیتی کوڕی بەس ! ...

ئا ، سەیری دیمەنی وەها کاریگەر
کام وجدان ناداتە بەر نووکی نەشتەر ؟!

بەڵام ئاخ ، ئەوەی من دیم بەم دوو چاوە
مەینەتێکی سووکە ئەمەی بەلاوە :

نەك دایکی کوڕ ــ مردوو ، دیم کۆرپەی ساوا
لای مەیتی دایکیا ، فرمێسك لە چاوا ،

کەوتبوو بە بێ شیر ، بێ لاوانەوە ،
ئاو جەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە !...

نـــالەی بێ‌کار

تا هێزی بزووتن لە لەشما بەگوڕ بوو ،
من کوڕ بووم بۆ ئاغاو ئاغا باوکی کوڕ بوو ؛
لە (ماندوونەبوون)ی سەرایشم واق وڕ بوو ،
عەماری لە بەری تەقەلام پڕ ــ پڕ بوو ...

« نامە خوا ! » و « ئافەرین ! » سەری لێ شێواندم ،
دڵسۆزی بۆ ئاغا ئەوەندەی پەتاندم :
تا ڕادەی ئەوپەڕی شەکەتیی گەیاندم !
پەکم کەوت .. نەخۆشی لەشی تێکشکاندم !

نەخۆشی ناوچێ بووم : بێ شۆربا ، بێ دەرمان ،
بۆ زمان تەڕکردن « نەختێك ئاو ! » ئەمنااڵن ،
بەرگوێم کەوت باوکی کوڕ (نەك ئێستا ، هیی جاران !)
قیراندی : بۆ نایەن فڕێدەن لە کۆڵان !

ئەو دەستەی لە کۆڵان گەیشتە فریای من
دەستێ بوو بە تۆزو عارەقی ئیش چڵکن ؛
زۆر دوور بوو لەو دەستەی خاوێنە وەك هیی ژن ،
پارووی چەور ئەگێتێ بێ‌پەنجی ئیش‌کردن !

ئەو دەستە چلکنەی دوو لیوەی تەڕکردم ،
دڵڕیبی فرێسکی کەوتە سەر ڕووی زەردم ،
بە قووتی دەمی خۆی ڕایگرتم نەمردم :
ڕەنجبەر بوو ، تۆکەر بوو ، هاوپیشەم ، هاودەردم !

تا ڕۆژی کەوتنم گەیشتە شەش‌و حەوت ،
ژوور سەری بەرنەدام هاودەردی بێسەروت ؛
بە زەبری دڵسۆزی ئەوەندەم نزیک‌کەوت :
پەتاکەم تووشی بوو لەلاما ئەویش خەوت ! (1)

وا ئێستا ئەو کەوتوو ، من لە جێ هەڵساوم ،
کوناوکون ئەگێڕم لەشی تێک‌شکاوم ؛
لە فرمان ئەپرسێ : زمانم ، گوێم ، چاوم ..
بۆ قووتی ڕۆژی خۆم ، هیی هاوڕێی داماوم !

فرمانێک .. قەی‌ناکا قورسیش بێ بە شانم ،
لەڕێزیا لێک‌دەرچێ گشت جومگەی ئێسقانم ،
هەر تیا بێ چەن فلسێک ، هیچ نەبێ بتوانم :
نان بکڕم بۆ خۆم‌و ، بۆ هاوڕێی نیو گیانم !

فرمانێ ، ئەی کۆمەڵ ! فرمانێ .. فرمانێ ..
بۆ دەردی بێکاری چارەیەک ، دەرمانێ ،
زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئێسانێ
بێئیش بێ‌و سکی خۆی هەڵووشێ بۆ نانێ !...

---

(1) پەتا : وەبا ، نەخۆشیی ساری .

بۆ هیوای کوڕم

هیوا ، مەگری ، هەڵسکی لیوەشەو بەس هەڵدە ، بەس بگری !
لە چاوی بێقەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی ؟..

کوڕی خۆم ! کۆرپەلەم ! میوانی دنیای تازە خولقاوم !
ئەدا گریەت بە ضەربەی چز لە ڕۆحی پڕ لە گلاراوم !

چیە ئەم گریە بێغایە ، کڕووزەی نیوە شەو خوڕێن ؟
چیە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێمەئال ئەڕژێن ؟

لەگەڵ ئەو غونچە ساوایەی لەسەر خەڵفی بەهار ئەڕوێ
چیە فەرقت ؟ لەبەرچی ئەو هەتاکو سیس ئەبێ ئەنوێ ؟

وەکو ئەو بەرخە بچکۆلەی کە هەر ئێستا لەدایك بوو ،
لەبەرچی نەشئەیی یاری هەڵتناداتە سەر پاشوو ؟

ئەڵێی ئەو زەڕنەقوتەی پەیکە مارە فەرشی هێلانەی : (١)
چ ئیشێکە ، کوڕم ، بۆچی لەسەر ئەم هەڵکڕووزانەی ؟

چیە ، توخوا چ سیرڕێکە وەها مەحکوومی گریانی ،
کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی ؟ لە مەعنای گریە نازانی ؟

ئەگەر وەك باوکە حەسرەتدیدەکەت زەهرت بچێژایە ،
زەمان گەردی ئەمەڵتی گشت بە دەم باوە بێژایە ؛

---

(١) زەڕنەقوتە : بێچووی تازە هەڵهاتوو لە هێلکە .

لەناو کڵپەو بڵێسەی ئاگرێدیو حەسرەتا یەکسەر ، (٢)
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت : هەم گوڵو هەم بەر !

بەڵێ ، ڕۆڵەم ، ئەگەر وەك من کەمێك بەدبەختیی ئیدراکیش ،
لە تۆزشی ڕەش بکردایە ، نەوەك شەو ، ڕۆژی ڕووناکیش ،

حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بە ناڵەی ڕۆحی پڕ ئێشت ،
لە ئەستێرەی سەما بێزێنی فرمێسکی دڵی ڕیشت !

حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نا مەفهووم‌و بێ مەعنا :
زمانی بەسط‌و تەقریری شکانت بێ لە دەست دنیا !

حەقت بوو بێ‌وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیدا ،
بەحر پڕکەی لە تف بیدەی بە ناوچاوانی باوکیما !...

بەڵام ، ڕۆڵەم ، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای ،
لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوولو نیهانیتای ،

بە چی مەعلووم بە شوێنی هیی منا ئەڕۆێ چەمی عومرت ؟
سەراسەر پێکەنێنو خوڕەمی ناێن خەمی عومرت ؟ ...

بەڵێ ، بەرخم ! ئەگەرچی هەروەکو یەك ژینی گشت لایە
لە بەینی بێشکەوو قەبرا ، بڕینی عەینی ڕێگایە !

هەموو هەر قافلەی بێ‌ئیختیاری سەرزەمینێکین
هەموو دێنو دەڕۆین .. تاکوو ئەگەین ، یەعنی ئیتر ئەمرین ،

وەڵێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحرو پڕ ئەفسوونە : (٣)
لە یەك سەرچاوە دوو قەترە : یەکێ لێلە ، یەکێ ڕوونە !

---

(٢) لە سوولەیمانی ئەڵێن (کڕیە) ، گڕی ئاگر .
(٣) وەڵێ : بەڵام .

هەیە وەك من بەسەر درکا ئەنێ هەنگاوی ئاوارە ،
هەیە هیوایش کە فەرشی ڕێڕی پێی ئاوریشمی گوڵزارە !

ئەوەندەی ڕۆحی مەئیووس و مەلوول تاریك ئەکا دنیا ،
ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەڕژێ بەسەر سەریا !

کوڕم ! هەروەك لە ئوعجووبەی ژیانا بەختی بەد ئەگری ،
شتێکیش — بەختیاری — پێکەلین گرتوویە چوار دەوری !

بەخۆڕایی مەترسە ، خەم مەخۆ ، مەگری لە ئێستاوە !
بە چی مەعلووم کە چی لەو تەختی ناوچاوانە نووسراوە ؟ ...

یـار

یار .. یار !
شیرین لەنجەو لار !
چاوم ڕوا ..
صەبرم ســوا ..
هێزم لێ بڕا ..
هەر نەهاتی ، دەرنەکەوتی ..
بۆچی تــو خوا ؟
یار .. یار .. شیرین لەنجەو لار !

* * *

ژماردم گشت ئەستێرەی شەو ..
تاق تاق کەرەم کردە خەو ..
لەبەر کزەی بای سارد تەزیم ،
لەگەڵ گەڵای درەخت لەرزیم ،
ئاونگ وەک گیا تەڕی کردم ،
هەر نەهاتی .. ئەوا مردم ..
چاوەڕوانم ،
پەرێشانم ،
پەرۆشە گیانم ..

سا بسکەرێ هێزی ژیانم ..
یار .. یار .. شیرین لەنجەو لار !

* * *

نیگام تینووی تەماشاتە ..
دادووراوی سەر ڕێگاتە ..
گوێم هەزرەتی ترپەی پێتە ..
هەمیشە ئاراستەی ڕێتە ..
دڵم پڕ تاسەو پەرۆشە ..
دڵزمێکەو گەرمی جۆشە ..
یار .. یار !
دەرمانی ئازار !...

دوا سرنج ...

« بۆ قژزەردی بەردەرگا ، لە سەرەرێی بەندیخانەما
لە مووصلەوە بۆ هەولێر »

ئەی قژ زەرد ! ئەی بەژنو بالای کەلەگەت !
بۆ کز ڕاوەستاوی بەرامبەری من ؟
بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت ،
لەعاستی دیمەنی دەربەدەری من ؟

ئەو چاوە کالانەت نیگای دەربەستبوون
لەبەرچی ئەگرنە گرفتاریی من ؟
سرنجت ڕووی دەمی پرس‌کردنی ڕوون
ئەکاتە کەلەپچەی دەستی دیاریی من ؟

ئەبینم : پەپولەی نیازی گفتوگۆ ،
دوودڵ ڕاوەستاوە لەسەر گوڵی لێو ؛
ئاخ ، خۆزگە هەڵنەفڕی ، ئەمزانی ئاخۆ
ڕاستیی چیی پێیە بۆ گیانی پەشێو ؟

ئەی قژ زەرد ! بە بەژنی ناودەرگا گرتووت ،
هەروەکوو پەیکەری شۆخی خەمخواری !

مەلێ بووم لە باخچەی هونەرا بێجووت ،
بۆ جوانیم ڕێگەخست شیعری دڵداری !

بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیس‌کەر
بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی ؛
ڕاوکەری دارستان لە باڵدار پیس‌کەر
جێی چێنەی لێ تەنیم بە داوی وردی ...

وا ئێستا ئەبینی گیرۆدەی داوم ؛
لە بەردەم جوانێکی وەک تۆی دڵنەرما ،
لەگەڵ (گارد) لە (پاس)دا ڕاوەستێنراوم ،
تا داخی گرانتر خول با لە سەرما !...

ئەی قژ زەرد ، ئەی گەردن بە ناز لار گرتوو ،
دیوێکم لە پاسا تۆی ، دیوێك باخە ؛
ئەگەمە هەج دیوێك نیگای ئارەزوو :
بۆ گیانی (قەفەس)یم سەرچاوەی ئاخە !

بۆ لای باخ ئەڕوانم : بەهار وەك پەری
فستانی گیاو گەڵای سەوزی پۆشیوە ؛
زەردو سوور گوڵباخی داوە لە سەری ؛
ئارەقی سەر کوڵمی دڵێپی زیوە !

بۆ لای تۆ ئەڕوانم ، قژ زەردی نازدار ،
ئەبینم دوو چاوی ناو ڕێزی بروانگ
پرشنگێك ئەگرنە نیگای گرفتار ،
نەمدیوە لە گۆمی بەر ترپەی مانگ !

پرشنگی نیگایەك كە لە ڕووی ڕوونك
هەڵبەستنو تیژ ئەكشێ تا ناخی دەروون ،
كڵپەی نوێ ئەخاتە كوورەی عەشقی پاك
دەفری گیان لیپ ئەكا لە خۆزگەی بەربوون !

بەڵام ئاخ ، دوو گاردی چاو لێم داپچڕاو
چەپۆ ڕاست وەستاون بۆم دوشمنانە ،
كەلەپچەی لە دەسما تون كلیل دراو
نیشانەی ڕێگامە كە بۆ زیندانە !

هەر ئەوەم لە دەست دێ ، هەتا ئەتوانم ،
ئا لەم هەڵوێستەدا ، هەل بەكارێنم ؛
وەك تینووی چاو لە ئاو بە كوڵ بڕوانم ؛
ئەو چاوەی تێم بڕیت نەیتروكێنم ،

بۆ ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم
نیگارێ هەڵكەنم شێوەی لێت بچێ ؛
تا هەرچەن گازی گرت لە لەش زنجیرم
ئازارم سووكتر كا خەیاڵی كچێ :

كە شۆخەو قژ زەردەو ، باڵا ڕێك‌و بەرز ،
خەمخواری نەناسە وەك فریشتەی عەرز !...

بەردەنووسێك

« لەسەر كێلی تلكۆی گەورە كچێك هەلكەندراوە »

لە خاكی گلكۆما ئەی گۆڕستان گەڕ
ئاختیك بنێژە ؛
بە كێلی مەڕمەڕما نرمێسكێكی تەڕ
لە چاو بڕێژە !

لە دنیای ڕووناكتا منیش گیانێ بووم
لە لەشی جوانا ؛
وێنەی پەپوولەیەك ئەهاتم ئەچووم
بەناو گوڵانا !

كۆشی گەرمی دایك جێگای نازم بوو ،
گیان بووم لای باوك ؛
ناوبانگی چاوڕەشی ڕوشنەی ڕازم بوو ،
بووبوو بە لاوك ؛

بەڵام ئاخ كە ئالەی لاوكی لاوان
زوو مەستی كردم ،

به ڕێی عەشقی پاکا نام مڵر ، تاوان
بۆ لاڕێی بردم !

لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما ،
بە سوێندو پەیمان :
وەڵ ڕەشمار پەپکەی خوارد ، نووست لە ئاوجێما ؛
ئابڕووەمی تکان !...

پاش ئەوەی ماری پیس زەهری خۆی ڕژان ،
کشایەوە کون ؛
هۆی شەرمی لە باوکم کرد بە مایەی وان
کەتن‌کەری ون ...

ڕووی نیازی زەردی دایك‌و باوکۆو خۆم
بێ‌سوود کەوتە گەڕ ،
خۆشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بۆم ،
گوێی لێ کردین کەڕ !

ئەو کوڕ بوو ، سەرمڕای ئەوەش دەستدار بوو ،
بە دەستووری گەل
ناپاکیی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو ؛
بەڵام ، ئاخ ئەجەل !

منی (کچ) مامزی بەندیخانەی ژین :
سزای تاوانم ،

به دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین !...
بڕچی پەخشانم ،

تلا لە خوێنەوەو کەوتە سەر چاوم ،
ئیتر نەمبینی :
لە جەرگی باوکما سەری بڕاوم
چۆن بوو بڕینی ؟

یان دایکی دڵسۆزم وێرای بە بێشەرم
بۆ جوانەمەرگی
وەك دایکان شیوەتێك بگێڕێ بە گەرم ؛
ڕەشکا بۆی بەرگی !...

قالــه مرد

عاسمانی شینی ئەیلوولی قژ زەرد ،
نازانی تینووی فرمێسکە ڕووی هەرد ؟

نازانی کزەی هەڵاسەی بێتین ،
چەند گەڵایەکی زەردی بۆ هانین :

بە ڕەنگی فرمێسک لێڕان نووسرابوو ،
قالە مرد ، هەی داخ ، باخ بەرەڵڵا بوو ؟

شا غونچەی خەڵفی تافی جوانی ،
بوو بە داخی دڵ گەڵاڕێزانی ؟!...

عاسمان سا بگری بە بێهیوایی ،
فرمێسک بڕێژە : تك تك ، ئەسپایی !

فرمێسکی تك تك ، لێکدانەوەی مەنگ ،
نیشانەی جۆشە بۆ دڵی زۆر تەنگ !!

قالە مرد ، قالەی ئایشە خانو کورد ،
قالە نا ، دایکی قالە مرد ، کورد مرد ؟

قالەی خوشکانو قالەی خزمانی
ڕووناکیی چاوی گشت سلێمانی

کزەی بای مەرگی پێش‌وادە دای لێی ،
ئێتر ئێجگاری تاریك داهات جێی ،

تاقە تروسکەی وەجاغی بوو ، ئاخ !
تاقە نەمامی ناوباغی بوو ، ئاخ !

لە ناوەڕاستی شەقامی عومرا ،
ئایشە خان ، سا مەرگ ! قالە ون کرا ..

قالە تیری مەرگ پێش وادە پێکای ،
ڕۆڵەی گەورەت مرد ، ئای ئایشە خان ئای !...

نا ، نەمرد قالە ، تەنیا قالەی لەش ،
کەوتە ئەودیوی پەردەی ئەودیو ڕەش ؛

بەڵام نالەی گیان ، قالەی دروستی ،
هەرگیز ون نابێ لە باغچەی هەستی !

یادی گەورەیی‌و شیرینی‌و چاکیی :
بەڵگەی مانە بۆ ژیانی پاکی !...

لە بەندیخانە .. [1]

تاوانم کرد .. گەل پێوە نام مۆری ناپاکی ، [2]
بۆ زیندانە کۆچی ژینم ، دنیای ڕووناکی !

وتم : گەل .. نەء ! گەلفرۆشی دەزگاو دووکانگێڕ ،
عاری تێر پۆش ، خەوشی برسی موو بە موو ژمێر ! [3]

دزی تێرو بێرێبوستی نارده سەر برسی ،
وتیان دزەو پرسیارێکی زۆریان لێ پرسی ..

کابرای برسیی بێتاوانیش مل کەچو سەر شۆڕ ،
چۆنیان لێ ویست بۆی هەڵپشتن وەڵامێکی زۆر ! [4]

کار تەواو بوو ، قۆچی دزی بوو بە سندووقبڕ ؛
میشك ماندوو ، دل بریندار ، گوێ لە توانج پڕ ...

لوولەی تفەنگ لە بڕبڕەی پشتی قایم بوو ،
تەقەی پۆستاڵ بەشوێنەوە : هەر هات‌و هەر چوو ..

---

(١) مامۆستا گۆران ئەم پارچە شیعرەی پاش گرتنی یەکەمجاری لە زیندانا وتووەو هەر لەویێوە نارد‌وویەتە دەرەوەو لە ژمارە ١١٠٢ی ڕۆژنامەی (ژین)ی ڕۆژی ٥/٦/١٩٥٢دا بڵاوکراوەتەوە م.م.ك.

(٢) تاوان : جورم ، جەریمە .

(٣) خەوش : عەیب ، ناتەواوی .

(٤) وەڵام : جـواب .

ئەوا ئێستا باغچەی ژین‌و شیعرو خەیالی
بوو بە زووری بەندیخانەی تاریک‌و خالی !

سا خوات لەگەل دنیای جوانی ! دنیای ڕووناکی !
تاوانم کرد ، گەل پێوە نام ، مۆری ناپاکی !

ئیتر من هیچ نە ئادەمیم ، نە نیشتمانی ،
نە ئەندامی ئەم کۆمەڵەم ، نە کوردستانی ..

نا ، بۆ کوردێك کەرە ئێستا کوردستان ون ،
چەرچیی‌ەکانی ئێستیعمارم لێ ئەبنە دوشمن !

لە عێراقاو بە قانوونو پێڕەوی عێراقی :
کوردێك گیراو بەندو زنجیر کرایە لاقی ،

حەقی وەك کورد هەر نەبووەو ، هیی وەك عێراقیش
بزر ئەکا ، لە بەندیشاو لەپاشی بەندیش !...(٥)

* * *

ئێستا منو خەڵقی ئەودیو ئەم چوار دیوارە
لە بابەتی جۆێ شێڵراوە ، هەستیان ، دیارە ! (٦)

ئەوان چەشنی فریشتەن‌و بێ‌گەردو پاکن ،
دڵیا هەر بۆ ئەوان خوڵقا ئەوەندە چاکن !

بۆیان هەیە بەپێی دڵخواز بخۆن ، بنۆشن ،
سەربەست بژین ، بەختیاری پێك پێك بنۆشن ،

---

(٥) بزرکردن : ون‌کردن .
(٦) هەستی : وجود ، پێچەوانەی عەدەم .

گوێ بگرن تێر له ئاوازەی مۆسیقای شیرین ،
کۆڕی بەزم‌و ئاهەنگ بکەن پڕ له پێکەنین ،

بەناو جوانیی طەبیعەتا بێن‌و بچن مەست ،
بۆ کام میوەی زۆر سەرچلە درێژ بکەن دەست ...

بەڵام من‌و وەك منەکانی بەدبەخانە ،
دروست بوونمان له قوڕێکە ئەهرەمەنانە !

بۆ تاریکی ، بۆ شەرم‌و عار ، بۆ خەم خوڵقاوین ،
له بەهەشتی ئەودیو دیوار بێبەش کراوین !

مانگ‌و ڕۆژو ئەستێرەی خواش لەگەڵ دەشت‌و دەر ،
قانوون ئەڵێ : قەدەغەیە دەرحەق تاوانکەر !

* * *

ئەی مانگ‌و ڕۆژ ، ئەستێرەی شەو ، هەڵمەبەن ئێتر
بۆ ئەودیوی بە نهێنی له تاوانکەر پڕ !

بۆ ئەودیوی بەئاشکرا فەضیلەت فڕۆش ،
له پەناوە پاسکەری دز ، واعیظی سەرخۆش !

بۆ ئەودیوی شێخ‌و مەلا بەشی زۆر جاسووس ،
زوربەی ئاغا بە پێست مەردو ، بە ئێسك بێناموس

بۆ زۆرداری ناوخۆ دڕو ، لەلای بێگانە
دەست لەسەر سنگ لەبەرئەکەن جلی ژنانە !

بۆ ئەودیوی کە زۆر پیاوی گەورەو ئاوداری (۲)
گیانی چەورو چلکنە وەك لەشی هەواری !

---

(۲) ئـاودار : بەناوبانگ .

بۆ ئەودیوی پڕ لە درۆو پڕ لە دەسیسە ،
بۆ ئەودیوی کە هیچ نەبێ وەك ئەمدیو پیسە !

ئەی تیژگی ڕۆژ ! ئەو ولاتەی کۆمەڵی پاکە ،
ئەندامێکی وەك منی تیا ئازادو چاکە ؛

ئەندامێکی وەك منی بۆ شیعرو ئەدەب زاو ،
تیا نابێتە پارەدزی برسیو ناتەواو !

دزی برسی ــ یان طەمەعکار ! ــ دەوری فرمانی
ناگرن ، هەتا بە قوڕ بگرن مالی وێرانی !

ئەو کۆمەڵەی خوا پێداوە ، خاوەن بەهرەی فەن
بۆ پیا نازین بەختێو ئەکا ، نەك ڕیسوایی‌و پەن ! ...

بلبڵ بووم ئامادە بووم هەتا بمێنم
بە نانی وشك ، بەرگی پەڵاس بۆ گەل بخرێنم

بەڵام گەلی بە شرینقە خەو لێ خراوم
گوێی نەدامی هەتا کەوتم ، چڵکن بوو ناوم !

* * *

ئەی ترپەی مانگی سپیی دەرکی دەلاقە ، (٨)
با پیس نەبی ، خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە !

ولاتەکە داگیرکراو ، نەتەوە دیلە ، (٩)
باو لای دوشمن نامەردێتی ، مەردی زەلیلە !

---

(٨) دەلاقە : کون ، پەنجەرەی بچووك .

(٩) نەتەوە : قەوم .

کای لەبەر سەگ دانراوە ، ئێستاش بۆ ئەسپە ؛
سەر لە جێی کلك بەند کراوە ، کلك لە سەر چەسپە !

شێوێنراوە بە دەستی قەست شیرازەی کاری ،
تا ئاسان بێ بۆ سوورفلی چرچ ئیستیعماری ؛

وەك بزنمژ دەم بنێتە جواناوی نەوتی ،
لێی دەرهێنێ دوا دەنك‌و فلسی دەستكەوتی !

ئەی مانگی بەرز ، سا هانا بێ ، مل بنێ بۆ دوور ،
بۆ ولاتێك جێی نیظام بێ‌و سەربەست‌و ڕووسوور ،

بۆ ولاتێك هاوئیشتمان تیایا ئازاد بێ ،
زێری دڵسۆز باوك بێت‌و گەلێش ئەولاد بێ !

هەر ئەندامە بەپێی بەهرەو لێهاتنی خۆی ،
ماوەو جێگای فرمان کردن ڕێك‌خرابێ بۆی ٠

ئێش‌بکات‌و ، نان بخوات‌و ، بەرگی خۆی بدرێ ،
بە بێ‌ئەوەی ناچار ببێ ڕێی ناوان بگرێ !

ئا لەو خاکە پرشنگ ڕێژێی برچی زێڕینت ،
ئەی مانگی جوان سەنگین ئەکا لرخی بینینت ! ٠٠٠

* * *

ئەی ئەستێرە ! ئەستێرەکان ٠٠ بەرزو گەش‌و دوور ٠٠٠
ئەگەرچی من ناتانبینم لەبەر سەقفی ژوور ،

بەڵام دیارە ، ئێستا جوان جوان چاو ئەتروکێنن ،
ڕووی ئاسمانی شینی ژوور سەر پێ‌ئەکەنن !

ئاخ ، نازانن خاوەن چێژان ، فرمێسکی چاوبان [10]
ڕێگا نادا بڕوانە زینەتی ئاسمان ،

لەم ولاتەی کە ڕووی خاکی گوڵگوڵیی داغە ،
بڕێنی جەرگ لە باغچەیا لە جێی گوڵباغە !

خواتان لەگەڵ ، ئێوەش بڕۆن ، لێرە ئاوا بن ،
با نەکەون وەک من کەوتم ، ئەستێرەی چا بن ! ...

* * *

ئەی دنیای جوان ، دنیای بەهار ، دنیای ڕووناکی ،
ناوانم کرد ، گەل پێوە نام مۆری ناپاکی ،

فرێی دامە پشتی دەرگای ئاسنو پۆڵا ،
لە ژوورێکی تەنگەلانی تاریکو چۆڵا ...

لەگەڵ ئەوەی گیانم تیایە بە هەناسەو نەبز ،
ئەڵێی مردووم خزاوەتە ژێر ئەلحەدی قەبز ؛

بە قەد کونی دەلاقەکەم ئاسمان دیارە ،
ئەمە هەموو ناونیشانی ڕۆژی بەهارە :

بۆ بەندیەک کە زیندانی دڵی خەمباری
دوا دەلاقەی گیراوە لە ڕۆژی بەهاری ،

بۆ بەندیەک کە پەنوەندیی لەگەڵ دنیای دەر
بەدەستی (داد) پچڕێنراوە ؛ هاوڕێو برادەر [11]

---

(١٠) چێژ : ذەوق . خاوەن چێژ : واتە خاوەن ذەوق .
(١١) داد : عەدالەت .

لە کردەوەی ناشیرینی لێوبان گەزیوە ،
لە هاوڕێیەو برادەریی دەستیان سڕیوە ..

بۆ بەندیەك ، کە هیچ نەبێ تا بەرەڵڵا بێ ،
بەپێی قانوون کۆشێ منالی نابێ

کوڕی خەرجیی لێ وەرناگرێ ، کۆشی نابینێ ،
کچی ساوا ــ کێ چوزانێ ــ هەتا بمێنێ ! ...

وەلامی پرس

« پێشکەشە بۆ ئی. ئی. قاسیلییڤا ، لە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی کرەملین ، لە مۆسکۆ »

ڕاکشابووم لەسەر پشتم ،
دوکتورەکەم
ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم ...

ناڵیم : وەك دایکێکی دڵسۆز
فرمێسکی بۆ هەڵدەڕشتم ،
بەڵام ، تەواو وەك کچی خۆم ،
دەستی ئەخستە ناو مشتم ،
بە چاوی پڕ لە هەستی جوان
ئەیکرد تەماشای سروشتم ،
ئەیپرسی لێم : بۆچ وا ماتی ؟
بۆچ هەمیشە خەمبار دیاری ؟
بۆ من ئەم پرسە وەك هەنگوین
ئەتکایە سەر لێو لە زاری
بەڵام بۆ خۆشکانی بەردەست
سیس‌کردنی گوڵ بوو کاری ..

دوو سێ کچ بوون وەك دوکتۆر خۆی ،
خەمخواریان لێ ئەباری ،
تەك هەر بۆ تیماری دەردم ،
بۆ چارەش بۆ باغچەی زەردم !

* * *

بەڵێ ، دوکتۆر ! خوشکان ! ماتم ،
هەر من نیم (مات)ی ولاتم ،
لەناو هەزارانا : تاك تاك
لێومان هەیە پێبکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
وا تازە خەلك هەنگاو ئەنێ !

١٩٦٢/٥/٢٥

بۆ گوڵی لاولاو [1]

بە کوڵ گریان نە چاوم دێ ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاو ڕەنگ !
لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو ؟ چیە ئەسبابی ژاکانت ؟
هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە . بۆچی وەها بێدەنگ
ئەژاکێی ؟ توخوا ، ئەی گوڵ ، صەبر .. دەستم بە دامانت !

صەبر تۆ بی خوا ! تاوێکیتر ڕاوەستە ، تا عومرم
وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوا بێ ؛
منیش هاوڕێی سەفەرتم ، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم !
منیش خیلقەت ، وەکوو تۆ ، وا نەبێ زۆرم لەگەڵ چا بێ !

منیش ، وەك تۆ ، بەقام کورتەو بەهارم تیژو کەم فرصەت ،
گەشەم مەیلەو زەواله چەشنی تۆ ، چەشنی هەموو دنیا ؛
وەکوو بارانی هاوین زوو ــ فەنایە عومری بێمروەت ؛
تەبەخخور مایەیە ، هەیهات ، بەچەشنی نەونمی سەرگیا ! ...

---

(۱) بنەڕەتی بیری ئەم هەڵبەستە لە شیعری ئینگلیزی وەرگیراوە .

ئەی نــەی

ئەی نەی چیبە وا بە سۆزو سازی ؟
بۆچ تۆش وەکو ئێمە عیشقبازی ؟
یا مەحرەمی ڕازی عاشقانی ؟
بۆ ئاهی دەروونی تەرجومانی ؟

لەبڕێزە دڵی ضەعیفو زارم ،
لەو عیشقە مەئاڵی ئیضطیرابە ،
لەوتایە کە پێوە بێقەرارم ،
لەو ساتەمە کە موهلیکی شەبابە !

ئامانی عەزیزی نەوجەوانیم
پامانی مەظالیمی زەمــانە ؛
هەر ئانیەیەك لە زیندەگانیم
عەصرێکی هەموو خەمی جیهانە !

ئەی نەی دە بە نەغمەیی خرۆشان
ئەم ناوە بەجارێ پڕ صەدا کە ؛
بۆ ڕۆحی شکستە بالی نــاڵان
لاوانەوەیەك بە کوڵ ئەدا کە ! ...

ئـاوێنەی هەستیم

هەر ذەرەیەك لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم ،
هەرچی حوجەیرەکانی هەیە کووڕەیی دڵم [1]
مەشبووعی عیشق‌و جەذبەیە ، بۆ جوانی باقڵم [2]
قابیل نیە فەراغەتم ، حەتتا کە بیشمرم !

نەمدی دەمێ لە وەختی تەفەککور وە مەشغەڵەم
لێی تێك‌نەدا خەیاڵی حوسنی ڕابیطە‌و قەرار ؛
بیرم نەچوو لە گەرمە خەوا ذیکرو فیکری یار ،
هەر عیشقی بێ‌بڕانەوە بوو عومری کورت‌و کەم ! ...

هەرچەن بتی جوانی بە عەکسی پەرستشم ،
هەر دووڕە لێم ، لە هەیکەڵی حوزن‌و قەڵەندەریم
هەر سڵ ئەکات‌و بێ‌بەشی نازو نەوازشم ...

لاکین چ باك ؟ ڕاستی‌یەکەی : چ دەستەڵات ؟
مایەو مەداری تەسلیەتی عەشقی مەعنەویم :
بووکی خەیاڵی شۆخمە سەرگەرمی ئیلتیفات ! ...

---

(۱) حوجەیرەکان : خەڵایا .
(۲) باقڵم : بە عەقڵم ، وائەزانم .

زەنگی پەستی [1]

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم ، هەڵسا زڕەی زەنگی فگاری ؛ [2]

بەئەسپایی ، بە بێهێزی ، بە عاستەم ،
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم !

بەئەسپایی ، بە لەرزۆکی ، هەواری ،
ئەنالێنێ لە شوێنی نادیاری ...

زمانێك دێتە گۆ هەرچەن زڕەی دێ ،
کە تێر نابم لە گوێ گرتن بە دوو گوێ !

زمانێك ، بەستەیەك ، دەنگێك ، نەوایەك ،
سکالایەك ، هەناسەو ئاخو ئایەك ...

کە تێناگەم ، کە نازانم ئەڵێ چی ،
بەڵام خوڕ خوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری !

---

(١) هەندێ جار ، لە تووڵبیی دڵما ، هەستی پەستی‌یەك ئەکەم ، لە چەشنە مەستی‌یەك ئەچێ . لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیرو خەیاڵو لێکدانەوە لێ ئەوروژێنێ ، شەکەم ئەکات ، کەچی ئەگەر سەردەمێکی نەخێنێ دڕێژ خۆیم لێ بشارێتەوە ، گیانم وەکوو منداڵ ، ئەکەوێتە بەیانی‌یەکی بە کوڵ بۆی ...
وبستم ئەم بیرانەم لە تاڵبی شیعردا دارێژم ، هەرچەن لێکۆشام ، هەر توانیم لەمە بێنمەدی .

(٢) فگاری : پەستی‌و ماجزی .

چیە ئەی ڕۆحی بێئیتوارو بێپەی ؛
لە تۆ ناشارەزایی من هەتا کەی ؟

چیە ئەم دەنگە ؟ ئەم ئاوازە دوورە ؟
کە پێهەڵهێنەری چاوی شوعوورە ؟

کە دێ پەستم ، کە نایە ئارەزووی دڵ
بە دوویا وێڵ ئەبێ : مەزڵ بە مەزڵ !

چیە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بە ماتی
کە ژێر تەم کەوتووە شوێنی وڵاتی ؟ ...

١٩٤٠

گیان

نازانم تۆ چیت ئەی گیان ؟
یاری نازداری ژیان ،

هێزی لەش جوولاندنم ،
هۆی گەرم‌و سارد چەشتنم ،

تینی دڵەی پڕ جۆشم ،
بزوێنی بیرو هۆشم ، (1)

هاوڕێی هەمیشەی عومرم :
لەوساوە بووم تا ئەمرم !

نازانم تۆ چیت ؟ من چیم ؟
تۆ من نیت ؟ یا من تۆ نیم ؟

تۆ دنیامی ؟ یا دنیام :
تۆی تیا هاتوویته ئەنجام ؟

تۆو ژیان کامتان کامن ؟
کامتان نەوتی چرامن ؟

یاخۆ پرشنگ کامتانن ؟
یا هەردوو : هەردوکتانن ؟

---

(1) بزوێن سووکەڵاوی بزوێنەر ، موحەرریک .

نـازانم‌و حەیرانم ،
ئەی تەلیـسمی ژیـانم !

هەر ئەوەندم لێ ڕوونە :
ئەنجام لە یەك جوێبوونە !

ڕۆژێك .. سبەی ، دووسبەی ؟
عایەن لێرە چۆن ، یا کەی ،

تۆ ون ئەبی ، لەش ئەمرێ ؛
لەش بە یـادگار قەبرێ

جێدێڵێ تـا زەمانێ ؛
بەڵام ، ئەی گیان ، تۆ کوانێ

بەڵـگەی مـانو نەمانت :
قەبرت یـا ناونیشانت ؟ ...

لە کەرکووکەوە بۆ دایکم نووسیوە

ئەی دایە ، ئەگەر ئەپرسی حالم :
« ئێ : تۆزش وەکو باقی بێرەحم نیت ،
تۆزقالێ ، کەمێ ڕەحم ئەزانیت ! »
ڕاستی شەوو ڕۆژ هەر دەنالم !

دەگریم‌و دەسووتیم هەروەکوو مۆم ،
ئاهم ئەگاتە گۆشی گەردوون ؛
مات‌و کزو مەلوول‌و مەحزوون
بۆ حالی غەریبی ، بێکەسیی خۆم ...

کەرکووك : ۱۹۲۱

کۆمەڵەی چوارەم

لاوک و پەیام

لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا

پێشەکی بەڵگە بەکورتی :

ئاشکرایە کۆمپانیای بەکوورەی بەکان (شیمالی بەکان) کۆمیونیستن . هەرچی منیشم بە ئایین موسوڵمانم و ، بە باوەڕی سیاسی دیموکراتم و ، بە شەرەفی جینسیە هاونیشتمانێکی عێراقیم . بەڵام جیاوازیی ئایین ، جیاوازیی ئایدیال ، جیاوازیی پێڕەوی فەرمانداری (نیظامی حوکم) چیبان هەیە بەسەر هەستەر عاطیفەیەکەوە کە لە قوولاییی سەرچاوەی ئینسانیەوە هەڵئەقوڵێ ؟ بە دوو چاوی زەق ئەبینم چەقۆ خراوەتە گۆشتی نەتەوەیەکی ئازای ئازاد ، تەنیا لەبەرئەوەی چۆن خۆی ئەیەوێ وا ئەڕی ، پاسەوانە ڕاستەقینەکانی دیموکراتیبش بە هەموو دڵ ڕەقییەوە ئەڵێن : نەء ، ئێمە چۆنمان ئەوێت لەبن وا بژیت !

هیچ کەس نەزانێت ، ئێمە (دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) باش ئەزانین ئەمانە ئەیانەوێ کڵۆڵی داگیرکراوی زێردەستیان چۆن بژی !

ئەمجا ، ئەگەر بەبۆنەی بەسەرهاتی داماوێی کوردباوە فریتێکیکی دڵسۆزانە بەسەر برینی هەردووڵای ئەوانیشو خۆشمانا بڕێژم ، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ زانی ڕێڵێگرتنم بە دڵ بهێنێ .

گـۆران
نـاری هەولێر ، ساڵی ١٩٥١

« گولاله برایمه .. گری .. گری »
« چوویته غەزای نـاو گاوری »
(فۆلکلۆری کورد)

ئازادی‌خواز ! گری .. گری ..
کەوته ژێر پێی درنج ، پەری :

کۆرپای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان ڕی) ، (١)

تەختو تاراجی تیلەدرا
لە فەرمانی (ماك ئارسەر)! !

ماك ئارسەری خوای سینگمان ڕی .. (٢)
ئازادی‌خواز ! گری .. گری ..

* * *

نیشتمانێك هەبوو : کۆرپا ..
گەلێك ، سەربەست تیایا ئەژیا ..

گەلێك ئەیویست بەری ڕەنجی
خۆی بیخواو ، کلیلی گەنجی

---

(١) سینگمان ڕی : سەرۆکی ئەوەمەی کۆرپای باشوور . م.م.ك .
(٢) ماك ئارسەر : فەرماندەی گشتیی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکاو دەولەتە نۆکەرەکانی بوو لە کۆرپا کە خۆیان ناونابوو هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان. م.م.ك.

نەداتە دەست ئیمپریالیست ؛
لێی قوڵبدا تۆزدە لە بیست ٠

گەلێك ئەیوست فەرمانداری
ئاغای نەبێو ساماندداری ،

تا دەست باتە دەست ئیستیعمار
بۆ مژینی خوێنی هەژار ٠

گەلێك ئەیوست ئاغای خۆی بێ
کەلکی گشت : ئامانجو هۆی بێ

نەهێڵێ تیر هەر گا خۆر بێ ،
سکی برسیش تا دێ زۆر بێ ٠٠

پۆشتە لە جل دۆلاب پڕ کا ،
بەشی لات هەر دەرێتی شڕ کا ٠٠

گەلێك ئەیوست کە ڕێی ژیان ،
بۆ پێش چاوی هاونیشتمان ،

ڕووزکاتەوەو ڕووزتری کا ٠
لە بەهرەی خوێندن پڕی کا ٠

دەرگای دەزگای پیشەو هونەر ،
بۆ ڕۆڵەی جووتیارو ڕەنجبەر ،

وا بخاتە سەر گازی پشت :
خۆزگەی پێتەدی کۆمەڵ گشت ٠٠

گەلێکی‌وا ئازاو سەربەست ،
بە باوەڕی ئازادی مەست ،

مێشك ڕووناك ، پڕ لە هێز لەش ،
خۆبەختکەر ، بە خەبات چەش ..

زنجیرێکی تێئالابوو :
هەر هەلقەی هەزار بەڵا بوو ..

زنجیر : زنجیری دیلی بوو ،
بۆ ئیستیعمار زەلیلی بوو ..

کلیل بە دەستی زنجیری
(کۆسلینگ)ی ماك : سینگمان ڕی[٣]

چاوی زەق ، ڕەپ گوێچکەکانی ،
چەشنی تووڵەی پاسەوانی

تا دەی ئەکرد ئاغای ماکی
چەشتر ئەبوو بۆ ناپاکی ...

* * *

ئازادیخواز ! گری .. گری ..
کەوتە ژێر پێی درێج ، پەری :

کۆربای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان ڕی)

---

(٣) کۆسلینگ : بەرپرسێکی نەرویجی بوو لە جەنگی دووهەمی جیهاندا ، بەپێچەوانەی سوودی خەباتی ئازادیبەخشی وڵاتەکەی ، دەستی لەگەڵ نازیبەکانی ئەڵمانیا تێکەڵکرد . م.م.ك.

نەختو تاراجی تیك‌درا
لە فەرمانی (ماك ئارسەر)ا !

ماك ئارسەری خوای سینگمان پی ..
ئازادی‌خواز ! گری .. گری ..

* * *

تەکانی دا تەتەوەی مەرد ،
بڕبەندی نا لە هەلقەی بەند ..

قەف قەف بڕی هەلقەی زنجیر ،
وەك لە مۆم بەی ، بە دەمی شیر ..

بەلام ، هێشتا پەرچێك مابوو ؛
نرکەی خوای دۆلار پەیا بوو :

خوای بە دراو بەرچاو گێژکەر ،
باوەڕی لەق لە خشتە بەر ،

خوای شەڕ ، گوناھ ، ستەم ، تاوان ،
ئەرەمەنی گەورەی دێوان .

مام سام خۆی‌و ئەکوانی دێو
(جۆنبۆل)ی پیر ، قلیان بە لێو

لەگەڵ سوپای وردە درنج
دایانە بەر دەشتی برنج ..

دەم ئاخنراو لە جنێوا
وروووزان لە دەریاو کێوا ..

له کێ ؟ له نەتەوەی کۆریا !
بۆچی ؟ چونکە مەردەمو وریا !

مل کەچ ناکا بۆ ئیستیعمار
بۆ ناپاکی ناوخۆی زۆردار ..

ئەیەوێ ئازاد ، یەک‌گرتوو
بژی ، نەک وەک کوردی نووستوو .

ئەهرەمەن ، ئەکوان لەگەلا ،
بۆمبای ئەتۆم لە باخەلا ،

سەر پڕ لە سەودای بەدکاری ،
زۆر بە سووری‌و بە لاساری

بۆسەر کۆریا تاوی داوە
هەر کۆریای چی ؟ کۆریا داوە

دانراوە بۆ کۆتری شین :
مەلی ئاشتیی بەهەشتی ژین .

بە ڕاست‌و چەپا ئەگەڕێ :
خاپوور ئەکاو ئەکوژێ‌و ئەبڕێ ..

وەک درندە لاشەی تێچێر
شڕ شڕ ئەکا بە کەلبەی پیر .

شەرمیش ناکا ، داڕزیوە ،
بە لۆزی خوێناویوە

ڕووی دەم ئەکاتە ئەنجومەن
ـ ئاخ دەست ناگاتە ئەنجومەن ! ـ

ئەڵێ : هەر خۆم پاسەوان
بۆ کۆتری ئاشتیی جیهان !

خۆم قەڵای دیموکراسی ،
بەختیوکەری لاتو برسی !

خۆم لە دەست جەورو ئازار ،
ڕزگارکەری کۆریای هەژار !

خۆم ، خۆم ، خۆم ، خۆم ..
بە کۆشکی دووصەد نوهۆم ..

بە باڵقی پڕ لە ملیارم ..
بە کەرخۆری دەنووك لارم .. (٤)

بە نەوسی سەر ئیستیعمار چووم ..
بە وێڕانی هەر زوو مردووم ..

بە قینم لە پێستی بەدڕەنگ :
زەردو ڕەشی وەك شەوەزەنگ ..

بە ڕقی زۆر زۆر بە قینم
لەو ژێردەستەی لێی لەبینم :

پەلەفڕێو دادو بێداد
بۆ ژینێکی نەختێك ئازاد ..

* * *

ئازادیخواز ! گری .. گری ..
کەوتە ژێر پێی درنج ، پەری :

---

(٤) مەبەست لە دروشمی دەوڵەتی ئەمەریکایە . م.م.ك .

کۆربای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان پی) ،

تەختو تاراجی تیکدرا
لە فەرمانی (ماك ئارسەر)ا !

ماك ئارسەری خوای سینگمان پی ..
ئازادیخواز ! گری .. گری ..

* * *

ئەی ماك ئارسەر ، ماك ئیستیعمار !
هێزی پێشێلکەری هەژار !

ئەی چەنگێزی ژێر بالی دال !
کۆنە تینووی خوێناوی ئال !

تێغی زۆرو ستەم ساو دە
ئەسپی جیهانگیری تاو دە

بڕۆ بگرەو شەقو پەق کە ..
لە دیلی گیراو چاو زەق کە ..

پێش پێ تێنان شار خاپوور کە ..
ئاسمانی وەك تەنوور سوور کە ..

بە ئاگری (نیرۆن)واری ، (٥)
با بسووتێ شارەو شاری ..

---

(٥) نیرۆنوار : لە چەشنی نیرۆن . نیرۆن ئیمپراتۆری رۆما بووە ؛ هەروا بۆ سەیر شاری رۆمای ئاگرتێبەرداوە . م.م.ك.

ئەمجا لە پشت مۆسیقاوە ،
بە دەم تریقەی قاقاوە ،

بچوزە سەر جێی بەرزی شار
تیر بمژە هەوای بۆچوونداری ! ..

ڕەنگە خۆش بێ ، پاش پیرۆزی ،
(ساوای سووتاو) بۆی بۆگرووزی ..[٦]

بەڵام ، لەشتەی جەورو ستەم ،
دڵنیا بە ، ماڵ ئارسەر ، کەم

بخایەنێو ، نەخایەنێ ،
ڕۆژێك سزای هەر ئەدەنێ ..

ئەمە خولی چەرخەو تەڕێخ ..
شیری تیژی دەست خوای میرێخ ..[٧]

ڕۆژێك ئەبێ ڕوو لە زۆردار
وەربگەڕێو ، ئەمجا کوشتار

بکەوێتە بەرەی ناحەق ،
خاوەن بڕواو بەرنامەی لەق ..

ئەوسا ، ئەی ماڵ تۆو تروومان ..[٨]
بۆ لێبووردن ، بۆ هەی ئامان !

---

(٦) لە دەستووسێکدا لەجیاتیی «ساوای سووتاو» نووسراوە « گۆشتی ساوا » . م.م.ك.

(٧) میرێرخ (مارس) : خوای شەڕ لای یۆنانیەکان . م.م.ك.

(٨) تروومان : سەرکۆماری ئەو سەردەمەی ئەمریکا . م.م.ك.

ڕووی زەردی شەرم ، ڕووی داوەشین ،
ئەگەنە کام خاوەن برین ؟!..

* * *

ئازادیخواز ! گری .. گری ..
کەوتە ژێر پێی درنج ، پەری :

کۆرپای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان ڕی) ،

تەختو تاراجی تیلکدرا
لە فەرمانی (ماك ئارسەر)! !

ماك ئارسەری خوای سینگمان ڕی ..
ئازادیخواز ! گری .. گری ..

* * *

ئەی سینگمان ڕی ! ئەی سینگمان ڕی !
پرسەی مەیتی کۆرپا ناگری ،

بۆ ماك ئارسەر پێئەکەنی ،
شەرمەزار بی ، چەن خایەنی !

چەن بە پایە دەسخەڕۆ بووی !
چۆن دۆلار لە خشتەی بردووی !

گریمان : نەك سەرەك ، تۆ شای ..
خێوی خوارو ژوورێ کۆرپای ..

بەڵام ، عەرشی ناو کەڵاوە
جێگای (بوو)وە ، نەك هیی پیاوە .

دۆلارێك ، لێی کیسە پڕی
هەرگیز ناتوانی پێی بکڕی

یەك تك چیرە ، لەو گشت ئاوە
کە لای گەل لە ڕووت نکاوە ..

لەپاشانا تۆ پاشا نیت ،
تۆکەرێکی ئاغایانیت ..

هەر سوورفلێك لێت پەیا بێ ،
لە هەچ کوێو ، هەچ کاتێکا بێ ،

ئەتوانێ چۆن ئارەزوو کا ،
لە پووشی حورمەتت فوو کا ..

دەس باتە جڵەوی کارت :
چۆن بۆی بلوێ قورس کا بارت ..

ئەم سوورفلەی چەتەوڵە ،
موو پووش ڕەنگەی ، ڕووی پێست شڵە

ئەم باڵ ڕووتی ، دوو لاق ڕووتە ،
هەڵتەمچاو چەناکەو لووتە ،

پێویست ناکا ماك ئارسەر بێ ،
سەرمك ، یا وەزیری دەر بێ ،

هەر (پانکی) بێ ، جۆن بێ ، جاك بێ ،
بە خوێن لە ڕەگەزی پاك بێ ،

گۆشی شیری ئیستیعمار بێ ،
ــ با تەنانەت خزمەتکار بێ ــ

مادام هاتە موستەعمەرە ،
گەر خوا نەبێ ، پێغەمبەرە ..

ئیتر ، شای ، وەزیری ، سەری
هەرچی تۆ هەی ئەی سینگمان ڕی !

ئەبێ کە دیت چارەی (یانکی) ،
گوێی خۆت ڕەپ کەی چەشنی (دۆنکی) [9] !

چۆن بارت کاو بتداتە بەر ،
ورتەت لە دەم نەیەتەدەر ...

* * *

ئازادیخواز ! گری .. گری ..
کەوتە ژێر پێی درنج ، پەری :

کۆربای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ (سینگمان ڕی) ،

تەختو تاراجی تیکدرا
لە فەرمانی (ماک ئارسەر)ا !

ماک ئارسەری خوای سینگمان ڕی ..
ئازادیخواز ! گری .. گری ..

* * *

(۹) دۆنکی : بە ئینگلیزی واتە گوێدرێژ . م.م.ک.

ئەی نەتەوەی کوردیای نەبەز !
ئەی سی ملیۆن لە زەرد ڕەگەز !

تۆ هەر ڕەنگ بی ، من هەر ڕەنگ بم
گەر نەتەرستم بە پەنگ بم !

گەر نەمەوێ سەرفەرازیت ؛
بە هەستی خۆتا شانازیت ،

گەر دوژمنی ئازادیی تۆ
بە دوژمن نەزانم بۆ خۆ ،

خوایە بەشم هەر دیلی بێ !
هەر ڕووزەردیی و زەلیلی بێ !

چونکە ، کوردیا ، هەردوو لامان
بۆ یەك دەرد ئەخوازین دەرمان :

کۆنەپەرستی ناوخۆمان
بۆتە شملێکی شەڕ بۆمان ..

ڕایکێشاوە دەستی یاری
بۆ ێنگانەی ئیستیعماری ..

بە هەردوو دوژمنی خوێنمژ ،
بە گشت چەکێ : لەش‌کوژ ، بیرکوژ ،

تێمان بەربوون ، ئەیانەوێ :
هەمان هەرگیز چنگ نەکەوێ .

تەکانێك بەین بۆ حەق سەندن :
وەك تۆ دات ، نەتەوەی مەزن !

بە هەڵپەی دەم ئەڵەڕێنن ،
دنیامان لێ ئەوروژێنن ،

بەڵام پەشمەو خەیالی خاو ..
چەرخی تەڕیخ بە چاوو ڕاو

بۆ هیچ هێزێك ڕاناوەستێ ،
دەستی حەق‌دار کەس نایەستێ ..

ڕاستە : ئەمڕۆ یەکمان نووستووین ،
ئەوی‌ترمان زەدەو ماندووین ،

بەڵام ڕۆژ دێو ، ئەڕواو ، ماوە
لە هیچ کامان نەگیراوە ..

ئەمان لە خەو بێزار ئەبن ،
ئەو تۆز لە پشتی ئەتەکێن ..

ئەوسا دووبارە پەلامار
ئاسانە بۆ سەر ستەمکار

* * *

ئازادی‌خواز ! گری .. گری ..
کەوتە ژێر پێی درنج ، پەری :

کۆڕیای ئازاد ، سەرانسەری
دیسانەوە (بۆ سینگمان ڕی) ،

تەختو تاراجی تیلکدرا
لە فەرمانی (مـاك ئارسەر)ا !

ماك ئارسەری خوای سینگمان ڕی ..
ئازادیخواز ! گری .. گری ..

* * *

ئەی نەتەوەی کوردی برسی !
عەرەب ، هیندی ، هەرکەس ، هەرچی !

ئەم قەوماوەی کۆربا پەلدە ،
بۆ گشت گەلی دیلو بەندە .

بە زمانی وەك ئـاو ڕەوان ،
ڕوون وەك ڕۆژی بەری ئاسمان ..

تیمان ئەگەیەنێت دوژمـن ،
جانەوەری درو نەوسـن !

بەم گشت کاسەی خوێنگێڕیەیە ،
گلاراوی پێش مەرگیـە ..

تەڕیخ لە پەڕەی بێباکا
وا ئەنووسێو درۆ نـاکا

ئەڵێ دەوری ئیستیعمار خۆی
هەڵنەکەنێ بۆ خۆی گلکۆی ،

تا ئەو زیـاتر داگیرکراو ،
بداتـە بـەر کەلەپەی سـواو ،

قەفی زنجیر ئەستوورتر کا
لەشکر سەوقی ڕێی دوورتر کا ،

دیارە چیۆ گەلی چەوساو
زووتر لە خەو هەڵدێنن چـاو ..

زیاتر خواستی بۆ ڕزگاربوون ،
ئەیانخاتە جۆشی هەڵچوون ..

ئەوسا دەزگاو دووکانی لەق ..
خۆت توند بگرە بۆ شڵپەی شەق . !

خۆت توند بگرە ، ئەی ئیستیمار !
ئەهرەمەنی جەورو ئازار ..

لەبەر هێزی حەقخوراوا ،
هێزی وەك ئـاگر جۆشـاوا ،

هێزی ڕۆژی بەرامبەر شەو ،
هی وریایی بەرامبەر خەو ،

هیی یەکێتی ، هیی زات ، باوەڕ
لەخۆبوردووییەوە بەرامبەر :

هێزی ترس و لەرزو سـستی ،
هیی گومانو خۆبەدەستی . !

خۆت توند بگرە هێزی گومڕا ،
تا مەرگانت دێ لەپڕا ،

تەپ ها !.. تریەت دێو لێکەو قووچ ،
بۆی ئەکەوێت دەعبای وەك حووچ !.

پەیامی کورد

بۆ سیرەی جافی چواری گەنجان و قوتابیان لە بۆفارستە

(١)

ئەی کۆترە سپیەکەی ناو هێلانەی بەرز !
لە گیانی پێکاسۆ ئیلهام ئەکەم قەرز

ئەمەوێ بتخەمە سەر بالی فڕین
بە ڕاستی بتێترم نەك بە خەوبینین ٠

بۆ شارێك : هەزاران لاوانی جیهان
بۆ ئاشتی ئەبەستن تیایا میهرەجان !

لاوانی حەوت کیشوەر لە بوخارستن ،
بە هەوای برایی و ئاشتی سەرمەستن !

بە صەدو یەك دەمو زمانی جیاواز
لەگەڵ یەك گەرمئەکەن گۆڕینەوەی ڕاز

بە صەدو یەك دەمو زمان ئەوترێ :
« ئەی هاوڕێی دوور وڵات ؛ تۆم زۆر خۆش ئەوێ ! »

قسەی وا پیرۆزی پڕ خۆشەویستی
تێیئەگا هەر لاوێك ــ بە گوێی دڵ ــ بیستی ٠٠

بزەو لەبزی شیرین ، نیگای گەرمو گوڕ ،
چوونە کۆڕی یاری و ، دانسی کچو کوڕ ،

مۆسیقاو هەڵبەستی نەبزی دڵ یەکخەر ،
نیگاری بە جوانی سرنج ڕاکێشەر ...

لە باغچەو مەیدانو جێگا گشتیەکان
بە ڕاستی بێزمان دێنە زمان !

چینی بۆ باڵقانی ئەبێ بە بلبل ،
کۆریایی و (یانکی)ی باش دەستئەکەنە مل ،

لاوی کورد ، دەست لە دەست برای هەرەبا ،
دەردی دڵ بۆ لاوی گشت جیهان ئەبا ..

تەنانەت لاوانی میترۆپۆلەکان
دانئەنێن بە حەقی کوردا بۆ ژیان !

(٢)

ئەی مەلی پەڵو پۆ سپی وەکو چۆر !
لە لوتکەی شاخەوە باڵ بگرە بە گوڕ

شاخەو شاخ ، دەشتاو دەشت ، دەریا بە دەریا ،
هەر بفڕەو مەوەستە تا ڕۆمانیا ..

پایتەخت : بوخارست .. شاری پێشکەوتوو
لە کۆنەپەرستی خۆ ڕزگار کردوو ،

جمەی دێ لە لاوو ئاشتی خوازانا
جوانترە لە جاران لە میهرجانا ! ..

ئەو لقە زەیتوونەی ناو دەنووکی سوور
بەسەرا بگێڕە حەوت جار خوارو ژوور !

هیزی لاو یەکبگرێ بۆ ئاشتیی دنیا
شەڕفرۆش مەگەر قوڕ بکا بەسەریا !

نە تەقە لە کۆریا ، نە لە هیندی چین
ئەمێنێ ، نە ئێمەیش تووشی شەڕ ئەبین

بۆئەوەی « خێو »ەکان لە وال‌ستریتا
گۆشتاومان زلمنج کەن لەگەل تریتا ..

ئەم دنیا ڕووخاوو ڕوو بریندارە
ماوەی چنگ‌ئەکەوێ دەرد بکا چارە :

هیچ نەبێ هەتیوێك ئەگا بە دالدە ،
بەندی‌یەك لە زنجیر ئەبێ ئازادە ...

ورگێکی خەوێران پڕ ئەکرێ لە نان
نەخۆشێك شیفای دێ بە داوو دەرمان

ڕووتەیەك پارچەیەك جلی پێ ئەبڕێ
بۆی ئەلوێ پێك‌بێنێ چەپەرە شڕێ ..

پیرێکی پەك‌کەوتوو ، یان ژنی داماو
لەبڕسا مردنیان دل ناکا بە ئاو ،

یا ساوای لە چەقی ڕێگا تووڕدراو
گەل ئەبێ بە دایکی‌و ئەیهێنێتە نـاو

سەگ نایخوا ، وەك پلێك گۆشتی پێ‌تاوان
تا ئاڕووی ئەم عەصرەی پێ بەرێ ئینسان !

(٣)

ئەی کۆتر ! ئەی پەمزی ئاشتی‌و ئاسایش !
ئەمەیە ــ کە لاوان کردوویانە ــ ئیش ..

بۆ ئاشتی گلێرن .. بۆ خۆشەویستی ..
لە ڕێگای ئامانجا لاو ناکا سستی ..

دنیایین دەزگای شەڕ سەرەوژێر ئەکەن
ئەمڕۆ بێ ، سبەی بێ ، بە ئامانج ئەگەن ..

ئەو تۆوەی ئەیچێنن ، بە نیازی پاک
بەهەشتێك ئەڕوێنن ــ بۆ گشت ــ لە ڕووی خاك !

لاوانێك لە پشتی ئەوان دێنە خوار
دنیایەك ئەبینن دوانزە مانگ بەهار .

نە فرمێسك ، نە ناڵە ، نە هەناسەو خەم
ئەو دنیا جوانەیان ناخاتە ژێر تەم !

ئینسانی ئەو حەڵەی بۆ خۆشی هەوڵدەر
بێخەم‌و بەختیار ژین ئەباتە سەر ! ...

(٤)

ئەی کۆتر ! ئەی شابال مەشخەڵی سپی !
بۆ گەشتی بوخارست ئەبێ ڕابەر بی

ڕێگای ڕاست پیشاندەی بە لاوانی کورد
دوشمن ڕێی تەلیون بە داوی ورد ورد .

دوشمنی گەورەی کورد ، ئیستیعماری پیر ،
نۆکەری هانداوە دەستبدەنە شیر

به ڕاستو به چەپـا مل بەڕێنن
سزای ئاشتیخوازی لە گەل بستێنن !

ئەم چلکاوخۆرانەی ئیمپریالیزم ،
پاڵەوان کەچەڵی ڕێگای فاشیزم

هەربەکە لەلایەك دیکتاتۆرێکن
بۆ بێشەرمی کردن ئێستڕە تۆڕێکن !

جوونەمان لێ ئەدەن ، گازمان لێ ئەگرن ،
نەختێك حەق داوا کەین لەداخا ئەمرن .

ڕەخنەیان لێ بگرین ڕەخنەیەکی ڕاست
سوێن ئەخۆن بە خەروار ، کە زۆر ڕەش بوو ماست !

بڵێین : (لەل) وەکوو هار دەستئەدەنە شیر
ئەوەندە ترساون لە ئازادیی بیر !

ترساون ، بە ڕاستی ئەوەن ترساون ،
هەموو لەش هەر گوێچکەن ، هەموو لەش چاون !

حیسابی جوولەی موو ، دەنگی نەبزی دڵ
ئەپرسن لەو لاوەی کە لێی ئەکەن سڵ !

بۆیە تۆم پێویستە بۆ ڕێی میهرجان
لاوەکان لە دەستم نەچن ، کۆتری جوان !

کورد لاوی هۆشیارو نەختێك خوێندەوار
تاقە یەك شك ئەبا ــ بەڵکو ! ــ لە هەزار !

(٥)

لاوی کورد : زنجیری دەرەبەگ لە مل
شەوو ڕۆژ ڕەنج‌ئەدا بێ ئانۆ بێ جل

یان لەپڕ ئەیگرن ، ئەیخەنە زێر چەک
بۆ ئیمپریالیستی ئاغای دەرەبەگ

یان لە ئیحتیکاری نەوتا پالەپە
ڕۆژی چەوساوەوە ، شەوی نالەپە

یان کەمەر شکاوی کۆلی گرانە
بەئەرزا کشانی بۆ سوالی نانە

یان لەسەر سووسەیەک بیرو بڕوای سوور
ئەیتڕێن زنجیربەند بۆ زیندانی دوور !

ئەگەر هات بەلگەیەک کەوتە دەست میری !
هەر سەرەو ئەپەڕێ بە دەمی شیری !

وا قورس بێ چەپۆکی کۆنەپەرستی
ئیتر لاو چۆن بیا بۆ قەلەم دەستی ؟...

ئەم لاوە کەمانەی کە خوێندەوارن ،
ڕێگا پیشاندەری گەلی ژێر بارن ،

ئا لەبەرئەوەیە زۆر بە خەمخواری
ئەسپێرێ بە تۆ لاو لە کوردەواری !

لە ڕەمزی بەرزی تۆ وەهام تکایە :
شابالی سپیتی بۆ بکەی بە سایە

تا ئەیەی ئەیخەیتە کۆڕی میهرەجان
با دەمی بگاتە لاوانی جیهان

لەو کۆڕە پیرۆزو بەرزەی لاوانا
بنوێنێ (ئاشتیخواز) لە کوردستانا ...

(٦)

ئەمەوێ لاوی کورد بخاتە سەر دەست :
ئەو دڵ گەرمەی خۆی کە پڕە لە هەست

بیگێڕێ بەناو گشت دەستەی لاوانا
هەستی خۆی جارێدا بەناو جیهانا !

ئەڵێ من کوردمو دواکەوتوو و بچووك
ئەترسم ببینرێم بە چاوێلکەی سووك .

شەبەقێك هاتوەتە ئاسۆ بۆ ئینسان :
نانوێنێ بچووکیو گەورەیی گەلان ...

شەبەقێك لە ڕۆژی مارکسو لەنین
مەشخەڵ بوو بۆ دەستی هاوڕێ ستالین

ئێستاکە خەلیفەی گرانبەهای ئەو
جیهانی پێ ئەبا بۆ ئاشتی بەدەو ..

ئەوڕۆژەی کە ڕەنگی پێست ، ژمارەی سەر ،
جیاوازیی چێو دین ئەگرێ بەرامبەر

لە ڕۆمانیا چەند ڕۆژێك هەتاو
بۆ لاوی کورد ئەکا بە زاخاوی چاو !

ئەگەڕێ ، تەماشا ئەکاو ئەبینێ :
گەلێکی تێکۆشەر ئەڕی ، چڕینێ ؟

لە شوێنی کەلاوەی وێرانی مێژوو
داناوە چەکۆشکێن بە میشک‌و بازوو

کەچی شەڕفرۆشی خاوەن سەرمایە
دەستێکی میکرۆبەو دەستێک بۆمبایە

مرقی خۆش‌کردووە ئەم دەزگا جوانە
خاپوور کاو ، بایەقوش تیا بگرێ لانە !

(٧)

بەڵام ، ئەی بالداری سپی ئاشتی !
دووبارە پێت‌ئەڵێم گەرچی پێم‌وتی :

لاواتێک کە ئێستا لە بوخارستن
نوێنەری گەلانی ئاشتی‌پەرستن !

بڕوانە ماسوولکەی لەشی پۆڵایان
بڕوانە پرشنگی عەزمی ئیگایان

بڕوانە یەکیەتیی میشک‌و دڵیان ..
بڕوانە ئارەزووی بۆ ژین بەکوڵیان ..

ئەمانە خۆیان‌و گشت هاوتەمەنیان
بۆ پاسی ئاشتیی دنیاو وەطەنیان ،

لەشکرین ، ئامادەن بین بە عەسکەر ،
پێویست بێتە پێشێ درێغ نەکەن سەر !

ناخۆشە ئەگەرچی لە ژیان بووردن ،
بەڵام ناخۆشترە بە سەرجەم مردن ..

(٨)

لاوی کورد کە گرتی ڕێی گەڕانەوە
بە دیاریی ئەم بیرو باوەڕانەوە ،

بەیداخێك هەڵئەکا وێنەی تۆ لەسەر
بۆ گشت لای ولاتی ئەکا بە سێبەر ..

ئەو حەلە دوژمنی بە شەڕ قنیاتکەر
وەك لاکێك لە ماڵمان ئەکێشینەدەر

دوای ئەمە ئێمەین و نوێکردنەوەی ماڵ :
هەر دە ساڵ لە تەڕیخ ئەبڕین بە یەك ساڵ ..

ئاوی چەم ئەکێشین بۆ سەر لووتکەی شاخ
بەردی ڕەق دەردێنین ، جێی ئەکەین بە باخ

لەسەر هەر لووتکەیەك ، تەپۆلکەو یاڵێ
هەر بن‌دار بەڕوویەك ئەکەین بە ماڵێ

دڕێزیی ئاو دۆڵو ، پانایی ئاو دەشت
بە تەلاری جوان جوان ئەکەین بە بەهەشت

زەوی‌وزار بە بەری ڕەنجی تراکتۆر
عەمارمان پڕئەکات لە گەنمی زۆر ..

نەوتمان ، کارگامان ، بەرهەمی کانمان .
نادزرێو ، نرخەکەی دێتە گیرفانمان .

چ خێری نیشتمان ، چ ئارەقی ڕەنج
کوردستان سەرانسەر پڕئەکا لە گەنج !

باغچەمان سەرانسەر گوڵی ئەپشکوێ
بڵبڵمان فێرئەبێ بە ئاوازەی نوێ

تەنانەت لە پێشکەی ساوامان ، گریان
وزئەکا ، موعجیزەی بەختیار ژیان !...

کۆمەڵـــەی پێنجەم

لە کۆڕی خەباتا

شەهید

« بە یادی شەشی ئەیلوول ، شەڕی بەردەرکی سەراوە »

هەزارو نۆسەدو سی بوو ، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵهات :
غریوی وێستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی ؛
(هەڵۆ بەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەطەن ئاوات ،
لەپێش جەمێکەوە تا بەرسەرا ڕووی هەڵەتی هانی .

لەگەڵ یارانی ئەیوت : « ئەی حوکوومەت ! تا نەکەی تەثبیت
حوقووقی کوردەواری ، نایەوێ کورد ئینتیخاباتت ؛
ئەوانەی بانگکرانو تۆ بە قووەت دەوریان ئەگریت :
دەنێو قازانج پەرستن ، هیچ نەبێ پێیان موبالاتت !

ئەوانە کەی لە میللەت بوون هەتا تەمثیلی ڕەئیی کەن ؟
حوکوومەت ! ئێمە کوردین ، وا ئەڵێین : « نامانەوێ نوواب
کە داوێنی غەرەز بگرن بە هەردوو دەست ، وەطەن بەردەن !
لەکەی ، مەشرووع نیە .. دەرکە لە سەر سەودایی ئینتیخاب !.. »

ئەمە جوملەی قسەو ئامالی یارانی هەڵۆ بەگ بوو ،
نە نامەشرووعی تیا بوو ، نە تەجاوز بوو بە ئەمنیەت ..

کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتڵی عام دەرچوو ؛
درایە بەر شەقەی شەستیر ڕجاو ئامالی میللیەت !

شەقەی شەستیرو قرچەی دەستڕێژو هەڵمەتی سونگی
بە خوێنی وردی بێتاوان شەپۆلی خستە سەرجادە :
نەما جوانێ کە سونگی نەیسیێ صەد کەڕمت سنگی ،
نەما پیرێ لە ڕیزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە ! ...

هەڵۆ بەگ گوللەیی ئەووەڵ لە ڕانی دا ، دووەم دەستی :
کە خۆی‌و قەومەکەی وا دی ، بە چەشنی شێر نرکانی ،
پەلاماری کە دا بۆ ضابطێ : یەك زلە خپ خستی ..
دەمانچەی سەنگ لە دەستی‌و ئاگری دا تاوەکوو توانی ...

بەڵام فیشەك نەما ، هەر ضابطو یەك دوو نەفەر کەوتن ..
لەپاشا عەسکەریش دەستڕێژی لێ کردو بە لادا هات ؛
لەسەر دەربایی خوێن بوو کەشتیی‌یی عومری بەرەو مردن
ئەچوو ، ئەیوت : خوا حافیظ ، ئەوا ئەمرم ومطەن ! هەیهات ،

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەستی ،
هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما ،
ژیانم عارو ذیللەت بوو لەژێر پێڵاوی دوشمنما ،
بە خوێن بێ‌و ، گڵ هەڵی‌لووشێ ، کەوابێ ، هەیکەلی هەستی ! ...

خواکەی بولبولی باغی سەرا ! .. هەرچەندە پایزە ،
بە خوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم ، سا بۆم بلاوێنە !

لەگەڵ ئەو جوانە پاکانەی لە دەورم مەیتیان ڕیزە
لە خوێنا وێنە شێواوین ، بە دایکمان بناسێنە ! ...

بڵێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر تەختم ،
نەڵێ خۆی بۆ وەطەن کوشتو لەڕێی عەشقی منا نەڕۆیا ..
وەظیفەم بوو لەپێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم :
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیاو کەڕۆیا !...

ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ ، پێی بڵێ : ڕۆڵە
لە من فرمێسکی وبست باوکت ، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە ! ...

هەڵەبجە . ئەیلوولی ١٩٣٢

زیندانی ئەژدەهاك [1]

« بۆ بەکانی فاشیزم »

ئەژدەهاك ! زیندانت قەلا ــ قەلایە ؛
دیواری کۆنکرێت ، دەرگای پۆلایە .

ئەژدەهاك ! کۆنبڕە ، سەختە زیندانت ،
ناڕووشێ بە بڕبەن بەندی گرانت !

هێزی لەشمرێنە کۆت‌و زنجیرت ؛
کاریەیە لە دەمار ناپاکیی بیرت .

دڵڕەقیت هەر تاوە چەشنە سزایە
بۆ بەلدیی خاوەن هۆش ئەخاتە کایە .

هێند چەشن سەربڕو زیندانەوانت ،
سەرخۆشن بە خوێنی گشت بەندیەکانت !

ئەژدەهاك ! ئەی دێوی لە (بیر) زراو چوو ،
ئەی ئاشتای مارانت بە مێشك کردوو !

ئەو مێشك تازانەی زنجیرت کردوون ،
لە لێوی پێچاڵی مەرگا ڕاتگرتوون ،

---

1) ئەژدەهاك : ضوحاك . سووك‌کراوی (ئەژیدهاك)ە .

چاوەڕێی فەرمانی بە ڕێی نەهاتا
ببڕێنە بەر تەناف لە تۆرەو کاتا ،

مێشکیان ، ئامانجیان ، هیواو تاسەیان
لە پەتا بتاسێ وەك هەناسەیان !

ئەمانە گشت ئەڕۆن ، ئەیانڕەوێنی ،
هیچ نەبێ لە بەندا ئەیانڕزێنی ...

بەڵام تۆ ، ئەودەمەك ، لە هەڵپەی خۆراك
ناتوانی بکەوی بۆ ماری ناپاك ؛

هەر ئەگری ، ئەکوژی ، ئەدەی لە گەردن ،
مێشك دەرخوارد ئەدەی بە ماری نەوسن ...

تا ڕۆژێك ئەو خوێنەی بە ناحەق ڕشتت ،
ئەو بیرەی وات‌زانی ئێجگاری کوشتت ،

تاو ئەدەن تەنووری دەماری کاوە ،
ئەو چەکوش وەشێنەی ڕۆڵە کوژراوە

ئەخرۆشێو ئەجۆشێو کۆمەڵ یەك‌ئەخا ،
هەر هەڵساو ئەبینی زیندانت ڕووخا !

ئەو حەڵە هەر لاوێ لە زیندانتا مرد
ئەبێتە مایەی بەخ بۆ نەتەوەی کورد ؛

لە بنکەی پەیکەریا ئەنووسرێ ناوی
لەگەڵ گشت کردەوەی پەسەندکراوی ! ...

سلێمانی ــ ۱۹۵۳

بەستەی نەبــەز

من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا
هەتاوی بیر ڕووناك ئەکا بەرچاوم ؛
بەناو هەزار حەلقەی داوی باریکا
قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم !

من ئەو دیلەم لە پشت شووڕای پۆڵاوە
ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز وێناکەم ؛
لە ڕووی ئاسمان بە گڕی سوور نووسراوە
بەندە یەندەی ئایین نامەی بڕواکەم !

من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە ؛
با سامدار بێو پڕ دڕك بێ ڕێی ڕاستم ،
مادام هێزی زوربەی گەلم لە پشتە :
دڕك گوڵەو ترس ئارامە بۆ خواستم !

من ئەو دیلەم کە سرنجی بێباکم ،
سڵ لە چاوی پڕ لە قینی زەق ناکا ؛
دانە چیڕەی گورگی هاری سەر لاکم
زاتی گیانی نەلەرزیوم لەق ناکا !

من ئەو دیلەم کە دیلکەری زۆردارم ٠
دڵی لەبەر گوڕی نالەم ئەلەرزێ ؛
تا شڕتر کا کەلبەی لەشی زامارم ،
خۆی خراپتر لەناو خوێنا ئەگەوزێ !

من سەربازی ئامانجێکم : پیرۆزە ،
فیداکاری ڕێگایەکم : بێ گەردە ،
ڕەنجێك ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە ،
لە ڕێیەکا بێباك ئەمرم : ڕێی مەردە ! ٠٠٠

سلێمانی ــ ١٩٥٣

لە بنی بـیرا

وەك قرژانگو وەك مشكو مار
بەم كونەدا هاتوومە خوار

بە چنگ ، بە پێ ، بە پاچ ، بە دان ..
هەڵمەكەنم بۆ خۆم زیندان !

تا هەڵكەنم پڕتر ئەچم
هەی قوڕبەسەر كوڕو كچم !

بەو ڕەنجەی من بۆیان ئەدەم
تیكەی وشكیان ناگاتە دەم !

خۆیشم ، لە بنی بێ ئەرزم ،
بۆ تاریكیو ترس ئەلەرزم ،

تەقەو ڕەقەی پارچە ئاسن ،
كە دێو دەچێ بۆ سەرو بن ،

پڕ ئەشكەوتیك سامو گومان
ئەخاتە دڵ بۆ داخوڕیان !

هەوای نەفەس گەروو گیرە ،
قەنارەم قوڕلێیی بیرە !

هاکات زانی به (گاز) خنکام !
یان ئاستێك له کەلەی دام

یان باسقەنەی نەوتی لەپڕ
بۆ ئاسمانی هەڵدام بە گوڕ !

کە من مردم ، کێو کوڕم
ئەخۆن لە کام کاسەی پڕم ؟

کێ ئانی وشك ، کێ بەرگی شڕ ،
پەیدا ئەکات بۆ کێو کوڕ ؟

بەری ڕەنجی عومری درێژ
گشت کەوتە لای ئارەق نەڕێژ

کردەم بردەی کومپانی بوو :
هەم ڕەنجم چوو ، هەم نەوتم چوو !

بڵێن دەرچووم لە بنی بیر :
بێهێز ، پشت کۆم ، ڕیش سپی ، پیر !

ئەوسایش پەنا بۆ پەك‌کەوتوو
هەر مردنەو ، مردنی زوو !

تا گەل کاری ناوخۆی وا بێ ،
کوڕیش ژینی چاتر لابێ !

ئەویش وەك باوك ، ڕێی کۆڵۆڵی
ئەبڕێو ، ئەبێ بە نەوت خۆڵی ،

ئەو نەوتەی مام کومپانیمان
پوختەی سوودی خستە گیرفان !

ئێمەیش لە گەنجی ڕەنجو نەوت
ئاخمان بەرکەوت ، داخمان بەرکەوت !..

سلێمانی ــ ١٩٥٢

بۆ مایکل

ئەی ڕۆڵەی ئەئیل‌و جۆلیۆس ، ئەی مایکل !
ئەوەی تۆی هەتیو خست : جەورێکە زۆر زل ،

جەورێکە کراوە لە باوەڕ بە داد ،
لە سەربەستیی زانست ، لە بیری ئازاد •

کێردێکە بە دەستی خۆیناویی تاوان
دراوە لە جەرگی هۆی فەخری ئینسان

ئەئیل‌و جۆلیۆسی دایک‌و باوکی تۆ
بۆ ئاشتی ئەیاندا لە یەک هەشت‌و تۆ ••

ئەیانویست زانستیان ، بەری مێشکیان ،
بێتە هۆی ڕووناکیی بەرچاو بۆ ژیان •

نەک دەزگای دۆزەخی قەلاچۆکاری
دروست کا بۆ دەستی سەرمایەداری ،

تا گۆشتی گیانداری ڕووی ئەرز بە یەک ژەم
دەرخواردی دێوێک بەن دابچڕێوە دەم •

ئەم پاکی‌و پیرۆزی‌و بەرزیی نیازە
بە تاوان دانرا لە دنیای تازە ••

هەر لەبەر پەیکەری سەربەستیی بەرزا ،
وەك قۆچی قوربانی دران بە ئەرزا !

پەیکەری سەربەستی بە چاوی خۆی دی
ولآتی : دوو زانای مردن • لەسەرچی ؟

لە پەڕەی تەئریخا سەرەك لەنکۆلن
سەرشۆڕە لە شەرمی زانا وا کوشتن !

کۆڕان دایك‌و باوکت ، بەلێ ، لەناوچوون
لە ڕێی باوەڕیانا بە قوربانی بوون !

تۆو ڕۆبەرت ئێستاکە جووتیك هەتیون
خەم خواردن ئەو بزەی لە لێو بڕیون

کە تا مرد بۆ دایکت هۆی گەشیی دڵ بوو
دوا نامەی بۆ بزەی لێوتان بە کوڵ بوو ؟

* * *

ئەی مایکل ! ئەی ڕۆبەرت ! ئەی نازدارەکان
وتتان کرد باوەشی گەرمی دایکتان !

لێتانی شاردەوە هەوری ڕەشی مەرگ
پرشنگی باوکێتیی جۆلیۆس ڕۆزەبەرگ

گرانە ، ئەزانم ، بێ‌دایك‌و باوك مان
بۆ کۆرپەی وەك ئێوەی ئێسك‌سووك‌و جوان ،

بەڵام گەر ئەئیل‌و جۆلیۆسی زانا
نەبوورن لە خۆیان لە ڕێی ئینسانا ،

ژمارەی هەتیوی ئینسانی هەوار
دوو لایین .. ئەگاتە سەد هەزار هەزار !

دوایی ، بەرخەکانی نەوەی ڕۆژهەڵگ
ئێستاکە لای گشت کەس بوون بە کزەی جەرگ

لەجیانیی دایکێکو باوکێک ، یەک ملیار
دایکو باوک داناون بە ڕۆڵەی نازدار !

باوەشی کەم تیایە ئەم ڕووی جیهانە
بە گەرمی بۆ ئێوە نەبێ بە لانە !...

سلێمانی ــ ۱۹۵۲

بانگێك ...

بۆ پـــۆڵ ڕۆبسن ...

ئەی بلبلی ئاشتیخوازی ، پۆڵ ڕۆبسن !
ئەو شێتانەی لە خوێندنت ئەترسن

دەمیان گرتی ، نیازیان هەبوو ئاوازە
قەدەغە کەن لە گوێچکەی دنیای تازە ..

بەرنەگیرا بۆیان لە ڕۆژ ... ناچار بوون
ڕێی فڕینت لێ بەستن بۆ دەرچوون !

ئەو شێتانەی سازو کەمان ئەشکێنن ،
بلبل ئەگرن ، پەڕی بالی دەردێنن ،

نایەڵن بێی ، بۆ گەلانی ڕۆژەڵات
بەستە بڵێی ، تیژ کەی ئاگری خەبات !

ڕۆژەڵاتمان : لای ڕووناکی ئاشناتە ،
لای شەویشی بێدارە ، دڵی لاتە ..

چاوەنواڕین قەفەسی کۆن بشکێنی ،
پەساپۆرتی دەنگ لە سنوور بنوێنی ،

(جۆلیۆ نەیوت : ڕاستیو گۆرانیی ڕۆڕسن
بێ پەساپۆرت سنوور ببڕن ، نەترسن ؟)

بمانگەیتێو بە ئاوازەی وەك هەنگوین
لەئاومانا بخوێنی بۆ : ئاشتیو ژین !

وا بخوێنی کە سپیو زەرد لەگەڵ ڕەش
گوێت بۆ شل کەن وەك یەك دڵو وەك یەك لەش !

سپیو زەردو ڕەشی ڕێنگای یەك گرتن
تینووی گیانی گۆرانیتن ، پۆڵ ڕۆڕسن ! ..

پۆڵ ڕۆڕسن ! ئەی پۆڵ ڕۆڕسن ! ئەی پۆڵ ڕۆڕسن !
پاڵەوانی ئاشتی ! بلبلی وتن !

تا ئاو دۆڵی دوورو کلای کوردستان ،
ئاوو دەنگت ئاشنان بە گوێچکەی ئینسان .

کوڕی ساوای حەوت ساڵانم ئەتناسێ ،
ئاوت ئەبا ، وەك هیی مامی دراوسێ !...

سلێمانی ــ ١٩٥٤

له زیندانا چواردەی تەموز

دەنگێکی دوور ،
دوور .. ئێجگار دوور ...
بە ئاستەمێك ئەگاتە ژوور !
ئەی دەنگی دوور ،
بە ئاستەمێك ئەگەیتە ژوور !
ئاخۆ سپیت ، یان ڕەش ، یان سوور ؟
وەرە پێشتر ..
چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر ،
لەڕێی گوێوە ، بڕژێرە گیان ،
زیندانم پڕ کە لە کۆڵدان !..
زنجیری پێ ،
کپ بە ناوێ ، وەك لۆکەی گوێ !
هەوای شلەقاوی زیندان ،
بنوو ، وەك بەرمەکان ئەنوێ !
با دەستڕێژی ئەم دەنگەی دەر
گوللەی مانای گوێم بێتکن
بەلکو گڕەی تینوێتیی سەر
وەك تۆپ نالەی بڕۆ بتەقێ !...

* * *

له لێشاوی غەڵبە غەڵبا
بانگێکی دا لە گوێچکەم (با) :
« ... ڕەژنەی جەمەووری بژی !.. »
خەو ئەبینم ! جەمەووریی چی ؟
ـ نەء ، خەو نیە ..
شایلۆغانی جەمەووریە :
ئەم دەنگۆ مژدەی دووریە !...
سا لەشی زیندانی مردوو :
بێرە سەما !
ئەی لە بستێ گۆڕا زیندوو :
مردن نەما !...

بەندیخانەی بەعقووبە ـ ١٩٥٨

بت ــ بتەوان

ڕابوورردوو
هەبوو ، نەبوو ..
سەردەمی زوو
بت ــ بتەوان ،
پیرە شەیتان :
بت دروستکەر
بتەوان گۆشدەر
بتپەرستی بە ئایین کەر
ڕەگ داکەوتووی ئیمپریالیست
خوێنمژی ئاسایش نەویست !
بت ، بتەوان
پیرە شەیتان
بتپەرستیان دابووە بەر
تێریانەخوڕی ، وەك گا ، وەك کەر
ــ دەی ! لەشی بت بگرەرە زێڕ
شەیتان تێر کە بە خێرو بێر
جێگا خۆش کە بۆ بتەوان
لەسەر سەر ، گلێنەی چاوان !
شەیتانو ، بتەوانو ، بت ،

بەرامبەریان کەچ کە ملت ؟
هەر بت خوایە !
هەر بت خوایە !
هەر بتپەرستی بروایە !
هەر شەیتان ، بت ، هەر بتەوان !
بڕواکاڵیتر هەموو بان
ڕوو لە خاکی بەرێتی بت سوو
یەك بەری ڕەنج بکە بە دوو ،
بیهاوەڕە جاتتای شەیتان ،
بۆ بتەوان !
زمان لاڵ کە ، گوێچکە کەڕ کە
کوێر بە ، وەك کەر زەڕە ــ زەڕ کە !
بۆ بتەوان
بۆ بت ، شەیتان ،
بۆ تۆکەریان !
ئارەق ڕەشو شین بڕێژە ،
هەزار دەردی سەر بچێژە ،
کۆشك دروستکەو باغ بنێژە ،
بۆ بت ، بتەوانو شەیتان ...
هەر ئەمەیە مانای ژیان ،
ڕاستو دروست
بۆ بتپەرست !

ــ بتپەرست نیــم .
نــابمو نیم ...

کابرایەکی ڕووتو برسیم ،
ناساخ ، گیرۆدەی نەزانیم
بۆ بەرگو ناومال پەڕپووتم
بۆ خۆم ئەوێ بەری جووتم ،
بڕوای من بە سەینێرە
مژدەی ڕزگاربی پێرە ..
لە برسێتی و لە هەژاری
لە نەزانی و ، دەردەداری
لە ستەمو جەورو بێگار
لە قەدەغەو ئەشکەنجەو دار
ئازاد ئەبم ،
پاش دڵتەنگی دڵشاد ئەبم !
بتپەرست نیم ،
نابمو نیم ..
کابرایەکی ڕووتو برسیم
بە هیوای پاشەڕۆژ ئەژیم !
هێزی باڵ تك تك ئەڕێژم !
نەمامی دواڕۆژ ئەنێژم !
خوارو ژووری ئەم عێراقە ،
شین ئەکەم وەك کەوای تاقە !

ـ هەی کەرکەر ..
هەی ڕووخێنەر ..
هەی تاوانی ..
هەی نانبڕی بتەوانی

نەموت کەڕ بە ؟ نەموت کوێر بە ؟
نەموت عیلمی لالی فێر بە ؟
بیری نوێی پیس لە سەر دەرکە ،
هەزار دەق خۆت گەوج‌و کەر کە ؟
ئێرە خاکی بت‌پەرستە ،
تەنیا بە چپە دروستە ،
ڕاپۆرتی ڕاست بدەی بە من ،
بەڵام .. درۆ :
(گیانم : درۆ !
ژنم درۆ !
دەستمایەی ئاینم : درۆ !)
بت‌پەرستێك پێی ڕەوایە
جاڕی دا ، پڕ بەم دنیایە !
لە تۆم ئەوێ بیر بگۆڕی
ڕەنگ بگۆڕی
دەنگ بگۆڕی
بڕوای پیاوی ژیر بگۆڕی !

ـ بت‌پەرست نیم
نابم‌و لیم ..
ئاواتەخوازی سەربەستیم
خەبات ئەکەم بۆ ئازادیم ..
ئێستا شەوە ،
گەرچی شەوە ،
چاو بە خەوە ،

بەڵام کاروان لەسەر ڕەوە
بەرەو قۆناغ ڕەو بە دەوە ..
ئەوکاتە دێ کە ڕۆژ هەڵدێ
گوێ تیژ ئەبیەو ، چاو ئەبینێ !
بێ ترس و لەرز ،
لە چیای بەرز ،
لە چەم و دۆڵ ،
دێگەلی چۆڵ
لە نوێ یەك یەك ئاوا ئەکەم ،
ئەخۆم ، ئەنووم ، ئەژیم بێ خەم !
بتپەرست نیم ..
نابم و نیم ..
تینووی سەربەستی و ئازادیم ! ..

ـ ئەم کابرایە !
بێ حەیابە ..
بێ بڕوایە ..
بێ شەیتانو بتو خوایە ..
دەی ! یاساول ، دۆزمخەوان ،
کێشی کەنە کونی زیندان !
زمانەکەی لە بن بیرن ،
گاز لە قوڕقوڕاگەی بگرن ،
لە قوڕاوا بیگەوزێنن ،
نێوکی لە بن دەریێنن ،
مووی سەر بە چەرمەوە بگرووێن ،

برۆو سێڵ پاکتاو بدروون ،
سەر بەرەو خوار هەڵیواسن ،
داخی کەن بە شیشی ئاسن
دەی ، یاساوڵ ! دوو چاوی زەق
دوو کاسەی خوێن ،
بیرە چاوی و ، دەم پڕ لە جوێن ،
تێی بەربە بە زلەو شەق
گورزو مەترەق
یا ئەوەتا ، ئیمان بێنن ،
بۆ بت مل‌کەچی بنوێنن ..
یـا ئەوەتـا ..
هەتـا .. هەتـا ..
گۆڕی زیندانی تەنگ جێی بێ ،
زنجیر بەندی دەستو پێی بێ !

* * *

ـ ئیستا شـەوە .
گەرچی شـەوە ،
چاو بێ خەوە ..
سەرم گێـژە ..
شەو درێـژە ..
ئەی چـاوی زام
زووخ بڕێـژە !
ئەی شوێن ئەشکەنجەی مۆرو شین
با ئازارت پڵ دا چین چین !

تا وەك من ، دیلی کولانــە
کەلەشێر جارِ دا بەیانە ،
نانووم لە تاو ئێشو ئازار
ڕائەژەنم لەشی زامــار !
چاوی هیوام ئەبڕمە دوور ،
سرنج ئەدەم لە ئاسۆی سوور ! •
شەو درێژە ،
ئــازار سەختە ،
دیزەی دل لە خوێن لێر ڕێژە •
لافاوی ڕِق نەختە نەختە ،
گورِ ئەخاتە هێزی زاتم
جۆش ئەدا گەرمیی خەباتم !
لێکدانەوەی دوورو درێــژ ،
وەك کەشتی ئەمخاتە ناو گێژ
تــاوێك ئەڵێم :
من چیم ؟ من کێم ؟
کابرایەکی بێدەستەڵات !
ئەی بت ! ئەی بتەوان ؟ شەبتان ؟
خاوەندانی دەزگاو دووکان !
خاوەندانی هێزی وڵات !
کەوابێتە ، با مل کەچ کەم ؟
لەپ لەناو دەمی خۆم ئەدەم :
هەی ترسنۆك ، هەی بێ وڕە
پیاو بە ! دان بە خۆتا بگرە !

لێو بکرۆژە ،
پـاش شەو ڕۆژە ،
لەسەر خەبـات
ئازایی‌و زات
بڕۆی تا سەر ، ئەنجامی کار ،
ئەبی لە دەستەی بت ڕزگار !
بت ورد ئەکەی ، ئەیکەی بە خۆل
بەوان ئەکوتی وەك دەهۆل
شەیتان ئەکەی بە پەڕۆی پەن ،
ئەیهاویتە دوور لە وەتەن
دەزگای بۆگەن ئەڕووخێنی ،
ژینی تـازە دائەهێنی ! ٠

١٤ی تەموز

ـ کوانێ بتم ؟
ـ کوشتم ! کوشتم !
ـ کێ کوشتی کێ ؟ بتم کوانێ ؟
ـ من کوشتم ، من ٠٠ کێ نازانێ ؟
بت زێڕ نەبوو ، موقەبا بوو ،
خولم پێدا تەنیا بە فوو !
موقەبا بوو ، موقەبا بوو ،
چەن گەوج بووم ڕۆژانی زوو ؟
وامئەزانی پێچکەی تەختی
دامەزراوە لەسەر سەختی ٠٠
کەچی بە یەك دەستڕێژی تۆپ

تەخت وەرگەڕا ، بەخت وتی : هۆپ !
ـ من بتم دایە دەست خالی ..
پاسەوانی وەك گەمالی
سەری خۆیشی و ئەویشی خوارد
ئەویش ئێستانی بوو بە ئارد ! .
ـ ئاخ بتم ڕۆ ! داخ بتم ڕۆ !
هەزاران وردە شتم ڕۆ !
ئەی بتەوان کوا ؟ بتەوان ؟
نابوومە ناو عەبای ژنان ...
ئاخ بتەوان ! داخ بتەوان !
عەباکەم لەسەر دامالی ،
لێی نەئەهات ! دایکی ئالی !
گرتم خستم وەك دەڵە دێو ،
تفم لێ کرد ، پێمدا جنێو ،
بە لەقە چوومە سەر ورگی ،
کوتام تا مرد ، مەرگی گورگی !..

* * *

ـ سا مەرگ شەیتان !
بت ، بتەوان ،
خوێنیان بڕۆێ ،
گەلی عێراق بیانکوژێ ...
دەزگای گشت نەیرەنگ و فێلم
لەم ڕۆژەڵاتە جێبێلم
کەچی لە ترسی دەنگی دوور ،

نالەی تۆپی سنووری سوور ،
لەتاو قیرەی ئاشتیخوازان ــ
بۆ نەدەنگەی شەڕ لە ئینسان ،
ناچار بم ، سەری خۆم شۆڕ کەم ،
بۆ کۆچ ناومالم لە هۆڕ کەم ،
هەی داخەکەم !
هەی داخەکەم !

* * *

بتم شکان ،
دوو بتەوان ،
کوژران ، نەمـان ،
چنـگ لەسەر شان !
لە نیشتمـان !
ئێـستا بە ڕاست بتپەرست نیم ،
سەربەست ، ئازاد ، ئازا ئەژیم ..
بەڵام هێشتا بۆ ڕزگاربم
لە دوژمن ، برسێتی ، ڕووتی ،
نەزانیو دەردو نابووتی ،
ڕێم لەبەرە .. نابێ کول بم ،
دیلی بەنەو فیزی زل بم .
ئەبێ وەك پیاو ، وەك پالەوان ،
بە ڕەنجی شان ،
کۆشکی ولاّت بنیات بنێم ،
وێنەی بەهەشت خۆش بکەم جێم !

دوژمنم : شەیتانی نەگریس ،
ئەمریکا بێ ، یان ئینگلیس
تا ماوە چاوی لێم زبتە ..
« ئەمە خووی ئیمپریالیستە ! »
بێتوو سستیم لێ ببینێ ،
کۆنەپەرست ئەوروژێنێ !
دەرەبەگ ، کلك ، کرێ گرتە
هانئەدا بۆ بۆڵەو خوتە ،
بۆ کەڵەکۆ بۆ فڕو فێڵ ،
تەنانەت بۆ بە پاچۆ بێڵ
خـاپوور کردن ...
ئەبێ وریا بم ، وریا من !
من گەلم ، گەلی عێراقم
عەرەب ئەم لاق ، کورد ئەو لاقم
ڕێی کاروانم نا هێمن بوو ،
شوێن بۆسەی هێزی دوژمن بوو ،
مۆڵم دابوو لە شوێنی خۆم ،
نەمئەوێرا بارکەم ، بڕۆم ...
وا ئێستا ڕێم بەرەڵلایە
خواستی کۆچم لە دڵایە ،
هێند گەرمە کەڵکەڵەی سەرم
وەك گوللە تێژ تێئەپەڕم !
بەسەر ڕێگای پێشکەوتنا ،
ڕێی خۆ بەختیار کردنـا ! ...

بەعقووبە . تەموزی ۱۹۵۸

شۆڕشگێڕ

ـ بەبۆنەی ١٤ی تەموزەوە ـ

بۆ ئێجگاری سارد بووەوە دایدا چۆك ،
کەلە کەوتووی بێ نینۆك ..

لەکاتێکا لەلـاو خوێنا ئەگەوزا ،
خزمەکانی لە تاریکیی ژێر ئەرزا

دەستیـان کرد بە چپەچپ :
« ئاغا » ئەیوت : گا جووت قووتدان کردی خپ !

بەدەم بینی لەرزینەوە سەر جاسووس ،
دای لە ڕان دەستی ئەفسووس ،

وتی : ئەوەی کوشتی ـ یاران ! ـ نووستن بوو ،
بێ ئاگایی لە خشەی پێی دوژمن بوو !

کەللەیەکی ژێر مێزەر ،
بزنە ڕیشەی سابڕێنانە مرێنەر ،

وتی : ئەوەی کوشتی حەرام خواردن بوو ،
بۆ خوا خێر نەکردن بوو !

ورگێکی کۆنە حاکم هاتە ڕوو ،
وتی : (گەورە) دز بوو ، بۆیە زوو تیاچوو !

سەرەك پۆلیس ، بـە سركە ،
پیشانیدا كە چاو بۆ كوێر بەكەكە ...

كوێر نەبوایە نەئەمرد ! ..
بازرگان دەستی پێ كرد ،

وتی : گەورەم ، هەر تەماعی زۆر كوشتی ،
تەمـاع دای لە ئەرز پشتی !

سەرپزیشكی تایەبەتیش هاتە دەنگ ،
وتی : بە ڕاست ، هۆی مردنی پەنگ بوو پەنگ :

كێمی سفلیس گەیشتبوە ناو جەرگی
دەرمان نەما ڕۆژێك دواتر خا مەرگی !

ـ شەل نەبوایە ڕای ئەكرد ،
بە قەڵا پەنـای ئەبرد !

ـ پۆكەر كوشتی !
ـ ڕایـس كوشتی !

ـ نەء ، وتـسكی :
بوو بە گڕی ئاگرو چووە ئێـسكی !..

لە پشتەوە شەپقە زلێك وەستابوو ،
(ئەو چاو زەقە دزی نەوتو خورما بوو !)

ڕووی هاوخەمیی گێڕا بە خزمانا گشت ،
وتی : هەی داخ ! نازانن كێ گەورەی كوشت !

یاساولە کەتەگەی ژێر ئالای سوور
کە چەقیوە وەك میل لەسەر ئاسۆی دوور ...

ئەو تەقەی کردو کوشتی ،
ئەم خوێنە هەر ئەو ڕشتی ! ..

کەڵە کەوتوو کە درابوو بە ئەرزا ،
لەناو خوێنا تلێکی‌تریش گەوزا .

بە هەناسەی ساردەوە ئەیوت : مردم ..
زۆر بایی بووم ، بایی بوون وای لێ کردم ! ...

* * *

لە لێشاوی کۆبوونەوەی گەل ، یەك دەنگ
وتی : سەرباز ــ بژی ! ــ کوشتی بە تفەنگ

سەربازی لاو ، ڕۆڵەی دڵسۆزو ئازا
بەرەو ڕووی گەل بە گرڕ پەنجەی ڕاکێشا :

ــ من نیم ، ئەوە ، هەر خۆیەتی کۆڵنەدەر ،
کۆنە ڕووخێن ، بنیاتی تازە دانەر ! ...

بەغدووبە . تەموزی ۱۹۵۸

تـاسەی دیـدار

« بە زمان دایکی کوردستانەوە بۆ برا فەیلیبەکان »

ڕۆژەی دووری ئاوارە بووم
کەللەی پڕ بوو لە ئارەزووم ..
سەودای سەری ، تاسەی دڵی
خۆزگەو ئاواتی بە کۆڵی
هەر ئەوەبوو : کە باڵ بگرێ
وەك مەڵ ، تا .. باوەشم بفرێ !
دەم بێتە دەمی کانیم ،
دەست بکاتە ملی لووتکەم ،
گوێچکە شڵ کا بۆ گۆرانیم ،
بۆم پێکەنێ وەك خوڕەی چەم ! ...
بەڵام سااڵن ..
سااڵنی زوو ..
کوندەبەبوو
کوندەبەبووی شووم ئەیقڕان :
قەدەغە بوو لە منااڵن
بۆ گۆڕی مەمك بەرن دەمیان ،
قەدەغە بوو دەستی دایك
بێتە دەم ساوا مەمك ! ...

سەردەمێك بوو ،
كولدەبەبوو ،
قەل .. ئەيقران ،
گورگ ئەيلووران ،
پلنگی دوو پێی دارستان
شارستانیەتیی ئەلەرزان !
رۆژ تاریك بوو ، رێگا ترس بوو ،
« جوولە » پەلپی هەزار پرس بوو ...
رۆلەی دووری دەشت نشینم
ئەبوو ، هەرگیز ، تێر نەبینم !
رۆلەم لەگەل رۆلەی دیجلە ،
لەگەل رۆلەی دیجلەو فوراتـ :
لە خوێناوا ئەیکرد مەلـە ،
بە خوێنی جەرگ ئەیکرد قنیات !
رۆلەم دیل بوو ،
دیل زەلیل بوو ،
رۆژی شەو بوو ،
شەو بێخەو بوو ،
پۆلیس وا بەسەریا زال بوو
وەك کۆتر تێچیری دال بوو !
سەرەرای هاوەردیی دیجلە ،
ترس هەبوو ، شەق و زلله ،
وشەی کوردیی سەر زمـانی
باتە قەلەم بە تاوانی ! ...

بەلام ڕۆژەی من و فورات
ڕۆژی پیرۆزبان لێ هەڵهات ،
چواردەی تەموز پچڕی زنجیر :
لەسەر مل لاچوو دەمی شیر ،
پرشنگی ڕۆژی ئازادی
وێرانەی پڕ کرد لە شادی ،
بـای فێنکی زەردەخەنە
بەسەر کوڵما کەوتە شنە ،
چاو وەکو گوڵ مەستی ڕەنگ بوو
زمان بەستەی خەستی دەنگ بوو ،
کوڕ کۆشی دایکی کەوتە بیر ،
دایك مەمکی پڕ بوو لە شیر ...
ئەوا ، ئێستا : خوشكو برا ،
براو برا ،
لە یەکتری بوون ئاشکرا .
هەر دەستە .. هەر دەستە گوشرا ،
تینوو ــ تینوو ! لە مل کرا ...
هەر ڕۆژەی دوور کوردستانە
لە کۆشی دایکا میوانە ! ...

سلێمانی . ئـابی ۱۹۵۸

بۆ سەربازی جومهووریمان

ئەی لاوەکان !
باوکان ، دایکان ، براو خوشکان ،
دەزگیرانە چاو جوانەکان ،
تیر تیر دەسیان کردە ملتان ،
ماچیان کردن ،
بە پەلەپەل .. بە پەلەپەل ..
بڕۆن بۆ ژێر بەیاخی گەل !
چەك هەلگرن ،
بەرگ بپۆشن ،
وا بوورووژێن ، وا بخرۆشن :
دابەرزێ دڵی دوژمن ! ...

ئەی لاوەکان !
ئێستا دایکان
لە سنگ نادەن ،
شیومن ناکەن ،
کە کوڕیان ئەچێتە ژێر چەك !
شوکری خوا ئەکەن هەزار لەك ،
کە کوڕیان بۆتە شێر بۆ گەل ،

دوژمنی گەل ئەکا پەل پەل !
باوکان دەستە ئەژنۆو خەمبار
دانانیشن وەك پار ، پێزار ،
چونکە کوڕیان بوو بە سەرباز ،
کزو بێ‌نـاز ،
بێگار ئەکا بۆ ناپاکان !
ئێستە خوشـکان ،
خەم سیس ئاکا گوڵی ڕووبان
بۆ دەزگیرانیان ، بۆ کاکیـان ،

ئێستـا کچـان ،
گشت ئافرەتـان ..
گوڵبارانی سەرباز ئەکەن ،
خۆشیان وەك پیاو سەرباز ئەدەن !
چونکە دەزگای تازەی وڵات
بە بێ خەبـات ،
بێ پاس‌و بێ پارێزگاری
سەقام ناخوا هەرگیز کاری !
تێری‌و پۆشتەیی‌و شادیمان ،
سەرفرازی‌و ئازادیمان ،
بەیاخەکەی « جومهووری »مان :
هۆی شانازی‌و ڕووسووری‌مان ..
گشت لەسەر خەبات وەستاوە ،
ئەویش پیشەی ڕۆڵەی لاوە ! .

ئەی لاوی کورد !
ئەو ڕۆژە مرد :
کە من و تۆ ، درشتو ورد
لە سەربازی سڵمان ئەکرد !
ئەو ڕۆژە چوو
کە ئەوەندەی شەو تاریك بوو !
ئێستا ڕۆژی جومهووریەیە ،
ڕۆژی مەردی و ڕووسووریەیە ! ..

بڕۆ ئەی لاو ،
وەك کوڕی پیاو ،
بەرگی خاکی بکەرەبەر ،
لە قوبەی ئاسمان بسوو سەر !
وێنەی شێری چەش بنوێنە ،
دڵی دوژمن داخوریێنە ،
دوژمنی گەل ،
هیی گشت جیهان ،
کە ئەگێڕێ چاوی بۆ هەڵ ،
تا گڕ هەڵسێنێ لە خەرمان ،
تا گشت ئینسان
بێ سەر کا وەك قۆچی قوربان !
تا ساوای ناو بێشکەی سووتاو
لە شیش دا وەك جەرگی برژاو ! .

ئەی ڕۆڵەی کورد !
ئیمپریالیست ئەو باوکەی مرد

که برای عەرەب لەگەل تۆ
وەك جاران بكا ڕەنجەڕۆ !
بێت تەقە بێ لە تفەنگی
بە ملیۆنان مەردی جەنگی
پشتت ئەگرن ،
وەك ڕەشكەی كا ورگی ئەدڕن !
پتر لە ملیار ئاشتیخواز
پشتیوانتن ، ڕۆژەی سەربـاز ! ...

سلێمانی . ئەیلوولی ١٩٥٨

مۆسکۆی جوان

ئەی مۆسکۆ ! ئەی ژنی جوانی سپی پۆش !
ناو دەمی ئاڵ پڕ لە گۆرانیی خۆش خۆش !

بە ئاوازەی (ئۆرکسترا)ت وا مەستم ،
هەر شەپۆلی شیعرەو ئەدا لە هەستم !

لە هەنگوینی ئەفسانەی دانسی (بالێ)ت ،
بە هەردوو چنگ ئەخۆم وێنەی برسیی شێت !

لەرەی دەنگی (ئۆپێرا)کەت کە تك ــ تك ،
لەناو گوێوە نەشتەر ئەدا لە گورچك ،

خونچەی تەڕی چیرۆکی بەستەکانی
بۆم ئەپشکوێت ، وەك گوڵی بەربەیانی !

ئەی مۆسکۆی جوان ، گەورە کچی ئوکتۆبەر !
حەوت ئەستێرەی یاقووت کە داوتن لە سەر ،

لەناو زیوی تەما گەش ئەجریوێنن ،
هەزار زوهرەی ئاسمانی شین ئەهێنن !

(مەرۆ)ت ئەڵێی نوێنەگای نیگارە ،
(مەیدانی سوور) جێی هەزاران هەزارە !

تاقه گولی سووری جقه‌ی دانشگات ،
عه‌تری شه‌پۆل ئه‌دا ولآت به ولآت !

ڕۆژ له‌نینه‌و له‌سه‌ر سه‌رت وه‌ستاوه ،
ڕێگات ڕووناك وه‌ك به‌فری به‌ر هه‌تاوه !

منالّه‌که‌ی ڕوومه‌ت ئالی تێر شیرت
گولی پارکی (گۆرکی) دێنێته بیرت ،

بۆیه کۆنری سپی‌و نه‌رمی باوه‌شت
مل هه‌ڵئه‌سوێ ، بێ سڵ له گه‌رمیی له‌شت !

له‌ناو به‌فری به‌رپێتا واق ورماوم ،
له کام جوانیت نازانم ، بدرووم چاوم ؟! ...

* * *

ئه‌ی مۆسکۆ ! ئه‌ی ژنی جوانی سپی پۆش
هه‌ر وه‌ك : مه‌یك زێنێك ناکا فه‌رامۆش ،

هه‌تا ئه‌مرێ ... منیش ، هه‌تا ــ هه‌تایه
دڵگیریی تۆم هه‌رگیز له دڵ ده‌رنایه !

به شه‌و چه‌می گه‌وهه‌ر به‌ندی پشتێنت
لێم ئه‌یێته ئاوێنه‌ی باڵآ نوێنت ،

له‌ناو ئاوا مۆسکۆیه‌کی نازدارتر ،
له‌نجه‌ی دانسی گیان پڕ ئه‌کا له ئاگر !

جادەی شۆراو بریقه‌ی دێ وه‌ك بلوور ،
تیا ئه‌له‌رزێ (وێنه)ی گڕی سه‌وزو سوور ،

تاکسیم ئەکشێ بە شەقامی بێ‌گەردا
بەسەر هەکسی وەنەوشەیی ، یان زەردا

ئەم ڕەنگانەو ، ئەو پرشنگەی ئاوازە
ئەیدا لە ڕووی پەنجەرەی کۆشکی تازە ،

بێ هەست ئەمکەن بە زاوای بەردەمی بووك ،
دەم بۆ ماچت ئەبەم مۆسکۆی ئێستك سووك ! ...

مۆسکۆ ـ کانوونی یەکەمی ۱۹۵۸

ڕێگای لەنین

لەگەڵ کۆتر شوێن ڕووناکیی ڕۆژ کەوتم
نە ڕۆژ ، نە شەو .. نەخەوتم

چیاو چیا ، دەشتاو دەشت ، دەریاو دەریا
پێوانەم کرد بەرەو باکوور ڕووی دنیا ...

فڕیم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا
بەسەر هەزار هەزار دیمەنی جوانا ...

تا گەیشتمە بەر دەروازەی کرەملین
ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لەنین !

ڕووی سرنجم کردە هەرکوێ لەنین بوو ،
هەر خۆی باوك ، سەرۆك ، مامۆستای چین برو ..

دیم : نە بە ڕەنگ ، دیم : نە بە دەنگ ، نە بـە پیر
لە کێس چووە ، بۆ ئێنسان ، لەنینی ژیر !

ئێستایش دەستی درێژ ئەکاو ، بە ئەمووست
شەقامی ڕاست پیشان ئەدا بست بە بست ،

لە تاریکیی دنیای پڕ ئازەڵو خوێن ،
دنیای شەڕو دنیای جەورو دنیای جوێن ..

پەڵکێش ئەکا ئینسان بۆ دنیای تازە ،
ئەو دنیایەی هەر خۆشی‌یەو هەر نازە ! ..

لەو گەلانەی کە شوێن بڕوای ڕاست کەوتن ،
وەك گەلانی دواکەوتووی‌تر نەخەوتن !

(ئازەری) بوو ، ئازەربایجان وڵاتی ،
ڕێگای لەنین کەوتە فریای نەجاتی !

دونیێ کەلەی گورگی قەیسەر ئەیکرۆشت ،
وەك تاڵانی بە تیڵاو شەق ئەیفرۆشت ،

شاری وێران وەك شاری تۆو ، دێهاتی
ژاوەی ئەهات لە نەخۆشیی‌و لە قاتی ،

لە نەزانی‌و ڕووتی‌و قووتی‌و هەژاری ،
ترس‌و لەرزی مالوێرانی‌و بێکاری ...

بەڵام ئەمڕۆ خاکی ئازەربایجانی ،
کە دوو ڕۆژە هاتووین بووین بە میوانی ،

وا لە تیژگی ڕۆژی لەنینا نوقمە ،
ئەڵێی لە بەر خۆرا گوڵی ئاوریشمە !

(باکۆ)ی کچی لەسەر دەریاچەی قەزوێن ،
شانە ئەدا لە قژی زەردی خاوێن ..

لەگەڵ شانە کردنی بەر ئاوێنە ،
سەری گەرمە بە گۆرانیی بێ وێنە .

غەزەل غەزەل عەشقی (فضولی)و (مەجنوون)
بە دەنگی سۆز ئەخاتە بەستەی مەحزوون

تا هونەری ڕۆژهەلاتی ئیسلامی
گەشە بکاو بژی دیسان (نیظامی) ! ...

بـاکۆ . کانوونی دووەمی ١٩٥٩

نـــەورۆز

ئەی نەنەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ !
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان ، دڕ !

گەرمیـد ژین‌و شادیی هێنا بە دیاری ،
کوردی خـستە جەژنی تازەی بەهاری .

پووش بوو بە گیا ، چیلکەی باخ بوو بە دار گوڵ ،
لە وشکەسی کانی کەوتە قوڵە ــ قوڵ .

گوڵاڵەی دەشت ، تیرگزی مەست ، وەنەوشە ،
وەك پێنـەنگی بەهار کەوتوونە گەشە ،

ئەڵێی پەلەی پەرداختی نەورۆزیانە ،
بۆ جەژنی کورد ئەو گوڵانەش سۆزیانە ..

هەروەك سروشت ئاگادار بێ : کە کاوە
چ ڕەنجێکی بۆ ئازادیی گەل داوە !

هەروەك مەلان بە حەواوە بزانن :
کە بە ساردی چەن دای چەکوش لە ئاسن !

تا زنجیری ئەژدەهاکی لە گەردن
نەتەوەیەك دامالی پـێکی ئاسن !

شەوی دیلی بوو بە ڕۆژ ، خەم بە شادی ،
زستان گەڕا بە بەهاری ئازادی ..

ئەی هاوچینو هاو نەتەوەی کاوەی مەرد !
تۆزیش بە بازووی خەباتی سەختی وەك بەرد ،

شەڕفرۆشو ، ئیمپریالیستو ، ناپاك ،
وا داپلۆسە کە یەکسان بن لەگەڵ خاك ..

ئیتر هەرگیز ، سەر هەڵنەبڕن وێنەی مار
هەنگوینی ژین لە مرۆڤ پڕ کەن لە ژار ! ...

سلێمانی ـ هاوینی ١٩٦٠

بە ڕێگادا ..

بەرەو کۆنفرانس [1]

بە هەڵگاوی گورج‌و درێژ ،
ئەڕێن ڕێگای هەورازو لێژ ..
بەدەم سەرگەرمیی هیواوە
بە بـاڵ ئەڤڕین ،
لە شەقڵاوەی خانزاد نشین
(دڵە زۆر تەڕەکەی سەفین !)
دووەم کۆنفرانس ئەبەستین ..

مامۆستایان ئەیـانەوێ :
هەتاوی کورد زوو دەرکەوێ ،
ڕێی بیر بۆ مێشکمان خۆش‌کەن ،
زمانمان بە کوردی گۆش کەن ...
ئێمەیش شوێن کەوتووی کاروانین :
هەم خانەخوێین ، هەم میوانین !

---

(1) مەبەست کۆنفرانسی دووەمی مامۆستایانی کوردە کە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠دا لە شەقڵاوە گیراو لە گیروگرفتەکانی خوێندن‌و نووسینی کوردی کۆڵی‌بەوەو نوێنەرانی مامۆستایانی هەموو شارستانەکانی کوردستانی عێراق‌و هەموو بیروباوەڕە نیشتمانی‌یەکانی ناو مامۆستایانی کوردی عێراقی تیا بەشدار بوو . کۆنگرەی یەکەمیش لە هاوینی ١٩٥٩دا هەر لە شەقڵاوە گیرا . م.م.ك.

به هەنگاوی گورج‌و درێژ ،
ئەبڕین ڕێگای هەورازو لێژ ..
بەدەم سەرگەرمیی هیواوە
بە بـاڵ ئەفڕین ،
کۆتفرانسی دووەم ئەگرین ! ..

بە پیرەما تێئەپەڕین
دار بەڕووی زۆر دێتە ڕێمان ...
پیرە دار بەڕووی لاڕێمان ،
ڕۆژێ لە ڕۆژانی زۆر زوو ،
جۆلانەی لێ هەڵبەستراببوو
ساوای ناو جۆلانەی ژێر دار
ئەپیرخان وەك بەرخی بەهار !
دایکی ساوا ،
لەگەڵ هاژەی دووری ئاوا ،
بە لایەلایەی شیرینی
خەوی خێری پێ ئەبینی ،
شیری پاکی ئەنایە دەم :
گەشەی پێ ئەکرد وەم بە وەم ...

باوکی وڕیای بە نووکی تیر
بۆی ڕاو ئەکرد ، کەڵ کەڵ ، تێچیر ،
بە (ڕم) پلنگی ئەتاران
لە جۆلانـەی کۆرپەلەی جوان !

ئەو ساوایەی ژێر دار بەڕوو
کام شێر ؟ کام شێر بەزێن دەرچوو ؟

ــ ئەوەی شێرکۆ : صەلاحەددین ،
پالەوانی غەزای ڕێی دین !
ئەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس
وەک بەردی ڕووی شووڕا ، بێ‌ترس ،
لەبەر شێرو تیرا وەستا ،
تا دەنگی : (هەی ئامان !) هەستا :
لە گرژی خاچ
کە خاچیان کردبوو بە پاچ
بۆ ڕووخاندن ،
بــۆ : ئاسیا پڕ لە مردن ،
پڕ لە کەلاوەی شار کردن ..

بە هەنگاوی گورج‌و درێژ ،
ئەبڕێن ڕێگای هەورازو لێژ ،
بەدەم سەرگەرمیی هیواوە
بە باڵ ئەفڕین ،
پیرەمەم جێ‌دێڵین لە دواوە :
بەرەو لووتکەی چیای سەفین ...
ڕێزی ئۆتۆمۆبیل ئەکێش ،
پێچ پێچ ، هەتا داوێنی کێو ،
لەوێ کاروان هەڵنەلووشێ :
ورگی باغچەی هەڵووڕەو سێو ...

له شەقلاوا ،
دوێنێ ، ساوا
کە لە بێشکەی نازا شاد بوو ،
میر کچ بوو ، بە ناو خانزاد بوو !
خانزادی جوان ،
مامزی ناز ، پلنگی لان ،
تۆلەسێنی میر سلێمان ،
شۆخی سەرزمانی حەیران ،
خانزادی جوان ..

بە هەنگاوی گورج و درێژ ،
ئەبڕین ڕێگای هەورازو لێژ ،
بە دەم سەرگەرمیی هیواوە
بە بـاڵ ئەڤڕین ،
لەسەر لووتکەی بەرزی سەفین
ماوەی خول دان لە داڵ ئەگرین .

چیاکانمان ،
چیاکانی کوردستانمان ،
هەموو سەرپۆش سپی و بەرزن ،
بەر پێ بەفراو ، داوێن سەوزن .
سەرانسەری ئەم کێوانە :
درەختەو بێشکەو جۆلانە ...
لەناو بێشکەی ڕاژەنراوا
دەنگی گرۆگاڵی ساوا ،

کچ بێ ، کوڕ بێ ، دێنێتە یاد :
شکۆی صەلاحەددین ، خانزاد !...

بەڵام دونیێ ،
نە ئەمڕۆیە ، نە سبەینێ ..
صەلاحەددین یەك سوڵتان بوو ،
خانزاد یەك پلنگی جوان بوو ..
ئەمڕۆ بازووی بەکار بۆ کورد ،
(ژنی بەرز وەك مانگی دەستکرد) :
چەکوش بە دەست ، داس بە دەستە ،
ڕۆشن بیرو خاوەن هەستە
(هەستی دڵسۆزیی نیشتمان ،
هەستی خۆشەویستیی ئینسان !)
ڕەنجی بە ملیۆن لەسالە
هێزی باڵی کوردستانە !

ئەگەر دونیێ مامۆستاکان
یەك سوڵتانیان پێ ئەگەیان ،
ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد
دانیشێو بە ڕاوێژی ورد
ڕێگای پێ گەیاندن دانێ :
بۆ ملیۆنان ، نەك سوڵتانێ !
لە بێشکەی بن هەر سێبەرێ
سبەی ئەگەر بێتەدەرێ :
خانزادێ ، صەلاحەددینێ ،

کاکه مەمێ ، خاتوو زینێ ...
ئەوسا بەستەی ێنخەمیان
ج هیی پێنووس ، ج دەمیان ،
بە تاقە یەك زاری شیرین
شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین !
ئەوسا : (خانی) ، خانیی سەردەم
بە زمانێك ئەنووسێ (مەم)
کە پێی ئەدون (نالی)و (مەحوی)
وەك (قوبادی) ، وەك (مەولەوی) !

* * *

ئا بۆ گەیشتن بەوکاتە ،
بەو ئاواتە ،
لە کورتترین ڕێی ڕووناوە ...
مامۆستایـان کۆبوونەوە ،
بە دڵـسۆزی‌و بە ئێبووری ،
بە ڕەنجێك مایەی ڕووسووری ،
دەریای مێشك ئەشلەقێنن ،
دانەی گەوهەرو مرواری
لە بن بنی ئاو دەردێنن ...

کام گەوهەر گرانبەها بێ ،
بە زانستیی کورد ڕەوا بێ ،
لێی پڕ ئەکەن کیـسەی دیاری ،
ئەیەن بۆ دەزگای زانیاری !...

شەقڵاوە ــ ١٩٦٠

نەورۆزی ٦١

وەنەوشەی بن دڕك خزاو
چاوی ڕەشی کردەوە ، دی ،
نێرگسەجارِ بە هەزار چاو
پێئەکەنێ : زەردو سپی !

نێرگسی بەر هەتاوی گەرم
مژدەی پێ بوو بۆ وەنەوشە ،
وتی : خوشکێ ،
خوشکی جوانی چاو پڕ لە شەرم
خۆ داخراو دەرگای حەوشە ،
فرمێسك لە چاوت بۆ ئەتکێ ؟...

وا ، بەهارە ..
لەسەر لووتکەی سپی دیارە
ورشەو پرشەی یاقووتی ئاڵ ،
گڕی جەژنی سەرەتای ساڵ !...

وەنەوشەی چاو ڕەشی شەرمن
دەستی کرد بە بەستە وتن !
بێ سڵ کردن

له نووکی خەنجەری دوژمن ،
خۆی هاویشتە باوەش چەپك ...

گوڵی وەنەوشەی ناو دڕك
کە گەیشتە دەستی تاسەم ،
پڕ لە بۆنی بوو هەناسەم ؛
هەتری چەپەی تکاندە گوێم ،
مژدەی : « هات .. نەورۆز ! »ی دا پێم ..

* * *

ئەی ئەو جەژنەی هاتیتو ، چوو
لە دەم ، تاڵیی پاری مردوو !
ئەی ئەو جەژنەی هەزاران ساڵ
لە ڕابوردووی کوردی زۆر تاڵ ،
تاقە بزمی یادگاریان
هەر تۆ بووی : جەژنو بەهاریان !...

لە خەمی کۆن ، ئازاری کۆن ،
زووخاوی دەست زۆرداری کۆن ،
یەك ساڵیتر دوورت خستین ؛
لەولاشەوە ، جەژنی شیرین ،
بە هاتنت یەك ساڵی دەق
کاروان پێشکەوت : بەرەو شەبەق !

واتا : ڕێگا ببڕین بە دەو ،
ساڵێك زووتر دوایی دێ شەو ؛

ئەو شەوەی مەشخەلی گەلان ،
ئاگری بەرئەدا لە گیان
لە هەر چوار لای جیهانەوە ،
تا بە دەم بای سووتانەوە ،
تۆزی لە ڕووی پەڕەی میژوو
ئەنیشێ وەك خاکەی ڕێزوو !...

ئەوسا ، ئەورۆز ،
جەژنی پیرۆز !
دڵك ئەڕزێو ، داخی دڵی ،
ئەبێ بە بۆگەن بۆ گڵی
تۆزش ئاهەنگی بەهارەکەت
نەخشی لووتکەو نزارەکەت ،
لە باخچەی گوڵی گەلانا
گوڵێك ئەبێ لە مەیدانا ..
هەر مرۆڤێ دێو بۆنی کرد
ئەڵێ : بژی ئەورۆزی کورد !...

بەغدا ۰ ئاوڵی ١٩٦١

چیرۆکێکی برایەتی

برای عەرەب !
چەخماخەی شمشێری زۆردار
تا لەو خوێنەدا ئاوا بوو
کە لە ملی باوکت ، باوکم
ڕژایە سەر لمی مێژوو !

بە جووت هەردوو باوك کوژراو ،
تك ، تك .. خەمان تکا لە چاو ،
دەست لە مل ، بەسەر یەکترا
گریان کردینی بە برا .

بەڵام زۆردار
کەڵەی پڕ بوو بۆمان لە مار :
پەلی گرتین ، کێشی کردین
بۆ بن‌داری ئێش‌و ئازار ،
زنجیری خستینە گەردن ،
دایە دەستمان سەرو زەنگن ،
قەمچیی هەڕەشەی خستە کار :
بیری پێ لێ‌داین بە بێگار !

لەژێر درەختی ئازارا
ئەوەندەی‌تر بووین بە برا ؛
بۆیە لەناو هەردووکمانا
بە چپەی وت ،
ئەم داری درکەمان ناونا :
برایەتیی عەرەب‌و کورد !

ئیتر زرمە ، زرمەی زەنگن ،
نالەی ڕەنجی تۆ بوو ، هیی من ،
بە ڕۆژ ، بە شەو ، سالەهای سال ،
تا گەنجی زۆر دەرچوو لە چال ،
بۆ گیرفانی باوکی‌کوژمان ،
شیلەی ڕەنجی شیرین‌مژمان .

* * *

برای عەرەب !
ئای .. لە بێگاری زۆردارا ،
عەباو فەرەنجیمان دڕی !
ئای .. لەژێر قورسایی بارا
ئارەقی ناوچاومان سڕی !
بەتایبە پشتی ماندووی (کوور) هەڵبڕین ،
زۆردار لێمان ڕائەپەڕی‌و تێی‌ئەخوڕین ...
ئێمەیش ، ناچار ، بەم شان ، بەو شان ،
بێ پشوو پاچمان ئەوشان .
لە نووکی پاچ ئەهاتەدەر :
کۆمەڵ ــ کۆمەڵ زێڕو گەوهەر ..

زۆردار ئەیبردو ، من‌و تۆ :
بۆ بەرگی جاو ، بۆ نان‌و دۆ ،
دەستی دەرۆزەمان پان بوو ،
چاومان زەق زەق چاوەڕوان بوو !.

* * *

برای عەرەبی چاو ڕەشم
تاڵ بوو بەشت ، تاڵ بوو بەشم !
لە یەك کاسە (تاڵی) تۆشین
برایی کردین بە هەنگوین .
هەردوو برا ، عەرەب‌و کورد ،
سەرمان بۆ بناگوێی یەك برد ،
تا تێرمان خوارد چیەمان کرد
(پەی)مان برد بە ڕاوێژی ورد ...

دیسان بەم شان ، دیسان بەو شان ،
بێ پشوو دان پاچمان وەشان ..
بەڵام پاچێك لە بنی بیر ،
پاچەی‌تر لە قەفی زنجیر ..
لەپڕ زنجیر قەف قەف پسا ،
دیڵی نەما لە قەفەسا ...

ئێستا هەردوو برای ئازاد ،
ڕاستە بە سەربەستین دڵشاد ،
بەڵام ئاسۆی ڕێمان لێڵە ،
ڕێگای ئاسۆی لێلیش وێڵە

وێڵ بین (بەد) لە کەمینایە
(بەد) ڕێگری بێ ڕێگایە ...

* * *

برای عەرەب !
بمانەوێ برایمان
میوەی شیرین بچنێ لە دار ،
بمانەوێ ئازادیمان
گوڵ بگرێ وەك باخچەی بەهار ،
بمانەوێ هەموو کاتێ
ئەمسالمان چاتر بێ لە پار ،
ئیتر هەرگیز نەمانگاتێ
دەستی ناوانباری زۆردار ..
ئەبێ بەرمو ئاسۆی ڕووناك ،
ڕێی ڕاست بگرێ لیازی پاك !
ئەبێ : وەکوو گەلانیتر
گڕی سپی بالی کوتر
بۆ کامڵا ئەبڕێ ئاسۆی شین ،
سواری یەکیەتیی وشە بین ،
شوێنی کەوین ،
بە دەمو بچین ،
تا ئەگەینە دوا ئامانجی هەرە شیرین !

بەغدا • تەشرینی یەکەمی ١٩٦١

مۆسکۆی ئەیـار

« بیرەوەریی پاوەستانێـك لە خۆپیشـاندانی
جەژنی یەکی ئەیـاردا لە مەیـدانی سـوور ـ
مۆسکۆ ، سالی ١٩٦٢ »

که پێکەنی جەژنی ئەیار
بەفری زستان کردی ئارەق ،
مۆسکۆی پێشرۆژی دنیای ڕزگار
جوولەی تێکەوت لەگەل شەپەق ..

لە کۆشکە بەرزەکانی شار
مرۆڤ دایدا وەکوو باران ،
لافاوی ناو شەقامەکان ،
بە گرمەی وەك هەوری بەهار ،

بەرەو مەیدانی سوور کشا ؛
دەریای مەیدان تێك‌خرۆشا !

شەپۆل ئالای سوور بوو ، گوڵ بوو ،
ڕەنگاو ڕەنگ ئەشکایەوە ؛
لەگەل هەر جوولەو هەر ڕەنگێك
جۆرە دەنگێك ئەزرایەوە .

ئێجگار شەش وشەی پرشنگدار
زوو زوو دەنگی گەدایەوە ،

وشەی هەرە پڕ بە دەمیان :
ئاشتی ، ئاشتی ، ئاشتی ، ئاشتی ...
دوو ڕەنگیش بوو ، وەرزشکەران
وەک پەردە ئەچوونە پشتی :
ئاڵ : وەک کولێتک گەرمی خەبات ،
سەوز : وەک ژینێک پڕ لە ئاشتی !...

دوایی ، شەپۆل چوو ، شەپۆل هات
لە خەڵکی مۆسکۆی بەهەشتی ؛
ئەو خەڵکەی بەهەشت ئەخوازن
بۆ ژیانی مرۆڤ گشتی !

جۆشی دەنگ‌و ڕەنگ‌و جوولە
گیانی منی خستە سەر باڵ ،
لە ئاسۆی دووری وڵاتم
ورد ورد گێڕام چاوی خەیاڵ :
بۆ ڕەنگی سەوز ، پاش ڕەنگی ئاڵ ،
بۆ ڕزگاری لە ژێنی تاڵ !...

١٩٦٢/٥/٣

بێشکەی منـاڵ

دایك دای ڕەنج ، بۆ مناڵ دای ؛
بۆ بژەی ناو بێشکەی ئارام ،
بۆ شیرینیی گڕوگاڵ دای ..

باوك هەج ئارەقێکی ڕشت
بۆئەوەی ڕشت ــ من دڵنیام ــ
نەمری کات : بڕبڕەی پشت ...

ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە :
کە دایك‌و باوك لای بێشکەدا ،
گوێیان لە مشەی ساوایە !

ئای ئەو ماڵە چەن بێباکە :
کە لە باروودتو لە بۆمبا
ژێر بێشکەی منالیان پاکە !

ئای چەن خۆشە : منالێك بێ وا
ڕووی دنیا ، ئەمبەڕ تا ئەوبەڕ ،
دڵنیا بێ بێشکەی ساوا
نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ !...

بەرلیەکە : ١٩٦٢/٦/١٢

تیرو کەوان

« پێشکەشە بۆ کۆنگریسی نانشتیرو چەک
فڕێدانی گشتی لە مۆسکۆ ، مانگی تەموز
٩–١٤ / ساڵی ١٩٦٢ »

ئەو ئاسمانە شینەی ژوور سەر
کۆتری سپیی تیا خولێدا
بە بێخەتەر ،
مژدەی گوڵ بە بلبل ئەدا .

لەو ئاسمانە ،
گڕی سپیی ئەو باڵانە :
ئاوێنەی ئارامیی ژنە ،
کۆشی وەنەوزی شیرینە ؛
ڕوونی ئەخاتە شەبەقمان ؛
ستێبەر ئەکا بۆ ئارەقمان ،
بەری ڕەنجی تاڵمان بە لێبۆ
ئەکا بە هەنگوینی بێمێبۆ ...

ئەگەر مەلی ئاسمانی شین
باڵی بەیاخ نەبێ بۆ ژین ،
لە هیچ باغچەو بەهارێکا

لە جێی دڕك گوڵ نابینین ،
گوڵ نابینین !...

ئەو تاوانبارەی بۆ کۆتر
لە ژێی کەوان تیر گیر ئەکا ،
پارچەی جەرگی ناو بێشکەی خۆی ،
پێش هینی من تێچێر ئەکا !

لەگەڵ ئەوەش دەستی چەپەڵ ،
ئابڕوو تکاو ،
هەر خەریکە ، تەکەڵ تەکەڵ ،
بۆ ئاسمانی پڕ لە هەتاو
تەپە دووکەڵ هەڵئەسێنێ ،
گڕی سپی ئەخنکێنێ ! ...

پیاوخۆرێك وا
بە گۆشتی ڕۆڵەی خۆی چەش بێ ،
ڕۆژهەڵات بۆی ، وەك ڕۆژئاوا ،
دەبۆی تیر بێ ، هیی تەرکەش بێ ،
دیـــارە هەرگیز لە پەلامار
واز ناهێنێ وەك گورگی هار !

با هەزار جار ،
گیرفانم پڕ لە بەڵێن کا ،
جووت بەقێی بەڵێن بە سـوێن کا :
کە هەڵنەگرێ

دەست لە گەزەن هەتا ئەمرێ ...
من تەجرەبەی پارو پێرار
نایەڵێ چاو بێترس لێك بێم ،
لە گازی مـــار !

ئەگەر دنیا ئاشتیی ئەوێ ،
بۆ زێرسەری خەوی ئارام
لە تووکی قوو پشتیی ئەوێ ،
ڕاوێژ هەر ئەوەیە لەلام :
هەتـا زووە ،
تا خەڵك گشت بە قڕ نەچوە ،
دان لە دەمی مـار دەرێنێ ! ــ

چەك نەمێنێ ،
ئەوسا ، بێترس ، تیر ئەنوێ چاو ،
ئەچنـە ئیش دوو دستی پیـاو !
ئەوسا باخچەی ژیانی نوێ ،
جوانترین گوڵ تیا ئەپشکوێ !
ئەوســا ئینـسان ،
بە دەستی بێ تـیرو کەوان ،
زووتر تۆوی گوڵی زەوی
بۆ ئەبڕێ تا ئەستێرەکان ! ...

بەرقینە : ١٩٦٢/٦/١٧

بۆ لاوان

**« بەبۆنەی میهرەجانی هەشتەمی لاوانی جیهانەوە
بۆ ئاشتی‌و برایەتی لە هەلسینکی ، فینلەندە ،
هاوینی ساڵی ١٩٦٢ »**

ئەی لاوانی گشت دنیـا !
هەلسینکی ،
باخچەی زەمەقی سپی ،
کە لە گەرمەی هاوینیا
ناسکیی بەهار دیارە ،
ئەمجـارە
جێگای میهرەجانتانە !

وەك دڕێژی‌و ڕووناکیی
شەبـەق ،
مێشکتان پڕە لە بـیر ،
وێنەی گوڵی زەمەقی
دڵتان پڕە لە پـاکی ،
پاکیی ڕەنگی سپیی شیر ...

ئەی لاوان ،
کچان ، کوڕانی ڕووی ئەرز !

با گوڕانیتان ئاسان
کەڕ کات بە شەپۆلی بەرز !
بە سەد زمانی جیا جیا ،
وەکوو هەور بگرمێنن
یەکیەتیی لاوانی دنیـا
بە هەمووکەس بنوێنن !
با ئەوانەی لەشەڕا ،
تا خەڵك بمرێ ، گۆشت لەگرن ،
بزانـن ،
چەك هەڵناگرێ لە برا
هیچ لاوێ !
هیچ لاوێ شەڕی ناوێ ! ...

ئەی لاوان !
هەر ئێوەن :
بەهاری ژینی ئینسـان ،
هەر ئێوەن :
ئـاغای سـبەینێی ژیان !
ئـاغای (ئەمرۆ ــ داگیرکەر)
ئەبێ زۆر باش بزانێ :
نـاتوانێ :
بۆ شەڕ ئێوە باتەبەر !

برا ، برا ئاکۆژێ ،
خوێنی دایك ئامژێ
خۆشەویستیی خۆی تیایێ ،
هەتا دنیا دنیا بێ ! ...
درندەی شەڕ لەشی ژین ،
بـە بڕین ،
وا شڕ ئەکات ، سەینێ ،
کاسەی شکاوتان ، هەنگوین ،
تك لە بنیا نەمێنێ !

ئەی لاوان !
میهرەجان ،
وێنەی هاوژیانێیە ؛
هەرکاتێکی ژیـانی
عومرێك خۆشی‌و جوانێیە !

خوشکان‌و برایـانی
دنیای زۆر نزیك ، زۆر دوور ،
هێزی ئاشتی‌و برایی
یەکی‌خستوون لە بـاکوور
وەك چەپکە گوڵی شایی ،
سپی‌و ڕەش‌و زەردو سوور ،
تێکەڵ بوون ..
بە ڕۆژ ، بە شەو .. تا ئەنوون ..
بەستەتان وا لە دەما ،

یاری ئەکەن و سەما ..
بێ کۆڵدان ، بێ ماندووبوون ،
لە ئاشتیی جیهان ئەدوون ! ...

ئەی لاوان !
مشتی وەك پۆلای ڕەقتان
ڕاستکەنەوە لەوانەی
تەم ئەخەنە شەپەتتان ،
نایانەوێ کە سپەی
سەرانسەری ژیاتان :
هەر جەژن و میهرەجان بێ !
وەك فینلەندە جیهانتان
شەوی لەسەر بەیان بێ !
تێڕان خوڕن ــ لەوانە ــ
شێرانــە !

با ئەو چەکەی پێڕانە
فڕێی دەنە بن دەریــا ،
تــا دنیــا
داخەکەی هێرۆشیما
ساڕێژ ببێ لە دڵیــا !
تــا ئینسان ،
لە سێبەری ئاشتیدا ،
دەستی بچێتە فرمان ،
لی دەشت ، بەردی چیا ،

پرکات له گولو له نان ! ...
ئەی لاوان !
ئەوسا چوار وەرزەی ژیـان ،
بـۆ گەلان
گشت ، جەژن ئەبێو ، میهرەجان !

بەرلیغە : ١٩٦٢/٦/٢٥

دلّوپی مرواری

ئـاوابوونێك

« بەبۆنەی کـۆچی دواییـی خوالێخـۆشبوو مامۆستا رەفیق حیلمیـیەوە »

ئەی سـەیوانگای ئارامگای ڕابوردووەان ،
پێت سپێردرا کۆستی تازەی کەوتووەان !

لەو کۆشەتا کە خاکی نیشتمانە ،
گۆشەی سنگی نازداری کوردستانە ،

با تیر بنوێ ئەو ئەستێرەی کە بە شـەو ،
بە شـەوی کورد •• لەچوە چاوی یەك تك خەو !

هەر ئەینووسی لەسـەر تەختەی ئاسۆی ڕەش ،
وشـەی (هیوا)ی کوردی بە پێتی گەش گەش ••

ئەو ڕەنجەی دای بە دەرس‌و نامەو هەڵبەست
شـوێنی دیارە : لەو گڕەدا کڵپەی بەست

لە بن هەموو بەردێکی چیای کوردا ،
لە قوواڵییی دڵی درشـتو وردا •••

ئێستا کە ڕووناکیی ئاسۆی ڕۆژهەڵات
مژدەی پێڕبە •• کورد نزیکە لە ئاوات

دنیا بوو لە ئەنجامو ، بە بێدەنگ ،
کێشایەوە بۆ ستێبەری خەوی مەنگ ؟

لەپاش ماندووبوونی مەردانەی مەیدان ،
با لە کۆشی دایکا بنوێ پالەوان !

بەلأم ئێمەی گیرۆدەی ئەستێرەی گەش ،
تا ئەوڕۆژەی گل ئەمانخاتە باوەش ،

چاوی تاسەی بە شوێنا هەر ئەگێڕین ،
لە ئاسمانا ، چونکە جێی چۆل ئەبینین !..

سلێمانی ـ ئابی ١٩٦٠

یـــادی (بێکەس)

هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆنی عومرە
بۆیە فرمێسکە لە چاویایە ئەم شیعرە !

کوردستانی ئەو سەردەمە وا تار بوو ،
بەفری زستان گوڵی باغچەی بەهار بوو .

بلبلەکان لە قەفەسا قەتیس بوون
لە سەرمانا ئەلەرزین ، وەک گوڵ سیس بوون

ئەو مەلانەی دالدەیەکی گەرمیان بوو ،
دانەوێڵەی چینە مایەی شەرمیان بوو .

پەڕەی گوڵیان بە ڕەنگی (ڕوو) سوور ئەکرد ،
وا هەڵبەستیان پێشکەش بەرەوژوور ئەکرد .

جار جار لەپاڵ مەتحی درۆی زۆردارا ،
چەن گوڵێکیش ئەکرا بە قژی یـارا ..

یاری هەڵبەست یان هیی تێری بێدڵ بوو ،
یان هیی لاتی ناپەسەندی لای گوڵ بوو ..

بەڵێ هەبوو بلبلیوایش ، برسی بێ ،
تەماع هەرگیز شیعری پێ نەنووسیێ

هەرە پرسیو هەرە لێبوورددووی دەستە
(بێکەس) زیاتر ، خەباتی خستە بەستە .

لە باغێکا فرمێسکی (خانی) ئەڕژا ،
دڵی (حاجی) لە ئاگرا ئەبرژا ،

(بێکەس) دڵی بڕوای نەدا خامۆش بێ ،
لە بەستەیا نیشتمان فەرامۆش بێ !

لە ڕووی شیری ڕووتا وەستاو نەڕانی ،
ئازادیی ویست بۆ گەلو نیشتمانی !

زمان بڕین سزای قسەی نەستەق بوو ،
توانجی (بێکەس) بۆ دوژمن بەردی ڕەق بوو ..

کزی چاو بوو .. بە چاوی هۆشمەندی
لە ئاسۆی دوور برایەتیی کرد بەدی ،

لەناو هەردوو نەتەوەی عەرەباو کورد ،
بە بانگی بەرز ئەمەی خستە شیعری ورد .

لەکاتێکا دەستی دوژمنی نامەرد
تۆوی کینەی چاندبوو وەک گەرای دەرد ،

بەو نیازەی بکەوێتە خۆ خۆری :
کوردو عەرەب ، تورکماڵو ئاسۆری !...

ئەمویست (بێکەس) ئیستا بە سەر بژایە ،
ئەم گەرمیەی برایەتیی بدیایە .

بیزانیایه برا گەورەی عەرەبمان ،
چەن دڵـۆزە بۆ خزمەتی ئەدەبمان ..

بیزانیایه گەوهەری نرخی (بێکەس)
براکانی چۆن ئەیگیرن دەساودەس !

(بێکەس) ! لەشت با لە خاکا ڕزیێ ،
با مرۆفیت بە یاسای مەرگ ڕازی بێ ،

بەڵام ، بلبل کە ئامانجی لەم ژینە :
بەس خوێندنی بەستەی شیرین شیرینە ،

تاکو دەنگی چرپکەی بێ لەسەر دار ،
هەر زیندووەو ، هەر بلبلەو ، هەر بالدار !

کەوایێ تۆیش تاکو (داری ئازادی)
بەستەی کوردە ، ئەڤیت ، نەمری یادی !...

بەغدا - کانوونی یەکەمی ١٩٦٠

یادی پیرەمێردی بۆێژ

ئەم بەهارە
لەسەر گردی مامەیارە ،
بۆ یانزە جار ،
نۆێ گوڵاڵەی سووری بەهار
خوێنی ڕۆڵەیە سەر گیای سەوز ،
خوێن پەنگی خواردەوە ، وەك حەوز ...

بۆ یانزە جار ،
سەوزە گیاکەی گردی یارە
مووی سپی کرد وەك چۆڕی شیر ،
تووکی کەڵەی بۆ یانزە جار
با ڕشتیە بەر پێی ڕێبوار !

پووشی دە ساڵ ئێستە خۆڵە
لەو ڕۆژەوە جێی پیرەمێرد
(قۆچی تینوو بۆ دەمی کێرد[1])
لە باخچەی هەڵبەستا چۆڵ ...
باغچەی هەڵبەست ،
هەزارو یەك جۆر گوڵ ئەگرێ ،

---

(1) ئیشارەتە بۆ ئەم شیعرەی پیرەمێرد لە قەسیدەی (هاتن شەهیدەکان)دا :
من وام ئەوێ کە حەشر نەکرێم خوێن بە بەرگەوە
بەو عەشقی میللیەوە ، بە کڕەی سۆزی جەرگەوە

ع . م . ك .

تیایا هەیە زوو ڕەس ، بۆن مەست ،
بەڵام ، ئاخ ، زوو هەڵدەوەڕێ

لەناو هەزارو یەك گوڵا ،
من هێزڕۆم زۆر (چێ) بە دڵا :
کە پاش ئەوەی بەهار پیر بوو ،
بە درکۆو پووش هەرد داگیر بوو ..
گوڵی هێزڕۆ ،
گورج لەسەر بنجی سەربەخۆ ،
سپی‌و سوور هەڵئەکا بەیاخ ،
درکۆو داڵ ئەگێڕێ بە باخ !

پاش بەهارێ ،
کاتێك : ڕۆژی لای نیوەڕۆ
دەرزیی داخی لێ ئەبارێ ،
ڕێبوار تك تك ئەتوێتەوە ...
لەوکاتەدا .. گوڵی هێزڕۆ
لەناکاو ئەشەکێتەوە ،
سرنجێك ئەگرێتە ڕێ‌و بان :
فێنك وەك ئاو ، وەك بای کوێستان !

هێزڕۆم بۆیە لا پەسەندە :
لەسەر ڕەگێکی قووڵ بەندە
بەسەر درکی ژینا زاڵە ،
تا ئەمرێ ، سەر لقی ئاڵە !...

بەغدا • حوزەیرانی ۱۹۶۱

کۆمەڵەی شەشەم

ئۆپەریت

ئەنجامی یاران

شوێن : سەرچاوەیەك لە بن سێبەری كۆمەڵە دارختێكا ، لە دێیەكی بنار شاخ . پلووسكێكی دارین لە كەڵەكە بەردێكی بەرزەوە ئاوێكی زۆری لێ دێتە خوار .

برزوو :

ئەی دایەی سەركانیی ژێر سوورە چنار ،
داپیرەی نوورانی ؟
كوا فەڕی ئەم كاتەی ئەم جێگایەی پار ؟
كوا شەوقی جارانی ؟

وەسوش :

كوڕی خۆم ، ڕێبواری جوانو هەرزەكار ،
جیاوازیی چیت دیوە
لە كانیو پلووسكی ژێر سێبەری دار ،
كە زیخی مرواریو ئاوی وەك زیوە ؟

برزوو :

دایە ، ئاو ئەو ئاوە ، جێگە ئەو جێیە
هیچ نەگۆڕاوە ،
بەڵام سوورە گوڵێك هەیە لەم دێیە
مەیجی ئاوە ،

ئابینم وەکوو پار لە بەر پلووسکا
ئاو بدا بە کولمی نەرمو ناسکا !

وەنەوش :

ئەی جوانی سەر ڕێگا ، زۆر هەنگی برسی
بە باڵ هات لە دوور
لای‌دایە ئەم شوێنەو ئەم پرسەی پرسی
دەرحەق گوڵی سوور !.
پێم ناڵێی چ کاری ، ڕۆڵەم ، چ کەسی ؟
سەر سەودای چی کەوتووی ، مەنیج ئەپرسی ؟

بڕۆو :

دایە ، پار چەند بووم ، چەندەی نیشتمان
لە شاخ هاتمە خوار
لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاو جوان
تووش بووم بەکەمجار
بۆم ڕوانی .. بۆی ڕوانیم بە دوو چاوی ڕەش
سەرکولمی ئاڵتر کرد زەردەخەنەی گەش !

وەنەوش « لەبەرخۆیەوە » :

ڕووخۆشیو شەرمو ناز تێکەڵ بیشان‌دان
هەر شیاوی خۆتە ئەی مەنیجی جوان !

بڕۆو « لەسەر گۆرانیی خۆی نەڕوا » :

بەو دڵەکوتیوە کە چوومە پێشتر ،
داوای ئاوم کرد
بۆی ڕوانیم بە نیگای ڕیشەی دڵکێشتر
دەستی بۆ جام برد

ینم نا به جامی (ئەناهیتا)وە ،
(خوا ژنی نازداری کانیو سەرچاوە)
ئاوم خوارد ، سرنجم دا لە باسکی ڕووت ؛
پووزی هەڵکراو
لەسەر وردە زیخی مرواریو زمڕووت
وەك مەڕمەڕ تاشراو
ڕوانیمە باڵای ڕێك ، سەرو پێچی شل
ئەگریجەی وەك شەوەی سەربەفری لا مل .

وەنەوش « لەبەرخۆیەوە » :

شیرینە سەرتاپای ئەندامی مەنیج
شیرینتر : ڕەوشتو خوو فامی مەلیج !

برزوو « لەسەر تەواوکردنی گۆرانیی خۆی ئەڕوا » :

بە قسەی لەرزۆکی لە گەروو گیراو
لەگەڵی دوام
لاوانیی بە دەمو لەبزی وەك شەکراو
پرسیارو وەڵام
گەیشتە : ناونیشان ، ناو ، دۆست ، دەزگیران
تا دەستمان بۆ یەکتر نایە سەر قورعان :
کە هەرگا پێویستی نیشتمانم دی ،
لە چەك بەردرام
مالی زۆر هەڵگرم ، بێمە خوازبێنیی
گوڵ غونچەی هیوام !
وا ئێستا چیم هەبوو کردوومە بە لەخت
وەك عەودال کەوتوومە شوێن تروسکەی بەخت

وەنەوش :

ئەی ڕۆژەی لاوچاکم ، چەتەی نیشتمان !
داخی گرانم !
زمانم ناچەرخێ بە قسەی ڕەوان
ئەوەی ئەیزانم
لەبارەی مەنیجو ئەستێرەی بەختی ،
بۆ تۆی بگێڕمەوە بە ساردیو سەختی !

ڕۆژو :

هەی دایبر ! دەخیلم ، چیبە خەبەرت ؟
ئارامت بردم !

وەنەوش :

ڕۆژەکەم ، کەلکەلەی مەنیج لە سەرت
دەربکە ...

ڕۆژو :

ـ مردم !
بێگومان مەنیجی نازدار مردووە ؟

وەنەوش :

نەخێر ماوە ، چ مانێ ؟ مێردی کردووە ؛
بۆ مالو ژن بە ژن باوکی چرووکی
لە دێیەکی دوور
لە بەندی پیرێکی تونڈ کرد بە بووکی ،
ژاکا گولی سوور
وا ئێستا کەوتووە لەسەر نوێنی خەم
فرمێسک ئەبارێنێ : کەی کەم ئێستە کەم !

(له همان جێگا ، له‌پاش مه‌لته‌یه‌ك ، له‌سه‌ر گلكۆی برزوو)

كۆرسی كوردان :

لێره‌دا دڵداریك ئه‌نوێ كش‌و مات
ئه‌وجوانێك بوو ؛
ئه‌ریتی به‌د له‌یه‌تشت بگا به ئاوات
یاری له‌كیس‌چوو !
یه‌كه‌مجار لێره‌دا به‌ستبووی په‌یمان
هه‌ر لێره‌یش خۆی پێ كوشت ده‌ردی بێده‌رمان
(له‌سه‌ر گلكۆكه‌ی ته‌نشتی ئه‌و)

كۆرسی‌كچان :

ئه‌مه‌یه قیبله‌گای ته‌وافی كچان :
گلكۆی مه‌نیج جوان
بۆ دۆستی جوانه‌مه‌رگ وه‌فای خۆی نوان
ئه‌ویش خۆی خنكان
خۆی‌كرده قۆچی عه‌شق ، قۆچی سه‌ربه‌ستی
پێچرانی زنجیری كۆنه‌په‌رستی !•
(له همان جێگا)

همدوو كۆرس (به تێكه‌ڵی) :

ێێن كچان ، ێێن كوڕان ، په‌یمان ببه‌ستین :
بۆ هێزی زۆرداری مل‌كه‌ج له‌وه‌ستین ؛
شه‌هیدانی عه‌شق
بكه‌ین به سه‌رمه‌شق
دڵداریی ڕاستو پاك ئامانجمان بێ گشت
یان بژین سه‌رفراز ، یان بچین به كوشت !•

سلێمانی • مارتی ۱۹۵۲

ئەنجامی ئەژدەهاك

یەك دوو هەفتە پێش جەژنی نەورۆزی ساڵی (١٩٥٩) لەگەڵ هونەرمەندی بەهرەدار كاك قادر دیلان بریارماندا كە پێكەوە لەقەڵا بدەین بۆ بەرهەمهێنانی پارچەیەكی هونەری بۆئەوەی لە جەژنی باسكراوا پێشكەشی گەلی شارە خۆشەویستەكەمانی بكەین .

بەری لەقەڵای من لەمپێناوەدا بیركردنەوە بوو لە دانانی ئۆپێرایەك كە ئەمەی لای خوارەوە یەكەم پەردەیەتی .

لەبەر كەمو كوڕیی ئەوكاتەی بەدەستمانەوە بوو ، بریارمان دابوو كە ئەو بۆ ئەم پەردەیە دەستبكات بە دانانی ئاوازەو پراوە كردن لەگەڵ تێپی ئاوازەو تێپی تەمسیل تا من لە دانانی پەردەی دووەم ئەبمەوە ، وە بەمجۆرە بۆڕین تا ئۆپێراكە ئەگاتە ئەنجام .

بەڵام داخەكەم كاك قادر بۆی نەكرا بەتێنەكەی بێنێتەجێ . ئەمە بوو بەهۆی ساردبوونەوەی منیش ، وە بەپەنگە دەستم لە پرۆژەە هەڵگرت .

ئێستا كە پەردەی یەكەم لە ئۆپێرای ئاتەواو ئەخەمە پێش چاوی خوێندەواران (بەیان) (١) ، ئەگەر لە هونەرمەندەكانمان (بە مۆسیقارو ئاكتۆرەكانەوە) هاندانو بەتێنێك ببینم بۆ پشتگرتنو هاوكاری لە سەرخستنی پرۆژەدا ، ئەوا ئامادەبوونم پێشانئەدەم بۆ ئێمەلچوونەوەو تەواوكردنی پەردەكانیتر .

ـ گۆران ـ

---

(١) مامۆستا گۆران ئەم ئۆپەرێتەی لە ژمارە (٤)ی بەرگی (٢)ی ئایاری ١٩٥٩ی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوكردووەتەوە كە بە سەرپەرشتیی خۆی لە سلێمانی دەرئەچوو . من خۆم دانەیەكی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەكەملابوو مامۆستا گۆران بە دەستی خۆی گەڵێ دەستكاریی ئۆپەرێتەكەی تیا كردبوو ، بەداخەوە لە بارو دۆخێكی سەختدا لەدەستم دەرچوو . م.م.ك.

پەردەی پـەك

بـازاری ئاستگەران

جارچی (بەدەم زەنگ لێدانەوە) :

بە فەرمانی شای بێباك ،
خاوەن شکۆ ئەژدەهاك ،
ورتەتان لە دەم دەرێ ،
بە شێر لە سەرتان ئەدرێ !

یاساولان : (شـێر هەڵدەکێشـن) ،

ورتەتان لە دەم دەرێ ،
بە شێر لە سەرتان ئەدرێ !

جارچی :

مارانی شا بێقەرارن ،
ناشتای مێشکی هەرزەکارن .
هەر ماڵەتان سەرو کوڕ ،
کاسەی سەر لە مێشك پڕ
ئامادە کەن ،
با یاساولان بڕیانبەن
بۆ چێشتخانەی شا ، تا جووت جووت
مێشکیان بۆ مار ببن بە قووت
بە دەستی وەزیر : کرمایلی ژیر !

سەرکردەی یاساولان :

سەر هیی شایە ، ماڵ هیی شایە ،
هەر ماڵە کوڕێك .. چیی تیایە ؟!

جـاوچی :

یەللاّ ! دەسا خاوەن کوڕان ! هەریەکتان کوڕێ ..
هەر ئێستاکە لەگەڵ ئێمە بڕیانخەنە ڕێ !

سەرکردە :

پەلە نەکرێ ،
وەللاّ ! بیللا ! ئاگر لە مالتان بەرئەدرێ ،
خاو خێزانتان ئەسووتێنرێ !
با گشت نەڕوا ، یەك کوڕ ببرێ !

جاوچی (لێستەیەك دەرئەهێنێ ، دەستەکا بە خوێندنەوەی) :

ڕۆستەم کوڕی کاوە ، کوڕی یانزەمین ...

کاوە (بەدەم ئاسن کوتانەوە ، لە بەر خۆیەوە) :

دەربەستی دەو یانزە نین ،
وەستای پۆلاّو ئاسنین ،
ڕۆژێك ئەبێ تۆڵەی گەلان بستێنین !

جاوچی (لەسەر خوێندنەوە ئەڕوا) :

برزووی خوسرەو ، کوڕی هەشتەمی خوسرەو ،
نەوزاد کوڕی قوباد ، بێژەنگی پڕتەو ...
دەرچن لە ڕیز ، بێن لێرەدا بوەستن ...

یەساولی یەکەم :

باوکی سەگتان بۆتانئەگرن وەکوو ژن ! ..

کـاوە (لەبەر خۆیـەوە) :

هۆی ژیانی گەل ژنە ،
خەنجەر بێچووی ئاسنە ،

زامی جەرگی ژنو پیاو
هیی دەستی یەك دوژمنە !
(دور لاو بە پالە پەستۆ نۆرەیی لە یەکتری ئەکەن)
یاساولی دووەم :
کێشمەکێشی ئەم دوو سەگە
گلاراوی سەرمەرگە !
لاوی یەکەم :
منم بێژەنگ ، کوڕی خوسرەو !
لاوی دووەم :
منم ! منم ! خوشکمە ئەو !
(یاساولێك شیرین لە نیشانەی نێری ڕووت ئەکا)
سەرکردە (بە تووڕەیی سەر با نەدا) :
غەش لە شای ئەژدەهاك ئەکا ؟!
کچان (لە ڕیزی پشتەوە دەرنەپەڕنە دەرەوە) :
زۆر چاك ئەکا ! زۆر چاك ئەکا !
کچ بۆ ئابەن لەباتیی کوڕ ، خوشك لە جێی برا ؟
کچ بۆ بژی ، لەکاتێکا کوڕ تۆوبڕ کرا ؟
(نیوەی یاساولان لاوەکان لەدەنەبەرو ئەیانبەن)
مێشکی کوڕو کچ لای مار ،
لای ئەژدەهاکی زۆردار
هەر یەکە ، هەر یەك بێ گومان !
ئێستر بۆچ بێبەش بن کچان
لە خەباتو قوربانیدان
بۆ نیشتمان ، بۆ کوردستان ؟..

سەرگردە :

یاساولان ، ئەم کچانەش هەموو بگرن ،
تا لە بەندیخانەی شاژن ئەیانکوژن !

(بەستەی کچان)

بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نیە ،
بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نیە ...
ئەی قژی زەرد ، وەکوو پووش دەسکەنە بە !
ئەی لێوی ئاڵ ، بە بێ زەردەخەنە بە !
چاوی ڕێژراو پێمەکەنە وەکوو گوڵ
بۆ ڕۆژی ڕەش بڕژێنە فرمێسک بەکوڵ !
لەنجە مەکە بەژنو باڵای نەمامی ،
ڕەشپۆشی جوانەمەرگیی چەند برامی ؟
بە کەساسی کەچ بە ، گەردنی بێگەرد !
سەرکولەمەکان ، بگرن ڕەنگی لیمۆی زەرد !
بۆ خۆشەویستی لێمەدە ئیتر ، دڵ !
لەناو گۆڕی تەنگا با بیی بە گڵ !
کە ئازادیو باوکو برا لەکیسچوو ،
کچە کوردێك چ زیندوو بێ ، چ مردوو !..

(کرمانیلی وەزیر کە لێنەپەڕێ ، گوێ لە گۆرانیی کچان ئەگرێ کە تەواو ئەبێ . دوایی کچان ئەبەن) .

(ئاسنگەرەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە مقۆ مقۆ)

یەکەم :

داوەشینە ! دارزێنە !
خەڵکینە کەی ئەمە ژینە ؟

ژدبـه :

خەلکینە کەی ئەمە وینە ؟

شاگردیـك :

وەستا هەلی ڕاپەڕینە !

هەندیـك :

ڕاستە ، هەلی ڕاپەڕینە !

گرمـایيل :

(لەگانە بـازاڕی ئاسنگەران ، سلاو لە کاوە ئەکا) :

خاوەنشکۆ بڕیەماخە .
دڵمان هەموو پڕ لە داخە !
چاوی ماری ناچێتە خەو
نە کاتی ڕۆژ ، نە کاتی شەو !
لە خۆراکی مێشکی کوڕیش
سەر با ئەدەن بە فیشە فیش !
ئیستا ئەڵێم چۆنیی کچان
بکەم بە هۆی ڕمشمار لاس‌دان ،
ماری دڵتەڕ ، کچ هەڵپەڕێ
خەوێشی دێو ئەشلەوەڕێ !

(سەر ئەنێتە گوێی کاوە)

هەر لاوێکم لە مەرگ بۆ لا دراوە ،
لە نێوێنگا ئامادە ڕاوەستاوە ،
لەگەڵ یەکەم جوواڵەی شۆڕش ئەوان زوو
داگیر ئەکەن لە کۆشکا برج‌و بازوو

کاوه :

جوولە بە زستان ئەتەزێ
سەرما وەکوو مار ئەگەزێ !
تا گولالە دەشت سوور نەکا ،
پیاو ئاسان خوارو ژوور نەکا ،
دەست دانــە شۆڕش گرانــە ،
لەم ولاتی کوردستانە !

کرمــاییل :

ئەی کە پێمان نایە بەهار ؟

کاوه :

زۆر زۆر بەجێیە پەلامار !
هاتوو پەلامار سەرنەکەوت ،
مل ئەتێن بۆ شاخو ئەشکەوت .

کرمایــیل (هەر بە چپە) :

ئەم کچانەی ئەمرۆ گیران ،
پەلپو بیانووی چۆپیی ماران ،
دەربازبان ئەکا وەك یاران !

کاوه :

هەر بژیت سەرباشقەی ژیران !

(کرمایل ملی پێ نەگرێ . دوورنەکەوێتەوە)

کاوه : (بە ئاسنگەرە هەڵچووەکان) :

براکانم ! ئەمرۆ ڕۆژی دان بە خۆدا گرتنە
ڕاپەڕینێك بێ‌وادە بێ هێزی ئێجگاری مردنە

لەم‌کاتەدا خزمەت تەیا یێ‌وچان ئیش‌کردنە ،
بۆ ڕۆژی خۆی چەکی زۆرو تفاقی زۆر خستنە •
ئەگەر دڵسۆزی ڕاستین ،
ئەبێ هەرگیز نەوەستین ،
ئاسن بکوتین بە ئاسن ،
داس دروست‌کەین‌و گاسن ،
شمشێرو تیرو خەنجەر
فڕیا خەین بۆ شۆڕش‌کەر ۰۰۱

(ئاسنگەرەکان ساردبوونەوەو دەستیان دایەوە کەرەستەکانیان‌و کەوتنەوە کارکردن)

ـ پەردە داکشا ـ

کۆمەڵەی حەوتەم

پیەس لە یەک پەردەی کورتا

دوشمنمان مێشوولە

ـ پەردە هەڵگشـا ـ

(کۆشکێکی گەورە دەرلەکەوێ ، بە خەتی درشـت لەسـەر دەرگاکـەی نووسراوە : «پرۆژەی لەناوبردنی مەلاریا » . لە کۆریدۆر چوار پێنج پسپۆڕو ناپسپۆڕی بێگانە دەوری مێزێکیان داوە بە میکرۆسکۆپ تەماشای گەراو کرمی مێشوولە ئەکەن . ئەمانە گشتیان نیشانەی پسپۆڕی : چاوبلکەی زەق زەقو کەللە سەری زل زلی ڕووناوەیان هەیە .. لە پشت سەریانەوە تابلۆیەک بـە دیوارا هەڵواسراوە ، هیی وێنەی هەزار جار گەورە کراوی مێشوولەیە کە بـە هەزار ڕەنگ بۆیە کراوە ، ڕەنگی وا جوان کە مێشوولەی قەحبەباب هەرگـیز بە پەپوولەی بەهاریشـەوە نەبدیوە .. پۆلێک کرێکاری نیشتمانیبش ، پەلاسی شرو چڵکن لەبەرا ، سێپاو لوولەی خەرێتەو سەتڵو ترومپاو پاچو خاکەنازیان هەڵگرتووە چاوەنواڕی ئەکەن .. پیرۆنە سـپس کە نەخۆشێـکی سـیلاویی بێدەرمانو بێخۆراکە ، لەوبەری شـەقامەوە پاڵی لێداوە بە دیوارەوە ، تەماشای ئەم دەرگاو دووکانە ئەکات) .

پیرۆنـە سپیس (بە گۆرانیبەک کە لە گیزەی مێشوولە ئەچێ) :

ئەم زاناو دوکتۆرە گەورانەی دوور ولآت ،
تێراون : بگەنە هاواری ئێمەی لات
دوو فلسێک هەمانەو تیا نابێ نرخی نان
بیدەنە تفاقو ترومپاو داو دەرمان
تا ڕەگی مێشوولەی دوشمنمان دەربێنن
وا تۆلەی لەبرسا مردنمان بسێنن !..

ـ پەردە داکشـا ـ

تەموزی ۱۹۵۲

شیوەنی دارستان

ـ پەردە هەڵگشا ـ

(لادێیی چۆڤـە شر بەرامبەر بە کۆشکێکی گەورە وەستاوە ، بە ئینگلیزیو بە هەرەبی لەسەر دەرگاکەی نووسراوە : « دائیرەی دارستان ») .

لادێیی چۆڤـە شر :

ئەم کۆشکەو دەزگایە کە پۆشتەی تفاقە
بێگانە ئەیگێڕێو بە ناو هیی عێراقە ..
کەس نەبوو عێراقی کە هێندە دانا بێ :
بزانێ شاخ نابێ دارستانی تیا بێ !
ناچار بووین هێنامان پـێڕی بێگانە ،
بە زانست سووتاندی ئەم دارستانانە ،
هەمووی کرد بە خەڵووز ، پێشـکەشی ئاغای کرد
ئـاغاشمان بە دیاری بۆ پاشای بەغای برد ..
ئێستاکە ئێمەینو شاخێکی وەک کەچەڵ ،
با هەر بەیەن بە سەرا قوڕی خەست بە تۆپەڵ ! .

ـ پەردە داکشا ـ

تەموزی ۱۹۵۳

ماستاو ...

ـ پـەردە هەلگشا ـ

ئـا ـ تەلەفۆنی ئەمـبەر : ئافا لە هاوینە هەواری کۆیستان

ب ـ تەلەفۆنی ئەوبـەر : کاربەدەستێك لە بالیۆزخانەیەك

ئـا :

هەلاو .. هەلاو .. گەورەم ! سێرم !
هۆی گیرفانو سکی تێرم
هەلاو .. هەلاو ..
ڕووناکیی چـاو ! .

ب ـ

ئەلۆ .. ئەلۆ .. (شێك)م ! (ئاگا)م ! [1]
لەناو گەلتا پشتم ، پەنـام !
ئەلۆ .. ئەلۆ ..
(کۆت) براکۆ !

ئـا :

جێگام بەرزەو سەیرانگایە ،
نزیك بەوپەڕی دنیایە ..

---

(1) ئەو وشانەی کە لەناو کەوانەکەدان ، ئیملایان بەپێی دەمو زمانی بێگانەکی نووسراوە کە بە ئافا ئەڵێ (ئاگا) وە بە خۆم ئەڵێ (کۆم) .

بۆچ بچووکت گەورە نـاکەی ؟
چاوەڕوانیی من هەتا کەی ؟
هەلاو .. هەلاو ..
ڕووناکیی چـاو !

ب ـ

زۆر (موشتاك)م ، زۆر پەرۆشم :
یێم ماستاوی سارد بنۆشم ،
بەلام (ئاك !) لە (داك)ی ڕووتە
نۆشی گیان لام (زەکنەبووت)ە !
هەرچەند من دێم ڕائەپەڕن
لە منیش‌و لە تۆیش پڕن !
ئەلۆ .. ئەلۆ ..
(کۆم) برای تۆ ! .

ـا :

هەلاو .. هەلاو .. ڕووناکیی چاو !
لەگەل خۆت زۆر یێنە دراو ،
بە مانگانە پیاو ڕائەگرم ،
ورتەیان کرد سەربان ئەبڕم !
دوایی : نەیەی ، ئەودیو سنوور
لێمان ئەکرێ بە ئاگری سوور !
هەلاو .. هەلاو ..
خـاوەن دراو !

ـ

هەر تۆو دراو ؟ بە بانی چاو !
بەرخ سەربڕەو ، سارد کە ماستاو

ئەلۆ .. ئەلۆ ..

(کۆت) پراڤۆ !

ئـا :

هەر تۆو کەباب ؟ هەر تۆو ماستاو ؟

هەی بەسەر چاو ! هەی بەسەر چاو !

« ئاغا هستیریای کامەرانی ئەیگرێ ، لەگەل ئەوەی خەت داخراوە ، گوێدانی تەلەفۆنەکەی هەر بەدەستەوەیە ، بەدەوری خۆیا ئەسوڕێتەوەو سەما ئەکا » :

میوان ؟ دراو ؟

کەباب ؟ ماستاو ؟

هەلاو .. ! هەلاو .. !

هەلاو .. ! هەلاو .. !

ـ پەردە داکشا ـ

سلێمانی . ئابی ۱۹۵۳

ولاتی ئاوا

ـ پەردە هەلگشا ـ

(دەستەیەك شاریی بێکارو بێدەرەتان لەبەر دەرگای کۆشکێك وەستاون کە ئەوەندەی نشتەیەك گەورەیە لەسەر دەرگاکەی نووسراوە : « لاتخانەی شار » . لەناو ئەم دەستەیەدا (نالە ـ یەك لنگ) خۆی داوە بەسەر دارشەقەکەیا ، هۆزە بۆ مەجلیسی ئیعمار ئەکا کە ئەم کۆشکە جوانەی بنیاتناوە) :

بڕوانن .. لاتخانەی ئیعمار چ زلە :
چل ژوورەو هەر ژووری جێی نوێنی چلە !
بەمجۆرە ، هەر شارە سەرو لاتخانە
دروست کا ، کێ ئەڵێ : عێراق وێرانە ؟.
هەر بڕی ولاتێك : دەزگای ئیعماری ،
لاتخانەی پڕ ناکا دانیشتووی شاری !

ـ پەردە داکشا ـ

سلێمانی . ئابی ۱۹۵۳

جۆقی یۆنسکۆ

شوێن : دێیەکی ناوشاخ .

کەسەکان : (۱) ئەندامانی جۆق : پرۆفیسۆر ، دومبەکچی ، کەمانەژەن ، کچە مامۆستای گۆرانیبێژ ، کچە مامۆستای سەماکەرە (۲) دانیشتوانی دێ بە وردو درشتەوە .

نیاز لە هاتنی جۆق : ڤێرکردنی خوێندەواریو مالداریو دروومانو کشتوکالو مۆسیقاو دانس .. تاد ، بە دوو هەفتە لە چوار پێنج دێدا .

ـ پەردە هەلکشا ـ

پرۆفیسۆر :

هاتووینە دێی بەردو کوچك
خڕ بێژەنە وەستای دومبك !
خڕ بێژەنە کەمانەژەن !
کچان ، ئێوەش سەما بکەن !

(سازو سەما دەستپێدەکا)

کچە مامۆستای گۆرانیبێژ :

من زانای دەرسی ئەلفبام
دور جار بڵێن : تەرلای لای لام !

هەموو :

تەرلای لای لام ..
تەرلای لای لام ..

کچه مامۆستای گۆرانی‌بێژ :

نوون بۆ ئاله ، ئانی گەنم ،
تەرلای .. پێتان پێ‌ئەکەنم !

هەموو :

تەرلای لای لام ..
تەرلای لای لام ..

کچه مامۆستای گۆرانی‌بێژ :

گاف بۆ گۆشتەو پێ بۆ پلاو
نەك نایخۆن ، نایبینن بە چاو
تەرلای لای لام ، تەرلای لای لام
دوایی هات دەرسی ئەلفبام !

هەموو :

تەرلای لای لام ..
تەرلای لای لام ..

دوبەلەچی :

تەپ تەپ .. تەپ تەپ ..
بە هەردوو دەست : سێ ڕاست ، یەك چەپ ! ..
تەپ وەك زرمەی دەستێژ وایە
بێ شەڕ ئابێ ئەم دنیایــە !
تا ئەتوانن تەپ تەپ فێر بن
سێ سك برسی ، یەك سك تێر بن !

هەموو :

تەپ تەپ .. تەپ تەپ ..
سێ ڕاست ، یەك چەپ !

کچه مامۆستای سەماکەرە :

دەی دانیشتووی بەردو کوچك
لەسەر هەوای پیرە دومبك
چەپڵە لێدەن ، سەما بکەن

(چەقەنە لێئەدا)

ئــاوا بکەن !

(سمت بـانەدا)

ئاوا بکەن !

(گشتیان ئاواو ئاوا ئەکەن)

تا وا نەکەن چۆن تێئەگەن ؟
تا تێ نەگەن چۆن پێئەگەن ؟

پرۆفیسۆر :

دانیشتووی دێ ، درشتو ورد !
هەموو تانسان زۆر باش فێر کرد !
(تەرلای لای لام)تان لەبەرە
گشتتان بوون بە سەماکەرە .

(چەقەنە لێئەداو گشت بە شوێنیا لێیئەدەن)

ئــاوا ئەکەن !

(سمت بانەداو گشت بەشوێنیا بای‌ئەدەن)

ئــاوا ئەکەن !

لە من باشتر سەما ئەکەن !
ئێتر کارمان نەما لاتــان
ئەتانسپێرین بــە خواتان !

(بەدەم گۆرانیو چەقەنەو سووڕدانەوە ، شانۆ دەستەکا بە چۆڵبوون)
هەموو :

تەرلای لای لا .. تەرلای لای لا ..
یۆنسکۆ جوان دەرس دائەدا !.

ـ پەردە داکشا ـ

سولەیمانی . ئەیلوولی ۱۹۵۳

موحاکەمەی مام چەوەندەر

(پەردە هەڵکشاو ساڵۆنی موحاکەمە بە دەستەی تەواوەوە ، کەوتە بەرچاو..)

١ ــ موحاکەمە :

ــ ناوت چیە ؟
ــ مام چەوەندەر ..
ــ لەکوێوە دێی ؟
ــ لە دەشتو دەر ..
ــ بە چی هاتی ؟
ــ بە پشتی کەر ..
ــ کێ هانیتی ؟
ــ لالە ڕەنجدەر ..
ــ چۆنی هانیت ؟
ــ بە دەردی سەر ..
ــ بۆ کێی هانیت ؟
ــ ئاغای سێبەر ..
ــ ئاغا چیی وت ؟
ــ ئیللا گێزەر !
کەلکی نەگرت
تکای ڕەنجدەر ،

بەر شەقیان دا
دەستەی تۆکەر :
« ئیللا گیژەر ..
ئیللا گیژەر .. »

۲ ـ بریار :

بەلێ ، مادام لالە ڕەنجدەر
بۆی نەگونجا لـە چەوەندەر
بـارە گیژەر یێنێتە بـەر ..
وا دامانێنا بە تاوانکەر !
یەللاّ ، پۆلیس ، بیدەنە بەر ،
لەشی کوت کوت کەن بە خەنجەر ! .

(پەردە داکشاو ، ئیتر کەس نەیزانی مام چەوەندەریش چیی بەسەرهات !)

سولەیمانی . نەیلوولی ۱۹۵۳

نق‌و جق

دیمەن : ژووری دائیرەیەك .. لای ڕاست کورسیی‌و میزی نق .. لای چەپ کورسیی‌و میزی جق .. جێگای تەلەفۆن لە ناوەڕاستی هەردوکیانا ، بە دیوارەکەی پشتیانەوە .. دەرگای مەعبێن لەگەڵ ژووری سەرەك لە بەری لای نقەوە .. تاد .

ـ پەردە هەلکشا ـ

هەژار : (سن هەنگاو نەنێ بۆ بەردەمی نق) :

ـ قوربان کارم .. ؟

نق : (بێ سەر هەلبڕین) :

ـ بە دەست جقە .

هەژار : (سێ هەنگاو نەنێ بۆ بەردەمی جق) :

ـ قوربان کارم .. ؟

جق (بێ سەر هەلبڕین) :

ـ بە دەست نقە .

هەژار :

ـ قوربان ، مەئموری نق ، کارم ،

عەرزوحاڵەکەی پێرارم ؟

نق : (سەر هەڵنەبڕێ .. نەڵەمەکەی دانەنێ.. جگەرەیەك دانەگیرسێنێ .. باڵی ڕێنەدانەوە) :

ـ کوڕە ، کابرا ، نەموت بڕۆ

لای جقە عەرزوحاڵی تۆ ؟ !

هـەژار :

ـ مەئموری جق عەرزوحالم ؟
هێند پرسیم کاول بوو مالم !

جـق : (هەمان دەستووری نق پالی لێنەداوەو) :

ـ کوڕە ٠ کابرای بێ سەرو پێ ،
نەموت لای نق بۆی بگەڕێ ؟

هـەژار :

(لە بەر خۆیەوە) :

ـ تەقیم ٠٠ ورگم پڕ بوو لە ڕق
(بە دەنگی بەرز) :
داد ، گەورەی نق ! داد ، گەورەی جق !

(دەرگای مەبێتن کرایەوە .. سەرەك بە دەمو چاوێکی تووڕەوە سەری کێشا .. نقو جق هەڵسانە سەر پێ)

سـەرەك :

چیە ٠٠ کابرای قڕە قڕ کەر ؟

جـق :

گەورەم ، لێمان تێك‌ئەدا سەر !

هـەژار :

قوربان ! عەرزوحاڵی پێرار !

سـەرەك :

هەی قوززەڵقورت ! هەی زەهری مار !
پەلە لە کاربەدەست ئەکەی ؟
لە نقو جق سەر تێك‌ئەدەی ؟

هـەژار :

قوربان ، پەلەم نەکردووە !

ســـەرۆك :

بۆ عەرزوحال دوو سال زووە !
بۆچی ئێرە خوم‌خانەیە ؟
یا جێ‌خانەی شاهانەیە ؟!

نق :

کاری ئاغا چوار سالی برد !

جـق

هیی بەگمان بە پێنج تەواو کرد !

ســـەرۆك : (لە بەر خۆیەوە بە تەوس‌و تووڕەیی) :

پێرێ عەرزوحالی داوە ،
ئەمرۆ کەوتۆتە ئازاوە ..
(ڕوو ئەکاتە نـــق)
تەلەفۆن کە .. تەوقیف بکرێ .
بـــا بەس پێت بەرۆکمان بگرێ !

نـــق : (دەم ئەنێ بە گوێچکەدانی تەلەفۆنەوە) :

ئەلۆ .. پۆلیس ! مەوقووف هەیە .

ســـەرۆك :

با تێبگات درەنگ کەیە !

(لەوەندەی نەخایاند، پۆلیس پەیدا بوو.. دەس‌کرا بە کەلەپچە کردنی هەژار..)

هـــەژار : (بە واق وڕماوی چاوی گێڕا بەگشتیانا . لە بەر خۆیەوە) :

جەی لە نق‌و جقی کارم
چەند گورج دەرچوون بۆ ئازارم !؟

(هەژار درایە بەر بۆ بەندیخانەو ئیتر پەردە داکشـا)

سلێمانی - ئەیلوولی ۱۹۵۲

خۆزگەی هەژار

ـ پەردە هەلکشا ـ

(بارامە گول بە پەڕۆی خامی چلکن بریندەکانی دەستو قاچو ملی پێچاوە. لەتاو ئازار لە بن سێبەری درەختی شەقامدا چیچکەی کردووە .. لەنگەری لەشی خستووەتە سەر گۆچانە لارو گێرەکەی .. بەرامبەری ئەو دەروازەی بەیتالخانەیە .. ئەسپێکی ژانکردوو بەدەست نۆکەری ئاغاوەیە ، بەیتال خەریکە تەرمۆمبنر (گەرمیێتو) لە کۆمی وڵاخەکە دەرئەهێنێو ئەیداتە بەر شووشەی چاوبلەکانی بۆ خوێندنەوە .. مادامێکی تەپڕیش خۆی لە بۆدرەیەکی خەستا گەوزاندووە، بە لچو لێوێکی خوێناوییەوە تووڵەیەکی ئەخۆشی گرتووەتە باوەشی ، لایانا وەستاوە .. مادام تووڵەکەی وەکوو منداڵ ڕائەژەنێ بۆ سووکردنی ئازاری ..)

بارامەگول (بەدەم گری ئاوە ، بە گۆرانی) :

ئەم کۆشکە ، کۆشکی چواریێی نەخۆشە ،
بۆیە وا بەرزەو گەورەیەو خۆشە !
تفاقیو دەرزیو دەواو دەستووری ،
پڕ فەرشیو پاکیی تەویلەو ژووری
مایەی حەسرەتی دوویێی هەژارە
کە دوکتۆر دەوای ئاکا بێ پارە !
سا خۆزگەی هەژار : بە گاجووتی بەگ ،
بە ئەسپی ئاغا ، بە تانجی ، بە سەگ ! ..

ـ پەردە داکشا ـ

سلێمانی . ئەیلوولی ۱۹۵۲

کۆمەڵەی هەشتەم

شیعری گەپ

عەرزوحال

بنووسە : بۆ پاشای مەزن (بەغا) [1]
نیشانەی دڵسۆزیی بێگەردی ئاغا :

دوو لۆری دیاریمان ئەوا خستە ڕێ
هیوایە بەڵێنی خۆی بێنێتەجێ !

ڕاسپێرێت کە لێرە جەنابی مدیر
لە نایب دانانا بمخاتەوە بیر ،

لەحیلێ ڕووڕەش بم وەك جاری پێشوو
کە درام بۆ ئاغای ئامۆزام بە شوو !

دیاریی من لە دیاریی ئەو چەورترە ،
بەرتیلم لە هیچ ئەو جێگاگرترە ...

ڕاستە ئەو ئاوبەئاو ، لە باڵوێزخانە
سەرئەداو وەرئەگرێ یەك دوو مانگانە ..

گەمەیە کە فەڕی خستۆتە بەختی ،
پاشاکان ناچار بوون بگرن حورمەتی !

---

(1) بەبۆنەی بارو دۆخی ڕۆژی بلاوکردنەوەی یەکەمجاری ئەم پارچە شیعرەوە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا [1905] مامۆستا کۆران لەچیاتیی (بەغا) نووسیبووی « غەوغا » . بەڵام من خۆم ئاگادارم ڕاستەکەی (بەغا) بوو . م.م.ك.

خۆ منیش دووراو دوور هەر فەرمانبەرم ،
بۆ بالوێزخانەکان خەفاوە سەرم ،

بە دوو چاوی تیژو جوونێ گرێچکەی سووك
هەمیشە هەڵپەمەو خزمەتی بچووك

پێشکەشی بارەگای بەرزیان ئەکەم :
ڕاپۆرتی دەنگوباس مانگ بە مانگ ئەدەم !

هەر ئەوەم تاوانە کە لە شار دوورم
تا تۆزی دەرگایان زەرد کا ڕووی سوورم ،

وەك ئاغای ئامۆزام ، وەکوو پاشا خۆی
کە کۆشك‌و کارخانەو بانق لواوە بۆی !

دە ڕێم بەن ، یەك دوو سال منیش بێمە شار
دەستی قرپ بنێمە خەرمانی دینار !

چیم وەرگرت لە میری ، لە بالوێزخانە ،
چیم دزی لە ڕووتەی ئەم نیشتمانە ...

دوا فلسی بهاوەم بنی ئاوی حەوز :
لەسەر جێی شەوی سوور ، لەسەر مێزی سەوز ..

بزانن ئەو حەڵە من یا ئامۆزا :
قەڵاتر ئەلوێنین گەردنی ڕەزا ؟!

بزانن : من یا ئەو ، لە حەق پارلەمان
ئەبینە هۆی لوطفی بالوێزخانەکان :

به دەنگدان ، مۆرکردن ، هەڵبژینی دەست ،
هەر پاشا بنوێنێ گۆشەی چاوی مەست !

بزانن : من یا ئەو ، کەلکی کوپانی
باش ئەگرین بە خەستیی بەستەزمانی ؟

بزانن : من یا ئەو ، وەکوو کەڕو لاڵ
بەرامبەر بە تانەو توانجی تاڵ تاڵ ،

کونی گوێ بە لۆکەی بێعاری ئەگرین ،
« نەء » ناڵێین بە میری هەرگیز تا ئەمرین ؟

بزانن : من یا ئەو ، بمانەوێ تێنج ،
بۆ پاکۆی سەری گەل نامانێ درێنج ؟

* * *

ئەی پاشای خاوەندی کۆشک‌و کادیلاک !
بۆ باڵوێزخانەکان بە دڵسۆزیی پاک

سوێن ئەخۆم : کە بوومە نوێنەری کورد
تێکۆشم : ملی کورد چاکتر بکەم ورد !

ئێتر چاوەڕوانم : جەنابی مدیر ،
ڕاسپێری ، ئەمجارە دەرنەچم لە بیر ! ...

ئیمزا
مۆدی ئافسا
سلێمانی ــ ١٩٥٤

دەنگی مردوو

« لیستەی هەلبژاردن ، لە زۆر شوێن ، ژمارەیەکی نەلە کەم ، ناوی مردووی لە گۆڕا پێویی لیابوو .. ناگاداربوون لەم ناوانە بوو بە هۆی دانانی ئەم هەلبەستە » .

نوێنەری هەلبژاردەم !
هەرچەن مردووی یەك دوو سەدەم ،

بەپێی لیستەی میری‌و موختار
وەك تووتی هاتوومە گوفتار ،

خۆت‌و هاوڕێت هەلنەبژێرم
بۆ پارلەماتان ئەتێرم ..

مادام منم هەلبژێرتان ،
هۆی مانگانەو خێرو بێرتان ،

ئێوەش نوێنەری چا بن
کوتومت چەشنی خۆم وا بن !

نالێم : مەخۆن ، چێش لە خواردن ،
چێش لە ورگیش پەتی کردن ..

بەڵام ، زینهار ، پارلەماتان
بێتە چەشنی گۆڕستانتان .

بەرد بێتە گۆ ، ئێوە وس بن ،
دوورن لە یەك : مردوو و وتن !

دوایی مەبزوون ، بە موو چیبە ؟
جوولآن بەڵگەی ژیاویبە !

لە ڕووناکی بەرچاو ڕەش کەن ،
گوێتان لە بیستن بێبەش کەن ،

ئاسۆتان تەنگ بێ وەك گۆڕم ،
هیچ مەگۆڕن ، وەك ناگۆڕم !

تا دنیا کۆن بێ هەروەك خۆی ،
هەوای تازە هەڵنەکا بۆی !

دەزگاتان وەك ئێسك ڕزیو بێ ،
ولآتتان گڵکۆی تەپیو بێ ،

ڕۆژیو ڕزقی بە سەر زیندووی
زیاتر نەبێ لە هیی مردووی ..

دوایی : ڕاستیی بێزمانیم ،
دەرئەخا کوردی نەزانیم ،

لەبەرئەوە : کورد نیم ، لەکەن
دەمتان لە حەق بۆ کورد بدەن !

بەرگم ناوێ ، هەرزانیی جل
بۆ گەل هەرگیز نەگرنە مل !

بەڵام کەنی زۆر داوا کەن ،
گۆڕستان پۆشتەو ئاوا کەن !

بۆ تابووتو بۆ تاتەشۆر
وەستای هونەر تەرخان کەن زۆر !

تەلقین خوێندن ئیجباری یێ !
گۆڕ هەڵکەندن میعماری یێ !

حەلوای سێڕۆژگانە لێنان
بە کڵ نێر کەن ، نەك چێشتو نان !

بەڵام ، ئەی هەڵبژاردەی من !
دەست نەدەنە دەستی دوشمن !

هەرچەن کۆنو کۆنپەرستم ،
لە ناپاکی کردن پەستم .

پێم شەرمە وڵات بفرۆشن ،
یان بۆ دەزگای شەڕ تێکۆشن !

چونکە نوێنەری منن ،
لایەنگری ڕێی مردنن ،

وائەزانن هەڵبژاردەن
بۆئەوەی میللەت بە قڕ دەن !

دڵنیا بن کە دەستخەڕۆن ،
لەئەنجاما هەر ڕەنجەڕۆن !

ڕۆژێك ئەبێ گۆڕبەگۆڕ بن
خواش خۆش نەبێ لێتان وەك من .

منیش کردەی نوێنەرم ،
خراپەکەی دێتە بەرم ،

ئەبینم ڕۆژێك لە ڕۆژان :
دنیا بوو بە ئاگر باران !

بۆمبا گۆڕی هەڵتەکانم
با بردی گەردی ئێسقانم !!

ئەوسا وەك زیندوو تێئەگەم :
چشوومێك بوو هەڵبزاردەم ؟!..

سلێمانی ــ ١٩٥٤

جـاسووس ..

بێ خشپەو زبانداری ،
ئەکشێم چەشنی مـار :

بە پێچەو بە پەنـا ،
بێ‌هەراو بێ زەنـا ،

ئەگەڕێم .. ئەگەڕێم ..
تا تووشی تێچـیر دێم !

تێچـیری هەژارم ،
بێ‌خەبەر لـە کارم ،

وەستاوە بێ‌گومـان
لە ماری بێ‌ئامان !

ئەوەنـدە ئەزانێ
شـەقەیەك دێو .. دانێ

لە زامی ئەچەقێ ،
ژان وەك تۆپ ئەتەقێ

تێچـیری گلاوم ..
ئەبینم بـە چـاوم ،

چۆن ئەکا تەپساوتل
لە عەزرەت ژانو گل ..

بەڵام من بێهەستم ،
ئیتر چۆن دەربەستم ؟

ژان چیبەو زمان چی ؟
بەزەیی و ویجدان چی ؟

ئەوەندە ئەزانم :
دوژمنی ئینسانم

درەنگ .. زوو .. ڕۆژێك دێ :
کام ئینسان ، لە کام جێ ؟

قۆندەرەی بمگاتێ ،
حەقی خۆم ئەداتێ ! ..

سلێمانی ــ ١٩٥٤

چەقەڵ

ئەلوورێنێ ...
چەقەڵی پیر ئەلوورێنێ ...
بڵێسەی دوو چرای چاوی
بەرەو ئاوایی ئەکشێنێ :
لەناو تاریکاییی شەوا ،
کاتێك چاوان وان لە خەوا ،
کاتێك سەران لەسەر سەرین
بۆ خەو ئەژین ! بۆ خەو ئەژین !

چەقەڵ ! چەقەڵ ! چەقەڵی پیر !
بە لووڕە لوور
هاتووی لە دوور ،
لە کام کەتنا کول ئەکەی پیر ؟
دانت لە گۆشت مریشك جیرە ،
یان کەڵەشێر ...؟
یان خەریکی ئەکەی زیرە
بۆ کولێنی پڕ خێرو بێر ؟
یان قەپۆز ئامادەی قەپی
بۆ قۆزتنەوەی کۆتری سپی ؟

چەقەڵی پیر ! چەقەڵی گەڕ !
پیری پووچی ناو مێشکی لەڕ
لە سەر دەرکە ،
خۆت بەس کەر کە !

وا خەریکە : شەبەق ئەدا ،
کەلەشێر بانگی حەق ئەدا ،
خاوەن کولێن ، وریاو بێدار ،
بالی هەڵماڵیوە بۆ کار ،
کۆنر ئەفڕێو مژدەی ئاشتی
جارِ ئەدا بە درێژیی گەشتی ! ٠

ئیتر چەقەڵ !
تاك یان کۆمەڵ :
شۆڕکەنەوە کلك بۆ ناوگەڵ ،
بکشێنەوە بەرەو شەخەڵ ،
بڕۆن ، خوای شەیتانتان لەگەڵ ٠٠٠

سلێمانی ــ ١٩٥٤

سەگوەر

« بۆ لەوانەی خۆیشیان نەزانن کە لە ناحەق نەگەڵن ! »

تووڵەی دەرگای ئاغایان گشت ،
کلکی نایە سەر نەڕەی پشت !

سەری کێشا ، دی : بنی ئاو
تووڵەی تیایە : سەرداکێشاو !

گوێچکەی قوت کرد .. گوێچکە قوت بوو .
کە بۆی مڕان .. بۆی مڕان ، زوو

ـــ حەپ ، حەپ .. حەپ ، حەپ ..
ـــ حەپ ، حەپ .. حەپ ، حەپ ..

ـــ بتنێمە ژێر : بە گاز ، بە قەپ ؟
ـــ بتنێمە ژێر : بە گاز ، بە قەپ ؟

ـــ حەپ ، حەپ .. حەپ ، حەپ ..
ـــ حەپ ، حەپ .. حەپ ، حەپ ..

ـــ تووڵەی بن ئاو ، سەگی خوێڕی !
وات لێ هات لە من بوەڕی ؟

ـــ تووڵەی سەر ئاو ، سەگی خوێڕی !
وات لێ هات لە من بوەڕی ؟

ـ حەپ ، حەپ .. حەپ ، حەپ ..
ـ حەپ ، حەپ .. حەپ ، حەپ ..

. . . . . .

تووڵەی دەرگای ئاغایان گشت ،
وەك کەڵەشێر کلك لەسەر پشت ،

ئەوەن وەڕی .. ئەوەن وەڕی
تا لە کاسە چاو دەرپەڕی ..

* * *

منیش هەندێ کەس ، پاشملە ،
لێم کەوتوونە تەقەی زلە ،

بەڵام ، من وەك هەوزێکی مەنگ ،
هەرگیز لێیان نایەمە دەنگ !

با بۆ خۆیان هەر بگەڕێ ؛
هەر خۆیان هەردووی تەرەڤن !..

سلێمانی ـ ١٩٥٤

مـاکارتی

« سـەناتۆر ماکارتی ، کۆنەپەرستی گەیاندیە ڕادەی کتێب سووتانـدن . جارێکیان لە شـاڤێکیا کە بردی ، ژمارەی چەند سـەدێك کتێبی وەك پـیری مشکان داپـاچی ... »

پیرە مشـکی دێرینەیە ماکارتی ،
عەقڵی شڕ ، پینە پینەیە ماکارتی ،
چەوری لێسی مەکینەیە ماکارتی ،
دەرگای کونی گەنجینەیە ماکارتی ،
لە پیری نوێ بە کینەیە ماکارتی ،
کتێب لای ئەو یەڵپینەیە ماکارتی ،

ئینسانی مشك : ماکارتی !
مشکی بێ کڵك : ماکارتی !
مشکی دوو قاچ : ماکارتی !
کتێب داپاچ : ماکارتی !
مشکی چەپەڵ : ماکارتی !
میکرۆب لەگەڵ : ماکارتی !
ماکارتی .. هۆ ماکارتی !
هۆی شەرمی ئەمریکاتی !

ڕازی .. ناڕازی

ڕازی .. ناڕازی ..
عەلی حیجـازی [1]
« ئە بازیو ، بازی
بە ڕیشی قـازی ! » [2]
ئەی سالح جەبر [3]
پلنگ بیو بەبر
نەتمـاوە زەبر
بەس بگرە سەیر ..
ڕاکە بۆ قەبر ..
ئینگلیزە هەردوو
بە ئینسان کردوو ..
گەر دار ، گەر پەردوو
لەعنەتی کوردو
عەرەب لە هەردوو ..

---

(۱) عەلی حیجازی لە سالی ۱۹۵۰دا بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس بوو، وێستی کوودەتایەك بکا ، گوایە مەبەستی دەرکردنی سالح جەبر بوو لە وەزارەتی ناوخۆ ، بەڵام بۆی نەچوە سەر ، گرتیانو خستیانە بەندیخانە . کەچی پاش نۆ مانگێك لە وەزارەتی نووری سەعیددا بـە فەرمانێـکی شاهـانە بەرەڵڵایان کرد . م.م.ك.

(۲) لۆلکلۆر : « بازی .. بازی .. بە ڕیشی قازی » .

(۳) سالح جەبر : یەکێك بوو لە سەرەك وەزیرە هـەرە کۆنەپەرسـتەکانی جەرخی پاشایەتی . ناوی بە پەیمانی پۆرتسماوثەوە بەندە . م.م.ك.

ڕازی .. ناڕازی ..
هەلی حیجـازی
ئه بـازیو بـازی
بـه ڕیشی قـازی

ئـەم عێراقـه
دوڕگەی واق واقه !
سەری سابـاقه ،
بنی وڕاقـه !
هەم جێی لێفاقه ،
هەم بێتفاقه !
پـایەی وەك فـاقه !
بـۆ واقه واقه !
کام گەورەی تـاقه
کەری دوو لاقـه !

دانه .. دانه ..

دانه دانه .. نووری ! دانه .. دانه ..
مام سام چاوەڕێی پەیمانه ..

مام سام ئەڵێ بە جۆنپۆل
بە جەمالو نووریی زۆل ..[1]
هەردوکیان ئەکەنە کۆل ..
ئەمانبەن بۆ چیاو چۆل ..
بۆ شەڕ لێ ئەدەین دەهۆل ..

جەمال لای کالیسکە [2]
وەك گا ئەگلێنێ تیکە
ئەوەن کەرە بـە فیـکە
چین ئەخاتە زریـکە
فیکەکەی بای ئالیکە

---

(1) جەمال : جەمال بابان . نووری : نووری سەعید ، دوان بـوون لـە بەربرسە گەورەکانی چەرخی پاشایەتیی سەر بە ئیمپریالیزم . م.م.ك.

(2) کالیسیك : عەرەبانە . وشەکە لە کوردیدا (گالیسکە)یە ، لە بنەڕەتـدا لە (کۆلیاسکا)ی ڕووسییەوە هاتووە . م.م.ك.

ئەم ولاتــە بەپیتە
هۆی شوومیو نەگبەتیتە
هەی کرمی قوڕەلیتە ..
هەی کرمی قوڕەلیتە ..

کۆمەڵەی نۆهەم

سروود

کوردستان

کوردستان .. کوردستان !
نیشتمانی جـوان !
هەر بژی بە شادی ..
سەربەستیو ئازادی ..
هەر بژی ! هەر بژی ! هەر بژی !

لووتکەی بەرزی گەردنکەشت ..
نزاری سپی ، بەرخۆری ڕەشت ..
دۆڵی کپو چەمی خوڕت ..
دارستانی زەبەندو چڕت ..
بەهەشتی سەرزەمینن ،
هێلانەی خۆشی ژینن ،
جێگەی تۆشن ،
ئاگر تیژکەری ئێلهامو هۆشن ..

کوردستان .. کوردستان !
نیشتمـانی جوان !
هەر بژی بە شادی ..
سەربەستیو ئـازادی ..
هەر بژی ! هەر بژی ! هەر بژی !

بەری بەیانە

بەری بەیانە ، ڕووناکە ئاسۆ :
ئاسۆی هیوای کورد ، مژدە بێ لە تۆ !
دەنگی بانگ هەڵسا لە مزگەوتی دێ ،
باڵدار هێلانەی خەو بەجێدێڵێ ،
قاسپە قاسپی کەو ئاشکرا ئەڵێ :
کاتی فرمان هات ، کورد نابێ بنوێ .
بەری بەیانە ، ڕووناکە ئاسۆ :
ئاسۆی هیوای کورد ، مژدە بێ لە تۆ !

هەڵسە ئەی لاوی لێشتمانبی کورد !
سەردەمی هەڵسان هەرکەسێ نووست ، مرد !
پێویستی پیرۆز ؛ بەڵام سەختو ورد
چاوەڕوانتە .. هەڵسە دەستوبرد !
بەری بەیانە ، ڕووناکە ئاسۆ :
ئاسۆی هیوای کورد ، مژدە بێ لە تۆ !

بۆ بەختیاریو سەربەخوبیی گەل ،
لەگەل هاوڕێتا پەل بدەرە پەل !
کەی دەرچوو تیشکی هەتاو لە دەم کەل ،
وریا بی ، زۆر چاك بەکاربێنی هەل ..
بەری بەیانە ، ڕووناکە ئاسۆ :
ئاسۆی هیوای کورد ، مژدە بێ لە تۆ !

دەمی ڕاپەڕینــە

دەمی ڕاپەڕینە ، دەمی ڕاپەڕین !
هەتا کەی بە ســتێو بە پەســتی بژین ؟
پەلامار دە ، ئەی کورد ، عەرەق ڕشتنێ !
لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ !
بە یەکبوونە گشت :
پتەوبوونی پشت !
بە یەکبوون ئەبێ :
گەلت پێش‌کەوێ !

دەمی ڕاپەڕینە ، دەمی ڕاپەڕین !
هەتا کەی بە ســتێو بە پەستی بژین ؟
بەلادا بکە چاکی مەردایەتی ..
درێنی مەکە گیان لە کوردایەتی ..
بگرمێنە وەک شێر ، بچۆ ناوی بەرد (1) ،
بڵێ : کوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد ؟
درشت تاکو ورد ،
نەکەین دەستوبرد ،

---

(1) بچۆ ناوی بەرد : ئەوەی لەناو خەڵکا باوە «بچۆرە نەبەردەوە». م.م.ك.

به هەق چۆن ئەگەین ؟
پشوو چۆن ئەدەین ؟

دەمی ڕاپەڕینە ، دەمی ڕاپەڕین !
هەتا کەی بە سستیو بە پەستی بژین ؟

١٩٤٣

نەورۆز ئــەکەم

نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم ،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم ؛
وەك کوردێکی دڵسۆز ئەکەم :
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم !
نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !

نەورۆزی من بەهارییە ،
زەردەخەنەی ڕووی سروشتە ؛
لە دەشتی ڕەنگین دیــارییە ،
هەر هیی من نا ، جەژنی گشتە :
ڕۆژی زیــانەوەی گەلە ،
هیی گژو گیایە ، هیی مەلە ! ...

نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم ،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم ؛
وەك کوردێکی دڵسۆز ئەکەم :
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم !
نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !

بەفری چیـا کشایەوە ،
سـەرمای زۆردار سوپای شکا ؛
هێزی ژیـان بەدوایەوە
ئەڕواو ، گەلاو گیا سـەوز ئەکا ؛
دەست لە پشتی گیاندار ئەسـوێ
ئەیخاتەوە سـکو زای نوێ !

نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !
نەورۆزێکی بەسـۆز ئەکەم ،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم ؛
وەک کوردێکی دڵسـۆز ئەکەم :
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم !
نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !

بلبل ئەڵێ : ئاواتی گوڵ
لەم جەژنەوە بۆم دێتەدی •
هەنگی لەناو کونا خجڵ ،
لەمڕۆژەوە ڕێی ئازادی
ئەگرێتەوە بەر بۆ مژین :
لە دەمی گوڵ شیلەی هەنگوین !

نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !
نەورۆزێکی بەسـۆز ئەکەم ،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم ؛
وەک کوردێکی دڵسـۆز ئەکەم :

ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم !
نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !

کۆنەپەرست لێم ناگرێ :
ڕێی وریایی نیشتمانی ،
کێ ئەتوانێ : بگرێ لە زێ
ڕێی هەڵسان ، کاتی هەڵسانی ؟
یا تەنانەت بەری گەشە
بگرێ لە چڵی وەنەوشە ؟

نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم ،
جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم ؛
وەک کوردێکی دڵسۆز ئەکەم :
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم !
نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !

کۆنەپەرستی چاو قوچاو !
لە جەژنی گەل بۆ ئەترسی ؟
لە گەل دزی کۆشکەو دراو !
بۆ ناتەوێ جەژنی برسی ؟
بۆ ناتەوێ : گیانی چڵکن !
جەژنی پاکی نەورۆزی من ؟؟

نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکەم ،

جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم ؛
وەك کوردێکی دڵسۆز ئەکەم :
ئاهەنگی نەورۆز تۆز ئەکەم !
نەورۆز ئەکەم ! نەورۆز ئەکەم !

ئەی لاوی کورد

ئەی لاوی کورد ! کوڕی ئازا :
دانانەوێنێ بۆ قەزا ،
بۆ زوڵم‌و زۆر ، ملی ڕەزا ...
نە بە نیاز ، نە بە نزا :
نیشتمانت ڕزگار ئەبێ ،
کۆمەڵت بەختیار ئەبێ !

هێز پێویستە بۆ حەق سەندن :
هێزی پێکهاتووی یەک‌گرتن ،
هێزی باوەڕ ، هێزی وتن ،
هێزی کردن ... وەی دوشمن
هەر هێز بنچینەی دەردێنێ
قەڵای سەختی ئەلەرزێنێ !

ڕێگای ئامانج با سامدار بێ ،
با پڕ لە ترس‌و ئازار بێ ،
دڵسۆز ڕابەر ، هێز ڕێبوار بێ ،
کۆمەڵ یەک گیان ، یەک بڕیار بێ :
کاروانی چۆن پێش‌ناکەوێ ؟
دوشمن لەبەرپا ناڕەوێ ؟

ئەی لاوی کورد ، ئەی ڕۆڵەی ژیر ،
ئەی نیشتمان دیلی زنجیر ،
ئەی کۆمەڵ یەك چینی فەقیر ،
تابێ هەرگیز دەرکەی لە بیر :
ئەو ئیستیعمارە خوێنمژە
کە کورد کوژە ، هەژار کوژە !

ئەو ئەژدیها ژار پژێنە ،
پارووی لە ناودەم فڕێنـە ،
ڕەنجدەر لەبرسا مرێنە ...
وەك پلنگ شڕ کە ، بدڕێنە !
با کوردستان سەرفراز بێ ،
بەهەشتی نیعمەتو ناز بێ !

ئەی لاوی کورد ! پلنگی لان !
کوڕانە بـاز دەرە مەیدان ؛
حەق بـێنە بە ڕەنجی شان
بۆ گشت هەژار ، بۆ گشت ئینسان !
لە کێ ؟ یەکەم لە ئیستیعمار ،
ئەمجا داگیرکەرو زۆردار !...

گۆرانیی قوتابی‌یان

بەسەر دنیای فراوانا
دەنگ‌دانەوەی گۆرانیمان
بە لاوانی گشت ڕووی زەوی
ئەگەیەنێت برایمان ،
ئێستر هەرگیز ڕووی ڕۆژی ڕوون
داناپۆشێ هەوری چڵکن ،
ترسی تاڵو تاریکی شەڕ
ڕووناکیمان لێ ناکا وەن !

ئەی قوتابیی وڵاتان گشت ،
بە یەکتری ببەستن پشت !
بە یەکیەتیی وردو درشت
حەقی ئاشتی ئەخەینە مشت !.

بۆمبای ئەتۆم نایترسێنێ
هێزی لاوان خۆی بنوێنێ ،
ڕاوەستاوین وەك پاڵەوان
ئەجەنگین تا شەڕ نامێنێ ،
تا مەشخەڵی ئازادیی گشت
گڕ لە گشت لا هەڵنەسێنێ !.

ئەی قوتابی بۆ یەك‌گرتن ..
لە خەباتا بۆ پێشكەوتن ..
بۆ پێشەوە بەرەو ئاشتی ،
بەرەو بەختیاری چەشتن !..

سلێمانی . تەشرینی دووەمی ١٩٥٣

جەژنە پیرۆزەی ئاشتیخوازان [1]

ئاشتیخواز ! ئاشتیخواز ! ئاشتیخوازی کورد !
بە ئاشتی سەرئەگرێ گشت نیازی کورد !
ئەی برا ، جەژنەکەت پڕ نانو گوڵ بێ !
نان بۆ تێریی سك ، گوڵ نەشەی دڵ بێ !
ئەی براو خوشکەکان ! ئەی وردو درشت !
ئاشتیبە ئازادو بەختیار کا گشت ! ..

---

(1) ئاشتیخوازانی سلێمانی ، لە جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٥٤دا جەند عەرەبانەیەکیان ڕازاندەوەو منالی جوانکیلەی جلو بەرگی جوانو خاوێن لەبەریان سوار کردنو بە ناو شەقامو کۆڵانەکانی شارا گێڕانیان. منالەکان ئەم سروودەیان ئەوت کە مامۆستا گۆران بۆی دانابوون ، تا لەسەر ئاوازی (هەی بە لارو بە لار ...) بیڵێن . مامۆستا گۆران خۆی لە بارەگای ڕۆژنامەی ژیندا سروودەکەی بە منالەکان لەبەرئەکردو بە ئاوازەوە لەگەڵی ئەوتنەوە . م.م.ك.

چواردەی تەموز

تۆ ئاسۆی ئاواتی گەلی !
تۆ خۆشترین کاتی گەلی !
نۆبەرەی خەباتی گەلی !
سەرەتاو هێزی هاتی گەلی !
چواردەی تەموز ! چواردەی تەموز !

تۆ هەڵهاتی ، شەو دوایی هات ..
ڕۆژی گەلی عێراق هەڵهات ..
ڕووناکی کەوتە ڕووی وڵات ..
بژی شۆڕش ! بژی خەبات !
چواردەی تەموز ! چواردەی تەموز !

دەزگای دەرەبەگی شکا ..
ئیمپریالیست ئابڕووی تکا ..
بێتو شەڕفرۆشی بکا ،
سەر ئەمالێ بە کوچکا !
چواردەی تەموز ! چواردەی تەموز !

وڵات یەکسەر پێکەنینە ،
بەم شۆڕشو ڕاپەڕینە ..
کۆتر سپیو ، ئاسمان شینە ..
ئاشتی هێزی شیرینیی ژینە ..
چواردەی تەموز ! چواردەی تەموز !

١٩٥٩

مارشی ئاشتیخواز

ئاشتیخوازین ، پشتیوانمان گەلانە ،
کۆتری سپیی ئاڵامان ناونیشانە :
ڕێگامان ڕێی برایەتیی ئینسانە ،
ناکۆکیو شەڕ نەهێشتن ئامانجمانە !
باوەڕمان وایە ...
ناکۆکی شەڕی لەدوایە ،
شەڕ هۆی وێرانیی دنیایە
هەر دۆستیی گەلان ،
ئەپارێزێ ئاشتیی جیهان ،
فەڕ ئەخاتە ژێنی ئینسان !

خوێنڕشتنی یەکتریی لاوان بەسە !
بە کەلاوە کردنی شاران بەسە !
ێشکەی منال ئاگر تێبەردان بەسە !
ئەتۆم کڕین بە دراوی نان بەسە !
ئەی شەڕفرۆشان !
قاسە ڕڕو کەلە بۆشان !
بەس بێ ، بەس : بۆ شەڕ تێکۆشان !
شەڕ هەڵبگیرسێ ،

ئەوەی لە مەرگ زۆر ئەترسێ
ــ خاوەن ملیار ــ ناخەلەسێ !

پاسی ئاشتی ئامانجی خەباتمانە •
ئاشتی ڕێگای ڕزگاریی ولاتمانە •
کاتی ئاشتی ، کاتی خۆشی‌و هاتمانە ،
هۆی تێربوونو پۆشتەبوونی لاتمانە !
ڕێی کامەرانی ،
ڕێی پێشکەوتنی ئاوەدانی ،
ئاشتیی گشتیی‌ەو جیهانی •
سا ئەی ئاشتیخواز !
بە دڵسۆزی‌و بەرزیی نیاز ،
گونی زەوی کەڕ کە بە ئاواز !

ئاشتیخوازین ، پشتیوانمان گەلانە ،
کۆتری سپیی ئاڵامان ئاونیشانە :
ڕێگامان ڕێی برایەتیی ئینسانە ،
ناکۆکی‌و شەڕ لەهێشتن ئامانجمانە !
باوەڕمان وایە •••
ناکۆکی شەڕی لەدوایە ،
شەڕ هۆی وێرانیی دنیایە
هەر دۆستیی گەلان ،
ئەپارێزی ئاشتیی جیهان ،
فەڕ ئەخاتە ژینی ئینسان !••

١٩٥٩

یـادی لەنـین

بە سـەرکردەیی بەرزی هاوڕێ لەنین ..
کشـا لەشـکری شۆڕشی سـووری چین[1] ..

بە زانسـتو پیرو بە خوێنو عەرەق ..
شەوی ئادەمیزادی خسـتە شەبەق ..
برادەر لەنین ..
بە عەزم ئاسـنین ..
کە پێی نایە ژێر ،
سـەری بەرزە چین ..

بژی یادی پیرۆزو بەرزی لەنین !.
بژی داس‌و چەکـکوش !. بژی حیزبی چین !.
بژی شۆڕشی یەکـخەری گشـت گەلان [2]

---

(۱) چین : طەبەقە . م.م.ك.
(۲) ئەم سـرووده تەواو نیـیە ، پاشـماوەکەی فەوتاوە . م.م.ك.

چەژنی ئایـــار

یادی پیرۆزە یەکەمی ئایار
چەژنی جیهانە بۆ گشت کرێکار

کرێکار بەندی سەرمایەدار بوو
ڕووت بوو ، برسی بوو ، کز بوو ، هەژار بوو ..

ئەیچەوسانەوە خاوەن سەرمایە
بە مەرەو مەژی کرێی ئەدایە

لە دنیای تازە شاری شیکاغۆ
هۆشی کرێکار هاتەوە بەر خۆ

هێرشیان بردە سەر شەقامەکان
بۆ هەقیان چەشنی شێر ئەیانترکان (١)

---

(١) وادیارە ئەم سروودەش نالەوارە . م.م.ك.

کۆمەڵەی دەهەم

شیعر بۆ منالان

ساوای ئاشتی‌خواز

منالێکم کۆرپەی ناز
وەك باوکی خـــۆم ئاشتی‌خواز
کۆتری سپیی تەقلەباز
لە چەقەڵ ئەکەم دەرباز
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتی‌خواز

نامەوێ گرمەی بۆمبا
بە کوتەك لە کەللەم با
نامەوێ چەپۆکی شەڕ
مالی باوکم با بە با
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتی‌خواز

باوکم ئایێ بێ‌کار بێ
ڕووتو قووتو هەژار بێ
دایکم فرمێـــسکی خەمی
وەك دڵۆپی بەهار بێ
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتی‌خواز

نامەوێ هەتیو کەوم
کەلاوە بێ جێی خەوم

لەبەرئەوە ، مایەی شەڕ
کێ بێ ، دوژمنی ئەوم
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتیخواز

ئەمجا مەرجە تا ماوم
بە زمانی پاراوم
گۆرانیی ئاشتی بڵێم
ئاشتیی ڕووناکیی چاوم
منالێکم ، منالێکم ، ئاشتیخواز

جگەرتانین

« بە زمانی منالی ساواوە »

جگەرتانین ، ساواتانین ،
گوڵی باخچەی هیواتانین ،

بزەی ناو بێشکەین بۆ دایکان ،
ڕووناکیی چاوین بۆ باوکان ،

هێزی دوارۆژی ئێستانین
بەکەڵک ئەبین هەروەك جوانین

ماوە مەدەن شەیتانی شەڕ ،
دەزگای کینەی بخاتە گەڕ ،

بە چەخماخەی تێشکی ئەتۆم
ئێستانماتان بۆ بکا بە مۆم !

ماوە مەدەن بێشکەی منال
گڕ تێبەربن وەك کۆی زوخاڵ

ماوە مەدەن ڕووی ئەرز هەموو
بێتە هێلانەی بن بێچوو !..

گۆرانیی کەو

قەقە ، قەقە ، قەقە ، قەق !
شاخی بەرزو بەردی ڕەق ،
جێگای چێلەو جێگای بەق
قەقە ، قەقە ، قەقە ، قەق !

بەفری تازەو بەفری پار ،
نابڕێ لە لووتکەو نزار :
نە پایزو نە بەهار ،
قەقە ، قەقە ، قەقە ، قەق !

بەر بەڕۆچکەی ئەشکەوتم ،
زستان جێگای سرەوتم ،
مەڵبەندی چینەو ڕەوتم ،
قەقە ، قەقە ، قەقە ، قەق !

ڕائەپەڕم بەربەیان ،
هەڵەکشێم بۆ لووتکەی جوان ،
ئەخوێنم ڕوو لە ئاسمان :
قەقە ، قەقە ، قەقە ، قەق !

مەهی هەزار بە هەزار ،
بە یەك گڤەی بەرمو خوار
ئەبڕم لە ترسی زڵزدار
قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !

« فجووق ... » لە دالی چاوزەق ،
« قنج ... » لە ڕاوکەری دڵڕەق ،
لە تەقەنگێو تەقە تەق ..
قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !

گشت ئێوارەو گشت شەبەق ،
شاخ پڕئەکەین چێڵو بەق ،
لە جیرکە .. جیر .. قەق ، قەق ، قەق ،
قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !

بەرخەکەم

ئەی بەرخۆلەکە !
نەرمو نۆلەکە !
سپی‌و خرپنی ،
وەك کولووی لۆکە !

دەستەمۆو چەشی ،
فێرە باوەشی ،
دەنگی بارە خۆش ،
جوانو چاوڕەشی !

بۆ هەرکوێیەك چووم ،
تۆزێش وەرە لە دوم ،
ئەتلەوەڕێنم ،
هەروەکوو پێچووم ..

وەرە خلە ــ خل !
بچۆ نەرمو شل !
بیارێنە : باع ..
بەرخی چاو بە کل !.

گۆرانیی دەنکە گەنم

نـاوی خوای لێ ئەهێنم
دەرکی عەمار ئەشکێنم
بە بار گەنم دەردێنم
لەناو وەردا ئەیچێنم
وەك ئالتوون زەردە
پاڵاو بێ گەردە
دەنکە گەنم ...

پۆلە چۆلەکەی سەر چل !
مشکی ناو کون ! کرمی گل !
وردە مەلی سرکاو سل !
تۆوم وەشاند پڕ بە دل !
ئەیگرێ خوا
هەرکەسێ بیخوا :
دەنکە گەنم ...

ئێستا وشکە ، بێ گیانە ..
ئەم دەنکە گەنمە جوانە ..
دوو ڕۆژی تر بڕوانە ..

تەلیسمێکی ژیانە ..
خوا ئەفەرموێ
ئەویش ئەڕوێ :
دەنکە گەنم ..

ئەبێ بە قەرسیلی شین ..
بەرز ئەبێتەوە چین ــ چین ..
دیمەنێکی چەلد شیرین
ئەبەخشێ بە سەرزەمین ..
خوا دای گیانی
خوا نەخشانی
دەنکە گەنم ..

گاو گوێزەکەی سەرەڕۆ
ئاوالی زیانە خرۆ
بەرازی شەخەلی کۆ
دوژمن نەیخوا گەنمو جۆ
نەفرینی خوا
لەوەی بیخوا :
دەنکە گەنم ..

بەهارێ تەف دەرئەکا ..
گوڵ تا بەر سنگ سەرئەکا ..
قەلاس نووك نەشتەر ئەکا ..
دڕك پاسی بەر ئەکا ..
بە شنەی با

شەپۆل ئەدا :
دەنگە گەنم ..

ئەی خوای گەردووە بەرزە !
دەغلەکەم بیارێزە
لە سن‌و کوللەو تەرزە
ئەی خوای گەردووە بەرزە !..
هیی تۆبەو من
نەك هیی دوژمن
دەنگە گەنم ..

دەغلم وەك ئالتوون زەردە ..
وەرزێر ! داس لە هەسان دە !
خۆت ئاسایی تەکان دە ..
مەڵۆم بۆ لە خەرمان دە ..
خەرمانی سوور
وەك کۆگای نوور
دەنگە گەنم ..

هەر دەنگە بوو بە هەزار
سوپاس بۆ تۆ کردگار !
بەشی تۆو بەشی عەمار ..
بەشی دەس‌کورت‌و هەژار ..
هاتە بەرهەم
سوپاس ئەکەم ..
دەنگە گەنم ..

پشیلەکەم

میاو ، میاو ٠٠ میاو ، میاو ٠٠ ورد ورد ڕا کە ،
پشە خرپنەی دەمو لووت پاکە !

کلووە ئاوریشمی گیاندارم ،
چاو پیرۆزە ، کلك کوڵە مارم !

ڕا کە ، ڕا کە ، وەرە باوەشم ،
لا مل هەڵسوو تێر لە لەشم !

کلکی تیسکن لوول کەو ڕمپ کە ،
نەرمەی دەستم گاڵتە ــ قەپ کە ٠

نینۆکی تێژ دەرپەڕێنە ،
قەی ناکا ! بڕنە ، بدڕێنە :

دەستو دەمو چاوو جلم
پشە ، هەردوو دەست بکەرە ملم !

مووی سپیلی شاش ، لووتی سوور
بگرە بۆ ماچ ماچێنی دوور !

کە مانوو بووی لە دەستبازی ،
پشە ، ڕاهاتووی کۆشی نازی ٠

خۆت پەپکە دە لەسەر ڕانم ،
بە پرخە پرخ ، پشەکەی جوانم ،
لێك نێ چاوی مەیلەو شینت ؛
وردە جوولەی خەوبینت ،
ئەگەرچی ڕامئەچلەکێنێ ،
بەڵام نەختە نەختە دێنێ
پرخە پرخی یەك ئاهەنگت ،
شێوەی کش‌و ماتو مەنگت ،
بۆ چاوی منیش وەنەوزێك ،
چاو لێك ئەتیم منیش تۆزێك ..

کەرویشک

کەرویشک لەناو لانا
گوێی لەسەر پشت دانا

چاوی نووقاند پرخە — پرخ
نووست تا ڕاوکەر وتی : پخ !

ئەمجا هەردوو گوێی لەقان
شانی پیا کرد بە بازدان

کەرویشک ، نزیکە دوژمن
کەرویشک ، ڕا کە قونەقون ..

بـــەفر [1]

ئای بابە گیان ! بەفر ئەباریّ ، تەماشا :
جێـــگا نەما پێربەك دانێی لە حەوشا

کلوو کلوو دێتە خوارێ : سپیو جوان
دەنکە دەنکەش با ئەیهێنێ بۆ هەیوان

ئەڵێی وردە پەڕی سپیی دەعبایە
یا لێشاوی پەپوولەی ناو هەوایە

ئەها بابە ! ئەو ڕیشۆڵە هەژارە
کز کز نیشتۆتەوە لەو بن پاسارە

ئێستا مشتێ گەنم دێنم ڕۆژی ئەکەم
با بێ بیخواو نەجاتی بێ لە ماتەم

---

(١) ئەم پارچە شیعرە لەلایەن کاك ئەحمەد صالح عەلیبەوە هاتوە بۆ ئەو لیژنەیەی لە ١٩٧٨دا بۆ کۆکردنەوەی شیعری مامۆستا گۆران پێکهات . ئەمە تاقە پارچە شیعرێکی ئەم دیوانەی مامۆستا گۆرانـــە کە لای مـــن خۆم نەبوو . م.م.ك.

کۆمەڵەی یازدەهەم

وەرگێڕراو

گۆڕان [1]

گۆڕاوم ؟ بەڵێ ! ئەبێ بێتی لێ تێم ،
کە من گۆڕاوم !
عەشقت وەك جاران تەئثیر ناکا تێم ،
ئەی نووری چـاوم !
لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر یاری ؛
چەرخی بێپشوو
بە بای لەداوە : یادی دڵداریی
ئەو ڕۆژانەی زوو !

بەڵام ئارەزوو ئاواتی جاران
تەووەو مەستی نادا بە ژیان ؟
چەشنی شیرین خەو
نووستووی بەجێهێشت بۆ تاریکیی شەو !

---

(1) لە هاوینی ساڵی ١٩٣٣دا لەسەر وێستنی حامید فەرەج ، بۆئەوەی لـە (دیاربێ لاوان)ی ١٩٣٤دا بڵاوبکرێتەوە ، لە ئینگلیزییەوە کردم بـە کوردی بەهۆی بەراوردی نەمـسی ئینگلیـزیو هەرەبییەکەوە لـە مەجەللەیەکی میسریدا . لەپاشانا هەڵبەستەکەی خۆمم لەگەڵ تەرجومە هەرەبییەکەیا نارد بۆ (بێ‌کەس)ی ڕەحمەتی ، کە ئەوحەلە لـە بازیـان مامۆستای فوئابخانە بوو ، ئەویش هەڵبەستێکی لەسەر دانا .

گـۆڕان

ئەگەرچی ئێستاش
چۆن ڕۆیشت ، ون بوو ؟ هیچ نازانم باش !

بۆچ تێمئەڕوانی خۆشەویستەکەم
بە چاوی تانــە ؟
نازانی دڵیش بە بێ زیادو کەم ،
وەک ئەو شتانــە
کە کەوتوونە ژێر شێنایی ئاسمان ،
مل‌کەچ وەستاوە بەرامبەر گۆڕان ؟

باڵداران ، گوڵان ، گەڵای درەختان ،
ئەو ئەستێرانە
کە ئەجرێوێنن ، بەرزو گەشو جوان ،
ئەم گشت هەردانە ،
دەریا گەورەکان ، هەموو شت ... کەم زۆر ،
ئەگۆڕێن لەگەڵ چەرخی دائیم گۆڕ ...

گیانە ، ئاوێنەش پیشانمان نادا ،
ئیترۆ ، بەیانی
ڕووی خۆمان لە یەک شێوەو وێنەدا ؛
ئەبێ بزانی
هەرچیمان هەیە : ئارەزوو ، ئاوات ،
تاسە ، خەوبینین ،
هیوا ، نرس ... هەموو ، هەمووی پێی‌ئەگات
دەستووری گۆڕین

پێم بڵێ : ئاخر ، چۆن ئەتوانین
وەرگ بگرین لە دڵ
کە قسەیات بکات بە یادی دێرین ؟
ئایینی پێش گوڵ
چەن خۆشەویستە وەنەوشەی مل لار
لای دنیـــای بەهار ؟

ژنیش ، داخەکەم ، لەم خۆشەویستە
هەڵناگرێ زیـــاتر :
کە لێو لێکئەنێ پـــاش زەردەخەنە ،
بێدەنگ ، ساردو سڕ ! ...
ئاخ ! منیش عەشقم ڕوو لە گۆڕانە ،
لەگەڵ زەمـــانە ،
منیش وەنەوشەم ئەژاکێ ، ئەمرێ
تا گوڵ بەر ئەگرێ !

گەڕانەوە لە زیندان

ـ لە هەرەبیریەوە ـ (١)

دەرچووم .. دەرچووم .. بەندم پسان
لەگەڵ هاوڕێو برادەران

هاتینەوە دەر لە زیندان
دڵ پڕ لە کینەی زۆرداران

وەك دەمی بورکان خرۆشاین
لە تاریکیدا درەوشاین

گرتبانە دەس (مەشخەڵ) بۆ ڕێ
لەو نزکەی تۆپانەی کە دێ

لە بەند ، لە زنجیر ... ناترسین ،
(لە گیان بووردوو)ی ڕێگای ئاشتین !

بە دوشمنی ئاشتیی گەلان
چەشین وەکوو پلنگی لان !

---

(١) مامۆستا گۆران ئەم پارچە شیعرەی پاش دەرچوونی لە زیندانی یەکەمجاری ، لە ژمارە ١١٢٤ی ١٩٥٢/١١/٢٠ی ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکردوەتەوە . هەرچەند لەسەری نووسیوە « لە هەرەبیریەوە » ، من لامواپە هیی خۆیەتی‌و لەبەر ناچاری بەهۆی تازە لە زیندان دەرچوون‌و پێویستیی زوو خۆ دەرنەخستنەوە بە وەرگێڕراوی داناوە . م.م.ك.

ئەیخنکینین ، خوێنی ئەژین
دانەپڕژێن بنـاغەی ژین !

ئەقیرێنین : بژی خەبـات ،
ڕۆیشت دیلی ، ئازادی هات

ئەی گەلانی ئازاو بە زات ،
هەنگاو بنێن بەرەو ئـاوات !

دوێنێ ...

« لە عەرەبیی جەبران خەلیل جەبرانەوە »

دڵێك تا دوێنێ هەبوو ، کوا ؟ نەما
دنیای بێزاری لە دەست ڕزگار بوو ،
عومرێك بوو لە ژین ڕەنجی چوو بە بـا
بەو ئاخو نالەی کە بۆ نازدار بوو !

دڵداری چیە ؟ ئەستێرەی ئاسمان !
لەگەڵ شەبەقی ڕۆژا ون ئەبێ ،
نەشئەی : وەهمێکە گیرۆدەی نەمان
جوانیەکەی چەشنی سێبەر لاڕۆچێ ،
پەیمانەکانی : درۆی خەوی جوان
گشت هیچن .. کاتێك هۆش بێدار ئەبێ

چەند لەگەڵ تاسە شەوم بردە سەر ؟
چاودێڕیی تاسەم ئەکرد تا نەنووم !
ناو جێگەم داخ بوو بە یادی دولبەر
ئەیوت : « هۆ نەنوی عاشقی مەحرووم ! »
ئازار بە چپەی زوو زوو لە گوێ دەر
ئەیوت : « بۆ عاشق هەر وەهایە خووم »

چرو ئەو ڕۆژانە بەسەرچوو .. مژدە !
ئەی چاو ئەوا دێ وەنەوزی شیرین
ئەی گیان وربایی لە دەست بەرمەدە
لە بیرت نەچێ تالأوی دێرین !

هەرچەن ئەکەوتە شنەبای بەیان :
خۆشی ــ خۆشیم بوو ، سەمام ئەکرد من
هەرچەن دای‌ئەدا لە هەورێك باران
وەك شەراب ئاویم لە جام ئەکرد من !
مانگ لە ئاسۆوە بێکێشایە سەر :
یارم لادابوو ، هەرام ئەکرد من !

ئەمە گشت دوێنێ ، دوێنێی تێز گوزەر
تەمێ بوو ڕۆیشت ، لاچوو لەسەر چاو !
تەسکینیی (مێژوو) بێ سەرو شوێن کەر
هەروەك فوو خۆی دا لە بلقی سەر ئاو !

سا ئەی براکان ! هەر کە (سوعاد) هات
پرسی : « کوا کوڕێك دڵ بریندار بوو ؟ »
بڵێن : « ڕۆژانی دووری‌یەکەی بالأت
دایمراندەوە گڕێك لێی دیار بوو
پشکۆ کەوتوەتە ژێر خۆڵەمێش ، مات
ساڕێژە زامێك کە هۆی هاوار بوو »

ئەگەر تووڕە بوو ، توخوا لێی مەگرن ،
گریا : دڵسۆز بن ، فرمێسکی بسڕن

هاتوو پێکەنی ... باش دڵنیا بن !
کە هەر وەهایە عەشقی پیاوو ژن !

ئەگەرێتەوە ئاخۆ ئەوەی چوو ؟
ئەو خۆشەویستەی کە نازدار بوو زوو ؟
دێتەوە هۆش خۆی گیانی خەوالوو
تا بترسێنێ بە ڕۆژی ڕابووردوو
یان بەستەی بەهار ئەگاتە ئەیلوول
کە کونە گوێچکەی بە گەڵا پڕ بوو ؟

نەء ، ئیتر زیندوو نایێتەوە دڵ ،
ئەبێ بە چیلکە کە وشك بوو چڵ !
دەستی درەوکەر ژێن نادا بە گوڵ
پاشئەوەی بڕی لە بنجی ناو گڵ !

گیانی ناو لەشم پیری لێداوە ،
بە حەسرەت نیگای بۆ دوا چەرخاوە ،
لە سنگما مەیلێك جوولەی گەر ماوە
لەسەر دار عاستای صەبر وەستاوە ،
هیوام تێکشکاو ، باڵای کۆماوە
گەرچی خۆم لە چڵ هێشتا نەداوە !

ئەمەیە حاڵم .. ئەگەر لێی پرسین :
« ئەی چی بەسەر هات ؟ » پێیدڵێن : «شێت بوو»
هات وتی : « خوایە ، ڕزگار بێ .. ئامین »
بڵێن : « ڕزگارە بە مەرگێکی زوو !.. »

سلێمانی . کانوونی یەکەمی ۱۹۵۲

ئامۆژگاریی ئیمپریالیزم

« ئیمپریالیزم ئەخوازێ کوتومت وامان ئامۆژگاری بکا کە شاعیری کەورە مەعروف ڕەسافی هۆنیویەتەوە . بەڵام ئێمە ئەگەر ئەم ئامۆژگاریانە لەگوێ بگرین دیارە کە تا بنەقاقا کەمترمان ناچەقێ ! ئەگەر بەمواوی پێچەوانەش بڕۆین بەڕێوە ، ئەوا ئەو خۆی هەتا نووکی گوێچکەی کەرەکانی لەناو قوڕا نقوم لەبێ ! » .

هۆ خەڵکینە ! ورتە مەکەن
دەم لە قسە هەرگیز مەدەن

بنوونو هیچ بێدار مەبن
هەر نووستوانن پێ‌ئەگەن

ڕوو وەرگێڕن لەو شتانەی
کە ئینج چێبە ، پێشتان ئەخەن !

بە لەعنەت کەن تێگەبشتن
چەند بەکەڵکە هیچ تێ‌ئەگەن

لەناو دەلیای نەزانینا
با هەر مەلەی خۆتان بکەن

خۆ سیاسەت ، لێی بکەون
پاشان پەشیمانی ئەبەن !

گەر دووی‌کەون ئەو جادووە
خۆتان لە ناو تەلیسم ئەخەن !

هات‌و بۆ قسەی عادەتی‌یش
دەمتان جوولاّ ، ئەبن بە پەن !

ڕوو گرژ مەبن لە زوڵم‌و زۆر
بۆ عەدڵ‌و داد گوێ هەڵمەخەن

کامتان ئەنانەوێ بژین
بە خۆشی‌و حورمەت ، شادو شەن

گوێتان بگرن لەگەڵ چاوتان
لەوس‌و لچتان لەواشە کەن

چونکە هەر بە کەڕو لاڵە
حورمەت ئەدەن ، بایەخ ئەدەن !

هیوای قەلبی بەختیاری
لەم ژینەدا ئەچن بە چەن !

ژین هەر ژینە : تێر بی‌و برسی
ڕزق هەر ڕزقە : عەمار بێ‌و مەن

مل‌کەچ بن بۆ حوکمی قەدەر
با هەموشی هەر گەن بێ‌و گەن !

ستەمتان دی پێ خۆش‌حاڵ بن
بڵێن : هەر ستەمە پەسەن !

تۆهەڵدران سوپاس‌کەر بن ،
زلله ٠٠ بڵێن « چل تا بژەن ! »

وترا پێتان : هەنگوین تاله
بڵێن : تاڵێك ، جۆری دەگمەن !

وترا بە رۆژ : ئەمە شەوە
بڵێن : ئەوە گشت ئەستێرەن !

وترا : کوێرە کانی ، زێڕیە
بڵێن : هەر لافاوە دیمەن

ئەگەر وترا : ئەی خەڵکینە
پەل پەل ئەکەین دایکی وەتەن !

بۆ شوکرانە سوجدە بەرن
سەما بکەن ، هەتاکو هەن !٠٠

سلێمانی ٠ کانوونی یەکەمی ١٩٥٢

ڕاست بنەوە ! . .

لە شیعری (جەمیل صیدقی زەهاوی)یەوە

بۆ ناخەنە سەر زمانی ئاگردار :
لە کەللەدا چیتان هەیە لە ئەفکار

هەنگاو بنێن بەرەو ئامانج بە بێ‌ترس ،
هاوەڕتان بێ ، وەک ڕەشەبا ، وەک ڕووبار !

ڕاست بنەوە بە قینەوە لە ڕەوشت ،
سەر شۆڕ مەکەن ، تا تەنانەت بۆ ئەقدار !

تێکڕا گشتتان ، خۆتان خێوی خۆتان بن ،
وەک سەردەمتان بۆ سەردەماە سەردار !

بە قەڵەمباز هەنگاو بنێن بەرەو پێش
با بگەنە پێشکەوتووان لە ڕێبوار !

بێتو سستی پیشان بدەن لە گوڕا
هۆی شەرم ئەبن بۆ (یەعروب)و بۆ (ئەزار)

ژیان چیە ؟ کۆڕی شەڕی سەرومڕ ،
وەی بە حاڵی بێ‌هێز لە دەستی زۆردار !

کێ زاڵ ئەبێ ؟ کۆڵنەدەری دڵ پڕ زات
کێ ئەبەزێ ؟ ترسنۆکی بێ بڕیار !

با ، پیر خۆیان لادەن ، کوڕی مەیدان نین
سا لاوینە ، دەی ڕۆژتانە ، دەی زینهار !

کۆن فڕێدەن ، نوێ پێوشن ، هەتا کەی :
کەش‌و فشی درۆی ئاو بەرگی پیرار ؟

خۆ ڕزگار کەن لە بەندی گشت باوەڕێك
کە تاریکن ، ڕێ ونکەکەن بە ڕێبوار ..!

بەئاشکرا ، بانگی ڕاستی بۆ خەڵکی
جارێ بدەنو بۆیان دەرخەن گشت ئەسرار !

جوانە ڕاستی وەك دیمەنی بەیانی
وەك ئەستێرە ڕووتەو ، ڕوونەو پرشنگدار !.

سلێمانی . کانوونی یەکەمی ۱۹۵۲

قەیسی شەهید

« قەیسی ئالووسی پالەوانە بچکۆلەیەکی ئەم نیشتمانە بوو ، لە هەرای سەرپردی قەلەمبازی نیشتمانیی عیراقدا (٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨) شەهیدکرا . لە کاتی خۆیدا مامۆستا مەهدی جەواهیری شاعیری بەناوبانگی عەرەب ئەم شیوەنە بەسۆزەی بۆ هەڵبەستبوو ، وا کردمان بە کوردی » :

ئەی قەیس .. ئەی نەشئەی بەهار
ئەی بریقەی ڕەونەقەکەی !

ئەی قەیس .. ئەی چپەی نازدار ،
نەرمیێك لە گوێی دڵدار ئەدەی

ئەی قەیس .. ئەی گۆرانیی شوان
هەوای مێرگ سەر شەپۆل ئەخەی ،

ئەی قەیس .. ئەی دەنگی بلبل ،
چڵ ئەخەیتە لەڕەی هەی هەی !

ئەی قەیس .. ئەی خەوێك ، پەری
بۆ ناوچێی بێقەرار ئەبەی !

ئەی قەیس .. ئەی شیلەی جوانی ،
ئەتکێیتە ناو فنجانی مەی !

ئەی قەیس .. ئەی ئاوازەی ژین !
لەڕەی هیوای ناودەنگی نەی !

ئەی قەیس .. ئەی پرشنگی گەش !
ئەی بۆنیك هۆی مەستیی كەللەی !

ئەی قەیس .. پاش كۆچ‌كردنت
چیت بەجێهێشت ؟ گەر تێبگەی

مال لە كۆشی ئارام دەرچوو
پڕ بوو لە شیوەنو وەی وەی !

ئەم ڕۆڵە كوڕراو ئەناڵێ
ئەویان ئەڵێ : « دەی ، بگری .. دەی ! »

ئەم دوانە ئەو دایكو باوكەن
نازاریانیو هەر تۆیان هەی !

هەرچەن ڕۆژ هەڵدێو ئەنیشێ :
چاوەڕوانن تۆ سەر هەڵدەی

بە خەو باڵات كە ئەبینن
ئەڵێن : « قەیسی نازدار ، ئۆخەی ! »

دواییش گومان دایانئەگرێ
ئیتر جەرگەو كزەو كسپەی ..

بۆ یەكتری سكاڵایان
هەڵئەڕێژن هەتا سبەی !

* * *

دایكت ، ئەی قەیس ! ئەڕیو نازی
بە هیوایەك بێ بنەو پەی

لە دەرگا بەن ڕائەچەنێ ،
ئەڵێ : « تۆی لە دەرگا ئەدەی ؟ »

هەر ئەگەڕێ‌و پرسیار ئەکا :
« نەهانەوە .. دێتەوە .. کەی ؟ »

* * *

ئەی قەیس .. ئەی ڕۆڵەی شەهید ،
بە خوێنی گەش پڕ بەرامەی !

ئەو کەنە ئاڵەت هۆی بەخە
بۆ نیشتمانێك تۆی نەوەی !

خۆڵێك ، لە ڕووت نیشتووە ، خۆی
هاوار ئەکات : تۆی ئەوکەسەی

کە نیشتمان لەسەر خاکی
ئەچەقێنێ پەیکەرەکەی !

ئەکلیلی تۆو هاوچەشنی تۆ
لە ڕیشووی دڵ ئەچنن پەلکەی !

ئەی قەیس .. بۆ خەباتی گەل
جوانەمەرگترین نیشانەی !

تۆڵەی خوێنت لە ستەمکار
گەل ئەیستێنێ ، ئەمرۆ ، سبەی !

سلێمانی . کانوونی دووەمی ١٩٥٣

گۆرانیی لاوانی جیهان

— ١ —

یەکسانەخا یەك هیوا ،
لەپەڕ هەتا ئەوپەڕی دنیا ..
ڕێمان پێ بگرێ دوژمن ،
بێ گومان سەر ئەدا لە ئاسن !
لاوان گەر دەنگ هەڵبڕن ،
گەلان گشت ڕائەپەڕن ..
گۆرانیی لاوان ،
پڕئەکا ژیان ،
لە شادی بۆ هەموو ..

(دەور)

بەستە بۆ شادی ئەڵێن گشت لاوەکان ..
لاوەکان .. لاوەکان ..
چۆن لەبەرمانا ئەوەستن دوژمنان ؟
دوژمنان ؟

لەگەڵ لاوان ،
ئەڵێن گشت جیهان ،
بە یەك زمان :

چۆن لەبەرمانا ئەوەستن دوژمنان ؟
دوژمنان ؟ دوژمنان ؟

- ٢ -

لەبیرمانە کۆڕی جەنگ :
چۆن پڕ بوو لە مەیتی شەهیدان ..
ئەو خوێنەی خاکی کرد ڕەنگ ،
بوو بە مۆری برایی گەلان ..
دەسا ئەی تێکۆشەران !
بۆ دادو ئاشتیی جیهان ،
بگرن ڕێی خەبات ..
بگەنە ئاوات ..
بگەنە ئارەزوو ..

- ٣ -

دەنگی زوڵاڵمان ، بەسۆز ،
ئامانجێکی پاك ئەدا بەڵێن ..
سەربەرزی بڕوامانین ..
بە ڕاستی دڵسۆزی ئینسانین ..
بەڵام هێزە گومڕاکان ،
بوون بە هۆی تاڵیی ژیان !
با بمرێ خوێنمژ !
شەڕفرۆشی پیاوکوژ ..
سەرکەوێ ئاشتی ، زوو !..

١٩٥٩

هەروەك كەرەم [1]

له كتێبی (من شعر ناظم حكمت) وەرگێراوە

هەوا قورسە هەروەك گوللە
هاوار ئەكەم
هاوار ئەكەم
هاوار ئەكەم

ڕاكەن ؛ وەرن ،
منم ئەدەم
ئێزنی دەستڕێژ
ئێزنی گوللە ...

وتی بــە من :
تۆ ئەســووتێی
بە ئاگری دەنگەكەی خۆت ،
ئەبی بە خۆڵ ؛
هەروەك كەرەم
گڕی عەشقی خۆی بەربوو تێی !

(1) كەرەمو ئەسلّی وەكو مەجنوونو لەیلای هەرەبی وە وەلیی دێوانەو شەمی كوردی وان .

کۆڵی زۆر ...
بەڵام هاوڕێ تا بڵێی کەم !
گوێی دڵنیش
لەعاستت کەڕ
هەوایش قورسە هەرومك گوللە ..
منیش ئەڵێم :
با بسووتێم
بیم بە خۆڵ !
هەرومك کەرەم

من نەسووتێم
تۆ نەسووتێی
کەس نەسووتێ
ئەی چۆن دەیجوور
ئەبێ بە نوور ؟
هەوا وڕاق ، وەکوو زەوی
هەوا قورسە وەکوو گوللە ..
منیش هاوار
هاوار ئەکەم
هاوار ئەکەم
هاوار ئەکەم

ڕاکەن ؛ وەرن ،
منم ئەدەم
ئێزنی دەستێژ ،
ئێزنی گوللە !..

وێنه له شیعری تورکی :

لەبـارەی شیعرەکەمەوە

لە کتێبی (من شعر ناظم حکمت) وەرگیراوە

ئەسپم نیـیە ، زینی زیو بێ ،
یا سامانم کەس نەدیو بێ !

مالم نیـیەو ، مولکم نیـیە
ئەوەی هەمە ، یەك تەشیـیە :

پڕ لە هەنگوین ، هەنگوینی جوان
ئەڵێی گڕە ، چۆتە ناو (شان) ـەو !

هەنگوینێ بەرو دوای مالمە ،
بەرهەمی ڕەنجی بالمە !

ئەخەمە کار هەموو هێزم
تا لە (مەگەس) بپارێزم

ملك‌و مالم : هەنگوینەکەم
ئەمجا ، برا شیرینەکەم

« هەر پڕ بێ تەشتت لە هەنگوین
هەنگ ئەتگاتێ لەوبەڕی چین ! »

نـــایەلن بلێـــین

لە کێبی (من شعر ناظم حکمت) وەرگیراوە

دەممان ئەگرن لە گۆرانی ، ئەی ڕۆیسن !
ئەی بلبلم ، ئەی بلبلی هەڵۆ باڵ ،
ئەی برای ڕەش ، خاوەن دانی مرواری ،
لێناگەڕێن گەروو پڕ کەین لە وتن ،
ترسیان زۆرە وەك ئەیزانی ، ئەی ڕۆیسن !
لە بەربەیان ئەترسنو لە بیستن
لە بینینو لە لێکەوتن ئەترسن !
ئەترسن ، ئای ئەترسن لە خۆشویستن
ئەترسن وەك فەرهاد پەیمان بیەستن ،
(ئەشێ ئێوەش فەرهادێکی خۆتان بێ ،
براکانی زەنگیم ، وا نەبێ ڕۆیسن ؟)
لە دەنگو لە تۆوو گڵ ئەترسن
لە گشت شتێك ، لەخوڕەی ئاو ، ئەترسن !
چونکە دەستیان لەگوشراوە ئەمانە
لە دەستێکی دۆستا ، وەك چۆلەکەی گەرم
بێنیازی کرێ ، تەنزیل ، یاخود مۆڵەت ،
لە ئاواتمان دائەچڵەکن ، ئەی ڕۆیسن !
لە ئامانجو لە هیوامان ئەترسن
لە گۆرانیی سەر زمانمان ، ئەی ڕۆیسن ،
ئەی بلبلی هەڵۆ باڵم .. ئەترسن !..

داخی دل

شیوەن بۆ نامیق کەمال

« لە تورکیی دیوانی هەڵبەستی کۆچکردوو ئەمین
فەیضی بەگ (شماعات)ەوە کراوە بە کوردی » .

ئەی مرووەت پیشە ، ئەی صاحیب هیممەم !
قەدری فەضڵی تۆ ئەزان گشت ئومەم .

خادیمی ئامالی میللەت بووی بە دڵ ،
صاحیبی بێباکی هیممەت بووی بە دڵ .

فەیلەسووفی ڕۆژەڵاتی عەصر بووی ،
ڕاست لە عیلما تۆ فەریدی دەهر بووی .

لەفظی پەخشانت هەموو سیحری حەاڵ ،
نەظمی شیعرت ڕشتەیی یاقووتی ئاڵ .

کۆششی تۆ بوو پەسەندی لای خودا
تۆ بە یارانی نەبیت کرد ئیقتیدا ...

هەوڵی تۆ بوو پاسی ناموووسی گەلت
مەرگی تۆیە باری مەئیووسیی گەلت

چەن بە فیرۆ چووی لە دەست دۆستی گوزین
خەڵکی پاش تۆ بەشیەتی گریانو شین ...

بوو به داغی دڵ گڕی هیجرانەکەت ،
باقی‌یە بۆ ڕابەری وبجدانەکەت .

داخەکەم ، صەد داخەکەم ، حوکمی قەزا
مەرجی هەر یەك مەرجە : تەسلیم‌و ڕەزا !

ئەی فەلەك ! بۆچ ئەهلی غیرەت پەست ئەکەی ؟
جەهل‌و بیدەعەت بۆچ هەتا دێ خەست ئەکەی ؟

بۆیە ئەهلی فەضڵ‌و هیممەت ، خاص‌و عام ،
مەطلەبی زلیان : لە چەرخە ئینتیقام !

داخەکەم ئەمما کە دێنە سەر خەبات ،
هەربەکەی زوو ئەبنە قۆچێکی ولّات !

دوژمنی ئەم سەردەمەی ئەم عالەمەم ،
تف لە چەرخی‌و تف لە ئەحکامی ئەکەم !...

بەغدا . تەشرینی یەکەمی ١٩٦١

لەو گرانەی سارد نابنەوە :

فەقێ تەیران [1]

بەس بگری‌و خەم بخۆ ، ئەی فەقێ تەیران !
هەواران ڕۆژێ دێ هەڵسنە سەر پێ ،
لەگەڵ خاك یەکسان کەن کۆشکی زۆرداران ،
خوێنمژێن نەمێنێ‌و ئاغا تۆزبڕ بێ ..

تا دنیا بمێنێ تیایا شاو خوونکار
لە سنگما ئاگری تۆڵە کز نابێ ،
سەری من نانەوێ بۆ ئاغاو زۆردار
جارەمری ئازادی لا نادا لە ڕێ !

---

(۱) مامۆستا گۆران لەم پارچە شیعرە وەرگێڕاوەو پارچەی پاشەوەی لە زمارە ۱۰ی ساڵی دووەمی ڕۆژنامەی (ئازادی)دا بڵاوکردەوە . پارچەی پاشترییش لە زمارەی پاشتری هەمان ڕۆژنامەدا . ئەم سەرەتایەشی بۆ پارچەی یەکەمو دووەمی نووسیبوو : « لیرەدا دوو پارچە هەڵبەستی شۆرشیی نایاب بڵاوئەکەینەوە کە لە کەشکۆڵی وێژەی کوردی (کورد ئەدەبیاتی ئالماناخی) وەرمانگرتوە . کتێبی باسکراو لەلایەن تێکۆشەری ڕۆشنبیر دوکتۆر ڕەحیم قازیبەوە کۆکراوەتەوە . ئەم هەڵبەستانە وەرگێڕیان بە زمانی ئازەری (تورکمانی) ش . هەسکەڕۆفە . لە زمارەی جارێکیدا بە کوردی کراوی هەڵبەستێکی‌تری فەقێ تەیران‌و وتارێکی وێژەیی پێشکەشی ئەکرێ بەم ناونیشانە (ئەرمۆکی‌و تەیران) ــ وەرگێڕ » .
۰۴۰۴.ك.

تا ڕۆژێ مژدەی دێ بەهارێکی خۆش
ئەبێ چەخماخە بات بڕووسکەی وتەم ،
نابڕێ لە زارم ، نیشتمان ، خرۆش ،
تا ئاغای مفتەخۆر لە قیرە نەخەم !

ناترسم لە زنجیر ، لە کۆت ، لە لێدان ،
لە زیندانی تاریك ، قەفەزی ئاسن ...
لە دڵما گڕێکە هەستی نیشتمان ،
ناتوانێ کزی کات تەنانەت مردن ! .

ئەمەوێ پێش ئەوەی بمێنە ناو گڵ
تەموورەی عەشقی پاك بۆ گەلم لێدەم ،
پاش خۆشم بێتەدی خۆشە خۆزگەی دڵ :
ئازادی ببێتە بەستەی هەموو دەم ! ..

دڵـــەکەم ...

ئەوەندەی دەریایەك پڕە دڵەکەم ،
ئەڵێی هێلانەیە بۆ خەفەتو خەم !

هەوارگەم دوور ــ وڵات ، دەشتەو بیابان
دڵەکەم بەدبەختەو ، حاڵم پەرێشان !

من خۆیشم نازانم چیمو چی کەرم ،
بە (لم)ی بیابانا مەرگە ڕابەرم !

لە دەستی ستەمکار ، لە دەستی حاکم
پێشێلم ، وەك ڕێگا ، بوو بە تۆز خاکم !

بڕووسکە نەیداوە لە کۆتەرەی لەش ،
دەردی گەل کردوویە بە خەڵووزی ڕەش !

ئاخۆ کەی سەردەمی ئازادی ئەگات !
ئەم گەلە کەی دەستی ئەگاتە ئاوات ؟

ئاخ ، خۆزگە ئەم زامەم ئەدی ساڕێژ بێ ،
پێش ئەوەی بەرمو گۆڕم بێ بە جێ !

لە ڕێدا کە بوومە هاوڕێی دەروێشێ ،
ناڵانم ، لێی پرسیم : هاوڕێ ، کوێت دێشێ ؟

وتم : تا بلند بێ قوڵەی دیوەخان ،
لە دڵما ناسرەوێ هەرگیز پێچی ژان !

نەکەن قەت بە ئاغاو بە شا لاس بخۆن :
کینەی خەست ڕەوایە بە دوژمنی کۆن !

ئەم ئێش‌و ئازارەم تا کەی ئەمێنێ ،
لە دەستما وەك سوڵگی قەڵەم ئەنوێنێ ..

سنگیشم تۆێ تۆێ بێ‌و ، هەڵکشێم لە خوێن ،
بۆ سوڵتان‌و شاهان نابم سەرنەوێن !

دڵنیام ئەو کۆشك‌و سەرا خوێنینە ،
ڕۆژێك دێ نەمێنێ لەم سەرزمینە .

پێم وتن : لە مردن من باکم نیە ،
هەرکەسێ باکی بێ لە خاکم نیە !

لە هەڵدێر فڕێم‌دەن ، پارە پارەم کەن ،
بسگرن ، گەردنم لە سێدارە دەن ،

با زۆردار بزانێ : هەتا بمێنم ،
لەڕێی ئازادیدا خەبات ئەنوێنم !

(فەقێ) بۆ هەژاران تەموورمت لێدە ،
لە نووکی قەڵەمت گەوهەر فڕێدە ..

دێ بە دێ جاڕ بدە هەر لە ئێستاوە :
مژدە بێ ، ئازادی دێتە دڵیاوە ! ..

دەربەدەر

گۆرانیی (قین) ئەڵێم ، با ڕقم هەڵسێ !
ئاغایەك بمێنێ مەیدان بەرنادەم ؟
ئەوكەسەم : دەردی خۆی لە بەرد ئەنووسێ ،
مزگەوتێك جێی (میر) بێ من لێی سەر نادەم !

لە گەڵو نیشتمان هەرچەند دوورکەوتووم
دەنگەکەم زۆڵاڵە ، برا ، هەی برا !
با برسیو ڕووتیش بم ، چونکە نەمردووم ،
لێم ترسی قایمە (زۆرداری سەرا) .

دڵنیام ئەم ڕۆژە ڕەشانەی ئەڕۆن ،
ڕۆژێك دێ کە ناوی بەختیاریە !
ئەو گەڵەی ڕەنج نەداو لەوڕێ هونەر ،
تەنیا ئەو ، ئەنجامی خزمەتکاریە !

بۆ گەلە گشت بیرو سەرانسەر بڕوام ،
کە ڕۆژێك ڕووناکی دای لە نیشتمان
ئەزانم دێتەدی لای گەلم هیوام :
هەڵبەستم ئەیێتە بەستەی سەر زمان !

بەهارم ئێجگاری ئەڕوێو ئەکا گول ،
با ئەبا بۆی میرگم لەم هەرد بۆ ئەو هەرد ،
کانیاوم گەرم ئەکا بەزمی تولە ــ قول
کەوابێ نەمردووم ، بوویشم بە گەرد !

جێتدێلم ئەی لاوی ، ئەی چرای هیوا ،
بە هێز بەو ڕێ مەدە بە بێ هیوایی ،
ژیانت خۆش بوێو هاتنە دنیا ..
بۆ زۆردار شل مەکە ڕەگی ئازایی ! ...

پرسیارێکی ناصر خوسرەو

ناصر خوسرەو شاعیرو خاوەن بیرێکی گەورەی ئێرانە . لە سەرەتای سەدەی چوارەمی پاش ڕەو (هیجرەت)دا ژیاوە . یەکێك بووە لە دوانزە بابەکانی پەیڕەوی (اسماعیلیە) ، وە حوججەتی ناوچەی خوراسان بوو لەلایەن خەلیفەکانی فاطیمی‌یەوە .

لە سەردەمی ژیانیا ناچار بووە زۆرانبازیی لەگەل ستە ڕۆمی بەهێزی بیرباوەڕ بکا (۱) حەکیمو فەیلەسووفەکان (۲) پاشماوەی ئایینی زەردەشتی لە ئێراندا کە لەوکاتەدا لە ناوچەی بەڵخ شوێنەزای ناصر خوسرەو ، زمارەیان زۆرو پایەی زانستیی موغەکانیان بەرز بووە (۳) زانا لەشەمەی‌یەکانی ئیسلام .

دیوانەکەی کە ئاوێنەی ئەم زۆران‌بازی‌یە سەختەبەتی ۲۰ ساڵێك لەمەوبێتش لە تاران چاپکرا . ئەم شیعرانەی لای خوارەوە وێنەی هەوای شۆڕشگێڕی‌یەتی بەرامبەر بە دەستوورە قوبوولکراوەکانی کۆمەڵیو ئایینیی سەردەم .

ئەی خوای گەورە ! ئەگەر بە حوکمی خوایی
گەوهەری ئادەمزادت گشت جوان دارشت

حیکمەت چی‌یە پێستی ڕۆمی‌و حەبەشی
ئەمیان سپی ، ئەویان ڕەنگی قیر لێی نیشت ؟

یان فەسالی هیندی لەگەل تورك بۆچی
ئەم وەك گوناح ڕەش بێ ، ئەو گوڵی بەهیشت ؟

بۆچی بێ ئەم بەختیار ، ئەو کوڵوڵ ،
زاهیدی میحراب‌و کەشیشی کەنشت ؟

چی بێ ئەبێ هۆی ئیختیلانی عالەم
کە تۆ هەر خۆت مامۆستا بی‌و وەستای گشت ؟

بڵێن دنیات لەبەر بێ‌جێ‌یی دنیـا
لەسەر گڕی ئاڵۆزو نەگریس هەڵڕشت .

بەڵام مونیم بۆچ لە دەریای نیسەتا
مەلە بکاو ، موفلیس بگرتەوە مشت ؟

سلێمانی . کانوونی یەکەمی ١٩٥٢

ئاهەنگی موغان

لەناو ناقیدەکانی ئەدەبیاتی ئێراندا ، ئەم غەزەلەی لای خوارەوە بە یەکێك دائەنرێ لە شاغەزەلەکانی (حافظ) خۆی‌و گشت ئەدەبیاتی کۆنی زمانی فارسی.

لە باری سرنجی واقیعی‌یەوە وەصفی کۆڕێکی ئاهەنگی ئایینی ئەکات لە ئاهەشگای زەردەشتی‌یەکاندا بۆ خواردنەوەی شەرابی (هوومە) ، کە هوومە لەلایەکەوە ، شەرابەکە خۆیەتی ، وە لە لایەکی‌ترەوە وەك (باخۆس)ای یۆنانی‌یەکانی کۆن ، خوای مەستی بووە لەناو ئەوەو ئاریایی‌یەکاندا . دوایی لە سەردەمی مەردیستایی (ئایینی زەردەشتی)دا پایەی بچووك کراوەتەوەو دانراوە بە فریشتە .

بەڵام ، لە زمانی ئەصەووفدا ، کە ئەوترێ ، وە لە گەڵێك شوێن سرنجیشدا ماوەی گومان نادۆزرێتەوە بۆ ئەوە کە حافظو هاوچەرەکانی قسەیان پێ کردووە ، ئەم مەعنا واقیعی‌و ڕەپو ڕەوانانە لەڕێر نیقابی ڕەمزو ئیشارەتی صۆفی‌یانەدا فەسڵو دەمو چاوێکی‌ترمان پیشان ئەدەن . بە وێنە ، بەو پێیەی خاوەن ڕایەکان تائێستا وتوویانە نیازی حافظ لە پیری موغان : پیری ئیرشادی پوخت (کامیل) ، ڕابەری ڕێگای خوا دۆزینەوە بووە . لە سەرای موغان : نیازی کۆڕی کۆبوونەوەی پیاوچاکانی خوا بووە . لە گەبر : شارەزا (عاریف)ای خواناس . لە موغ : یەك‌پەرست (ئەهلی ئەوحید) . لە بەچکە موغ : ئەو ئەجللی‌یانە خراپانەی (1) کە بۆ ڕێبوار (سالیك) دەولەکەون . نیازی لە شەرابی موغان : ئەو جۆشە بووە کە ڕووناکیی ڕاستی ئەخاتە دڵی ڕێبوار (سالیك) . لە ئاگری زەردەشت : مەبەستی خۆشەویستیی خوای تەنیا (عیشقی ئیلاهی) بووە .

دەوروبەری کۆشکی موغان مالرابوو ، ئاوڕشتن گراو
دانیشتبوو پیرێکی پاك ، کۆڕێکی گەرم دابوویە ئاو !

---

(1) لای ئەهلی تەصەووف بە (ئەجەللی) ناڵێن (خراپ) . ئەجەللی هەمیشە باشەو بەرچاو ڕوونی‌یە . ئەو شتە خراپانەی بۆ سالیك دەرئەکەون (وەسوەسە)یان پێ‌ئەڵێن . م.م.ك.

مەی‌نۆشەکان هەموو جوان ، لە خزمەتا بەستروو کەمەر
گەرچی لە هەوریان ئەسروو بە فەخرەوە نووکی کلاو !

پرشنگی جامو پیالەیان مانگی پڕی مات کردبوو
سەرکولمی ئالی بەچکە موغ پڕێی بەستبوو لە خۆرەتاو !

نۆێ بووکی بەخت لەو حیجلەدا بە صەد هەزار هەزار ناز
پەڕەی گولی گولاو ئەکرد بە جووتە زولفی حەلقە داو !

جامی طەرەب بەدەستەوە فریشتەکەی ڕەحمەتو خێر
لەو جامەوە لە ڕووی پەریو حۆرێی ئەدا نمی گولاو !

لە شۆڕی عەشقو نەشئەدا شیرینە کاری شاعیران
شەکر شکا ، سەمەن ڕژا ، دەنگی ڕوباب بردی زراو ! •

لەگەل سلاوی من وتی بە لوطفەو پێکەنینەوە :
« ئەی کۆنە عارەقخۆرەکە ، ئەی لاتەکەی شەراب پێکاو !

کێ کردی ئەو کارەی کە تۆ کردت بە بێ هیمەتو ڕا ،
ئەی بەشبڕاو لە گەنجی مال ، لە وێرانەو لە چۆل هەلداو ؟

ترسم هەیە دەستی تەمات نەگاتە گەردنی هیوا ،
بێدارە ئەو هەمیشە ، تۆش لە کۆشی بەختا خەو بە چاو !

(حافظ) وەرە لە (مەیکەدە) پیشانی تۆ بدەم بە ڕێز :
هەزارو یەك جۆرە لیازی یەك بە یەك قوبوولکراو ! »

سلێمانی • کانوونی یەکەمی ۱۹۵۲

تەرجیع‌بەندێکی بەناوبانگ

(هاتیف)ی ئەصفەهانی لە سەدەی دوانزەهەما ژیاوە . لەوانەیە کە بـە شیعری صوفی‌یانەی جوان لە تەئریخی ئەدەبی فارسیدا ناوبان دەرکردووە - بەتایبەتی تەرجیع‌بەندێکی بەناوبانگی کە ئەم پارچـەی لای خـوارەوە بەنـدی یەکەمیەتی ، لەناو ناقیدەکانا بە هاوشانی غەزەلەکەی حافظی شیرازی دانراوە کە ناوی (ئاهەنگی موغان)ەو وەرمانگێرایە سەر کوردی .

ئەی بە سەرگەردی تۆ بین دڵو گیـان !
وەی بە شاباشی ڕێت بچن دڵو گیان !

دڵ بە سەرگەردی تۆ کە تۆی دوڵبەر !
گیان بە شاباشی تۆ کە هەر تۆی گیان !

دڵ فڕاندن لە چنگی تۆ ج گران !
گیان فڕێدانە ڕێی پێت ئاسان !

ڕێی وبصالت شەقامە ڕێی بێ‌ترس
دەردی عەشقت پەتایی بێ‌دەرمان !

تۆکەرین ، گیانو دڵ لەسەر دەستین
چاوەڕێی حوکمو گوێ شلی فەرمـان !

گەر دڵت صولحی ئەوێ ، هانێ دڵ !
بیری جەنگت ئەگەر هەبە ، ها گیان !

دوێ شەوێ من لە تاوی سۆزی عەشق
هەر خولم خواردو هەر گەڕام حەیران !

تا لەئەنجامی کارما شەوقم
کێشی کردم هەتاکو دەڕی موغان !

دیم ــ بە دوور بێ لە چاوی پیس ــ خەڵوەت
پڕ لە شەوقە بە ئاگری یەزدان

لە هەموو لایەکا گڕێکم دی
وەك گڕێ دی لە طوور کوڕی عیمران !

پیرەکەی دەیر خەریکی ئاگر بوو
کۆڕی دەوری ئەویش کوڕانی موغان

هەموو ڕوومەت لە زیوو گوڵ ڕوخسار
هەموو شیرین زوبان ، دەم‌و لێو جوان !

(عوودو چەنگو نەیو دەفو بەربەط
شەمع‌و نوقڵو گوڵو موڵو ڕەیحان)

ساقی وەك مانگ بە ڕوو ، بە موو موشکین
موطربیش خۆش‌بوێژو نەغمە ڕەوان

(موغو موغزادە ، موبەذو دەستوور) (1)
خزمەتی پیر بوو ئارەزووی هەمویان !

منی شەرمن لەبەر موسوڵمانی
چووم‌و خۆم خستە گۆشەیەك پەنهان

---

(1) عیبارەکانی ناو کەوان لە فارسیی (هالیف) وەرگیراون .

پیر وتی : « کێیە ، کێ نیە ؟ » وترا :
« عاشقێکە گەڕۆکو سەرگەردان ! »

وتی : « پێی دەن شەرابی ناب ، گەرچی
خولکی نەکراوە هاتووە میوان ! »

ساقیی ئاگر پەرستو ئاگر دەست
جامی پڕ کرد لە ئاگری سۆزان

وەك فرۆم کرد نە عەقڵ ماو نە دین
کەوتە سەر گڕ چ باوەڕو چ گومان !

کەوتبووم مەست بەڵام دەمی مەستی :
بە زمانێ کە دوورە زۆر لە بەیان

ئەم قسەم هاتە گوێ لە گشت ئەندام ،
تا ئەگاتە وەرید لەگەڵ شەرەبان :

کە یەکێکەو هەیەو ئەبێو هەر بوو
(وحده لا اله الا هو) ! ..

سلێمانی ـ شوباتی ۱۹۵۳

داستانی هەیاسی‌و کاکە عابیدین

(مەشقی) شاعیرێکی بەهرەدارو نیشتمان‌پەروەری ئێران بوو ، لە تازەکردنەوەی شیعرو ئەدەبی ئێراندا دەستێکی بەرزی بوو ، بەتایبەتی هەڵبەستە سیاسی‌یەکانی ئەوەندە گەنجو کاریگەر بوو کاربەدەستانی سەردەم بۆیان قووت نەئەدرا ، بەڕادەیەك کە شاهەنشاهی پێشوو ڕەزا شای پەهلەوی کەڵەکێکی نەبینیی ڕێك‌خست بۆ کوشتنی‌و لە تەمەنی (٣١) ساڵیدا کوژرا .

مەشقی کوللیاتی شیعرو پەخشانی چاپکراوی لە سەراسەری ئێراندا بڕەوێکی نەمری هەیە ، بەم‌بۆنەیەوە بۆچوونی‌یە بخەینەوە بیر کە ئەو گۆرانی‌یەی بە هاوکاریی خوالێخۆشبوو مەحمود جەوەدەتو شاعیری تەڕو پاراو (م. نوری)ی سلێمانی پێکهات :

« ئەولادی وەتەن ، ئیتمە کەوا میللەتی کوردین »

ئاوازەکەی لەسەر پارچەیەك لە ئۆپەرای (ڕستاخیز شەریاران ایران) دانراوە کە هیی خاوەندی تەرجومە مەشقی‌یە . پارچەکە تەمەیە :

« دیشب که مرا وضع وطن در نظر آمد »
دیدم که زنی با کفن از قبر در آمد »

تاد ..

ئەم هەڵبەستەی لای خوارەوە وێنەیەکە لە شیعرە سیاسی‌یەکانی مەشقی، بە هەندێك دەسکاریو بواردنی هەندێ ناوو کارەسات کە پەیوەندی بە وڵاتی ئیمەوە نی‌یە ، کردمان بە کوردی ، هیوامان وایە جێگای کەڵکو پەند بێ بۆ هاونیشتمانە خوشەویستەکانمان :

لە کوردستانا ، لە قاسم ئاوا
کاکە عابیدین ناوێك بوو کوێخا ،

پیاوێك بوو ، دڵو دەروونی پاك بوو
لەگەڵ گشت کەسی ناودێدا چاك بوو

یەك ژووری هەبوو دەرگا شەقوشڕ
لەگەڵ یەك کوپەی لە دۆشاو پڕ پڕ

کابرایەکی دز بە ناو هەیاسی
دێ گشت بێزار بوو لە دەنگو باسی

دراوسێی کوێخای خاوەن دۆشاو بوو
بۆ دزیی دۆشاو کەمەر بەسراو بوو

هەرچەند عاییدین لە مال دەرئەچوو
ئەو خۆی ئە کوپە ئەگەیان زوو زوو

دۆشاو هەڵئەقوڕا بە چنگو کەوچك
ئەڕۆیە بەر پێ چڕڕ چڕڕو تك تك !

تا ڕۆژێك کوێخا ، ڕوانیی بە دۆشاو
لەچاو جارانا کەم هاتە بەرچاو

دی : شوێن پێ لەسەر دۆشاوی ڕۆاو
چووە تا مالی هەیاسیی بەدناو

بانگیکرد ئەڕێ برای هەیاسی !
ئاپێ تۆ نەختێ خودا بناسی ؟

بەری ڕەنجم بوو کوپەی دۆشاوم
بزانم ڕەنجت بۆچ بە با داوم ؟

هەیاسی نیازی ڕێگای حاشای بوو
بەڵام عابیدین بەڕەچی دا زوو

وتی : بڕوانە بۆ زەوی‌و شوێن پێت
کێڕە دز : دیارە ، تەنانەت لای شێت

هەیاسی کە دی بێسوودە ئینکار
ڕێی پارانەوەی گرتەبەر ناچار

وتی : ئەمجارەم ببەخشە ، سوێن بێ
ئیتر نەێمە ئەودیو مالت پێ

کاکە عابیدین ، کوێخای دل بێ‌گەرد
بوورد لە گوناهی هەیاسیی نامەرد

لەپاش چەند ڕۆژێك نەوس‌و چڵێسی
هەیاسیی هاندا بۆ کووپە لێسی

گەڕا بۆ فێڵێك هەم سوێن نەشکێنێ
هەم کووپەی دۆشاو لە بن دەرێنێ

کەرێکی هێنا سواری پشتی بوو
بۆ خزمەت کووپەی دۆشاو ئا وا چوو

بەسەر سواریوە خۆی درێژ کێشا
دۆشاوی تۆش کرد تا ورگی ئێشا

دوایی کە کاکە گەڕایەوە مال
دیی پیرە کووپەی بەتاڵ‌و حەتاڵ

که سرنجی دا مایه‌ی واق وڕمان
شوێن سم دیار بوو ، نه‌ك شوێن پێی ئینسان

سه‌ری برد ، ناوی کووپه‌ی ڕوانی
شه‌قڵی په‌نجه‌ی دی ، هیی کێزبش بوو ؟ زانی !

به سه‌ر سووڕ ماوی ڕێگای دووری گرت
هه‌ڵی‌ئه‌کێشا هه‌ناسه‌و ئه‌یوت :

که‌ر پێ دز ، په‌نجه‌ی له‌کوێ هه‌یه که‌ر ؟
هه‌یاسی سمی کوا ، دز پێ ئه‌گه‌ر

په‌نجه : په‌نجه‌ی ئه‌و ، شوێن پێ : شوێن پێی که‌ر
به کێ بڵێم دز ؟ هه‌ی خاکم به سه‌ر [1] ؟!

● ● ●

له‌م سه‌رگوشته نیازم پێنده
بۆ نه‌ته‌وه‌یه‌ك گیرۆده‌ی به‌نده

زۆردار بڕیه‌وێ ، شوێن پێ بکا گوم
پێ تۆبه‌ڵ ئه‌کاو لێت ئه‌کا به سم

ماده‌م خاوه‌ندی کووپه‌ی دۆشاوی
لێت ناتروو‌کێنێ هه‌یاسی چاوی

هه‌یاسیی ئێمه ، ئه‌ی دۆستی گیانی !
(جۆنیۆل)ه ئه‌بێ زۆر باش بزانی

---

(1) له فۆلکلۆری کوردیدا هه‌یه له‌ڵێ :
چنگ چنگی خه‌رمو ، سم سمی یاسن
سه‌رم له‌م کاره ئه‌ماسن

هەر ئەوە سواری کەری ناوخۆیە
کەر تاوان ئەکا ، بەڵام ئەو هۆیە

هەر ئەوە لێمان بۆتە هەیاسی
کل لە چاو ئەدزێ بە دیبلۆماسی

بە ڕواڵەت بێ ، کەرگەلی خۆمان
بەربوونە گیانی دایکی نیشتمان

بەڵام کەر جوونە ناهاوێ ، کەر سوار
سووژن لە ملی نەدا جارو بار

سولەیمانی ــ ١٩٥٣

هێزی گەل

ئەم شیعرانە لە ئەبوو تورابی جەلی‌یەوە کراوە بە کوردی ، بەونیازەی تا ئەتوانرێ وەرگێڕراو لە ئەسڵ بچێو وشە لاوەکی‌یەکان بەتایبەتی هینـەکانی قافیە ، هەندێکیان هەروەکوو خۆیان هێڵراونەتەوە .

توانستو هێز هەرچی هەیە گشتی هیی گەلە ،
وەك ئیشتیقاقی فیعل لە یەك بنجی مەسدەرە !

ئەمڕۆ گەلێ کە کەونە هەوای کەڵكو سوودی خۆی
لەو ڕێیەوە کە خۆی ئەیەوێ بۆی موبەسـەرە !

ئەمڕۆ گەلە کە پشتو پەنای ڕاستەقینە بێ ،
ئەی ئەوکەسەی کە پشتو پەنات فەوجی عەسکەرە !

ئانی گەلە کە لەشکری سەربازی پێ ئەڵێ !
تینی گەلە بەهێزکەری دەستی ئەفسەرە !

ئازانی کێیە ئەوکەسە دەستی پڕە لە چەك ؟
دبارە ئەویش لە بڕبڕەکەی پشتی ڕەنجبەرە !

شمشێری قینی چۆن هەڵەکێشێ لە کاکی خۆی
ئەو پاڵەوانە مەردە سروشتی لە گەوهەرە !

پەند وەرگرە لە کارو لە قەوماوی ڕۆژگار
تەڕبیە هەر بە حوکمی دروست تاقە داوەرە !

دونیێ ئەوەی کە ئاگرو خوێن بوو لەسەر دەمی
پروانە : چاوەکانی بە فرمێسک چەن تەرە ؟

توانی ئەگەر شپرزە بکا ئاشتی دەمێ
ئێستاکە کاری خۆیەتی وەک زوڵفی دولبەرە

لەو ڕۆژەدا بوو جەورو ستەم گرتبووی جیهان ،
ئێستاکە دادو عەدلە لە گشت لا موظەففەرە !

دنیایی نوێ ئەیەوێ ڕاپەڕینی نوێ
ئەم ڕاستیێیە لە تیشکی هەتاو ئاشکراترە !

لافاوی ڕاپەڕینە ، گوڕی ، هەرچی هاتە بەر
کێوی لە لا لەگەڵ پەڕی کادا بەرابەرە !

بیرکردنەوە لە بابەتی کۆنو ڕزیوو پووچ
هەر تاییەتی بە سەردەمی داراو سکەندەرە

شمشێر نوێیە کە ئاوی دەمی کپ بکاتەوە
ئەو ئاگرەی لە جۆشی دڵو شۆڕی ناو سەرە !

پرشنگی ڕۆژی بەختی گەلان کەوتەدەر لە کەل
پروانە کۆشکی گێتیێیی نوێ چەند مونەوومرە !

سولەیمانی ــ ١٩٥٣

خەبـاتی گەل

ئەبوو نورایی جەلی (1)

لەش گەلای دار بوو ڕۆایە سەر شەقامی پانی شار
خوێنی لێ ئەڕۆا وەکوو لافاوی بارانی بەهار

مێشک و کەللەی زۆر پژابوو ، سنگ و گەردن تێکشکاو !
مێشکەکانی پڕ هیواوو سنگەکانی پڕ (شەرار) ! ..

گەرچی خوڕڕەم دایگەکرد بارانەکەی کوشتاری گەل ،
گەل ، بەڵام وەستابو مەحکەم چەشنی کێوی (ئیستیوار)

ڕیزی پێشی گرتبوو پاڵەی دەس و مشت ئاسنین
شانبەشانی ئەو ئەچوو ڕەنجبەر لەگەڵ دەستەی هەوار

سێبەری سەر گشتی کۆمەڵ بالی مەرگ بوو ، بالی مەرگ !
خەڵك بەڵام بێباك ئەڕۆشتن بەرمو ڕووی چالی مەرگ !

* * *

دوایی مشتی ئاسنینی خەڵك تانکی تێکشکان ،
دەستی هێزی گەل لە خاکا تۆپەکانی گشت خەوان !

---

(1) گۆرینی سێبەندی دوایی لە هەڵبەستێکی درێژە کە لەئەنجامی ڕاپەڕینێکا نووسراوە . وشەکانی ناو کەوانەکە هیی دانەری فارسیی خۆین .

قاچی تاوانکەر لە پیسیدا هەتا بن‌دەست چەقی ،
دەستی ناپاکان کشایە دوا ، نیشانەی داوەشان !

گیان سپێریی گەل لە ناوچاوانی پاکا بوو بە فەڕ
داخی عاری نایە سەر ناوچاوی تاوان پیشەکان !

خۆی خزانە کون لەترسانا وەکو ڕێوی‌و دەڵەك :
گورگی خوێن خوارێك لە میللەت کەڵبەکانی دەربەڕان !

تك‌تکی خوێنی شەهیدان بوونە مەشخەڵ بۆ ڕابەر ،
لەشکری پرشنگ شکستەی هەوری تاری دایە بەر !

* * *

یەکیەتیی گەلانە وا زنجیری جەوری پارە کرد
نەعرەتەی ئینسانە وا ڕێوی دزی ئاوارە کرد

پایەیی کۆشکی ستەم لەق بوو ، بەڵام پێویستە ڕەنج
تا بەجارێك سەرنگوون کەین ئەو سەرایە دەستوبرد

هەر لە سایەی یەکیەتیدا بێ‌گومان توانست ئەبێ
خەم نەهێڵین‌و بڵێین وا دەردی خۆمان چارە کرد

دوشمنی بەدکاری ئێمە پیشەکەی ناپاکیە
صەد شوکر ڕۆژی بەسەرچوو ، صەد شوکر وا باوکی مرد !

با ئێستر کون کون نەکا سوڵگی لەشی پیرو جوان ،
با ئێستر خوێن ڕووی زەمینان لێ نەکاتە ئەرخەوان !

سولەیمانی ــ ۱۹۵۳

بـت

« له فارسی وەرگیراوە »

ـ کێ شکانی سەری بت ؟
ـ سەری بت ئێمە شکاندمان ئێمە !
ـ چوار پەلی ئەسپەکەیی کێ پەی کرد ؟
ـ ئێمەیی داس بە دەست بووین ، ئێمە !
ـ ورگی بت کێ بوو درێ ؟
ـ نەدڕاوە ، سکی بت
نەدڕاوە ،
کێ دیی ؟
بدرە ئەی دەستی بەهێزی هاوڕێ :
ڕێی سەینێزیی مەزن
بدرە ڕووبڕۆشی فەسالی بتی شووم
تا ببینین کە لەسەر ناوچاوی
ناوی کێ نووسراوە ؟
ناوی ئەو پیاوکوژە وا (ئازەر)و (تیر)
خوێنی گەلانی ڕۆژان ..
ناوی سەرکردەیی هێزێك : یانکی
تیا سەری گەورەیی سەرکردەکەین ،
ناوی ئەو خێوە کە ئارامی نیە ،
ڕۆژو شەو هاوسەری بیری سەفەرە !

بدرە ڕووبۆشی فڕوفێڵی فەسال ،
بدرە ئەی دەستی بەهێزی هاوڕێ !
تا بخوێنینەوە گشت
تا بکۆڵینەوە گشت
کە لەژێر پەردەیی فێڵاڵ چ کەسە ...
کەس نیە ، گەرچی لە لای ئێمە کەسە ...
کێیە ؟ ضەحاکی زەمان ،
دزو جەردەی سامان ؟!
بدرە پەردەی فڕو فێڵی سەر ڕووی
بدرە ئەی دەستی بەهێزی هاوڕێ !
با تەواو دەربکەوێ ،
سەرو گوێڵاکۆ فەسالی دێوی ،
تۆزێش نەپرسی دەمی هەڵهاتنی ڕۆژ ،
بە زمان خەڵقەوە گشت ،
ورگی بت کێ بوو دڕی ؟
کێ بتی کوشت ؟ ...

سولەیمانی ــ ١٩٥٣

خەیام بە کوردی

ئەم گۆزە وەك من دڵدارێ بووە ،
گیرۆدەی زوڵفی نیگارێ بووە ؛
ئەو دەسکەی ئێستا قوڵفە لە ملیا
سەردەمێك دەستی مل یارێ بووە !

❁

بەر لە منو تۆ ڕۆژگارێ بووە ،
خول خواردنی چەرخ بۆ کارێ بووە ؛
ها سووك پێ دانێ لەسەر خاکی ڕەش ،
ڕەشتینەی چاوی نیگارێ بووە !

❁

ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە
لەسەر ڕێی گەشتی شەوو ڕۆژمانە ؛
بەزمێکە لە صەد جەمشێد جێماوە ،
صەد بەهرام هاتو چوو لەم وێرانە !

❁

ئەو کۆشکەی بەزمی تیا گێرا بارام
بۆ ئاسکو ڕێوی بوو بە جێی ئارام
بارام کە گۆڕی ئەگرت تا مابوو
نەتدی گۆڕ ئەوی چۆن گرت سەرئەنجام ؟

❁

له هەر دەشتێکا کە گوڵزارێکە
ڕەنگی گوڵ خوێنی شەهریارێکە ،
وەنەوشەی مۆری لە گڵ دەرهاتوو
خاڵێکی جوانی ڕووی نیگارێکە !

❁

هەی داخ دەستمایە لە چنگمان دەرچوو ،
لە دەست مەرگ گەڵێ جگەر کون کون بوو ،
خۆ کەس لەو دنیا نایە لێی پرسم
ئەنجامی کاری زووتر کۆچ کردوو !

❁

ئەفسووس ! تۆماری جوانیمان طەی بوو ،
بەهاری تازەی شادیمان (دەی) بوو ؛
ئەو مەلە مەستەی جوانی بوو ناوی ،
هەی داد ، نەمزانی کەی هات‌و کەی چوو !

❁

یارانی هاودەم هەموو لە دەست چوون ،
لەڤێر پێی مەرگا یەك یەك پێشێل بوون ؛
لە بەزمی عومرا یەك (مەی)مان نۆشی
ئەوانی زووتر خست جامی گەردوون !

❁

ئەڵێن لە بەهەشت حۆریی جوان هەیە ،
(مەی)و هەنگوینی سپیی شان هەیە ،
بۆچ یار پەرستی‌و مەی‌نۆشی نەکەم
مادام ئەنجامی کار هەمان هەیە ؟

❁

گەردوون هیچ گوڵێك لە گڵ دەرناكا
تا نەپرژێنێ دیسان لە خاكا ؛
لە جێی ئاو خاكی هەڵگرتایە هەور :
هەر خوێن ئەباری بەسەر خاشاكا !

*

هەور دیسان هات گیای شت بە گریان ،
بێ مەیی گوڵ ڕەنگ چۆن بژین یاران ؟
ئێستا سەیرانگای ئێمەیە سەوزە ،
ئەی سەوزەی خاكمان كێی دێتە سەیران ؟

*

هەر گیایەك لە گوێ ئاوێك ڕواوە ،
ئەڵێی مووی لێوی تازە خەت داوە ؛
نەكەی گیا هەرگیز بێباك بشێلی :
لە گڵی لەشی وەك گوڵ خەملاوە !

*

هوشیار بم نەشئەم لێ پەنهانیە ،
كە مەست بم عەقڵم لە نوقصانیە ؛
حاڵەتێك هەیە بەینی ئەمو ئەمو
بە بەندەی ئەبم زیندەگانیە !

*

ئەی دڵ زەمانە پیشەی خەمدانە ،
هەركاتێكت دی بۆی مردی ، گیانە !
سا پێش ڕوانی سەوزە لە خاكت
خۆش بژی لە دیار ئەم سەوزە جوانە !

*

که هەوری نەورۆز ڕووی گوڵی تەڕ کرد ،
بە هەزمی بادە هەڵسە دەستەبرد ؛
ئەم سەوزە گیایەی سەیرانگای تۆیە ،
سبەی لە خاکی تۆ ئەڕوێ ورد ورد !

❁

ئەڵێن دۆزەخە جێی پیاوی سەرخۆش ،
هەی قسەی بێجێی دوور لە عەقڵ و هۆش !
گەر عاشقو مەست گشت بچنە دۆزەخ ،
بەهەشت ئەبێتە ناو لەپێکی بۆش !

❁

مەی بخۆ ، لەژێر گڵاڵ ئەنوێ زۆر
بێکەس ، بێهاوڕێ ، بێهاودەنگی گۆڕ ؛
با ئەم ڕازەشت لا نەبێنی بێ :
گوڵ سیس بێ گەشە ناکا لەبەر خۆر !

❁

ئەوانەی دەریای فەضڵ و هونەر بوون ،
لە کۆڕی عیلما چراو ڕابەر بوون ،
لەم شەومزەنگە ڕێیان دەرنەکرد ،
ئەفسانە بێژی خەو لە خۆ خەبەر بوون !

❁

هەندێ دەستخەڕۆ دووی غروور کەوتن ،
هەندێك شوێن کۆشکی پڕ لە حوور کەوتن ؛
کە پەردە لاچوو ئاشکرا ئەبێ
ئەمانە لە تۆ ئێجگار دوور کەوتن !

❁

هەندێك لە بیردان بۆ مەزهەب و دین ،
هەندێك دوودڵی گومانو یەقین ؛
لە لایەلاوە لەپڕ دەنگێ دێ
ئەڵێ : کام گومان ؟ کام بڕواو ئایین ؟ ..

لە هاتنمانو چوونمان سوو کوانێ ؟
بۆ تەونی هیوا تای دەزوو کوانێ ؟
لەناو چەمبەری چەرخا هەزاران
گیان سووتاو خۆڵی بە با چوو کوانێ ؟

مەیکەم بینی لەسەر قەڵای طووس
لە بەردەمیا بوو کەللەی کەیکاووس ،
ئەیوت بە کەللە : ئەفسووس ، صەد ئەفسووس !
کوانێ دەنگی زەنگ ؟ کوانێ ناڵەی کووس ؟

نەکەی تۆبە کەی لە مەی تا هەیە ،
تۆبە صەد تۆبەی بەدوادا هەیە ؛
گوڵ کراس بدڕێ و بلبل بخوێنێ ،
لە کاتی وادا تۆبە کوا هەیە ؟

گوڵ بەربەیانێك ڕاکاو هەڵوەری ،
ڕازی خۆی هەڵڕشت بۆ باو هەڵوەری ؛
کەمشەرتیی چەرخە کە گوڵ بە دە ڕۆژ :
ڕواو پشکووتو ژیاو هەڵوەری ! ...

پروانه دڕی (با) پەردەی ڕووی گوڵ ،
سەرگەرمی عەشقە بلبلی سەرچڵ ؛
لە بن گوڵباخا دانیشە ، گوڵباخ
زۆر جار ڕواوەو بۆتەوە بە گڵ

✽

ئێستر بەیاخی نیفاق پەی ئەکەم ،
بە مووی سپیوە ڕوو لە مەی ئەکەم ؛
ژمارەی پێنکی عومرم حەفتایە
ئێستا بەدەستی نەکەم ، کەی ئەکەم !

✽

چەندێك منال بووین قوتابیی زانا ،
چەندێکیش خۆمان بووین بە مامۆستا ،
ئەنجام پروانە چیمان بەسەرهات :
وەك ئاو هاتینو ، بۆی دەرچووین وەك با !

✽

ج دەستەی تازە ، ج پیرانی کۆن
هەموو یەك بە یەك ، وەك هاتوون ئەڕۆن ؛
دنیا ئامێنێ تا سەر بۆ کەسیان ،
چۆن هاتنو چوون ، ئەبێ : بێن ، بڕۆن ! ...

✽

ڕەندێکم بینی دانیشتووی ڕووی خاك ،
مەگەر هەر ئەوم دیبێ وا بێباك :
بەرامبەر بە : کوفر ، ئیسلام ، دنیا ، دین ،
حەق ، گومان ،یەقین ، ڕێنی خراپو چاك !

✽

گەردوون جامێکە سەرنیگوون کەوتوو ،
ژیان لەناویا گشت زەبوون کەوتوو ؛
سرنج لە دۆستیی شووشەو پیالە بەن
دەم لە دەماڵو خوێنی یەك خواردوو !

❁

کەرو دین بەینیان یەك هەناسەیە ،
یەقین تا گومان یەك هەناسەیە ،
ئەم هەناسەیە بە خۆشی بژی ،
مادام خۆی ژیان یەك هەناسەیە !

❁

ئەی دل لە دنیا ئیحسانت ئەوێ ،
لە چەرخی گەردوون سامانت ئەوێ ؛
دەرمان داوا کەی دەرد گران ئەبێ ،
لەگەڵ دەرد هەڵکەو ، دەرمانت نەوێ !

❁

گایەك لە ئاسمان ناوی پەروینە ،
گایەکیش ئەڵێن لەژێر زەمینە ،
سا چاو بگێڕە ئەی خاوەندی هۆش
لەناو دەرگادا کەرگەڵ ببینە !

❁

وەك گوڵ پیالە بەرمەدە لە دەست ؛
لەگەڵ گوڵ ڕەنگی چاوو برۆ مەست
شەراب بنۆشە ، ئەم چەرخە ئینە
هاکا تۆزێشی کرد بە وێنەی گڵ پەست !

❁

دل ناین داری خەمی تیا بڕوێ ،
خۆش کتێبێکە لە خۆشی بدوێ ؛
مەی‌نۆشین باشەو کام هێنانەدی ،
خۆ دیارە ژینت چەن کەم بۆ ئەلوێ !

شووشەم ئەشکێنی بە قەستی ، خوایە !
ڕێی نەشنەو بەزمم ئەبەستی : خوایە !
شەرابی ئالم ئەڕژێتە خاك ،
هەی خاکم بە دەم بژێ مەستی ، خوایە !

کێیە بێ گونای ڕووی دنیا ، بڵێ ؟
بێ گونا کردن چۆن ژیا ، بڵێ ؟
کە من بەد بکەم ، سزای توێش بەد بێ
تۆو من جیاوازین لە چیرا ، بڵێ ؟

ئای کە زۆر گەڕاین بە دەرو دەشتا ،
دنیامان بێژا لە گێڵو گەشتا ،
لەم ڕێگای چوونو نەهاتنەوەدا
کەسێك تووش نەبووین لە بازگەشتا !

پیالەی ئەجزا جۆش خواردووی بێ‌گەرد
مەست دڵی نایە قەت بیدا لە بەرد ؛
ئەی سەرو ملو ساقو دەستی جوان
کێ لێکیان ئەداو ئەیانکا بە گەرد ؟

هەرچەن بە رەنگەو بۆی جوان رازاوم
وەك گوڵ ، بە بااڵیش سەروی سەراوم ،
بەاڵم نەمزانی وەستای نیگارکێش
لە گاڵتەخانەی خاك بۆ داینناوم ؟

*

لەپێشا چەرخی شین خستنە کار ،
دوایی تێکدانی بنچینەو دیوار ،
ناکێشرێ هەرگیز بە تەرازووی عەقڵ
پێوانەی نایە بە مەترو پەرگار !

*

ئاد بۆی مایەی عومرت دەمێکە ،
هەر گەردێك لە خاك (کەی)و (جەم)ێکە ،
چۆنیەتیی دنیاو ئەصڵی ئەم عومرە ،
خەومو خەیاڵەو تەفرەو تەمێکە !

*

ساقی ! قەدەحێك ، وبان یەك دەمە ،
هەر بە خۆشی بێ ئەو دەمەش بەسە ؛
چۆنت بۆ لوا بسازە ، چەپگەرد
سوورانی بەپێی دڵخواز زۆر کەمە !

*

بەر لەوەی گەردوون تووشمان کا بە وەی
وەرە ! با خۆمان تێراو کەین لە مەی ؛
چونکە چەرخی کۆن کاتی ڕۆیشتن
ماوەی ئاو نادا لێوی پێ تەڕ کەی !

*

هەر بەربەبانێك ڕووی ئاسمان شین بێ ،
ئەبێ لەسەر دەست پیالەی ڕەنگین بێ ،
ئەڵێن لە دەما تامی مەی تاڵە ،
مەی حەقەو کێ دی کە حەق شیرین بێ ؟

❁

ئەم کۆشکەی لووتی لە ئاسمان بوو ،
شاهان ئەیانتا بۆ بەردەرگای ڕوو ،
دیمان کۆترێك لێوی دیواری
گرتبوو کز کز ئەیوت : کوو کوو کوو !

❁

ئەوانەی زووتر بۆی دەرچوون ، ساقی !
خاکی غوروورە تیا نووستوون ، ساقی !
مەی بخۆو ڕاستی هەر لە من ببیە :
با بوو لە هەرچی دوابوون ، ساقی !

❁

بێ مەی گوزەران کردن ناتوانم ،
بێ جام باری لەش بردن ناتوانم ،
بەندەی ئەو دەمەم ساقی ئەڵێ : ها
جامو ، من ئێستر گرتن ناتوانم !

❁

ئەو کەسەی زەوی‌و ئاسمانی دانا ،
بەشی دڵ داغی گرانی دانـا ،
زۆر لەعلی لێوو میسکی ئەگریجەی ،
نایە چاڵ ، خاکی لە بانی دانا !

❁

سەردەستەی دنیای مەعانی عەشقە ،
شا بەیتی شیعری جوانی عەشقە ،
ئەی بێئاگایی لە عالەمی عەشق
ژیان خۆی ئەبێ بزانی عەشقە !

*

وەك خەمم عومری درێژ بێ نازدار ،
ئەمرۆیش دڵ نەرمیی خۆی خستەوە کار ،
چاوێکی لوطفی بڕیە چـاوم :
چاکەی هاوێشتە ناو ئاوی ڕووبار !

*

یەك قوم مەی مولکی کەیکاووس دێنێ ،
تەختی قوبادو بەختی طووس دێنێ ،
لە بەربەیانا ئاختێکی سەرخۆش
صەد لوێژی صۆفیی زمانلووس دێنێ !

*

من کە ڕەمەزان ڕۆژووم ئەشکان
لە بێخەبەریم نەبوو ، بێگومان ؛
ڕۆژوو بەرچاوی تاریك کردبووم ،
لای خۆم بۆ پارشێو نیکەم ئەگلان !

*

کە مردم خاکم بە با بێنێن ،
بۆ عیبرەت نەکەن لاشەم بنێژن ،
لە گڵم قوڕێك بە مەی بشێلن ،
خشتی سەرکووپەی لێ دابڕێژن !

*

با سەر پڕ سەودای بتی وەك حوور بێ ،
جامی دەست کەیلی شەرابی سوور بێ ؛
خەڵق ئەڵێن تۆبەت قوبوول ئەکا خوا ،
ئەو نەیکاو منیش تۆبەم لێ دوور بێ !

*

ئەی هاودەمەکان مەیم کەن بە قووت ،
ڕووی کارەباییم بکەن بە یاقووت ؛
کە مردم لاشەم بە شەراب بشۆن ،
لە مێو هەڵبەستن بۆم تەختەی تابووت !

*

نووستبووم ، زیرێك لە خەوما فەرمووی :
کێ بە خەو پشکووت غونچەی ئارەزووی ،
خەو برای مەرگە : تا زیندووی مەمرە ،
کە مردی لەژێر خاکا تێر ئەنووی !

*

چەرخی ئاسمانی بێ بنی پڕ هەور
جامێك لە بەزمیا چەرخ ئەدا بە دەور ،
تۆزەت هاتە سەر ، بێ ئاخ هەڵکێشان
بینی پێوەنێ ، دەورە ، نەوەك جەور !

*

ئەم یەك دوو ڕۆژەی عومر چوو بەسەر
وەك ئاوی ناوچەم ، وەك بای دەشتو دەر ،
لە ڕۆژان هەرگیز خەم ناخۆم بۆ دوو :
ئەوەی تێپەڕیو ئەوەی دێتەدەر !

*

لە گشت ڕۆیشتووی ئەم شەقامە ڕێ
کێ گەڕایەوە ، ڕاستی وت بە کێ !
لەم دوورِیانەی هەڵپەو هیوادا ،
ناگەڕێتەوە ، هیچ مەیڵە جێ !

یاران بە ڕێکەوت کە کۆمەڵتان بەست ،
بیرتان بێ دۆستی لەناو گڵاڵ پەست .
لە کۆڕی بەزما تۆزە پیالەی ئەو
قڵپکەنەوەو گڵەکەی کەن مەست !

شیعری به پەخشان وەرگێڕاو

پیـــەر لۆتی

(لە کتیبی [من شعر ناظم حکمت] وەرگێڕراوە)

نازفرۆشی ، تەلیـسم ، تەدەر
قەفەس ، کاروان ، کۆشك‌و سەرا
تـــافگە ، ...
بڕۆن میرکچان
پەری‌زادەکان
ئەی سەماکەران لەسەر سینیی زیو ،
ڕاجە ، شا ، سولتان
هەتا هەزار سال
وەك لە منارە بوویێ ئاوێزان
ڕەسم گەلی شیلان
ئافرەتانی پێو دەس بە خەڵەش
ڕیس‌و چینیان بە نووکی پێ لاڵەدەن
لە دوور دوورەوە
لەگەل گڤەی بـــا
ئەخوێنن بە ڕیشی دووکەڵاوی‌یەوە
کۆمەڵی مەلا
لەناو بەرگی ڕەشی زلا ..
تا ئەمەیە ، هەر ئەمەیە ڕۆژەڵات

ڕۆژەلاتیك كە شاعیری فەرەنسی دیی
ڕۆژەلاتی بێ گەردو خام
وەك ئەو كتێبانە ئەنووسن
كە دەقیقەی ملیۆنێكیان لێ چاپ ئەبێ
بەڵام نە دوێنێ ، نە ئەمڕۆ ، نە سبەینێ
هەبوو ، هەیە ، ئەبێ
ڕۆژەلاتیوا !
ڕۆژەلات ، جێی هەڵهاتنی ڕۆژ ،
زەویی بورکانەکان
كە دیلو بەندە ، بەندەی ڕووتو قووت ،
لەبرسانا تیا ئەمرێ
ولاتی كلۆلی
مولكی هەموو ڕۆژەلاتی خۆی نەبێ
ئاخ ئەی ئاسیا .. ئەی بالۆرەی دەمی ئەوروپا !
ئەی بالۆرەی پڕ لە هەموو شت
ئەی بالۆرەی پڕ لە گەنم
ئەی ئاسیا ،
چینیەکانت
چینیەکانت
خۆیان بە پرچ هەڵدەواسن ،
بەدەست خۆیان بەند ئەکەن وەك مۆمی زەرد
بە دیرەکی كەشتیەکانی ئەمەریكاوە
لە پۆپەی هەرە بەرزی شاخی هیمالایا
لە پۆپەی هەرە سەخت

زابته‌کانی به‌ریتانیا مۆسیقای (جاز) لێ‌ئه‌دەن ،
قاچه زله‌کانیان به لێزکی ڕەشەوه نوقم ئه‌کەن
له‌و نه‌هری غاڕەدا که بێزراوه‌کان (1)
مردوویانی تێ‌ئه‌هاون
ئەو مردووانه‌ی بێ‌هیوایی له‌ژێر پێدا
پلیشـــانوونی
وه ئه‌نـــادۆلی
له لووتکه‌یه‌وه تـــا دۆڵی
له‌و زەوی‌یه به‌ولاوه نی‌یـــه
که ئارمسترۆنگ گۆرانیی شێتیی تیا بڵاوئه‌کاته‌وه
ئاسیا ئێتر بێزار بووه ،
بێزار بووه له‌مانه گشتی
ئێتر ڕۆژەڵات نـــایه‌وێ
ئەم شۆربایه قووت‌دا
ته‌نانه‌ت ئه‌گەر یه‌کێکتان توانی سبه‌ینێ
ئەو مانگایه‌مان بۆ زیندووکاته‌وه که پرسیه‌تی کوشتی
با دووره‌وه که‌وێ ، هەر ئەوه‌نده بۆرجوازی بێ
ته‌نانه‌ت تۆ ، ئەی پیـــەر لۆتی
به‌تـــایبه‌تی تۆ
ئەی ئەوەی ئەسپێکی نیفۆس له له‌شیا شاراوه‌ته‌وه
ئەو ئەسپێره که له ڕێی کووتالی میۆکراوه‌وه ئێمه‌یان پێ کوتا ،
تۆزیش هەر دووره‌وه که‌وه
دوورتر که‌وه له زابتی فەره‌نسی !

---

(1) بێزراوه‌کان : مەنبووذه‌کان .

تۆ ، ئەی زابتی فەرەنسی
پارەکەی خۆتت لەبیرچوو
(ئەزیادە)ی چاو هێشوویی
ئەوەندە زوو کە ژنە بازاڕیەکان
بەو گورجیەیە لەبیرناچن
درۆزن دەرچووی ، ئەی لۆتی

درۆزن دەرچووی
گۆڕی (ئەزیادە)ت بۆمبا باران کرد
ئەو گۆڕەی لە ئێمەدا ناشتبووت

لە منا ناشتبووت
هەروەکوو کۆلکە دارێك بێت بۆ نیشانە دانراین
با گشت لایەك بزانن
کە تۆ ، ئەی لۆتی ، لە جادووباز زیاتر نیت
جادووباز ٠٠ پیەر لۆتی

ئەوەی کە بە ڕۆژەڵات ئەفرۆشێ
هەرچی کاڵای فەرەنسی هەیە ،
هەرچی کاڵای چاوەڕاو هەیە ،
سەدی پێنج‌سەد ئەخاتە سەر نرخەکەشی بۆ قازانج
ئەی پیەر لۆتی ، ئەگەر باوەڕم بیوایە
بە گیانی جیاواز لە بیرەوەری ،
گیانی تۆم ئەگرت
لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژەڵات ڕزگار ئەبێ
بە پایەی پردێکا هەڵم‌ئەواسی
ئەمجا جگەرەیەکم ئەنا بە دەمەوە ، ئەمکێشا

بەرامبەر بەو گیانە درۆزنە !
دەستم بۆ ئێوە درێژ کردووە ،
دەستمان بۆ ئێوە درێژ کردووە
دەستمان بگووشن
ئەی ڕووت‌و قووتەکانی ئەوروپا
غار دەین لەگەڵ یەکتر
بەسەر ئەسپی شێتی ڕەنگ سوورەوە
ئامانج بەرامبەرمانە ، ئەوەتا زۆر نزیکە
زۆر نزیکە بنوارن
بنوارن چەن کەم ماوە
بۆ ئەو ڕۆژانەی بڕیان داوین لە سەربەستی
بڕوانن ژیانەوەی ڕۆژەڵات
چۆن لە دوور ملی ناوە دێت
دەستەسڕی خوێناویمان بۆ هەڵبەتەکێنێ !
بڕوانن ، دوایی ، چۆن ئەسپی شێتی ئێمە
بە چوار پەل سەما ئەکات
بەسەر لاکی ئیستیعماردا !

سلێمانی ۰ نیسانی ۱۹۵۳

هەورەکان تێئەپەڕن [1]

هەورەکان تێئەپەڕن [2]
مەبەن بەرەو جەنووب
نامەوێ بمرم

نامەوێ بمرم
مەبەن بەرەو باکوور
مەبەن بەرەو ڕۆژهەڵات
نامەوێ بمرم

نامەوێ بمرم
مەبەن بەرەو ڕۆژئاوا
لەم شوێنە بەجێمهێڵن
بمبەن بۆ شوێنانیتر
نامەوێ بمرم
نامەوێ بمرم

---

[1] ئەم پارچەیەو پارچەی پاشەوەی ، لە هەڵبەستی (ناظم حکمت)ن کراون بە کوردی . م.م.ك.

[2] مەبەست : ناکۆکی نەڕوا .. مەبەن بۆ شەڕ . لە باری ئێستادا مەمهێڵنەوە ، بمبەن بە ڕێگای پێشکەوتنا .

ئینسانی گەورە

ئینسانی گەورە لە کەشتیدا ڕێبواری سەربانە ،
لە شەمەندەفەرا پلەی سێیەم
لە شەقامـا سواری قاچی خۆیەتی
ئینسانی گەورە .

ئینسانی گەورە لە هەشت ساڵانە ئەچێ بۆ ئیش
لە بیستا وەن ئەهێنێ ،
لە چلا ئەمرێ
ئینسانی گەورە .

ئان جگە لە ئینسانی گەورە بەشی هەموو کەس ئەکات
برنجیش هەروەها
شەکریش هەروەها
قوماشیش هەروەها
کێبیش هەروەها
جگە لە ئینسانی گەورە بەشی هەمورکەس ئەکات .

لە زەویی ئینسانی گەورەدا سێبەر نیە
لە کۆڵانی شەویا چرا نیە
لە پەنجەرەیا شووشە نیە
بەڵام هیوای هەیە ئینسانی گەورە
بێهیوا هەرگیز ناژی .

تاشقەند . ١٩٥٨

بـاوەڕەکەمان ..

دانەر : یەفگینی یەفتۆشینکۆ

باوەڕەکەمان (فەرمان) نیە بەسەرماندا داسەپاین ،
لە قوولایی دڵمانا ڕەگەکانی داچەقیوە .
ئەگەرچی لە ئازار زاوەو ، لە گۆشاری پێویست ،
بەڵام ئێستا : ئەبەخشێ هێز ، ئەبەخشێ بەری شیرین .
باوەڕەکەمان لە ڕۆژی هەرە تاریکا گەیشتە فریامان .
لەکاتێکا کە باری سەرشانی گەل ئێجگار قورس بوو .
بە بڵێسەی گڕی لەنین ڕووناکیی تێکەوت ،
ئیتر .. ئێمەی خستە سەر تاقە ڕێگای ڕاست .
ڕووبەڕووی مەرگ لەبەر بارانی گوللەی دوژمنا وەستاین ،
لەبەر هەر درەختێکا پارچەیەکیان لە لەشمان بچڕی ،
دەمی داپچڕاوی برینەکانیان پڕ کردین لە لم .
نیشانەی داخەکانیان هێشتا بە سنگمانەوە دیارە .
نە تفەنگمان هەبوو ، نە کەرەمان چنگ ئەکەوت ،
(گرانی) بە خوارو ژووری گوێ چەمی (فۆلگا)دا دزەلۆقەی ئەکرد .
لەکاتێکا کاربەدەستانی (لیب) فیزیان ئەفرۆشت .
بە بەرگی پۆشتەو دەستی ئەموستیلەداری ناو دەستکێشەوە .

بەرامبەری تەوس و توانجیان لە ئێمەوە بینینیان بوو بە چاوی سووك •
بە زەبری ڕەنج هەر خۆمان زیك‌ئەخستەوە لە ئامانجمان •
بەپێچەوانەی گێژەشێوێنی ، پرۆژەکانمان هاتنە بەر :
کەلەکە بوو گەنمی زۆر ، ئاسن و پۆلای زۆر ، خەلووزی زۆر !
لە پاشترا بێگانە هات بۆ هەللووشینی خاکەکەمان ،
وە بۆ بینینی هەرەسهێنانی کوتوومڕمان ،
لەکاتێکا کە دەرزیبە هەر زوو تێژکراوەکەی هێلەر
بە ناوی (مۆسکۆ)دا ئەچەقی لەسەر خەرتە !
کوڕانە وەستاین لە ڕووی دەستەی تەقەکەرا ،
پڕ بە ورگیان پێمان تۆشین ژاراوی (تۆلە) •
ڕاستە پۆستالەکانیان بەسەرماندا قوڵەی کرد ،
بەڵام پۆلای خواستمان هەرگیز لەنووشتایەوە بۆیان •
لە ناوجەرگەی خۆڵەمێشو تەپو تۆزی شەڕا
باوەڕەکەمان بە هێزی پتڕەوە سەری بەرزکردەوە •
هەموولایەکی دنیا دەنگی دایەوە ،
لەکاتێکا ئێمە هەڵمانکوتا بۆ سەرکەوتنی ئێجگاری
فڕوفێڵە خشکێنیبە پیاوکوژەکانمان دایە بەر نووکە شەق ،
تەماتێشت دەستی چڵکنیان ڕەژیمی سۆڤیەتی گلاو کات •
ئەم باوەڕەی کە توانی بەرامبەر بە لافاوو بڵێسە بوەستێ ،
کە ڕاستیی خۆی دەرخست هەم لە شەڕاو هەم لە ئاشتیدا ،
لە ئێمەوە بەجێئەمێنێ بە میرات
کە ڕابەر بێو ئیلهامدەر بێ
بۆ پشتاو پشتی لاوانی ولآت !

لە گۆڤاری (سۆڤیەت لیتریچەر) وەرگێڕراوە
بەغدا • تەشرینی یەکەمی ١٩٦٠

کۆمەڵەی دوازدەهەم

بۆزاخاوی مێشک

مامۆستا گۆران کە لە ژمارە ١١٢٢ی ١٩٥٢/١١/٦وەوە سەرپەرشتیی ڕۆژنامەی (ژین)ی گرتە دەست ، وەک ڕۆژنامەنووسێکی لێهاتووی خاوەن بیروباوەڕ کەوتە کار بۆ بووژاندنەوەو گەشەپێدانی . لەگەڵ دەرەتانی تەسکی ڕۆژنامەکەشدا گەلێ گۆڕانی دیاری بەسەردا هێنا . یەکێ لەو کارانەی بەم مەبەستە کردنی ، کردنەوەی گۆشەی « بۆ ژاخاوی مێشک » بوو کە جۆرە مەتەڵێکی بە شیعر لە هەر ژمارەیەکدا بڵاو ئەکردەوەو لە ژمارەی پاشەوەشدا هەڵێنانەکەی ئەخستە ڕوو . زوربەی ئەو مەتەڵانەی بڵاوی ئەکردنەوە ناوەڕۆکێکی سیاسییان هەبوو ، لەگەڵ مەبەستی خستنەکاری بیردا هوشیارکردنەوەی خوێنەرەوانیشی لەبارەی سیاسییەوە مەبەست بوو . لە سەرەتادا مامۆستا گۆران خۆی ئەم مەتەڵانەی دائەنا ، بەڵام پاشان وردە وردە خوێندەوارانیش کەوتنە بەشداری کردن . لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زوربەی مەتەڵەکان هەر هیی مامۆستا گۆران خۆی بوون . هەر مەتەڵێک لە ژینی سەردەمی مامۆستا گۆراندا بڵاو کرابێتەوەو ناوی کەسی لە بنەوە نەبێ ، هیی مامۆستا گۆران خۆیەتی .

ئێمە کە لەم بەرگەی ئێکرای بەرهەمی گۆراندا ئەم مەتەڵە شیعرییانەی بڵاو ئەکەینەوە ، بەتەماین لە بەرگی دووهەمیشدا کارە هونەریو ئەدەبییە پەخشانەکانیتری بڵاو بکەینەوە کە وەختی خۆی لە ژینداا بڵاوی کردوونەتەوە .

م٠ م٠ ك٠

- ١ -

ژوورێکی زل وەک مزگەوت
ئەچنە ناوی شەش و حەوت ،
کۆڵانی تەنگ ئەبڕن
تا جێی خۆیان ئەگرن ..
جێی دانیشتنی گیاندار
تاریکەو ، نەخشی دیوار

ئەژی لەبەر ڕووناکی
ئای خوایە چەن بێباکی ! .. [1]

- ٢ -

ئەوەندەی چنگێ لۆکەی نەرمو شل
بەناو ئاسمانی شینا ئەدا خول
موورووڵەی چاوی پڕ لە نیگای نەرم
ئەگێڕێ بۆ جێیی هێلانەیەك گەرم !
بۆ جێیەك ئارام ، ئاسایش ، شادی ،
سێبەر بن تیایا بۆ سەر ئازادی !
لەوێ بە دوو پێی سووری وەك شیلان
سەوزایی چیمەن بشێلێ جوان جوان
ئاقیقی دەنووك بەرێ بۆ چینە :
بێ ترس ، بێ دوشمن ، بێ ڕقو کینە !
ئەم مەلە جوانەی لە شەڕ بێزارە
هەرکەس بیناسێ زیرەکە ، دیارە ! [2]

- ٣ -

بیستم سنووقی تەختــە
ئەیوت : سیحر ئەمەتــە !
ڕێم بدەو گوێم بۆ شل کە ،
«بەح» لە دەنگی بلبل کە !
بە هەزار دەنگو زمــان
ئەڵێم ، ئەخوێنم جوان جوان ! [3]

---

(١) هەڵهێنانی مەتەل : سینەما .
(٢) هەڵهێنانی مەتەل : کۆتری ئاشتی .
(٣) هەڵهێنانی مەتەل : ڕادیۆ . مامۆستا گۆران باشان جارێکی‌کەش ئــەم

- ٤ -

پیرۆژه ، نیازگای وردو درشته
تیایا به کام ئەگات پەری‌و فریشته
چاوی دایك‌و باوك‌و نەنك‌و باپیران :
له دەرگای چەقیوه ، سەرپاکی ژیران
هیوابان وەهایه که له‌و دەروازه
دەرئەچێ بەیداخی ژیانی تازه
ئەو کۆشکه هەڵبێنن ئەی لاوی وڵات
له پەنای سێبەریا ئەگەنە ئاوات (٤)

- ٥ -

ماری درێژو باریك
سەری له کونی تاریك
دەرئەهێنێ‌و به زمان
هێڵ ئەخاته ڕووی مەیدان
ڕووی مەیدانی بەفرینه
هێڵ یان سوورە ، یان شینه !
هەر هێڵێ تەماشا کەی
چیی کێڵابێت تێئەگەی !
ئەم ماری سك پڕ ئاوه
ئاخ ئەتوانی چیی ناوه ! ٥ (٥)

مەبەستی بڵاوکردەوەو لەم جاری دووهەمدا دوا نیوه بەیتی بەم‌جۆرە گۆڕیوه :

ئەخوێنم بەستەی جوان جوان

(٤) هەڵبێنانی مەبەست : قوتابخانه .

(٥) هەڵبێنانی مەبەست : پاندان .

- ٦ -

تیغی تیژی به برشته
حوکمی سەری تۆی به مشته
له بەرچاوت به هەزاران
زەردو رەش‌و سپیی ئینسان
ئەداته بەر داسی درەو
تاوێ بە پۆژ ، تاوێ بە شەو !
سزای پاکۆی ئەم گشت لەشە :
له کیسەی خۆت پارەی بەشە [٦]

- ٧ -

دوو مەقطەعە مەتەلەکەم
دووەم ئەخوا بڕوا یەکەم
ناوو صیفەت لێکیاندەوە
وشەی مەتەلیان لێ زاوە
لامان باو بوو جاری جاران
دوایی باوی کەوتە شاران [٧]

- ٨ -

سێ پیتە مەتەلی ئەم جارەی ژینت
بیزانی ژین ئەگا زۆر ئافەرینت
یەکەمیان وەکوو مێرد لایەکە لە ژن
دووەمیان لە (جێ) دا ئەکشێ بەرەو بن
سێیەمیان بەرو دوای قووتی ئینسانە
بێ هەر سێ ئەم کۆشکەی لەشمان وێرانە [٨]

---

(٦) هەڵهێنانی مەتەل : سەرتاش .
(٧) هەڵهێنانی مەتەل : مارپێچ .
(٨) هەڵهێنانی مەتەل : ژین .

- ٩ -

مەیکێشە با کەم نەکا
زۆرە لە نـاوی یەکا
جووتی پاڵکەوتووی ناو تـاق
بیست دانەیە لە عێراق (٩)

- ١٠ -

حەوتە مەتەڵم ژمارەی پێتی ،
مژینی مانگای خەڵتە نەربێتی ،
پێتی سێو پێنجی لەگەڵ شەشەمی
بۆتە هۆ ئێمان دابچڕێ دەمی
حەوتو شەش و دوو لەگەڵ سێ بە ڕێز
شتێك نین چووبی بەلایا هەرگیز !
زیاندارە وەك پێنج و شەش و حەوت
دەربالووشێکە بۆ چاڵاوی نەوت
گوێچکەی تاقکەوتووی وەك هیی کەر درێژ ،
کلکی کوتومت مارێکی ژاردرێژ
چۆن ئەم دەعبا درندەو پیسە ؟
پێنج بوایە پێتی ئەتوت ابلیسە ! . (١٠)

- ١١ -

وەك کەر لەسەر چوار پێ وەستاو ،
هەیەتی ڕوو ، هەیەتی چاو !
پشتی پانەو باری سووکە ،
دەعبایەکی لەش بێتووکە !

---

(٩) هەڵهێنانی مەتەڵ : جگەرەی پاکەتی عێراق .
(١٠) هەڵهێنانی مەتەڵ : استعمار (بە ئیملای عەرەبی) .

چی بێ ناوی ئەم دەبایە
کە زیکی کورسی شایە !. [11]

- ١٢ -

وشەی مەتەل پێنجە پێتی
هەڵیێنی زرنگاو زێتی !
لە یەکاو دووی لەسەر دوانی
لە سێ تا پێنج تۆ بی ، جوانی !
بێ دوو ، وشە ، شای چێشتانە ،
بێ سێ گەورەی ناو خێزانە
باتا واتا مەتەڵزان بە
خاوەندی قۆندەرەی جوان بە [12]

- ١٣ -

لە (هەمان ڕووز)دا بۆ دوا وەرگەڕام
کە گەیشتمە بەر «ژین»یان پێشاندام
سرنجم ورد دا لە پێتی هەشتەم
دیم دەنگی لای کورد دەرناچێ لە دەم
بۆ کردنەوەی تەلیسمی مەتەل
حەوت بەسە ، هەشتت با نەبێ لەگەڵ [13]

- ١٤ -

دیم لە گۆڤەکی زەردی سوورباوا
دە پازە ڕووری هێلکە لە ناوا

---

(١١) هەڵهێنانی مەتەل : مێز .
(١٢) هەڵهێنانی مەتەل : پێڵاو .
(١٣) هەڵهێنانی مەتەل : ڕۆژنامە . [بۆ دەرهێنانی وشەی (ڕۆژنامە) لە (هەمان ڕووز) ئەبێ ڕێنووسی کۆن بگرینەبەر . م.م.ك.]

له ژووری سێ سووج دەریای شەربەتاو
له هێلکەی وەک زیخ بووبوو بە گۆماو
دەریالووش بە کێرد ورگی گۆی دڕی
ژوور ژوور شەکراوی له دەریا بڕی
هێلکەی فڕێ داو گۆی پان کردەوە
گۆی هولەری خۆی ئاوا بردەوە (١٤)

- ١٥ -

مەتەلەکەمان چوار پێتی ساغە :
دروستکراوە لەسەر بناغە ،
له یەک تاکو سێ ئاوڕێشم دڕە
باخۆ شوێنێکی له ولاغ پڕە ،
یەکو دوانو چوار زولفی نازدارە
یەکو چوار خراپ هەر شەرمەزارە
هەیەتی گشت شت سیانو دوانو چوار
بیزانەو بڵێم بژێت هەزار جار ! (١٥)

- ١٦ -

شارێکی گەورە هاوناوی گۆزمە
سەر سنوور کەوتووی عەجەمو ڕۆمە
سێ پێتەی وشەی له پێوە بۆ سەر
چێت بوێ له دەم پێتی دێنێتەدەر
ناونجیی لا خەی پێتی یەکو دوو
لێت نادیارە وەک ئاوی مردوو

---

(١٤) هەڵەبێنانی مەتەل : پرتەقال .
(١٥) هەڵەبێنانی مەتەل : خانو [خانوو] .

بەڵام چەواشە بڕوانی بۆرسان
ژمارەی مانگن بۆ ژنی دووگیان [١٦]

- ١٧ -

مەتەڵ حەوت پیتە (نووسین بە کوردی)
گەر هەڵیبێنی ئەڵێم زۆر وردی
پیتی یەکەمو دووەم لەگەڵ سێ
بەو سەرەوانێ ئەمسەر ئەبەستێ
پیتی سێو شەشی لەگەڵ یەکەم بێت
لای بایی لووتکەی (کاواو) ئەکێشێت
بەڵام حەوتو دوو شەشو یەک هەر چوار
زۆرێکە لێمان ئەدزێ ئیستیعمار [١٧]

- ١٨ -

مەتەڵی ئەمجارە لە تۆ پێت پێکهات :
مایەی پێشکەوتنە بۆ گەڵو وڵات ،
سێیەمو چوارەمی ، یەکەمیش لەسەر
لە هیچ کوێ نابینرێ لە خانوو بەدەر
یەکەمو دووەمو شەشەم بە ڕێزە
میوەیەک پێکدێنن میوەی پایزە
پیتی پێنجو حەوتو هەشتو تۆ ئاسان
ئەبن بە شارێکی سنووری ئێران [١٨]

---

١٦) هەڵەبێنانی مەتەڵ : وان .

١٧) هەڵەبێنانی مەتەڵ : تەلەفۆن .

١٨) هەڵەبێنانی مەتەڵ : قوتابخانە .

- ١٩ -

ناپاکیکی پێنج پێتی‌یە ،
زاندارى نەریتی‌یە
سیانو دوو یەك وەك ڕووی ڕەشە
بە بڕواندن ئێجگار چەشە
لەگەل دەرکەوت (چوار ، پێنج) ئەڵێن
بە یەکترو بەو ئەدەن جوێن
بەو کێردەی خۆی دای سێو دوو چوار
ورگی ئەدڕن وەك گورگی هـار
لە (یەك ، دوو ، چوار) هەڵیئەدروون
ئەڵێن تۆبی شێری مەلعوون (١٩)

- ٢٠ -

مەتەل تۆ پێتەو کورتە باڵایە
یەکو سێو چواری ناپاکیی تیایە
وەك پێنجو شەش‌و هەشت بەوەزەن بوو
لە پێنج تا حەوتی لەسەر شەڕ بەن بوو
ئێستا کە مالی فێتەی وێرانە
سێو شەش‌و حەوتی ڕوو لە بڕانە (٢٠)

- ٢١ -

پێنجە زمارەی پیتگەلی مەتەل
بێ سێ شیرەکەی ئەکەنە مەنجەل

---

(١٩) هەڵپێنانی مەتەل : جاسوس [جاسووس] .
(٢٠) هەڵپێنانی مەتەل : سینگمان ڕی .

یەکو دوو خرمو یەکو دوانو سێ
بە شیش ئەبرێتو ئەیخوا گشت کەسێ
لە دوو هەتا پێنج پشووی پاش کارە
سێو چوار لەگەل دوو ئەبینێ دیارە !
ئەوەندە سووکو ئاسانە مەتەل
یاریی پێئەکا شوانی لای ئاوەڵ (٢١)

— ٢٢ —

لە چوار پیت دێتە بەرهەم
ئەی برا ئەم مەتەڵەم :
بە یەکەمو سێو چواری
دیلکەری زۆر گیانداری
جگە لە یەک ، دوو ، سێ ، چوار
شادیی تۆو خەمی بآلدار ! (٢٢)

— ٢٣ —

مەتەڵەکەم چل پێتی هەیــە ،
هەر پێنەکی یەک رێتی هەیە ،
رێگای باریک ئەگرێتو ئەڕوا
هەتــا لەوبەڕ سەر هەڵێدا
ئاو رێگا هێند بۆنی خۆشە
تینی سەرتاش بۆی پەرۆشە
زیرمک بەو بزانە چیرە
ئەم مەتەڵە چوار پیتیرە ؟ (٢٣)

---

(٢) هەڵمێتانی مەتەل : گوچــان .
(٢) هەڵمێتانی مەتەل : دراو .
(٢) هەڵمێتانی مەتەل : شانە .

- ٢٤ -

مەتەڵەکەم پێتی چوارە
بێ قاچەو ، کڵکو پەڕ دارە
ئەڕوا بێ پێ ، ئەخوا بێ دان
هەوا بمژێ گورج ئەدا گیان
بۆ هەواری گوێ ئاو گۆشتە
پارەی باشی پێ ئەدا پۆشتە
گەر بتەوێ مەتەڵ ڕاو کەی
ئەبێ خۆت نوقمی قوڕاو کەی (٢٤)

- ٢٥ -

مەتەڵم پێنج پێتی ڕێکە
خۆش‌ویستراوی گشت کەسێکە
پێتی سیانو چوارو دوانی
وەک سەدەف وایە ئێستانی
بەڵام دوانی‌و چواری‌و پێنجەم
لە چوار پەڵی ئەسپ ئەدەم
یەکەم پێت‌و دووەم پێتی
هەر لە بوێژە بڕێتی (٢٥)

- ٢٦ -

مەتەڵی حەوت پێت شاعیری مەزن
بلبلی کورد بوو بۆ شیرین خوێندن
ئاوازەی چەشنی هەی یەک ، دوو ، چوار بوو
مەعنای ڕەنگینی ورد وەک یەکو دوو

---

(٢٤) هەڵهێنانی مەتەڵ : ماسی .
(٢٥) هەڵهێنانی مەتەڵ : منداڵ .

یەکو دوو چوارو پێنجیشی لەسەر
پیشەی بوو لەسەر ڕووی دەریای هونەر
بە شێلەی جوولەی چوارو حەوتو شەش
بە کورد زمانان شەکری ئەدا بەش
بدۆزیتەوە کێیە مەتەڵم
ئەڵێی هەر بڕی یاری لەگەڵم (٢٦)

— ٢٧ —

مەتەڵ شەش پیتی کوردیو ئاسانە
حەقیکە لەسەر خوێندەوارانە
سێ یەکو دوانو پێنجەمو شەشەم
بۆ (وین) ئەبێتە زرخی هەفتانە
چنۆک ڕاگەکا بۆ سێ ، دوو ، پێنج ، شەش
پێی‌بڵێم هیی سال بکە ڕەوانە
بڵێم هیی شەش مانگ ، ئەڵێ : سێ ، پێنج ، چوار
با بێتە خەوت نیوەی ساڵانە
ئەگەر بۆ پارە هەڵکوتمە سەرت ،
ئەبینی مەتەڵ لەسەر زمانە ! (٢٧)

— ٢٨ —

حەوت پیتە مەتەڵ شاخ لێ ڕواوە
پەنجە گەزیرەو فرمێسك بە چاوە
لە یەك تاکو پێنج بێ چوار ئەپرێسن
ئەیکەن بە بەڕەو بەرماڵ پیرێژن

---

(٢٦) هەڵەیەنانی مەتەڵ : مەولەوی .
(٢٧) هەڵەیەنانی مەتەڵ : ئابونە [ئابورنە] .

پێنج‌و شەش‌و سێ بۆ چێشتی هەژار
لە ڕەش ، لە سپی دێتە ناو بازار
ئەگەر حەوت‌و شەش لەگەڵ سێ‌و چوار بێ
ڕەنگە بۆ ناوی مەتەڵ لەبار بێ ! (۲۸)

- ۲۹ -

کەرە مەتەڵ ، لامۆیە ،
لای هەندێك ناوی خوایە
خوایەك کە لە ڕووی ئەرزا
وەکیلیەتی سەرمایە ..
خاوەن سەرمایەی ناپاك
ئاشووب ئەخاتە کایە ،
بۆ سوودی خۆی ، بۆ شادیی
دڵی ئەو خوای بەدخوایە !
بە ئیملای کوردی مەتەڵ
تەیا لە چوار پێتایە ! (۲۹)

- ۳۰ -

یەکەم شاعیرمان هەر بە ناو پیستراو
حەوت پێتی کوردی بۆی ئەبێ بە ناو
یەك‌و پێنج داری گەورەی شیرین بەر
لە یەك هەتا چوار تابووت دێتەدەر
یەکەم‌و حەوتەم لەگەڵ شەش‌و دوو
گشت کەس هێی چەوری ئەکا ئارەزوو

---

(۲۸) هەڵپێنانی مەتەڵ : پەشیمان .
(۲۹) هەڵپێنانی مەتەڵ : مارس .

زۆردار خستووینیه گیرەو کەشمەکەش
لەشی ڕووتکردووین لە یەك پێنجو شەش
ئەگەر شاعیری دێرینی گەلت
ناسی ، هەر بڕی قەڵەمو پەلت (٣٠)

- ٣١ -

هۆی حەسانەوەی سەرە
لەگەڵ سەر سوارو کەرە
بەڵام کەر هەر لە ژێرە
هێندە بێخێرو بێرە
ئەو نەبێ کورد بیربەوێ
هەم ژێر ، هەم سەر ئەکەوێ
زیرەکیی خۆت بنوێنە
ئەم مەتەڵە هەڵێنە (٣١)

- ٣٢ -

وێنەی مەتەڵم لە نۆ پیت پێکهات
شیعری چۆتە ناو گۆرانیی وڵات
نەخوێندەوار بوو ، بەڵام داستانی
خوێندەوارانیش نرخیان ئەزانی
لە یەك تاکو سێ لە ڕواو دەردێ
لە یەك هەتا چوار سەری پێ ئەشکێ
لە شەش تاکو هەشت پێنجیشی لەسەر
چل زمان ئەدا لە زوڵفی دوڵەر

---

(٣٠) هەڵێنانی مەتەڵ : تەرمۆکی ، هەڵی تەرمۆکی .
(٣١) هەڵێنانی مەتەڵ : سەرین .

سیانو دوو لەگەڵ شەش‌و پێنج ، یەك ، حەوت
لەم شارەی ئێمەی بڕیوە سەوت
مەتەڵ هەڵبێنی‌و بزانی کێیە
ناوت بە زیرەك دانێن بەجێیە (٣٢)

- ٣٣ -

مەتەڵی بەدکار لە حەوت پیت پێکدێ
ناڕی وەك ئەسپێ خوێنی خەڵك نەمژێ
یەکو دوو دەستە ، پێنج‌و شەش‌و حەوت
باوەشێن ئەکرێ هاوینان کە خەوت
پێنج‌و شەش ، سێ‌و حەوت لە ئاوریشم ئەدرێ
لە خەرمان حەوت ، سێ ، یەکی پێ ئەبڕێ
پێنج‌و چوارو سێی ڕەنجۆبا وەك بـا
وەك پێنج‌و دوو سێ‌و یەك لە سەر ئەدا
ئەگەر هەڵبێنی مەتەڵی ئاساز
لزات بۆ ئەکەم بێی سەرفەراز (٣٣)

- ٣٤ -

مەتەڵ بڕیڕەی پشتی ولاتە
سەربەرزە گەرچی پەڕپووت‌و لاتە
لە شەش پیت پێکدێ‌و شەش هەتا چواری
لەناو ڕەنگانا ڕەنگێکە دیـاری
شەش‌و دوانو یەك دەنگی لێوە دێ
سیانو دوانو چوار دەعبای تیا ئەنوێ

---

(٣٢) هەڵهێنانی مەتەڵ : بەردەشانی .
(٣٣) هەڵهێنانی مەتەڵ : دەرەبەگ .

یەکو چوار لەگەل دوەم‌و پێنجەم
ئاوێکە لە ژار تالترە بـــە دەم
یەک تا چوار بێ سێ دەمەو هەنگوینی
هەنگوینێک بە گوێ ئەدا شیرینی
بزانی مەتەل کام چیای بەرزە
هەزار (نامەخوا)ت لەسەر ژین قەرزە (٣٤)

- ٣٥ -

مەتەل شوێنەزای شاعیرێکە زل
شـــاعیر خۆی گلی نـــاو ئەبا بە کل
لە حەوت پیت پێکدێ‌و دووی دووبارەیە
هەموو قۆناغێک دوور لەم شارەیە

---

(٣٤) هەڵهێنانی مەتەل : زاغرۆس .

کە مامۆستا گۆران یا هەر مەتەڵدانەرێکی‌تر مەتەڵێکی دانەناو لە ژینا بڵاو ئەکرایەوە ، خوێنـــدەواران وەڵامیـــان ئەدایـــەوەو مەتەڵەکەیـــان هەڵنەهێناو وەڵامەکانی ئەوانیش لە زمارە داهاتووەکاندا بڵاوئەکرانەوە . ئەسانە زۆربەشیان بە شیعر وەڵامیان ئەدایەوە . لە وەڵامی ئەم مەتەڵەدا صـەلاحی برام چەند بەیتێکی نووسیبوو مامۆستا گۆران لە زمارە ١١٨٣ی ژیندا بڵاوی‌کردنەوە . صـەلاح نەیزانیبوو مەتەڵەکە مامۆستا گـــۆران خۆی داناوە ، لەو بەیتانەیدا ڕەخنەی لەوە گرتبوو کە بۆچی خـــاوەن مەتەل لەجیاتیی (زاگرۆس) نووسیوە (زاغرۆس)و نووسیبووی :

بەڵام مەتەڵنووس ئەمرۆ بوو لەسەری
(کاف) دانێ لە جێی (غەین)ی جێگری
وا دیـــارە کوردیی لا نادیاریە
کوردی نووسینی بە بێگاریە

مامۆستا گۆرانیش ئەم بەیتەی بۆ وەڵام خـــتبوە ســەر وەڵامەکەی :

مەلا بچکۆلەی پێ لە (کاف) نەنێر !
لەبەر تۆ (غەین)ی نووسیوە نووســەر

٠٤ ٠٤ ك٠

له یەك تا سیانی وەك پێنجە تا حەوت
چوارەم سەر زلی خاوەن کلکی چەوت
پێنی یەکەم و دووهەم و حەوتەم
کوتانی باو بوو بەڵام ئێستا کەم
پێنجەو دوانو چوار زوڵفی نازدارە
سیانو دوانو شەش لە دوور دیارە
وەڵام هەڵێنی دەرتەخەی ژیری
مەتەڵزانێکی بە هۆش و بیری (٣٥)

- ٣٦ -

چوار پێت وەك یەك تاق و جووت
قەڵای باو باپیری زووت
دەورەیان دا کڵاوسوور
قەڵایان کردیت خاپوور
ئەم مەتەڵە بزانی
وەستای بەیتو داستانی(٣٦)

- ٣٧ -

پەنجە بەرە بەی هەڵگرە
لە خانوودا ڕوو لە دەرە
ئەوەی ئەیکا بە ڕەنجی شان
هاودووکانی ئاسنگەرە
ئەگەر زانیت مەتەڵ چیە
(نامەخوا)کەت لەسەر سەرە (٣٧)

---

(٣٥) هەڵێنانی مەتەڵ : خاڵو خوڵ .
(٣٦) هەڵێنانی مەتەڵ : دەدم ، قەڵای دەدم کە خانی لەپێزێرینی لیا کوڕرا.
(٣٧) هەڵێنانی مەتەڵ : پەنجەرە .

- ٣٨ -

له تۆ پیت پێکهات مەتـەڵی ئەشکەوت
کاتی زوو ئینسان لەئاویا ئەخەوت
ئێستاش ئێستانی کەللەسەری کۆن
تیا پیشان ئەدا ئینسان ئەژیا چۆن !
بە بێ ئاونیشان هەڵیدێنێ کورد
سرنج لە مەعنای ئەم شیعرە با ورد :
صەد دەستە پیاوی ئازاو خێزاندار
بۆ یادیان کردیان تا سەر بە هەوار (٣٨)

- ٣٩ -

مەتەڵێکە سەر لێ تێکدەر
کێواو کێو دەشت ئەداتە بەر
دوو جار بێتو ئاوی بەری
باوکی منال هەڵئەدا سەر (٣٩)

- ٤٠ -

بە هێڵەك ئارد ئەبڕێن
شتێکی لێ ئەڕژێن
سەری پڕبەو پێی سەرە
بە پێنج پیت ئاوی بەرە
پێنج پیتی ئیملای کوردی
ئەگەر زوو زانیت وردی (٤٠)

---

(٣٨) هەڵهێنانی مەتەڵ : هەزار مێرد ، ئەشکەوتـە لەمێژینەبـەکەی پشـتی جێنشانە لە ڕۆژاوای سلێمانی .
(٣٩) هەڵهێنانی مەتەڵ : بـا .
(٤٠) هەڵهێنانی مەتەڵ : کەپەك .

- ٤١ -

شوێنەزای پیری شیری گۆرانی
لە حەوت پیت پێكدێ وشەی دوولانی
لە یەك تاكو سێ بارانی شەستە
یەكو پێنج و شەش ڕێی ڕوانین بەستە
منال حەزئەكا لە سێ ، دوو ، شەش ، حەوت
كێ كردی شەش ، دوو لەگەل یەك هەڵكەوت
بە پێ چوار ، شەش ، حەوت مەتەل هەڵبێنی
(ژن) پێی لێ ئەنێ هونەر ئەنوێنی (٤١)

- ٤٢ -

مەتەڵی شەش پیت لە دەشتی بەپیت
گردەو منارەی ڕاوەستاوی قیت
پیتی یەكو دوو و سێیەمو شەشەم
ڕووی كردە نزمی ناوئەبرێ بە تەم
چوارەمو پێنجەم سێی بچێتە سەر
تا ئەكرێتەوە دەنگ نایەتەدەر
یەكەمو پێنجەم لەگەل شەشو سێ
گوڵەو لە دێمو لە بەراو ئەڕوێ
كە چوویتە شاری دێرینی مەتەڵ
لە گەنم پڕ كە گیرفانو باخەڵ (٤٢)

- ٤٣ -

مەتەڵ بۆ كوردێك بە شەش پیت پێكدێ
چوارو پێنجو یەك بەهار زۆر ئەبێ

---

(٤١) هەڵبێنانی مەتەل : تاوگۆزی ، شوێنەزای مەولەوی و عەشیرەتەكەی .
(٤٢) هەڵبێنانی مەتەل : هەولێر .

چوارو دوانو شەش بکێلە بەهار
پاێز مێوژت ئەبی شەش ، پێنج ، چوار
لەسەرتە بەڵو دوانو شەش و چوار
گشت سێو دوو و چوارو شەشێکی بەهار (٤٣)

- ٤٤ -

وەرە دروستکەین لە نۆ پیت مەتەڵ
داخ بەرینە سك خوای شەڕی چەپەڵ
ئەگەر لەباتیی پێتی پێنج و چوار
واوێك وەربگری لە کۆتری ئازدار
ئەمجا پیتەکان پاش و پێشتر خەی
دوایی بە وردی لە گشت سرنج دەی
ئەبێتە بەهەشت ، بەهەشتی نیاز
چۆلەکەی بۆتە مەلی (خۆش ئاواز) (٤٤)

- ٤٥ -

حەوت پیتە ئەمجارە ، ئەگرسە مەتەڵم
لە دەستی زۆری چەشت ڕۆژی خۆی کۆمەڵم
لە یەکەم تا شەشەم خشۆکی ژاردارە
حەوت و شەش لەگەڵ دوو کراسی ڕەشمارە
حەوت و چوار لەگەڵ دوو بڵندەو ، سیانو چوار
دەستەیەو ، یەك ، شەش ، پێنج هاواڕە لە ئازار
هەرکەسێ تێنوێتی بۆ نەورۆز بنوێنێ
بێ گومان هەوڵئەدا مەتەڵم هەڵبێنێ (٤٥)

---

(٤٣) هەڵهێنانی مەتەڵ : نەورۆز .
(٤٤) هەڵهێنانی مەتەڵ : ئاشتیخواز .
(٤٥) هەڵهێنانی مەتەڵ : ازدەهاك [ئەژدەهاك] .

- ٤٦ -

مەتەلم پێتی حەوتەو ئاسانە
گەشەو بۆنخۆشەو بە ڕەنگ زۆر جوانە
یەکو دوانو سێ سەرجەمی زۆری
پێنجو شەش و حەوت مەڵبەندی زۆری
یەکو چوارو دوو لەگەل سێیەمین
ئەدرێ ، بەشانا چەرمێکە پەشمین
حەوتو شەش و سێ لەسەر کوڵمی ئاڵ
وەک داخی پەڕەی گوڵ دێتە خەیاڵ
بزانە چیە مەتەڵی بەهار
با ئافەرینت بکەن هەزار جار (٤٦)

- ٤٧ -

مەتەڵەکەم شەش پێتیە
ئاواتەخوازی بڕسیەیە
بەڵام زیخی وەک یەکو سێ
یەک ، دوو ، چوار ، پێنجیش ئەیناسێ
وەک بەردی یەک ، شەش ، سێ ڕەقە
دان لە ترسی گازی لەقە
بەڵام ڕەق بێ یان ئاسان بێ
زوو بڵێ هەڵدێ مەبەست نان بێ (٤٧)

- ٤٨ -

لە یەک تا سێ سااڵی پێشوو
لە حەوت تا نۆ حاڵی پێشوو

---

(٤٦) هەڵێنانی مەتەڵ : گوڵەباخ . [بەڵام لەجیاتیی (گوڵەباخ) ، (کوڵەباخ)ی لێ دەرئەچێ . م. م. ك.]
(٤٧) هەڵێنانی مەتەڵ : کوڵێرە .

یەك ، دوو ، سێ ، پێنجی لەسەر بێ
ورگی خاوەن تەماع ئەدڕێ
لە شەش بۆ چوارەم بالداڕە
بێ هەشتەم پیت پەلاماڕە
جێگایەکە ئەم مەتەڵە
لای ئێسە پڕ لە تەمەڵە
لە زۆر جێگای ئەم دنیایە
دڵسۆزانی گەلی تیایە
بە ژمارە هەشتە پیتی
هەڵیبێنی زرنگاو زیتی (٤٨)

— ٤٩ —

لە شەش پیتەکەی جووتی پێشو پاش
قسەی منالن بۆ شت جوان بڕو باش
لە سێیەو بۆ پێنج کزیو بڕەنگی
یەك تا سێ زستان مایەی دڵتەنگی
هەرکەس لە یەکەم تا چواری زۆر بێ
دەزگاو دووکانی یاخوا هەر مۆر بێ
تا ئێستا نرخی ئێجگار گرانە
تاوانیش دیارە هیچی شارەوانە

---

(٤٨) هەڵهێنانی مەتەڵ : پارلەمان . [مەتەڵەکە لە (ژین)دا بەم‌جۆرە نووسراوەتەوە ، بەڵام ئێوە بەیتی دووهەمی هەڵەیەکی تیایە چونکە ئەڵێ : « لە حەوت تا نۆ حاڵی پێشوو » . هەڵەکە لەوەوەیە کە مەتەڵەکە هەشت پیتەو نۆ پیت نیی‌بەو مەبەستە لە ئێوە بەیتەکە دەرناکەوێ تەنانەت ئەگەر (حاڵی)یش بە (ماڵی) بخوێنینەوە . م. م. ك.] .

بزانی مەتەل سەوزەی ڕووسوورە
ئەڵێی لە وزەی کڕین ئای دوورە ! (٤٩)

- ٥٠ -

مەتەل لە چوار پیت پێکدێ
دووکەڵ ئەکاو ئەسووتێ
یەك ، دووی شیرین وەك هەنگوین
یەك ، دوو چوار مایەی پژمین
بۆمان ئەبوە هۆی سامان
سەربەست بوایە بازاڕمان
هوڵەری خۆت بنوێنە
ئەم مەتەڵەش هەڵێنە (٥٠)

- ٥١ -

مەنەڵی حەوت پیت زەنگیی کڵاو سەوز
ئاو ئاخوا بەرێتی تا نەکەن بە حەوز
مل هەڵواسراوی بن لقی بەرزە
پاش ئیعدام پێنج ، چوار ، سێ و حەوتی فەرزە
یەك ، دووی تۆز ئەکا ، یەك ، دوو ، چوار لای ڕوور
چوارو پێنج ، سێ و یەك سەرۆکێکی دوور
ئەمیش هەر بەری ڕەنجی جووتیارە
کێ ئەیکاو کێیتر بۆی ئەخوا ؟ دیارە ! (٥١)

---

(٤٩) هەڵهێنانی مەتەل : تەماتە .
(٥٠) هەڵهێنانی مەتەل : تون [تووتن] .
(٥١) هەڵهێنانی مەتەل : باینجان .

- ٥٢ -

حەوت پیتیی‌یە مەتەڵی خۆش
چەرخ‌و فەڵەك دێنێتە جۆش
لە یەك تا چوار ڕۆژی شادی
سك تێری‌و گەردن ئازادی
لە سێ تا حەوت بابەتی ژن
سێ‌و چوار نیوەی کۆمەڵی من
لە چوار تا شەش زادی خوایە
چوار ، پێنج هەروەك شەش ، حەوت وایە
سێ‌و پێنج‌و شەش هۆی هاوارە
سرنج بدەی مەتەڵ دیارە (٥٢)

- ٥٣ -

مەتەڵەکەم پێنج پیتە
لە ئاردایەو بڕیتە
پـاش‌و پێشی وەك یەکە
سێ پیتی دوایی یەکە
ئەم مەتەڵە هەڵبێنی
دیارە هونەر ئەنوێنی (٥٣)

---

(٥٢) هەڵهێنانی مەتەڵ : جەژنـانە .
(٥٣) هەڵهێنانی مەتەڵ : کەپەك .

کۆمەڵەی سیازدەهەم

هەمەجۆرە

— ١ —

له تاوی فیرقەتی یارم دڵم دائیم پەرتشانە
وەکوو مەجنوونی حەی وێڵی کەوو دەشتو بیابانم [1]

— ٢ —

زارۆڵەو مەعصووم بێ گوناهێنمێ
ئیسلام زادێنمێ ، ئیسلام خواهێنمێ
هەزمما جەزما ، پەی وەنەو عیرفان
عیرفانا وەحشی کەرۆ بە ئینسان [1]

— ٣ —

ئەی کاکە کەمال ! شاعیری خۆش خوانی هونەرمەند
بلبل نیە ، تۆزی تەیری تەرەننوم لە سەحەردا

— ١ —

(١) ئەم بەیتە بەیتی یەکەمی یەکەمین غەزەڵی مامۆستا گۆرانە کە لە سەردەمی منالیدا وتوویەتی (بڕوانەرە : ڕەفیق حیلمی ، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەەم ، ل ١٥١ ، بەغدا ، ١٩٥٦) . م.م.ك.

— ٢ —

(١) مامۆستا گۆران ئەم چوارینە هەورامیبانەی لە سەرەتای سالی خوێندنی ١٩٢٧ — ١٩٢٨دا کە قوتابخانەی سەرەتایی لە تەوێڵە کراوەتەوە ، بۆ منالە قوتابیەکان داناوەو پێی لەبەرکردوون . لەم چوارینەوە بەئاشکرا دبارە کە گۆرانی مامۆستا بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو کۆنەپەرستانەی داناوە کە خوێندنی نوێی قوتابخانەیان بە کافری و بێدینی ئەدایە قەلەم . ئەم چوارینەمان لە ڕێگای مامۆستا ڕەشید هەورامیبەوە دەستگیر بووە . م.م.ك.

دەڵ خۆش بێ دەم‌و پەنجەوو نووکی قەڵەمی تۆ
بۆ دادێ کە دات کاکە لە مەیدانی هونەردا (١)

- ٤ -

بە دڵخۆشی‌و بە تارەڵ
حاجی حەجتان موبارەڵ ! ٠
چوونە سەر بیری زەمزەم ،
جوان جوان شتتان دەست‌و دەم ! ٠
چوونە کێوی عەرەفات ،
تیر تیر کردتان موناجات ٠٠

* * *

- ٣ -

(١) کە ئەحمەد موختار جاف لە ساڵی ١٩٢٤دا لە گوێ ئاوی سیروان ئەکۆڕێ، عەڵی کەمال باپیر ئاغا بە پارچە شیعرێکی پرسۆز ئەیلاوێنێتەوە. کە مامۆستا گۆرانیش ئەو پارچە شیعرە ئەبینێ ، بەم چوارینەیە سوپاسی عەلیی باپیر ئاغای لەسەر ئەکا .

شایانی وتنە ئێمە بەرلەوەی ئەم چوارینەیە لەگەڵ پارچە شیعرەکەی عەڵی کەمال خۆیدا لە دیوانی (دیاریی شارەزوور)دا ببینین ، بە دەسنووس دەستمانکەوتبوو دوو وشەی (خۆش‌خوانی هونەرمەند)ی تیا نەبوو لەجیاتیی ئەوانە وشەیەکی (شیرین)و بۆشایی‌یەک هەبوو ، بۆیە بە بۆچوونی خۆمان وامان بۆپاردا کە ئەبێ (شیرین نەغمەی تۆ) بێ . ئێستاش کە بەپێی ئەوەی لە (دیاریی شارەزوور)ا نووسراوە ، ئەبنووسینەوە ، هەر لەسەر ڕاکەی خۆمانێ‌و لامانوایە ئەو وشەی (شیرین)ە لەخۆڕایی نەهاتووەو ئەسڵەکەی (شیرین نەغمەی تۆ)یەو ، مامۆستا عەڵی کەمال کە شیعرەکانی خۆی چاپکردووە ، چوارینەکەی مامۆستا گۆرانی بە باشی لەبەرنەبوو خۆی بە نیمچە پرسێکی (خۆش‌خوانی هونەرمەند) پرێکردوەتەوە . بەڵکەشمان : یەکەم بوونی وشەی (شیرین)و ، دووهەم هاوسەنگیی (شیرین نەغمەی تۆ)و (نووکی قەڵەمی تۆ)ی نیوە بەیتی سێیەم‌و ، سێیەمیش گونجانی (نەغمەم)ە لەگەڵ (بلبڵ)و (ئەرەنتوم)و (سەحەر)ی نیوە بەیتی دووهەمدا . م.م.ك.

به دڵخوشیو به تارەك ،
حاجی حەجتان موبارەك ! •
لە سەفاوە بۆ مەروە ،
بەك یەك گورپتان بەستەوە ! •
حاجی حەجتان کردەوە ،
گۆزی هونەرتان بردەوە ! • (١)

— ٥ —

— گەنم گەنم لە پێنجەی بێ
دەستی دز لە خۆی پەنجەی بێ
— گەنم ئاوێن لە پێنجەی بێ
گەل بێهیوا لەم ڕەنجەی بێ (١)

— ٦ —

لە بەغدای تەموز ، لە مووسڵی ئازار
خوێنمان کرد بە ڕەنگ ، بۆ گوڵی بەهار

— ٤ —

(١) مامۆستا گۆران ئەم پارچە شیعرەی کاتێ داناوە کە لە عەبابەیڵ مامۆستا بوە . دیارە بە مەبەستی وتنەوەی لە پێشوازی ئێکردنی حاجیبانـدا داینـاوە . م. م. ك. .

— ٥ —

(١) لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی بەدەستەوە بوو . میری پێنج کەسی بۆ خۆی دەستنیشان کردبـوو . میللەتیش پێنج کاندایدای هەبوو . دیارە ئەبوو لەو « هەڵبژاردن »ەدا نوێنەرەکانی میری ببیەنەوە . گۆران ئەم چوارینـەی لـە بەشی « بـۆ پێکەنین »ی ژینی ڕۆژی ١٩٥٤/٢/١٨دا بەوبۆنـەیەوە بـڵاوکردەوە . م.م.ك.

تا جەژنی گەلان گولی ئازادی
بژن بکاو دلی پر بێ لە شادی (١)

- ٧ -

شۆڕشی تەموز نەورۆز باس‌ئەکا
دیجلەمان ڕووی دەم لە ئاراس ئەکا
بۆیە هەڵەبەی جەژنی ئەمسالمان
گوێی دوژمنانی گەلان کاس ئەکا

- ٨ -

ڕووی دنیا سەوزەو ناوبەناو ڕەنگین
لووتکەی شاخ سپی‌ و ڕەنگی ئاسمان شین
لە دنیای جوانی جەژنی نەورۆزا
بە خۆشی‌ و شادی‌ و سەربەستی بژین

- ٩ -

جەژنی گەلەو جەژنە پیرۆزەی لاوان
شادی‌ و هیوای لە گشت دڵێکا بزوان !
ئەی جەژنی گەل وەك دواڕۆژی گەل خۆش بی !
سەرانسەر هەر ئاشتی‌ و ئازادی‌ و نۆش بی !
لە ئاهەنگی برایەتیی گەلانـا ،
مەشخەڵێك بی تۆش لەناو مەشخەڵانا ! (١)

- ٦ -

(١) مامۆستا گۆران ئەم چوارینەو دوو چوارینی پاشەوەی بۆ چاپ‌کردنیـان لەسەر کارتی جەژنە پیرۆزەی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ داناوە. م.م.ك.

- ٩ -

(١) مامۆستا گۆران ئەم سێ بەیتەی لە ١٩٦٠دا بە داوای لاوانی دیموکراتی سلێمانی داناوەو ، ئەوانیش لەسەر کارتی جەژنە پیرۆزە لە چاپیـان‌داوە. م.م.ك.

بەکورتی سەرگوزەشتەی ژیانی گۆران

● گۆران، یاخود عەبدوللا بەگ کوڕی سلێمان بەگی کوڕی عەبدوللا بەگە • باوکیشی و باپیریشی لە شیعرو ئەدەبدا بەهرەیان بووە، بە کوردی و بە فارسی نووسیوبانەو شیعریان وتووە، بەتایبەتی عەبدوللا بەگی باپیری، کە گۆرانی بە ناوەوە ناونراوە، لە زمانو ئەدەبی فارسیدا دەستێکی درێژی بووە هەر بۆیەش بە (کاتبی فارسی) ناوبراوە •

● گۆران لە ۱۹۰٤ یا لە ۱۹۰۵دا لە هەڵەبجە لەدایکبووە • بنەماڵەی باپیری لە بەگزادەی (میران بەگی) بوون لە ناوچەی (مەریوان)و، عینایەتوللا بەگی کوڕی ئەمانوللا بەگیان بە خۆی و خێزانیەوە دێتە سلێمانی و لە ناوچەی قەرەداغ ماوەیەک دائەنیشن • زۆری پێ ناچێ کۆچی دوایی ئەکا، عەبدوللا بەگی کوڕی [باپیری گۆران] لەگەڵ هەموو خێزانەکەیاندا کە لە برایەکی بچووکی و دایکی و ژنەکەی و منداڵەکانی خۆی پێکهاتوە ڕووئەکەنە هەڵەبجە چونکە خۆیان بە جاف زانیوەو، لەوێ جێگیر ئەبن • لەو سەفەرەدا دایکی عەبدوللا بەگو براکەی بە (سێبەرێ) ئەمرنو، ئەمێنێنەوە عەبدوللا بەگو منالەکانی خۆی کە ئەمانە بوون: مصطەفا بەگ، نووری بەگ، نەفیز خان، سلێمان بەگ، حەبیبە خان • لەمانە نەفیز خان شوو ئەکا بە مەجید بەگی عوسمان پاشا • حەبیبە خانیش شوو ئەکا بە یەکێ لە شێخانی خانەگای لای پاوە • مصطەفا بەگو نووری بەگیش کەسیان لەپاش بەجێنامێنن • بەڵام سلێمان بەگ ئەم منالانەی ئەبێ: عەلی، ئەمسە، موحەممەد، عەبدوللا • عەلیو ئەمسە بە لاوی مردوون • موحەممەدیش

که مەشهوور بوو بە (حەمە بەگە ڕووشە) پاش مردنی باوکی بە دوو ساڵ ئەکوژرێ • بەمچەشنە لەم بنەماڵەیە هەر عەبدوللاّ (ی گۆرانی دواڕۆژ) ئەمێنێتەوە •

● گۆران لای باوکی قورئانو سەرەتای خوێندنی خوێندووە • پاشانیش لە (مزگەوتی پاشا)ی هەڵەبجە بووە بە فەقێو تەنانەت ماوەیەکیش بە (فەقێ عەبدوللاّ) نـاسراوە •

● لە دوا ساڵەکانی جەنگی یەکەمو سەرەتای هاتنی ئینگلیزدا ، بـۆ ماوەیەك هەڵەبجە چۆڵ ئەبێتو خەڵك ڕووئەکەنە لادێکانی دەوروپشت • مالی باوکی گۆرانیش لە بەهاری ١٩١٩وە تا پایزی ئەو ساڵە ڕووئەکەنـە چەمی بیارەو لەوێ لە باخێکدا هەوار ئەخەنو ، بۆ پایز ئەوسا ئەگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە •

● گۆران خۆی بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمیی گێڕاوەتەوە ، وتوویـە : « لەبیرمە کە یەکەم قوتابخانەی زەمانی تورك لە هەڵەبجە دانرا ، بۆ پـۆڵی یەکەم وەرگیرام ، بۆ پۆڵێك وەرگیرام کە موودیرەکەمان ، بەڕەحمەت بێ ، ظاهیر ئەفەندیی مەلا ئەمینی جەنفـار پێی‌ئەوت پۆڵی ئیحتیـاط » • وەك گۆران خۆی گێڕاویەتەوە دەوامی لە قوتابخـانەی ڕەسمی‌یشدا پچڕ پچڕ بووە • پـۆڵی چوارەمی لە سـەردەمی داگـیرکرانی هەڵەبجەدا لەلایـەن ئینگلیزەوە ــ تەواوکردووە •

● هەر لە ١٩١٩دا سلێمان بەگی باوکی گۆران کۆچی دوایی ئەکات • پاشان لە ١٩٢١دا موحەمەد بەگی برای ، بە هاندانی مصطفـا صـائیب ، لەگەڵ عەبدولواحید نووریی خاڵۆزایدا ئەیانێرێ بۆ قوتابخانەی عیلمی‌یەی کەرکووك بۆ خوێندن ، بەڵاّم هەر لەوسالـەدا موحەمـەد بەگی برایشی ئەکوژرێ • ئیتر گۆران کەسی‌وای نامێنێ گوزەرانی خوێنـدنی خـۆی‌و

ژیانی دایکی بیا بە ڕێوە ، لەبەرئەوە دەست لە خوێندن هەڵگرێ و لە ساڵی ١٩٢٢ەوە تا ساڵی ١٩٢٥ گەڵێ دەست تەنگی ئەچێژێ .

● گوزران بۆ یەکەمجار لە ١٩٢٥دا بە ماڵوێرانیی لە قوتابخانەی هەڵەبجە دامەزراوەو تا ١٩٣٧ لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە . پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ئەشنەل ــ بەشی کاروباری ڕێگاوبانو تا گیرانی یەکەمی لە ١٩٥١دا ، جگە لەو چەند ساڵەی کە لەگەل چەند ڕۆشنبیرێکیتری کوردا ئەچێ بۆ یافاو لە ئیسکەی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە مەبەستی بەشداری لە خەباتدا لەدژی فاشیزم بەشی کوردستان ئەکەنەوە ، لە ئەشغالدا ئەمێنێتەوە .

● لە تەشرینی دووهەمی ١٩٥٢دا لە بەندیخانەی یەکەمی دێتەدەرو ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانیو ئەبێ بە بەرپرسی ڕۆژنامەی (ژین) . تا ئەیلوولی ١٩٥٤ لەسەر ئەم کارە ئەمێنێتەوە . لە ١٩٥٤/١٠/١٧دا بۆ جاری دووهەم لەگەل کۆمەڵێ لە ئاشتیخوازانی سلێمانی ئەگیرێ و حوکمی ساڵێ بەندو ساڵێ خستە ژێر چاودێریی پۆلیسی بەسەرا ئەدرێ . ماوەی حەپسەکەی لە سلێمانیو کەرکوکو کووت و بەعقوبەو نوگرە سەلمانو ماوەی چاودێریی یەکەشی لە بەدرە بەسەرئەبا .

● لە ١٩٥٦/٩/١٢دا ئەم حوکمەی تەواو ئەکاو بەرئەبێ و ئەچێتە بەغدا چەند ڕۆژێك لەوێ لە یەکێ لە پرۆژە حوکومەتیی بەکانی بینادا ئەبێ بە چاوەش عەمەلە . زۆری پێناچێ دیسانەوە لە هێرشی میریدا بۆ سەر نیشتمان پەروەران بەبۆنەی دەس درێژیی سێ فۆلی یەکەی سەر میسرەوە ، ئەگیرێتەوەو لە ١٩٥٦/١١/١٧دا دادگای عورفی لە کەرکوك حوکمی یا سێ ساڵ بەندی یا بە بارمتە دانانی هەزار دیناری نەختی ئەدا کە تا سێ ساڵ ورتەیەوای لە دەم دەرنەیەت و کردەومیەوای لێ نەوەشێتەوە میری پێی دڵگران بێ .. گوزران لە هەزار دینارەکەی ئەبێو نە ئەشیەوێ گفتی وا بە

میری بدا ، بۆیە ئەخرێتەوە بەندیخانەو تا ١٩٥٨/٨/١٠ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەموز تیا ئەهێڵرێتەوە • گۆران ئەم ماوەیەی لە بەندیخانەی کەرکوکدا بەعقووبە بەسەربردوە •

● پاش بەربوونی لە زیندان ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و پاش ئەوە بە ماوەیەك لەگەڵ وەفدێکی میللی سەر لە یەکێتیی سۆفیەتو چینی میللی و کۆریای دیموکراتی ئەدا •

● لە سەرەتای ١٩٥٩دا سەرپەرشتیی گۆڤاری (شەفەق) ئەگرێتە دەستو بە ناوی (بەیان) دەری ئەکاو ، لە ئیسکانی سلێمانیش دائەمەزرێ و تا ناوەڕاستی ١٩٦٠ کاری تیا ئەکا • ئەنجا بەیانووی ئەوەوە کە گوایە بێپرس کاری بەجێهێشتووە [کار بەجێهێشتنەکەی بۆ چوون بوە بۆ شەقلاوە بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی دووهەمی مامۆستایانی کورددا] — لەسەر کار لای ئەبەن •

● لە ناوەڕاستی سالی ١٩٦٠دا دێتە بەغداو ئەیێ بە موحازەرەدەر لە بەشی کوردیی کوللیژەی ئادابی زانکۆی بەغداو ، بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازادی •

● لە سەرەتای ١٩٦٢دا ژانەسك زۆری پێ ئەهێنێ • دەرئەکەوێ کە گەدەی تووشی نەخۆشیی (شێرپەنجە) بوە ، عەمەلیاتێکی سەرکەوتووی لە بەغدا بۆ ئەکرێ ، بەڵام بەداخەوە پاش وادە •

● پاش ئەو عەمەلیاتە لە نیساندا ئەچێ بۆ مۆسکۆو سێ مانگێك لە نەخۆشخانەی (کرێملین)و سەنەتۆریۆ (بەرفیخە) بەسەرئەباو پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ عێراق •

● پاش گەڕانەوەی بە ماوەیەکی کەم نەخۆشیەکەی سەر هەڵئەداتەوەو

تەنگی پێ هەڵنەچنن . لەبەرئەوە ئەگەرێتەوە بۆ سلێمانی‌و لەوێ لە جێـدا ئەکەوێ .

● لە سەعات نۆر نیوی سبەینێی ١٩٦٢/١١/١٨دا چاوی پەگجـاری ئەبێتەوە .

سەرچـاوە :

١ــ شـیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، بەرگی دووەم ــ رەفیق حیلمی .
٢ــ نامەیەکی تایبەتیی کاك ئەژی گۆران بۆ ئامادەکەری ئەم دیوانە .
٣ــ ئاگاداریی تایبەتیی خۆم ــ م . م . ك.

پێرێست

کۆمەڵەی بەکەم

بەهەشت و یادگار

سەرەتا بۆ بەهەشتو یادگار ٣
پێشکەشی بەهەشتو یادگار ٥

بەهەشتی دڵ

ئافرەتو جوانی ! ٩
ڕەوتێکی جوان ! ١١
ئاواتی دووری ١٣
گوڵی خوێناوی ! ١٦
حوزنی پەچە ١٩
خۆزگەم بە یار ٢١
سکالا ٢٤
بۆ جوانی سەرەڕێ ٢٦
بەستەی دڵدار ٢٨
جوانی لە لادێ ٣٢
لە درزی پەچەوە ٣٤
بۆ خانمێک ٣٦

٥٥٥

هەلبەستی ڕەنجاو ٣٧
هەلبەستی پەشیمان ٣٩
بۆ گەورە کچێک ٤١
نیاز ٤٢
جوانی بێناو ٤٥
بۆ کچێکی بێگانە ٤٧
ئاهەنگێک لە ناوڕان ٥٠
شەوێک لە « عەبدوللا » ٥٣
بووکێکی ناکام ٥٧
لە لادێ ٦٠

یادگاری گۆران

غەزەلیات

ئەڕۆی ئۆغر ٦٣
هەرچەن ٦٤
ئەی شەوقی گەلاوێژ ! ٦٥
تاوێ نەگەڕا ٦٧
لە بەختی تار ٦٨

لاسایی ئەدەبی هۆسانی

کەلیشکە جوانەکە ! ٧٠
مەدەلیەت ٧١
سێبەری هیوا ٧٣
ژن ٧٤

کۆمەڵەی دووەم

فرمێسک و هونەر

لەگەڵ دوو هاوینە گەشت

پێشکەش ٧٧
سەرنجێک ٧٩

شیوەزو فرمێسک

هاوڕێم بێ‌کەس ! ٨٣
لاوانەوەی سەرەڕێ ٩١
لە سەرەمەرگی هیوادا ٩٣
گوڵی کەم خایەن ٩٥
شیوەنی گوڵاڵە ٩٧

هونەرە جوانەکان

بۆ بلبل ١٠٣
جیلوەی شانۆ ١١٠
بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست ١١٤
بۆ سالم ١١٧
دەروێش عەبدوڵلاّ ١١٩
هەڵبەستی دەروون ١٢١
جواب بۆ جەناب ١٢٢

دوو هاوینە گەشت

گەشت لە هەورامان ١٢٧
گەشت لە قەرەداغ ١٣٥

کۆمەڵەی ستیهەم

سروشت و دەروون

پێشکەش ١٥٩

سروشتی جوان

پایز ١٦٣
هەوری پایز ١٦٥
سەوزەگیای پایز ١٦٧
دیمەنێکی بەهار ١٦٩
شەوێکی بەهار ١٧١
ئەی گەلاوێژ ١٧٣
بەسەرهاتی ئەستێرەیەک ١٧٤
دار چوالەی پشکووتوو ١٧٦
بەهاری پاش باران ١٧٨
تازە ! ١٨٠
پێداریەک ١٨١

دەشتی دەروون

ئاخ ، هەزار ئاخ ١٨٥
ئیلهامی « هاوار » ١٨٧
کوردستان ١٨٩
جەوانی نەورۆز ١٩٣
دیاریی خوای شەڕ ١٩٦
ڕۆڵەی بێدایک ١٩٨
نالەی بێکار ١٩٩

هیوای کوڕم ... ٢٠١
ار ... ٢٠٤
ا سرنـج ... ٢٠٦
دەنووسێـك ٢٠٩
ماله مـرد ... ٢١٢
ه بەندیخانـه ... ٢١٤
لامی پـرس ٢٢١
گولی لاولاو ... ٢٢٣
ی نەی ٢٢٤
ێنەی هەستیم ... ٢٢٥
نـگی پـەستی ... ٢٢٦
بـان ... ٢٢٨
کەرکووکەوە بۆ دایکم نووسیوە ... ٢٣٠

کۆمـەڵەی چـوارەم

لاوك و پەیـام

وکی سوور بۆ کۆریـای ئازا ... ٢٣٣
یامی کورد بۆ میرەجانی چوارەمی گەنجانو قوتابیان لە بوخارست ٢٥١

کۆمەڵەی پێنجەم

لە کـۆڕی خەباتـا

هیـد ٢٦٥
نـدانی ئەردەهـاك ٢٦٨
ەستەی نەبـەز ٢٧٠
بنی بـیرا ٢٧٢

بـۆ مایـکل ۷۵
بانگێك ... بۆ پۆل پۆڵسن ۷۸
له زیندانا چواردەی تەموز ۸۰
بت ــ بتـەوان ۸۲
شۆڕشگـێڕ ۹۳
تاسەی دیـدار ۹۶
بۆ سەربـازی جومهوورییان ۹۹
مۆسکۆی جـوان ۱۰۳
ڕێـگای لەنـین ۱۰۶
نـەورۆز ۱۰۹
به ڕێـگادا .. بەرەو کۆنفرانس ۱۱۱
نـەورۆزی ٦١ ۱۱۷
چیرۆکێـکی برایـەتی ۱۲۰
مۆسکۆی ئەیـار ۱۲٤
بێشکەی منـال ۱۲٦
تـیرو کەوان ۱۲۷
بـۆ لاوان ۱۳۰

دڵـۆپی مروارید

ئاوابوونێك ۱۳۷
یـادی (بێکەس) ۱۳۹
یـادی پیرەمێردی بۆڕۆ ۱٤۲

کۆمەڵەی شەشەم

ئۆپەریێت

جامی یاران ٣٤٧
جامی ئەژدەهاك ٣٥٢

کۆمەڵەی حەوتەم

پیەس لە یەك پەردەی کورتا

ئمنمان مێشوولە ٣٦٣
وەنی دارستان ٣٦٤
ستاو ٣٦٥
ئی ئاوا ٣٦٨
ڤی یۆنسکۆ ٣٦٩
حاکەمەی مام چەوەندەر ٣٧٣
ق‌و جق ٣٧٥
زگەی هەژار ٣٧٨

کۆمەڵەی هەشتەم

شیعری گەپ

زوحال ٣٨١
نگی مردوو ٣٨٤
ماسووس ٣٨٨
قەل ٣٩٠
گوەڕ ٣٩٢
اکارتی ٣٩٤

ڕازی .. نـاڕازی ۹۵
دانـه .. دانـه .. ۹۷

کۆمـەڵەی نـۆهەم

سروود

کوردستـان ۰۱
بـەری بەیـانە ۰۲
دەمی ڕاپـەڕینە ۰۳
نەورۆز ئـەکەم ۰۵
ئەی لاوی کـورد ۰۹
گۆرانیی قوتابیـان ۱۱
جەژنە پیرۆزەی ئاشتیخوازان ۱۳
چواردەی تەمـوز ۱٤
مـارشی ئاشتیخواز ۱۵
یـادی لەنـین ۱۷
جـەژنی ئایـار ۱۸

کۆمەڵـەی دەهـەم

شیعر بـۆ منـاڵان

سـاوای ئاشتیخواز ۲۱
جگەرتـاین ۲۳
گۆرانیی کـەو ۲٤
بـەرخەکەم ۲۶
گۆرانیی دەنـکە گەنم ۲۷
پشیـلەکەم ۳۰

ەرویـــــ ٤٣٢
ـــەفر ٤٣٣

کۆمەڵـــەی یـــازدەهەم

وەرگـــێڕراو

ـــۆران ٤٣٧
ەڕانـــەوە لـــە زینـــدان ٤٤٠
وێنـــێ ... ٤٤٢
مۆژگاریی ئیمپریـــالیزم ٤٤٥
اســـت بنـــەوە ٤٤٨
یسی شەهیـــد ٤٥٠
ۆرانیی لاوانی جیهـــان ٤٥٣
ەروەك کەرەم ٤٥٥
بـــارەی شیرەکەمەوە ٤٥٧
ـایەڵن بڵێـــین ٤٥٨
خی دڵ ٠ شیـــوەن بۆ نامیق کەمال ٤٥٩
قێ تەیران ٤٦١
ـــەکەم ٤٦٣
ربـــەدەر ٤٦٥
سیارێکی نـــاصر خوسرەو ٤٦٧
ـاهەنگی موغـــان ٤٦٩
رجیع‌بەندێکی بەناوبانگ ٤٧١
ستانی هەیاسی‌و کاکە عایدین ٤٧٤
زی گـــەل ٤٧٩

خەباتی گەل ۸۱
بت ۸۳

خەیام بە کوردی

خەیام بە کوردی ۸۷

شیعری بە پەخشان وەرگێڕراو

پیەر لۆتی ۱۰۳
هەورەکان تێئەپەڕن ۱۰۸
ئینسانی گەورە ۱۰۹
باوەڕەکەمان ۱۱۰

کۆمەڵەی دوازدەهەم

بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زاخاوی مێشک ۱۱۵

کۆمەڵەی سیازدەهەم

هەمەجۆرە

هەمەجۆرە ۱۴۱

A PUBLICATION OF
THE UNION OF THE KURDISH WRITERS IN IRAQ

THE COMPLETE WORKS OF KURDISTAN'S IMMORTAL POET

ABDULLA GORAN

VOL. I

POETICAL WORKS

COLLECTED, PREPARED, COMMENTED ON AND INTRODUCED T

BY :

MUHAMMAD I MALA KAREEM

IRAQI ACADEMY PRESS
BAGHDAD — 1980

بیست هەزار دانە لەم کتێبە لەچاپدراوە

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە (٩٤٣)ی سالی ١٩٨٠ی دراوەتێ

دانەی بە دوو دینارە